# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە

ژمارە 9

1989

# یەکگرتن

YEKGIRTIN

گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە

٩

هاوینی ١٩٨٩

هەواڵنامەی کتێب

سەرنووسەر

هەڵکەوت عەبدوڵا

دەستەی بەڕێوەبردن

ا.ی توانا

ڕزگار ئاوارە

ئەنجام محەمەد

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بلاوی دەکاتەوە

# ناوانخن


- خوولی سێیەم ٥
- لەداوێنی مشت و مڕکردن لەسەر تەنگوچەڵەمەدا . (سەرنووسەر) ٢
- خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانە و ڕاستیدا . (فازیل کریم ئەحمەد) ٢١
- ووتاری سترۆکتۆرالیزمی . (ئازاد حەمە) ٦٥
- پێناسەیەک بۆ ئەزمەی کەسایەتی لە واقیعی ئەمڕۆی جیهاندا . (ب. نووری) ٨٣
- مارکسیزم و تەنگوچەڵەمەی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی . ( ا.ج عارف ) ١٠٠

ئەدەب و هونەر : ١٤٦

- خوێندنەوەی شیعرەکانی ژمارە (٥)ی یەکگرتن وچەند سەرنجێک . (ئەحمەدی مەلا) — ڕەخنە ١٤٧
- پێشەکیەک بۆ چیرۆکی میللی وخورافی کوردی . ( موحسین ئەحمەد عومەر) — لێکۆڵینەوە ١٥٧
- کەنار . کەنار (ڕەفیق سابیر ) — شیعر ١٦٩
- پانۆرامای شۆڕشی نوێ . (حەمەسوور) — شیعر ١٧٣


نەخشەکێشانی بەرگی ئەم ژمارەیە : ڕزگار عەبدوڵا .

هەولێنامەی کتێب

# یەکگرتن


| | | |
|---|---|---|
| - پ . م ( پەنگر ) | شیعر | ١٧٦ |
| - لابریێت . ( نەژەند ) | شیعر | ١٧٧ |
| - سڕبوون . ( ئارام ) | چیرۆک | ١٨٠ |
| - هاواری خوێن . ( ئەنوەر ) | چیرۆک | ١٨٦ |
| - شمشێری ئاگرین . ( و: ڕێبوار ) | چیرۆک | ١٩٠ |
| - پێشانگایەک و چاوپێکەوتنێک . | هونەر | ٢٠٤ |
| - دوو هونەرمەند . | هونەر | ٢١٤ |
| - چەند تابلۆیەک . | هونەر | ٢١٧ |
| - چالاکی ڕۆشنبیری کورد لەئەوروپا . | | ٢٢٣ |
| - پەندی پێشینان لەناو میللەتاندا . (و: ڕەزا حەمە فەرەج ) | | ٢٢٧ |
| - دوا لاپەڕە . ( ئەحمەدی مەلا ) | | ٢٢٩ |


بابەتەکانی بڵاوکراوە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانن و مەرج نیە لەگەڵ ڕێبازی گۆڤار و ستافی ڕۆشنبیری یەکگرتن دا [illegible]

## بۆ نووسەر و رۆشنبیرەکانی کوردستان

* "یەکگرتن" گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە . دامەزراوە بۆ هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و ناساندنی فکری هاوچەرخی جیهانی بە رۆشنبیرەکانی گەلەکەمان .

* "یەکگرتن" پێشوازی لە بەرهەمی هەموو نووسەر و رۆشنبیرێک دەکات و زیاتر بایەخ بەو بابەتانە دەدات کە لە مەسەلە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکۆڵنەوە .

* "یەکگرتن" جگە لەو بابەتانەی بەناوی خۆیەوە بڵاویان دەکاتەوە، بەرپرسیار نییە بەرامبەر هیچ ووتار و بابەتێکی تر ، بڵاوبوونەوەی هەموو بابەتێکیش گرێدراوە بە ناوەرۆکی بابەتەکە و بوونی مەرجەکانی بڵاوکردنەوەوە .

* "یەکگرتن" ئاواتەخوازە لەکاتی ناردنی بابەتدا رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ :

- قەبارەی ووتار ( ٢٥٠٠ - ٤٠٠٠ ) ووشە بێت و قەبارەی لێکۆڵینەوەش ( ٥٠٠٠ - ٧٠٠٠ ) ووشەبێ .
- سەرچاوە و پەراوێزەکان بەشێوەیەکی زانستی و رەچاوکردنی ئەم خاڵانە دیاری بکرێن و لەکۆتایی بابەتەکەدا و سەربەخۆ بنووسرێنەوە :
  ناوی نووسەر ، ناونیشانی سەرچاوە ، شوێنی چاپکردن ، شوێن و کاتی چاپکردن ، لاپەرە .
- لەکاتی ناردنی بابەتێکی وەرگێڕدراودا پێویستە کۆپییەکی دەقەکە رەوانەبکرێت لەگەڵیدا . لێرەشدا بایەخی زیاتر بەو بابەتانە دەدرێ کە لەزمانی یەکەمەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی .
- تکایە بابەتەکە بەدەستنووسێکی روون و ئاشکرا بنێردرێت و بۆشایی نێوان دێرەکان زۆر بێ بۆ تێبینییەکانی چاپکردن و هۆنکار .
- لەماوەی دوو مانگدا، ئەگەر گەیشتنی بابەتەکە، وەڵامی نووسەر دەدرێتەوە و لەکاتی بڵاونەبوونەوەشیدا بابەتەکە ناگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی .

* "یەکگرتن" ئاواتەخوازە لەرێگەی یەکێک لەم دوو ناونیشانەوە پەیوەندی پێوە بکەن و نرخی ژمارەکانیش بەشێک یان نامەی مسجل رەوانە بکرێت :


**YEKGIRTI**
P.O BOX ( 227 )
1502 Kobh. V
DANMARK

**YEKGIRTIN**
P.A 1080 Wien
Postfach ( 68 )
AUSTRIA


نرخی (٢٥) کرۆنە جگە لەباری پۆست

هەواڵنامەی کتێب

# خوولی سێیەم

بەم ژمارەیە " یەکگرتن " پێدەنێتە خولی سێیەمی خۆیەوە . بەم بۆنەیەوە ئەوە دوپات دەکەینەوە کە " یەکگرتن " وەك دەربڕێکی سەرسەختی ویستی بەکۆمەڵی چەند ڕۆشنبیرێکی کوردستانی خواروو بۆ ڕەتکردنەوەی سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی بیر و تێك شکاندنی نەریتی بێدەنگی‌هەڵبژاردن لەئاست بیر و پراکتیکی دواکەوتوو و چەوتی کۆمەڵگای کوردەواری، هاتە مەیدانەوە و ڕێگەی نووسینی هەڵبژارد بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی‌دا و گەیاندنی بیری ڕۆشنبیری هاوچەرخی جیهانی بە ڕۆشنبیرەکانی گەلەکەمان . هەروەها دەمانەوێ بەختەوەری خۆمان بەرامبەر فراوانبوونی سنووری پێشوازی لێکردن و بەشداریکردنی نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی کورد لەخولی دووەمدا دەربڕین . بێگومان ئەوە ڕاستی پێویستی هەبوونی تریبۆنێکی دیموکراتی‌سەربەخۆی وەك " یەکگرتن " و سەرکەوتنی لەبواری دەربڕینی ویست و ئەندێشە و ئێش و ئازارەکانی ئەوان و خوێنەران دەسەلمێننەوە .

ئێمە لەو بڕوایەداین یەکێك لەمەرجە گرنگەکانی ڕاستگۆیی تریبۆنێك یان ڕێبازێك بریتی‌یە لەتەبایی ناوەکی لەداڕشتنی چەمك و تێزەکاندا و وریایی بەرامبەر تەنگوچەڵەمەی تیۆری کەلەڕێڕەوی دەربڕینەکاندا دێنەئاراوە .

بەلاّم ژیانی بیر بەساڵێك یان چەند ساڵێك بیناناکرێ ـ بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کوردەواری‌دا ـ و پڕۆسەیەکی لەسەرخۆ و درێژ خایانە . لەم ڕوانگەیەوە ژمارەکانی دوو خولی پێشوو ، بەهەموو هەڵە و کەمو کوڕیەکان و دەستکەوت و باشەکانیانەوە ، بە هەنگاوخۆشکەری کارەکانی داهاتوو دادەنێین .

ئەگەر بشێ " یەکگرتن " بەرهەمی ڕابردووی خۆی هەڵسەنگێنێ بە بەراوردکردنی لەگەڵ تەمەنی کورتی خۆی‌دا و بەرەجاوکردنی گیروگرفتی ڕۆژنامەگەری جۆربەجۆر و دارایی و فشاری هەندێ لەهێزە بۆرجوازییەکانی کوردستان ، ئەوا دەتوانین بەبێ‌خۆشحاڵیەوە بڵێین توانیویەتی وەك تریبۆنێکی جیاکارە ( ممیز ) لەنێو هەموو تریبونەکانی‌تری ئاوارەیی‌دا خۆی بنوێنێ و شتێکی جیاواز پێشکەش بە ڕۆشنبیریی و کتێبخانەی کوردی‌بکات . بێگومان ڕێگای داهاتووشی سەخت و ئاڵۆز و پڕ گێرەوکێشەیە و یارمەتی و کۆمەکی هەموو خوێنەر و ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتنخوازی کوردی پێویستە .

لەکۆتایی‌دا دەڵێین مافی هەموو ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتنخوازە " یەکگرتن" بە موڵکی خۆی بزانێ و بەشداری تێدا بکات ، چەوتیەکانی ڕاست بکاتەوە ، ڕەخنەی لێ‌بگرێ و ئەرکی سەرشانیشێتی کۆمەکی بکات و لەگیروگرفتی دارایی و گەمارۆدانی سیاسی قوتاری بکات .

* * *

# لەداوێنی مشتومڕکردن لەسەر تەنگوچەڵەمەدا

سەرنووسەر

هەواڵنامەی کتێب

هەندێ چرکەساتی بڕیاردەر لە مێژووی گەلان و بزووتنەوە سیاسییەکان و تاکەکاندا هەیە کە پێویستە تیایدا هەڵوەستەیەک بکرێ و بوارێک بدرێ بە بیرکردنەوە دەربارەی ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی لەڕووی بیروباوەڕ و هەڵوێستەوە، دەرفەتێک بدرێ بە پرسیارکردن دەربارەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کەلتووری، دەروونی ... و دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو و کاریگەر. گەلی کوردیش ئەمڕۆ و بۆ چەند ساڵێکیش دەچێت پێویستی بەو هەڵوەستە و بیرکردنەوەیە و وورووژاندنی پرسیار و دۆزینەوەی وەڵام هەیە. چونکە کۆمەڵگای کوردەواری بەهۆی داگیرکردن و لەئەنجامی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، دووچاری ڕۆژگارێکی سەخت و دژوار بۆتەوە و داهاتووی هەتا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بە چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمەیە و کۆتایی پێ هێنانی داگیرکردنەوە.

ئاشکرایە هەبوونی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان پێویستی بە بەڵگەهێنانەوەی زۆر نیە، چونکە نیشتمانی کورد و چەوساوەکانی کوردستان تیایدا دەژین و لەژێر باری گرانیدا دەناڵێنن، هەروەها لەسنووری چەمکە گشتییەکاندا گیری نەخواردووە و باسکردنی گەمەیەکی فیکری توێژێکی ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو دیاردەیەکی هەمەلایەنە و پەیوەندی بە چارەنووس و داهاتوومانەوە هەیە.

ئەم قۆناغە پێویستی بەوە هەیە ڕووبەڕووی هەموو ئەو فشارانە ببینەوە کە لەئارادان ، بەرەنگاری **ڕابردوو** و **باو** ببینەوە و چەندین پرسیار دەربارەیان بوروژێنین . چونکە ئەگەر هوشیاری ساختە و نەریتی کۆن نەهەژێنین و ڕێگە لەبەردەمی هوشیاری ڕەخنەگرانە و نەریتی نوێدا ئاوەڵە نەکەین ، ئەوا ناتوانین بە جوینەوەی گووتە کۆنەکان - **لەکاتێکدا مێژووی کۆمەڵگاکەمان واقیعی نوێی خستۆتە بەردەممان** - بەرەوپیری پێداویستیەکانی ئەمڕۆ بچین .

لەم بارودۆخەدا ، کە زۆربەی بیروڕاکانی دەربارەی بارودۆخی کوردستان و کێشەکانی چەوساوەکانی گەلەکەمان دەربڕدراون ، لە ڕووی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەوە هەژارن و زیاتر ڕەوتێکی ڕواڵەتکارانەیان گرتۆتە بەر ( واتە وەسفکردنی ڕواڵەت و خۆنەدان لەقەرەی شیکردنەوەی زانستی هەمەلایەن دەربارەی ناوەڕۆك ) وە لەو کاتەدا کەبیری سیاسی بۆرجوازیانە لەتەنگوچەڵەمەدایە و کێشەی نوێ بەشێوە و ئامرازی کۆن چارەسەردەکات و بێ توانایە لەئاستی هەڵهێنجانی گۆڕانکاریەکانی ئەم سی ساڵەی دوایی و شیکردنەوەی سەرئەنجامەکانی و دەستەوەستاوە لەئاستی هێنانەئاراوەی وەلامێکی هوشیارانە بۆ بزواندنی واقیع ، کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازە هاوچەرخەکانی کوردستان ڕۆڵێك بۆ خۆیان بیچرن و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن و ڕووبکەنە دەست نیشانکردنی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و پێشنیارکردنی چارەسەر ، بلاوکردنەوەی پەیامی عەقلانیەتی زانستیانە و دۆزینەوە و ڕیسواکردنی ڕواڵەتە ناعەقلانیەکانی بوارە جۆربەجۆرەکان ، وە بەشداری بکەن لە پەردەهەڵماڵین لەڕووی خەیاڵپلاوی و بەرچاو لێلی ئەو ڕێگرانەی لەبەردەمی دەرك پێکردنی ڕاست ودروستی واقیعدا فووت بوونەتەوە ، چونکە ئەوە تاقە ڕێگا و هیوایەکە بۆ دۆزینەوە و هەڵبژاردنی ڕێبازی ڕاست و کرانەوەی ئاسۆی داهاتوو .

بەواتایەکی دی ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازە هاوچەرخەکان هوشیاری‌یەکی ڕەخنەگرانە بەدەست بهێنن بۆ شیکردنەوەی

واقیعی ڕاستەوخۆ و هەمیشە جوولاو و بچنە نێو بنج و بناوانی بیــر و پراکتیکی باوەوە و ڕیسوایان بکەن و تــوریان بدەن . ئەمەش پێویستی بــەوە هەیە خۆیان لە تــرس و **ڕەوشتە ساختە و بەناو بابەتیەکان** ڕزگار بکــەن ، مێشکیان لە دەست تەلیسمی **هوشیاری ساختە** و **بیری تەنگوچەڵەماوی** قوتــار بکەن ، دەرگای **مشت و مڕی دیموکراتیانە** بەڕووی هەموو مەسەلە زینــدوو و گرنگەکاندا بخەنە سەرگازی پشت .

ئەم گەشتە هەزار میللی‌یە بە هەنگاوێك دەست پێ دەکات و پێویستــی بەهەوڵ و کۆششی هەموو ئەو ڕوشنبیرانەیە . وا ئیمە لەلای خۆمانە هەنگاو هەڵدەهێنین و چاوەڕوانی بەشداری ئەمەکدارانەی هەموو ڕۆشنبیرێکی تریــش دەکەین ، جا بەهەر زمان و ئامرازێك بێ و لەڕوانگەی هەر قوتابخانەیەکی فیکری پێشکەوتنخوازەوە بێ .

## تەنگوچەڵەمە یاخــود کێشەوگیروگرفت ؟

ئەوەی ڕاستی بێ قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانــی کوردستان جێی مشت و مڕ و گفتوگۆیەکی یەکجارە زۆرە . هەندێك وای بۆ دەچن بزووتنەوەکە لە تەنگوچەڵەمەدایە ، هەندێکی دیــش ئــەوە ڕەت دەکەنەوە بزووتنەوەکە لە تەنگوچەڵەمەدابێ ، تەنانەت ئەوانەش کەباس لــە هەبوونی تەنگوچەڵەمە دەکەن جۆراوجۆرن و لەیەك ئاستدا نین . واتــە دەتوانین بڵێین دوو تێزی سەرەکی بۆ ئەو مەسەلەیە لەئارادان :

تێزی یــەکــەم : ناوەڕۆکی هەڵوێستی ئەوانەی باوەڕیان بەم تێزە هەیــە و چەمکی تەنگوچەڵەمە بۆ بزووتنەوەکە ڕەت دەکەنەوە ئەوەیە : " **ڕاستە کێشــە و گیروگرفتی زۆر و پاشەکشە و کارەساتی ترسناك لە بزووتنەوەکەدا بەدی دەکرێن ، بەلاّم ئەوانە شتێکی سروشتی و کاتین و سەرجەمی خەبات لە بەردەوامــی و بەرەوپێشەوە چووندایە . بۆیە بەکارهێنانی چەمکی تەنگوچەڵەمە ڕاســت نی‌یە و زیانێکی گەورە بەپرۆسەی گۆشکردنی جەماوەر دەگەیەنێ و زەمینە بۆ تەشەنــە کردنی گیانی بێ‌هیوایی و ڕەش بینی لەنێویاندا دەڕەخسێنێ . ئەمە جگــە**

**لەوەی مانای زوڵمکردن لەهێزەتێکۆشەرەکان دەگەیەنێ و بێ لەخۆبەختکردنــی جەماوەر دەبـێ " .**

ئەم تێزە زیاتر لەنێو هێزە بۆرجوازیەکانی کوردستان‌دا باوە و هەنـدێ لە توێژەکانی جەماوەریشی گرتۆتەوە . ئەگەر لەلایەن ئەو توێژانەی جەماوەرەوە دەربردرێت ، ئەوا گەش بینانەیە و لەسەر بناغەی باوەڕێکی ئاگابیانەی‌خاوەن ناوەرۆکێکی ویژدانی موتوربەکراو بە ویستخوازی دڵنیا بەرامبەر نەریتــــە بەرزەکان و حەتمیەتی سەرکەوتن ڕاوەستاوە و بەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە هەندێ جار هوشیاری کۆمەڵایەتی جەماوەر لەواقیعی کۆمەڵایەتی دواکەوێ . ئەگـەر لەلایەن هێزە بۆرجوازیەکانیشەوە بخرێتە ڕوو ، ئەوا مەبەستی بەهانــــــە هێنانەوەیە بۆ بێ‌توانایی ئەوان و دەربازکردنیان لەبەرپرسیاری مێژوویــی . چونکە ڕاستە ڕێگەی خەباتی هەموو گەلێك وەك دەشتی‌شارەزوور تەخت نی‌یەو پڕە لە هەوراز و نشێوی ، بەڵام بەدرێژایی ئەم سی ساڵەی دوایی - لــە بزووتنەوەکەی ئەیلولی ۱۹٦۱ ەوە - چ دەستکەوتێکی چاك و هەمەلایەن بـۆ گەلی کورد بەدەست هاتووە ؟ چ بەرەوپێشەوەچوونێك لەئارادا بووە؟ لەبـری نزیکبوونەوەی ڕۆژی سەرفەرازی و ڕزگارکردنی کوردستان لەدەست داگیرکەران و چەوساوەکانی گەلەکەمان لەستەم و زوڵملێ‌کردن ، داگیرکردن و کاولکردنـــی کوردستان و ڕاگوێزان و دەربەدەرکردنی کورد زیاتر برەویان نەسەندووە ؟ بزووتنەوەکە دووچاری کوێرە ڕێگە و هێزەکانیش ڕووبەڕووی هەرەسهێنـــــان نەبوونەتەوە و بنکەی جەماوەریان بێ سنوور تەسك نەبۆتەوە ؟ لەڕووی خـــۆ بەختکردنەکانی جەماوەریشە ئەوەندە زۆر و هەمەجۆرن کە لەگـــــــەڵ " دەستکەوتەکان " دا بەراورد ناکرێن ، بۆیە دەشێ بەزیان حسێب بکرێن.

لەم بوارە دەڵێین شتێکی چەوت و نێگەتیڤانەیە،شکستەخواردن و تێـك شکانی هەمەلایەنی سیاسی و سەربازی و جەماوەری . . هتد بکرێتـــــە سەرکەوتنی ئاکاریی بۆ پاراستنی نەریتی ئازایەتی و جوامێری و خۆبەختکردن و شاردنەوەی شکستە و تێکشاندنەکان . بەڵکو پێویستە بەربەرج دانـــەوەی سیاسی و فیکری بە جورئەت بێ و بگاتە ئاستی ئەم پرسیارە : بـــــۆ **بزووتنەوەکە سەرەڕای ئەو مێژووە درێژە و خۆبەختکردنە زۆرانە نەیتوانی هیـچ**

بەهیچ بکات ؟ چونکە بێدەنگی بەرامبەر پاشەکشە و تێکشاندن و پاساودانی هەبوونی تەنگوچەڵەمە دەبنە هۆی کارەساتی گەورەتر و چەسپاندنی گیانی ڕەش بینی و بێهیوای و دوورکەوتنەوەی زیاتری جەماوەر لە چالاکی سیاسی کە ئەمڕۆ نیشانەکانیان بە ئاشکرایی هەستیان پێدەکرێ .

تێزی دووەم : ناوەڕۆکی هەڵوێستی ئەوانەی باوەڕیان بەم تێزە هەبە ئەوەیە ؛ " گومانی تێدا نیە ، ئەگەر توێژێك جیدی و بابەتیانە ڕەفتار لەگەڵ مەسەلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا بکرێ ، ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو بزووتنەوەیە لە تەنگوچەڵەمەدایە " .

جا لەبەر ئەوەی بیروڕای جۆربەجۆر دەربارەی هۆ و ڕواڵەت و ئەنجامەکانی تەنگوچەڵەمەکە و شێوەی چارەسەرکردنی لەئارادان ، بەچاکی دەزانین بە چەند جۆرێك دەریان بڕین :

* یەکێك لەو بیروڕایانە کە زیاتر لەنێو چەپەکاندا باوە و ئێمەش باوەڕمان پێیەتی دەڵێ : " بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ، وەك پراکتیکی جەماوەر لەخەباتیدا دژی داگیرکەران و بۆ پچڕاندنی پەیوەندی وابەستەیی بنەمایی و بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس ، لە تەنگوچەڵەمەیەکی هەمیشەیی و قوڵدایە کە لەدوا ئەنجامدا تەنگوچەڵەمەی نوێ بوونەوەی سەرکردایەتیە چینایەتیە بۆرجوازیەکەی و تەنگوچەڵەمەی بەدیلی ( ئەڵتەرناتیڤی ) شۆڕشگێڕی چینی کرێکار دەگەیەنێ . پەیوەندی نێوان ئەو دوو تەنگوچەڵەمەیە ، پەیوەندیەکی هۆکاریە - واتە هۆ و ئەنجام - ، چونکە نوێ بوونەوەی تەنگوچەڵەمەی سەرکردایەتی بۆرجوازیانە مەرجی پێویستی خۆی لە تەنگوچەڵەمەی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕدا دەبینێتەوە . بەڵام دەبێ لێرەدا جیاوازی لەنێوان ئەو دوو تەنگوچەڵەمەیەدا بکەین ، لەبەر ئەوەی یەکەمیان تەنگوچەڵەمەیەکی بنەماییانەیە و ئینتمای هەیە بۆ ڕابردوو و لەڕێگەی پاشکەوتوویی و وابەستەیی و نەمانی ڕۆڵ و داخرانی ئاسۆی داهاتوویەوە پێوەی بەستراوەتەوە ، لەکاتێکدا دووەمیان کێشەی ژیان و پەرەسەندنی هێزێکە ئینتمای هەیە بۆ داهاتوو و لەڕێگەی پێشکەوتن و نەشونماکردنی مێژوویی و کرانەوەی ئاسۆی داهاتووی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی ئەڵتەرناتیڤ

**پیشتیان پێ‌دەبەستی پێوەی بەستراونەتەوە . شایانی باسە چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمەیە گرێدراوە بە پێگەیشتن و هاتنەسەرکاری ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕەوە، نەك بە گوێزانەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە لە توێژێکی بورجوازیەتەوە بۆ یەکێکی دی " .**

ئەم بیروڕایە کە لە هەموو ئەوانی تر زیاتر لەواقیعەوە نزیکە ، بۆتە جێی مشت ومڕ و سەرنجدان و ڕەخنەلێ‌گرتنی نەیارەکانی ، پوختەی ئەوەش دەکرێ لە دوو خاڵدا چڕبکرێتەوە :

**١ ) " تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان تەنیا پەیوەندی نی‌یە بە تەنگوچەڵەمەی سەرکردایەتی و سیاسەتی بۆرجوازیانەوە ، بەڵکو تەنگوچەڵەمەیەکی گشتی‌یە و هەموو لایەکی گرتۆتەوە بە جیاوازی‌سەرچاوەی ئایدیۆلۆژی و تەییاری سیاسی‌یەوە ، وە هەموو ئەوانە لەبەرامبەر یاساکانی یەکسان . جگە لەوە تەنگوچەڵەمەکە بنەمایی- مێژووییانەیە و گرێدراوە بە تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵگای کوردەواری‌یەوە ، واتە پێکهاتنی پاشکەوتووانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و کاریگەریان لەسەر پرۆسەی سیاسی " .**

ئەم قسانە ئەوە دەگەیەنن کە تەنگوچەڵەمەکە بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ چینی بۆرجوازی و سیاسەتەکانی ، بەڵکو هەموو لایەك وەك یەك و بێ جیاوازی تیایدا بەرپرسیارن . ئەمەش مانای ئەوەیە بالادەست و بێ‌دەسەڵات ، سەرکردە و بنکە ، ئەگەرچی لەشوێنی دەسەڵاتدارێتی جیاوازدان و وەك یەك شیرازەی بزووتنەوەکەیان لەدەستدا نیە ، وەك یەك سەرچاوەی ئەو تەنگوچەڵەمەیەن . بەو جۆرە ئەو ڕاستی‌یە دەشاردرێتەوە کە دەیان ساڵە هێزە بۆرجوازیەکان بالادەست بوون و سەرکردایەتی بزووتنەوەکەیان بەدەستەوە بووە و دەرفەتیان نەداوە بەجەماوەر نەك هەر بیروڕا دەربڕن و بەشداری کاریگەرانە لەبزووتنەوەکەدا بکەن ، بەڵکو دووچاری شکستە و کارەساتی گەورەشیان کردوون و ڕەنجیان بەباداون . نەك هەر بواریان بەچینی کرێکار و توێژە چەوساوەکانی تر نەداوە بەرنامەی خۆیان پەیڕەوی بکەن ،بەڵکو سەرکوتیان کردون و هوشیارییان ساختەکردون و لەشاڕێ‌خەبات دووریان خستوونەتەوە .

هەروەها ئەو قسانە مانای ئەوەیە تەنگوچەڵەمەکە گرێدراوە بە واقیعی " پاشکەوتوویی " ی کۆمەڵگای کوردەواری‌یەوە ، واتە تەنگوچەڵەمەی شارستانی و مرۆڤی کورد . بەو جۆرەش بارمەتی سەرکردایەتی بۆرجوازییانە دەدات وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ و لەبەرپرسیاری مێژوویی راستەوخۆ بەرامبەر تێکشکاندنی هەمیشەیی بزووتنەوەکە و بەکوێرە رێگەگەیاندنی قوتاری بێ. ئەمە جگە لەوەی رەچاوی ئەو راستیە ناکات زۆر گەلی تری دنیا هەبوون کە بارودۆخی گەشەکردنیان لەهی کورد باشتر نەبووە ، کەچی توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن و رزگاریان بێ ، جا پاش ئەوە رێـڕەو ڕووی لەکوێ کردبێ ،ئەوە شتێکی ترە .

**٢) " ئایا لاوازی چەپ و تەنگوچەڵەمەکانی مانای ئەوە نین ئەو چەپە بێ‌توانایە لەئاست سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەکەدا و نابنە سەرچاوەی گومان کردن بەرامبەر شیاوی بۆ رابەرایەتیکردنی بزووتنەوەکە؟ واتە ئایا پێویستی مێژوویی بۆ دروستبوونی سەرکرایەتیەکی نوێ لەو کاتەشدا دێتەدی کە ئەڵتەرناتیڤ جەستەیەکی پارچەپارچە و ناکۆکدار بێت ؟ ئینجا کوانێ ئەو هێزەی دەتوانێ ببێتە ئەڵتەرناتیڤ ؟ ئاقاری جووڵانەوە سیاسیەکەی چی‌یە ؟ چالاکی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی‌دا چۆنە و شوێنەواری لە ململانێی واقیعی‌دا لەچ ئاستێکدایە ؟ ئایا دەشێ قسە لەسەر شتێك بکرێ کە لەحوکمی نەبووندایە ؟ " .**

ئەم پرسیارکردن و جۆرە دەربڕینانە ، ئەگەرچی لایەنێکی راستی دەخەنە ڕوو و ڕوویەکی واقیعی تاڵ دەردەبڕن ، بەڵام یەکلابینانە و مەبەستدارن . یەکلابینانەن چونکە پرۆسەی پێگەیشتنی ئەڵتەرناتیڤ لەکاریگەری واقیعی بابەتی کوردستان و جۆری پێکهاتنی چینایەتی کۆمەڵگای کوردەواری دادەبڕن و دەیکەنە کارێکی ویستخوازی خۆیی . هەروەها گیروگرفتەکانی چەپ و لەپەراوێز مانەوەیان بەتەنیا دەبەستنەوە بەلایەنی خۆیی‌یەوە و واقیعی بابەتی لەبیردەکەن و بەرپرسیاری هێزەبۆرجوازیەکان لەتێکدانی ریزەکانی چەپ و سەرکوتکردنی لایەنەکانی و ڕاونانی ئەندامەکانیان و کوشتن و زیندانی‌کردنی کادیرەکانیان فەرامۆش دەکەن . مەبەستداریشن ، چونکە دیانەوێ پرنسیپی

" واقیعی بوون " بەسەر جەماوەردا بسەپێنن و پێیان ڕابگەیەنن" جاری کاتی ڕەتکردنەوەی **سەرکردایەتی بۆرجوازیانە نەهاتووە** ، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەڵتەرناتیف لاوازە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان نییە ، بۆیە سووربوون لەسەر ئەو ڕەتکردنەوەیە مانای ئەوەیە بزووتنەوەکە بدرێتە دەست قەدەر " .

لەم بوارەدا دەبێ ئەو ڕاستییە دوپات بکرێتەوە کە ئەگەرچی ئەڵتەرناتیفی شۆڕشگێڕ بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری بابەتی و خۆییەوە هێشتا پێنەگەیشتووە، بەڵام بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بەسەرکردایەتیەکی بۆرجوازی ناگاتە ئامانجەکانی و **هەتا کاتی** چارەسەربوونی گیروگرفتەکانی ئەڵتەرناتیفی شۆڕشگێڕ و گرتنەدەستی شیرازەی خەبات، لەتەنگوچەڵەمەدا دەژی و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە .

* بیروڕایەکی تر دەڵێ **" تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەواری جیۆسیاسی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چوار دەوڵەتی خاوەن ڕژێمی دژ بەگەلدا و نەبوونی دەوڵەتێکی دۆستی دراوسێ و بێ پشتی کورد لەسەر ئاستی جیهان "** .

بێگومان شوێنەواری جیۆسیاسی کوردستان و بارودۆخی دابەشکردن و جۆری ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیرکردووە کاریان کردۆتە سەر مەسەلەی کورد و خەباتی چەوساوەکانی کوردستانیان ئاڵۆز و گران کردووە ، بەڵام ئەمە هیچ کاتێك بەو مانایە نایەت وەك فاکتەری خولقێنەری تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەکە سەیر بکرێن . چونکە ئەو بارودۆخە بەشێکە لەواقیعی بابەتی و ئەگەر سەرکردایەتیەکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ڕابەرایەتی بزووتنەوەکەی بکردایە، دەیزانی چۆن ستراتیج و تاکتیك بەپێی واقیعی مەوجود دابڕێژێ و کاریگەری نێگەتیڤانەی ئەو فاکتەرە جیۆسیاسیە و بارودۆخە لاوازبکات .

بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی گەلانی دنیا و هەریەکە بەجۆرێکی تایبەتی فاکتەری ڕێگر و کۆسپی لەجۆری ئێمەیان لەبەردەمدا بووە ، بەڵام توانیویانە بەهۆی فاکتەری خۆیی لێهاتوو و گونجاوەوە کاریگەریان لاواز بکەن و بەرەو سەرکەوتن و سەرفەرازی برۆن .

هەروەها ڕاستە ئەمڕۆ گەلی کورد دۆستی بەمانای دۆستی نێوتەوەیی

و هەرێمی و ناوچەیی نی‌یە و دەوڵەتەکانی دنیا لەڕوانگەی بەرژەوەندی و تەرازووی هێزەکانەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکەن ، بەڵام ئەگەر چەوساوەکانی کوردستان ڕێبازی مێژوویی ڕاستەقینە بگرنە بەر و لەکۆڕی‌خەباتدا بزووتنەوەکە بچەسپێنن و مەسەلەی کورد لە گیروگرفتی بەناو کێشەی ناوخۆ و فاکتەری پشێوی ناوەکی‌و شەڕی نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکان ڕزگار بکەن ، ئەوا بێگومان دەتوانن دۆست بەمانای جەماوەری چەوساوەی گەلانی دنیا و مرۆڤ دۆستانی جیهان پەیدا بکەن .سەرەڕای هەموو ئەوانە دەبێ ئەو ڕاستی‌یە دوپات بکەینەوە کە بەردەوامی و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە یان بەند کۆێرەڕێگە گەیشتن و تەنگوچەڵەمەی،لەبنچینەدا بەستراونەتەوە بە فاکتەری ناوەکی‌یەوە و فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی لاوەکی و نابڕیاردەری تێدا دەبینێ : ئەگەر فاکتەری ناوەکی کرمۆڵ و هیچ لەبارانەبووبێ ، ئەوا فاکتەری دەرەکی ناتوانێ بە ئامانجی بگەبەنێ ، هەروەها ئەگەر فاکتەری ناوکیش لێهاتوو و پڕ بەپێستی قۆناغەکەبێ ، ئەوا فاکتەری دەرەکی دەتوانی کۆسپ بخاتەرێی بەردەوامی و گەشەکردنی ، بەڵام ناتوانێ دووچاری تەنگوچەڵەمەی بکات .

پێویستە ئەوە بڵێین کە دەربڕینی بیروڕای لەو جۆرە و دانانی بەهۆی بنچینەیی تەنگوچەڵەمەکە ، مانای ساختەکردنی واقیع وشاردنەوەی ڕاستی‌یە . چونکە بەهانە دەدەنە دەست هیزە بورجوازییەکانی ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە دەکەن ، خویان لەبەرپرسیاری مێژوویی بەرامبەر تێکشاندنی بزووتنەوەکە و لەڕێگەی گووتەی " نالەباری وەزعی دەولی "بەوە قوتاربکەن .

*** بیروڕایەکی دی دەڵێ : " تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان گرێدراوە بە کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی و خۆییەوە. فاکتەرە بابەتیەکان بریتین لە : پەرەسەندنی هەڵمەتی شۆڤێنیستانەی ڕژێمی فاشی عیراق پاش ڕاوەستاندنی جەنگی عیراق و ئێران ، بەکارهێنانی جەکی کیمیاوی بەخەستی لەدژی گەلی کورد و تێکچوونی تەرازووی هێزەکان لە بەرژەوەندی ڕژێمدا ، نەبوونی پلانێکی هاوبەش لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەر گۆڕەپانی کوردستانەوە بۆ قۆناغی دوای ڕاوەستاندنی‌جەنگ. فاکتەرە خۆییەکانیش بریتین لە : هەبوونی شەڕی ناوخۆ و درێژەکێشانی بۆ**

ماوەیەکی دوورودرێژ و لەدەست چوونی دەرفەتی هەڵگیرسانی جەنگ، بۆ پەرەپێدانی خەبات و ڕوخاندنی ڕژێم ، نەبوونی دیموکراتیەت لەنێو هێزەکان خۆیاندا و لەنێوان هێزە جۆربەجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆندا ، پشت بەخۆنەبەستن و پەنابردنە بەر ناکۆکی نێوان هەردوو ڕژێمی عیراق و ئێران " .

وورد بوونەوە لەخاڵەکانی ئەم بیرورایە،کە لەلایەن هەندێ هێزەوە و پاش تێکشکانی بزووتنەوەکە بڵاوکرانەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هۆ ڕاستەقینەکانی تەنگوچەڵەمەکە دەرنەبڕدراون و سەرپۆشیان بەسەردا دراوە و تەنیا ئەو مەسەلانە خراونەتەڕوو کەدەشێ ڕواڵەت یان ئەنجامی تەنگوچەڵەمەکە بن ،بەڵام ناتوانن هۆبن ، بۆ نموونە : خاڵی پەرەسەندنی هەڵمەتی شۆڤێنیستانەی ڕژێم پاش ڕاوەستاندنی جەنگ ،دەشێ لە هەلومەرجی لاوازیو لەبارنەبوونی فاکتەری خۆییدا، کاریگەری نێگەتیڤانە لەسەر بزووتنەوەکە دروست بکات و لەبارودۆخی پێکەیشتووبی و لێوەشاوەیی هەمان فاکتەردا، ڕۆڵی یاریدەدەر ببینێ لەقوڵکردنەوەی تەنگوچەڵەمەکانی نێو ولات وتەقینەوەیان بەشێوەی ڕاپەڕینی جەماوەری ، بەڵام ناتوانێ دروستکەری تەنگوچەڵەمەبێ . بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تێکچوونی تەرازووی هێزەکان،لەوانەیە ببنە هۆی لاوازبوونی کاتیی مەعنەویاتی جەماوەر و کزبوونی ڕۆحیەتی بەرەنگاربونەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئاسۆی داهاتووی ڕووناك لە بزووتنەوەکە بەدی نەکرێ ، بەڵام هیچ کاتێك نابێتە مایەی دروستکردنی تەنگوچەڵەمەکە . ئەو دووخاڵەی پێشوو بوۆنی ئەوەیان لێدێ،بەرپرسیاری تەنگوچەڵەمەکە بخرێتە ئەستۆیواقیعی بابەتی و فاکتەری خۆیی لەبەرپرسیاری قوتاربکرێ . خاڵی پلانی هاوبەشی هێزەکانی ئۆپوزسیۆنیش باس لەرابردوویەکی زۆر نزیك دەکات کە تەنگوچەڵەمەکە لەمێژبوو سەری هەڵدابوو و ڕواڵەتەکانی بەڕوونی دەرکەوتبوون . خاڵەکانی فاکتەری خۆییش زیاتر باس لە ئەنجام و بەرەدەم دەکەن تا هۆ و ناوك، پتر ڕوخسار و ئەنجامەکانی تەنگوچەڵەمەکە و ئەو سیاسەتانەن کە لەلایەن هێزە بۆرجوازییەکانەوە پێڕەوییان کراوە .

* بیرورایەکی تر دەری دەخات : " تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرکردە تاکە تەقلیدیەکانی

ڕابەرایەتی هێزەکانی نێو بزووتنەوەکەیان کردووە . چونکە ئەوانە بەهۆی لاوازی ڕێکخستنی بزووتنەوەی جەماوەری و بالادەستی باوک سالاری لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا و لەرێگەی پایەی عەشایەری و دەستەگەری وسیاسەتی بۆناپارتیەتەوە ( واتە سیاسەتی ڕاگرتنی لەنگەربەستنی باڵەکانی نێو هێزی دیاریکراو و سوود وەرگرتن لەناکۆکییەکانی نێوانیان بۆ خۆبەهێزکردن و بالادەستی ) خۆیان سەپاندووە و دیکتاتۆریەت و پەرستنی تاکەکەسی‌یان دروستکردووە و خۆیان کردۆتە بەدیلی هێزەکە و بڕیاردەری سەرەکی هەڵوێست و ڕێبازەکەی ، لەو ڕێگەیەشەوە و بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان و خۆسەپاندن، چەندین کارەساتی وەك : شەڕی ناوخۆ ، پشت بەبێگانە بەستن ، سازش ، کشانەوە لەخەبات لەکاتی نالەباردا . . . یان هێناوەتە ئاراوە و تەنگوچەڵەمەیان خوڵقاندووە . بۆیە ئەگەر بمانەوێ کۆتایی بەو تەنگوچەڵەمەیە بهێنین ، ئەوا دەبێ کاریگەری ئەو سەرکردانە ئیفلیج بکەین و لەکاریان بخەین " .

ئەو بیروڕایە ، ئەگەرچی توانیویەتی نیشانەیەکی جیاکارەی بزووتنەوەکە دەست نیشان بکات ، واتە ڕۆڵی نێگەتیڤانەی سەرکردایەتی تاکەکەسی ، و ڕوخسارەکانی بە چاکی بنکاوە ، بەڵام نەیتوانیوە سەرئەنجامی ڕاست و دروست بەدەست بهێنێ . چونکە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی سەرکردە تاکەکەسی‌یە تەقلیدیەکان هۆی تەنگوچەڵەمەکەن ، بەمەش تەنگوچەڵەمەکەی لە ناوەڕۆکی چینایەتی داماڵیوە و بەستویەتیەوە بە سەرکردە تاکەکانەوە و ئەوەی لەیادکردووە کە ئەو سەکردانە هێز و بالادەستی خۆیان ، تێڕوانین و هەڵوێستی خۆیان لە بناغەی چینایەتی ئەو چینەوە بەدەست دەهێنن کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە دەکات . بەوجۆرەش ئەو پرنسیبە دەچەسپێنرێ کە دەڵێ : " سەرکردەکان دروستکەری مێژوون " .

## نیشانەکانی تەنگوچەڵەمە

ئەوەی ڕاستی‌بێ ئەو نیشانانەی هەبوونی تەنگوچەڵەمە لە بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا دەردەخەن زۆر و هەمەچەشن وترسناکن و دەشێ لێرەدا هەندێکیان بخەینەڕوو :

١) کارپێکردنی سیاسەتێکی تەسك بینانە ، خۆڕسکیانە ، نائارامانە. تەسك بینانە بەمانای دامەزرانی لەسەر بنچینەی قەبلاندن و تێڕامان و تەجروبەگەری . خۆڕسکی بەمانای پەل هاویشتنی کوێرانەی بێ‌سەروبەر . نائارامی بەمانای هەڵبەز و دابەزکردن لەنێوان خۆبەدەستەوەدان وسەرچلی ، پاشکۆیەتی ڕووداوەکان و بازدان بۆ نادیار ، هەلوێستی " شۆڕشگێڕانە " و پاشەکشە و خۆڕانەگرییدا .

٢) نەبوونی دیموکراتیەت چ لەناو هێزەکان خۆیاندا یاخود لەنێوان هێزە جۆربەجۆرەکاندا . ئەوەی یەکەم بووە هۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتی سەلتە زەلام و چەسپاندنی بیروکراتیەت و لەئەنجامیشدا دەستەگەری ناوخۆو لێکترازان و پارچەپارچەبوونی هێنایەئاراوە . ئەوەی دووەمیش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی خوێناوی و لەدەست دانی دەرفەتی چاك و لاوازبوونی هێزەکان بەگشتی .

٣) کزی بەشداریکردنی جەماوەر و نەبوونی خستنەگەڕی ئافرەت( نیوەی کۆمەڵ و پەروەردەکەری نەوەی نوێ ) لەبزووتنەوەکەدا و لاوازی بەدەنگەوە هاتنی چەوەساوەکانی گەلەکەمان و تەسکی بنکەی جەماوەری هێزەکان .

٤) تێکشکانی سەربازی و بێ‌توانایی لەئاستی گۆڕینی قۆناغی بەرگری ستراتیجی بۆ لەنگەربەستنی ستراتیجی و زاڵبوونی عەقلیەت و هەلوێستی عەسکەرتاریانە و ڕاکێشانی سیاسەت بەدوای خۆیدا .

٥) زاڵبوونی بیری دۆگماتیست و براگماتیست و تەجروبەگەر وسەلەفیانە (بەمانای ناسیۆنالیزم و ئایین خوازی ) بەسەر مێشکی سیاسیدا .

٦) لەناوچوونی نەریتە شۆڕشگێڕیەکان و بلاوبوونەوەی بۆگەنی و نارەوشتی و ڕەفتاری ناشرین لەریزەکانی هێزەکاندا .

## ئەنجامەکانی تەنگوچەلەمە و ئاسۆی داهاتوو

ئاشکرایە ماوەیەکی دوورود رێژە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی

کوردستان بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری بابەتی و خۆییەوە ـ کە لەژمارەکانی داهاتوودا باسیان لێوە دەکەین ـ لەتەنگوچەڵەمەیەکی قوڵ و هەمەلایەنەدا ژیان دەباتە سەر و چەند ساڵێکیشە نیشانەکانی دەرکەوتوون • کۆتایی هاتنی جەنگی عیراق و ئێرانیش بووە هۆی تەقینەوەی تەنگوچەڵەمەکە و هێنانەئاراوەی :

١ ) هەرەس هێنانی بزووتنەوەی چەکداری و بەمانی ناوچەڕزگارکراوەکان کە بە بنچینەی کاری ئەو دادەنران.

٢ ) وەرگرتنەوەی شیرازەی دەست پێشکەری هێرش بردن لەلایەن ڕژێمی فاشی عیراقەوە .

٣ ) توندوتیژبوونی هەڵمەتی شۆڤێنیستانە بۆسەرکوردستان وبەرەسەندنی سیاسەتی داگیرکردن و ڕاگویزان و دەربەدەرکردنی لادێکان و کۆنترۆڵکردنی شارەکانی کوردستان .

بەو جۆرەش کۆمەڵێك ڕاستی دەربات بوونەوە :

١ ) خەیاڵپلاوی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیکوردستان بە سەرکردایەتیەکی بۆرجوازییانە .

٢ ) بێتوانایی بەرنامەی حیزبە بۆرجوازی و وردەبۆرجوازییەکان لە ئاست چارەسەرکردنی مەسەلە بنچینەییەکانی چەوساوەکانی کوردستاندا .

٣ ) تێکشکانی ئەفسانەی خەباتی چەکداری بەشێوە کۆنەکەی ، واتە گەمارۆدانی شارەکان لەلایەن لادێکانەوە .

٤ ) شکستەخواردنی بیری ناسیۆنالیستانە ، وەك ئایدیۆلۆجیەتی بۆرجوازیەت ، هەرچەند خۆی لەژێر پەردەی سۆسیالیزمی زانستی ومارکسیزم ـ لینینیزمدا شاردبووەوە .

لەم هەلومەرجە مێژووییەدا هێزە بۆرجوازییەکان بەبێ بەرگری وبەویستی خۆیان دەست لەبزووتنەوەکە هەڵناگرن و مایەپوچی خۆیان ڕاناگەیەنن ،بەڵکو ڕوو دەکەنە کۆمەڵێك شێوازی جووڵانەوەی سیاسی و سەربازی بۆ بیناکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان ، جا لەڕێگەی بانگ‌ڕاهێشتنی قۆناغی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیەوە بێت ، یان ڕێگەی پەنابردنە بەر زل هێزەکان و ڕێکخراوە

نێونەتەوەییەکانەوە بێ ، یاخود لەڕێگەی جەولەیەکی دی " گەڕەی مفاوەزات "ەوە بێ . هەروەها بیری تەنگوچەڵەماوی بەئاسانی سەنگەرەکان چۆڵ ناکات و بەجۆری دی و ڕازاوەتر خۆی دەنوێنێتەوە و سوود لەدەرفەتی هەڵمەتی شۆڤێنیستانەی ڕژێمی فاشی عیراق وەردەگرێ بۆ کنەکردنە نێو جەماوەرە . ئەمانە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی کرانەوەی ئاسۆی هاتنەسەرکاری ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕ ، مانای هاتنەسەرکاری ئەو نی‌یە و هاتنەدی ئەو ئاواتە ماوە و زەمینەی دیاریکراوی دەوێ ، بۆیە تەنگوچەڵەمەکە بەردەوام دەبێ و کۆتایی‌هاتنی بەستراوەتەوە بە هەوڵدانی چەپە شۆڕشگێڕەکانەوە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزە .

لەم بارودۆخەدا پێویستە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازە هاوچەرخەکان سەرە نێزەی خەباتی خۆیان ئاڕاستەی چەند ئەرکێك بکەن :

**١- تێکۆشان لەدژی ڕژێمی فاشی عیراق و سیاسەتە شۆڤێنیستیەکانی دەرهەق بە جەوساوەکانی کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگەی نوێی گونجاو بۆ ئەنجام دانی .**

**٢- هەوڵدان بۆ ڕیسواکردنی هێزە بۆرجوازییەکانی کوردستان و بیری تەنگوچەڵەماوی و ڕێگەبەستن لە بەدەست هێنانەوەی دەست پێشکەری سیاسی لە بزووتنەوەکەدا .**

**٣- دەستکردن بە مشت ومڕکردنی دیموکراتیانە لەسەر مەسەلە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و زەمینەخۆشکردنی فیکری بۆ دامەزرانی ئەڵتەرناتیڤی فیکری و پراکتیکی و ڕێکخراوەیی .**

* * *

# خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانە و ڕاستیدا

فازیل کەریم ئەحمەد

تا ماوەیەك لەمەوبەر لە کوردستانی عیراقدا ، خەباتی چەکداری وەك تاقە ڕێگەی سەرکەوتن تەماشا دەکرا . ئەم بۆچوونە باڵی کێشابوو بەسەر بیری کۆمەڵانی خەڵکدا لە حەفتاکاندا . لە هەشتاکانەوە هێمای پرسیاری خرایە سەر ، بەڵام شەڕی عیراق و ئێران زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکرد کە ئەم هێمای پرسیارە بەکاڵی ببینرێ و سەرکەوتن لەوەدا بەدی بکرێ عیراق شەڕەکە دەدۆڕێنی و هێزە چەکدارە کوردەکان لەشەکراوی سەرکەوتنی ئێران دەمیان شیرین دەکرێ . کارەساتە دراماتیکیەکانی هەڵەبجە و دۆڵی بازێ ، کاول بوونی سەدان گوند و شارۆچکەی تر، قڕانکردن و ڕاگواستن و ڕاونان، ئەم خەونە " شیرین " ەیان کردە زەهراو و خەڵکیان ناچارکرد ئاقاری بیرکردنەوەیان بگۆڕن و دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە خەباتی چەکدار تاقە ڕێگای خەبات نیە و تەنیا بەم ڕێگەیە سەرکەوتن وەدەست ناهێنرێ .

**ئایا دەکرێ خەباتی چەکدار درێژەی پێ بدرێ و سەرکەوتنی پێ وەدەست بهێنرێ ؟**

ڕاستە ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی بە دۆگمایی بڕوایان بە خەباتیچەکدار هەیە زۆر کەمبۆتەوە و تەنانەت هەندێ کاربەدەستی حیزبیش لەم کاتەدا هاتوونەتە خوارەوە و لەو بڕوایەدان : " خەباتی چەکدار باوی نەماوە و ئێستا ڕۆژ ڕۆژی خەباتی دیپلۆماسیە !" ، بەڵام ئەم جۆرە ڕادەربڕینە

هێشتا ئەوە ناگەیێنێ کە پەیکەری خەباتی چەکدار وورد و خاش بووە وکەس دوای ئەم ئەفسانەیە ناکەوێ . بۆیە من هەوڵ دەدەم بەگوێرەی توانا و شارەزایی خۆم ، لەم نووسینەدا ، تەم ومژی ئەفساناوی لەدەوری ڕاستی خەباتی چەکدار بڕەوێنمەوە .

## خەباتی چەکدار لە مێژووی گەلی کورددا :

زنجیرەی ڕاپەرین و جوولانەوە چەکدارەکانی گەلی کورد گەورەترین ڕووبەری لەمێژووی گەلی کورددا داگیرکردووە و ئەوەندەی بایەخ بە مێژووی جەربی ئەم گەلە دراوە ، ئەوەندە گرنگی بە مێژووی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی نەدراوە . لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مێژوونووسێك نەیتوانیوە بە تەواوی ژمارەی هەموو ئەو ڕاپەرین و هەڵسانەوە چەکدارانە بنووسێ .چونکە لە ژمارە نایەن . سەیریش ئەوەیە ئەم بزووتنەوە چەکدارانە لەهیچ سەردەمێکدا نەیان توانیوە لەسەرکەوتنی کاتی بەولاوە هیچ شتێکی دی تۆمار بکەن . سەرەڕای ئەمەش ، هەرچەند ساڵ جارێك تەقینەوەیەکی چەکدار بەرپابووە و هەر هەمان شێوەی جاران ، بەبێ هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوە و ناوەڕۆکدا ، ڕووداوەکان دووبارە بوونەتەوە . مەگەر هەندێ گۆڕانی ڕووکەش نەبێ کە کات و سەردەم مۆرك و شەقڵی تایبەتی خۆی پێوە دەنێ . ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ گەر بڵێم : کام گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر جوولانەوەی چەکداری حەفتاکانی سەدەی پێشوو و حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا هاتووە؟ گۆڕانەکە هەر ئەوەیە شێخ عوبەیدوللا نەهری مارکسی نەبووە ؟ ڕێکخراوی سیاسی وبەرەی نیشتمانی دروست نەکردووە ؟ تەکنیکی سەربازی پێشکەوتووی پێشمەرگانەی بەکار نەهێناوە ؟

من نامەوێ ئەو قسەیە دووبارە بکەمەوە کەدەڵێ : **" گەلی کورد قەت لەڕووی عەسکەریەوە نەشکێنراوە ، بەڵکوو هەمووجارێ لەڕووی سیاسیەوە شکاوە".** هەرچەندە ئەم قسەیە زۆر ساویلکانەیە و بەووردی لێی نەکۆڵراوەتەوە.. ئەو سیاسەتەی " کورد " تێدا شکاوە چی‌یە و چۆنە ؟ ئەوە هەر مەتەڵە و کەس

نەیتوانیووە هەڵی بهێنێ . ڕەنگە هیچ کەسێك ئەوە بەسیاسەت دانەنێ ، کە سەرکردەی جووڵانەوەیەك بە چەند سوارێکەوە بەرەو ئەستەموڵ بۆ گفتوگۆ بکەوێتە ڕێ . ئەوەش هەر سیاسەت نی‌یە کە سەرکردەی " شۆڕش " ێك هەروا بەئاسانی بکەوێتە بۆسەی دوژمنەوە و کۆتایی بە جووڵانەوەکەی بهێنرێت . ئیدی ئەو سیاسەتە چی‌یە وا هەموو جارێ ئەم کوردە داماوە تێدا دەشکێ و بە ئامانجی خۆی ناگات ؟ ئەوە بەڵەمێکی گێژکەیە و لەناو دەریای مەزنی نەزانراوی‌دا بۆ ڕۆحی ڕزگاری دەگەڕێ .

**ئایا گەلی کورد هەر نەیتوانیوە خەباتێکی چەکدارانەی ئەوتۆ بکات کە سەرکەوتنی بێ مسۆگەر بکرێ ؟ یا توانیویەتی ڕاپەڕینێکی چەکدار بکات ،بەبێ ئەوەی بتوانێ ئەو خەباتە بۆ چەسپاندنی ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو بەکاربهێنێ و تووشی شکان و ژێرکەوتن بووە ؟**

بەڕای من ، سەرەڕای ئەوەی کێشەی کورد هەمیشە لەچاو کێشەی‌هەندێ وڵاتی تردا ، ئاڵۆزتر و تێکچرژاوترە . دۆست و پشتیوانی گەلی کورد کەس نی‌یە ، مەگەر دەوڵەتێك بیەوێ لەسەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی‌خۆی ، کێشەی کورد بەکاربهێنێ ( ئەمە دەوڵەتە گەورە و بچوکەکانیش دەگرێتەوە ) . هەرکاتێ ئیشیان پێ نەما ، ئەوا نەك هەر پشتی تێ دەکەن ، بەڵکو بەردیشی تێ دەگرن . هێزە کوردەکانیش لە ئاستی ئەوەدا نەبوون سوود لەهەلی لەبار وەرگرن و لەسەر ئاستی دووەلی جێ پێی خۆیان بکەنەوە . بە پێچەوانەوە ، زۆرجار ئەو ڕێگەیەیان گرتۆتەبەر کە دوژمن ئاواتی بۆ خواستووەو پیلانی بۆ ئەوە داناوە ئەمان ئەو ڕێگە پڕهەڵدێرە بگرنە بەر .

زۆرجار ڕاپەڕینی چەکدار هیچ پێویست نەبووە ، کەچی سەرکردەکان بەرپایان‌کردووە ، خەڵکە داماوەکەش تووشی زیانێکی گەورە هاتووە ، بەبێ ئەوەی ئامانجە سیاسی‌یەکەش پێکرابێ . لە هیندستان غاندی بەبێ چەك ، گەورەترین سەرکەوتنی سیاسی وەدەست هێنا . لەئێران (ساڵی١٩٧٩) سە ماگرتن ڕژێمی شا هەرەسی هێنا . لەم ڕۆژانەدا لەفەلەستین ، منداڵەکان بە بەرد و دارلاستیك ڕژێمی ئیسرائیلیان هێناوەتە سەرچۆك . لە چین و کۆریاش خوێندکاران هەر بەمانگرتن و خۆپیشاندان تەر دوو ڕژێمەکەیان

هێناوەتە سەر ڕۆخی هەڵوەشانەوە . . . هتد . مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەناو کورددا ، لەبری ئەوەی هەر تووشی وەزعێکی سیاسی ئاڵۆز بووین ، یەکسەر کۆمەڵێك ڕووبکەنە شاخ و لەوێ ئالای خەباتی چەکدار بەرزبکەنەوە ، هەرئەمانە لەشارەکاندا بمێننەوە و هێزی سیاسی وکولتووری پێکەوبنێن ، سەرکەوتنی گەورەتر وەدەست ناهێنن ؟ ئەگەر مرۆڤ بیەوێ سوود لەمێژووی خۆی وەربگرێ ، هەق وایە هەر لەبزووتنەوەکەی شێخ مەحموودەوە دەست پێبکات . ئایا ئەو زەمانە چوونە شاخ ، بەسوود وقازانجی خەڵك شکایەوە ؟ نازانم کام سەرکەوتنی سیاسی پاش چەندین ساڵی خەباتی چەکدار وەدەست هێنرا ؟ ئایا نەدەتوانرا ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ڕەشی ساڵی ١٩٣٠ بکرێتە قوتابخانە ؟! ئایا نەدەتوانرا بایەخی زیاتر بەکاری سیاسی لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا بدرێ و لەڕێگەی مانگرتن و خۆپیشاندانەوە بەربەرەکانی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئەوسای عیراق بکرێ ؟ ئایا نەدەتوانرا مارش لە لادێوە بۆ شار بکرێ (٢) ؟ ئایا هەر تەنیا پەرە بەڕاپەڕینی جووتیارە هەژارەکان بدرێ یان هۆش و جووڵانەوەی کرێکاران فراوانتر بکرێ ؟

من لەوە تێناگەم بۆ هەندێ کەس هێشتا هەردەڵێن " شۆڕش "ی ئەیلول بزووتنەوەیەکی مێژووکرد بوو ؟ گوایە هەلومەرجی بابەتی ئەو زەمانە ئەم جووڵانەوەیەی هێنایە کایەوە ؟ من هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر مێژووکرد بووایە بەمجورە دروست نەدەبوو و چوارچێوەیەکی دیکەی وەردەگرت . هەمووکەسێکیش هەقی ئەوەی هەیە ئەم پرسیارە لەخۆی بکات : ئایا ئەو سەرکردایەتییەی ئەم بڕیارە " مێژوویی " یەی وەرگرت ، هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نەمابووەوە جگە لە خەباتی چەکدار ؟

لێرەدا من نامەوێ زۆر لەسەری بڕۆم و ڕەنگە ئەوە بەس بێ کە بڕگەیەك لە بیرەوەری یەکانی نووری شاوەیس وەکو خۆی بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز بۆ ئەوەی خۆیان حوکمی بەسەردا بدەن : **" لەو ماوەیەدا من و دکتۆر مراد هەڵدەستاین بە ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا لە بەغدا و شارەکانی تر . جەلال تاڵەبانیمان نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئاڵۆزبوونی باروزخی کوردستان بگرێ و جەماوەری توورە هێمن بکاتەوەو**

چەك هەڵنەگرن . کەچی نامەیەکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ ناردین و تیایدا ئەوەی ڕونکردبووەوە کە ئەو پێڕەوی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکات، بەلام لەو بڕوایەدایە بارودۆخی شۆڕشگێڕی و ئامادەیی جەماوەر بۆ هەڵگرتنی چەك خەمڵیوە ، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی هیچ پێشمەرگەیەکی چەکدار و ڕێکخرا و نەبووین ، جگە لەو کۆمەڵەی ( صدیق میران ) یان کوشتبوو و مەلا ماتۆڕ لەڕووی سەربازییەوە ڕابەرایەتی دەکرد . ئێمەش نامەیەکمان لەڕێگەی عومەر دەبابەوە نارد بۆ جەلال تالەبانی و بۆمان نووسی ئەو سەربێچی بەرنامەی حیزبی کردووە و بەرزانی بەو بانگەوازە قایل نییە . بەلام عومەر کاتێك گەیشتەجێ کە کار لەکارترازابوو و بەر لەگەیشتنی هێرش دەستی پێکردبوو"[٣٠] .

نابێ ئەم بۆچوونە ستایشکردنی ڕژێمی عەسکەری عەبدولکریم قاسم یان هیچ جۆرە پاکانەیەك بگەیەنێ . تەنیا دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە داگرم کە هەڵبژاردنی خەباتی چەکدار، وەکو تاقە ڕێگەی خەبات ، هەڵبژاردنێکی ڕاست و دووربینانە نەبووە . لەم ساڵەشەوە کۆمەڵگەی عیراق لەلایەن ڕژێمەوە بەرەو قۆناغی عەسکەری بوون Militarisierung برا ، ئەمەش بەبیانووی " مەترسی لەسەر نیشتمان " و " مەترسی دروست بوونی ئیسرائیلی دووەم" ، وە هەموو جووڵە و چەکەرەیەکی دیموکراسی پێشێلکرا و ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەلاتی عەسکەر و داو و دەزگای داپلۆسین زاڵبوو تا ئەو سنوورەی هەموو جیاوازیەك لەنێوان ڕژێمی دیکتاتۆری و شێوەی ڕژێمی فاشیدا سڕاوەتەوە و تەنانەت حەوت پەردی بەپشتی نازییەکاندا داوە .

لە کوردستانی ئێرانیشدا ، هەر زوو هێزە سیاسییە کوردەکان بە چەپ و ڕاستیانەوە ، بەرگی سووری شەڕیان لەبەرکرد و سواری گای فۆج وەشێن بوون ، بەهەمان شێوە هەڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقیان دووبارەکردەوە . هەرچەند مانگێك پاش ڕووخانی شا ، ئالای خەباتی چەکداریان هەڵکرد، لەکاتێکدا کۆمەلانی خەڵك لە سەرانسەری ئێران دا لە گەرمەی چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتیدا بوون و لەگەڵ هەموو جۆرێکی خەباتی سیاسی و کولتووری " شاری " ڕاهاتبوون و سامانێکی گەورەیان لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە پێکەوە نابوو . هێزە سیاسییە چەپ و ڕاستەکان ،

بەبێ ئەوەی لە خەباتی چەکداری " شاخ " دا هیچ شارەزاییوئەزموونێکیان هەبێ ، ڕوویانکردە شاخ و ئالای خەباتی چەکداریان هەڵکرد . لەمەیش هەڵەتر ئەوە بوو بەشەڕی کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بە ماڵ و پاش بۆمباباران و ویران بوونی شارەکان ، ئینجا ڕوویانکردە شاخ . من نازانم گەلی کورد چ سوودێکی لەوە چنگکەوت کە بە تەنیا شاخەکانی کوردستان ئاوری " قامی مسلحانە " هەڵگیرسێنرا ؟ پاش دەساڵ قوربانی وخوێن ڕشتن و کاول بوون ، کامەیە دەستکەوت و قازانجەکانی خەباتی چەکدار ؟

## شەڕ درێژەکێشانی سیاسەتە :

شەڕ وەکو هەموو دیاردەکۆمەلاّیەتییەکانی تر ، بەرهەمی کوت و بڕی ڕووداوەکان نییە و بەجیاو تروکاندنێکیش نایەتە کایەوە . ئەم دیاردەیەش لە دیاردە کۆمەلاّیەتییەکانی تر جیاو دابڕاو نییە و پرۆسەی گەشەکردنیکۆمەڵ شەقڵی خۆی پێوە دەبێ و شێوە و ناوەڕۆکی دیاری دەکات . کلاوتزەفتز Clausewitz ووتویەتی : **" شەڕ درێژەکێشانی سیاسەتە ، بەلاّم بە ئامرازێکی کە "** . ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە شەڕ لە پێناو کێشەیەکی سیاسیدا بەرپا دەکرێ و دەبێ ئەنجامەکەی بە قازانجی کێشە سیاسییەکە بشکێتەوە ، نەك بە پێچەوانەوە . ئاشکرایە کە شەڕ بەگشتی بەچوار قۆناخدا تێدەپەڕێ : یەکەم/ سەرهەڵدان و پەیدابوونی گرێ کوێرە Konflikt گەر ئەم گرێ یە نەکرێتەوە و چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە ، ئەوە گرێ کوێرەکە ئاڵۆزتر دەبێ و دەچێتە قۆناخی دووەمەوە : پەرەسەندن Esklation. ئەگەر ئەم ناکۆکی پەرەسەندنەش خاو نەکرێتەوە و هێور نەبێتەوە ئەوا بەرەو قۆناخی سێیەم دەچێ ، واتە گێژاو Kriese. ئەگەر ئەم گێژاوەش دانەمرکێتەوە بۆ قۆناخی سێیەم و دووەم ، ئاگری شەڕ و پێکدادانی سەربازی هەڵدەگیرسێ . کەچی هێزە سیاسییەکانی کورد لەم سەردەمەدا ، نەیان توانیوە دیپلۆماسیەت و هونەر بەکارنەهێنن پێش ئەوەی بەرەو مەیدانی جەنگ داکشێن . هونەر هەر ئەوە نییە لەناو سەنگەردا شەڕی باش بکرێ و لەشکری دوژمن ڕاوبنرێ . هونەری

سەرکردایەتی سیاسی لێوەشاوە ئەوەبە، بەبێ خوێن ڕشتن سەنگەر بگیردرێت و سەرکەوتن وەدەست بهێنرێت .

چینی بۆرژوای گەلانی تر بەوە ناسراون ، بە نیوە قیمەتیش هەر دەیژەنن و بەشێوەی نیوە و نیوچڵ ڕێگای هەڵکشان بەرەو لووتکەی دەسەڵاتیان گرتۆتەبەر .کەچی چینی بۆرژوا/عەشایەری کورد بەگشتی ئالودەی سیاسەتی " **یا هەمووی ، یا هیچ** " بووە ، هەمووجارێکیش هەر بە " هیچ " و " دەست بەتاڵ " ی لێ دەرچوون .

چینی بۆرژوای کورد ، لەبەر لاوازی و بێهێزی ئابووری و سیاسی ، بەڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بۆتە پاشکۆی هێزی عەشایەری کورد . ئەم چینە قەت نەیتوانیوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ " ئۆتۆنۆم " ڕێکخراوێک پێکەوە بنێ و دەست پێشکەری وەدەستەوە بگرێ . قەت نەیوێراوە تاڕۆژی ئەمڕۆ ،لەسێبەری بازنەی تەلیسماوی هێزی ئاغا و دەرەبەگ هەنگاوێك بەرەو دەرەوە بهاوێژێ . تەنانەت ڕێکخستنی سیاسی و شێوەی کار و جووڵانەوەی ناو شاریش لەسامی ئەم سێبەرە دوور نەکەوتۆتەوە ، ئەگەر ئاغا لەناو ئەو ڕێکخراوە بوو بێت یا خود نە ؛ سێبەری سەرتاپای ڕێکخراوە سیاسیەکەی داپۆشیوە . چەك هەڵگرتن و چوونە شاخیش هەر " ڕەدوو " کەوتنی ئاغایان بووە و لەوێش هەر هەوڵی داوە هێز و دەسەڵاتی ئەوان بسەپێنێ و لەقسەیان دەرنەچێ .

## ئایا خەباتی چەکدار باوی ماوە ؟

من نامەوێ هەروا بەسادەیی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ، هەروەکو ئەوەی خەباتی چەکدار " مودە " یەك بووبێت و باوی نەمابێت . ڕەنگە هەندێك ئەو پرسیارە بکەن : چۆن بەشێکی گەورەی گەلانی ئەم دونیایە هەر بەم شێوازە سەربەخۆیی سیاسییان وەدەست هێناوە ؟ ئەی ئەگەر گەلی کوردیش هیچ نەبێ لەم ڕێگەیەوە تۆزێ سەربەخۆیی سیاسی وەدەست بهێنێ چ زەرەرێکی کردووە ؟ لێرەدا نامەوێ هەلومەرجێکی تایبەتی بکەمە یاسایەکی گشتی نەگۆڕ ، ناشڵێم هەر هەموو گەلانی دونیا بە هەڵەدا چوون و تاقیکردنەوەکانیان هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە و نایان بێ ، بەڵکو دەمەوێ

تەنیا بێ لەسەر ئەوە دابگرم کە تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتووی هێزە سیاسی / چەکدارەکانی کورد ئەوەیان بەڕوونی سەلماندووە کە خەباتی چەکداریکلاسیکی کورد جگە لە نووچدان و شکان و ژێرکەوتن ، هیچ سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێناوە و ناهێنێ .

**نابەرابەری تەرازووی هێزی سەربازی :**

بەرابەری و نابەرابەری تەرازووی هێزی سەربازی ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێ لە دۆڕان و بردنەوەی شەڕدا . ڕوون و ئاشکرایە ڕژێم لەرووی ژمارەیسەربازو جۆری چەك و تەقەمەنیبەوە باڵادەستە ، بەڵام شۆڕشیش گەر شۆڕش بێت ، دەتوانێ بەڕێکخستن و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە ، بە تەکنیکی نوێی شەڕی پارتیزانی ، جەماوەر بخاتە گەڕ و ئەو نابەرابەری و ناهاوتاییە بەچەشنێکی ئەوتۆ کزکاتەوە کە بە زیانی ڕژێم تەواو بێت .

جووڵانەوەی چەکداری کلاسیکی ، سەرەڕای ئەو هەل و مەرجانەی ناوەوەی خۆی کە دەبوونە ڕێگر لە بەردەمی خستنەگەڕی هێز و توانای کۆمەڵانی خەڵك و زەمینەی سەرکەوتنی یەکجاریان خۆش نەدەکرد ، بەڵام شاخ و کێو و بەفر و سەرما و سوڵەی زستان و بوونی ترادسیۆنی ( نەریتی ) خۆ پاراستن و بەرگری چەکدارانە لەناو جووتیاراندا ، تای تەرازووەکەی تا ڕادەیەك بە قازانجی " شۆڕش " ڕاست دەکردەوە . ئەم قسەیە بەلایکەمەوە بزووتنەوەی چەکداری شەستەکان دەگرێتەوە .

بەهۆی زۆربوونی داهاتی نەتەوەیی عیراق بە شێوەیەکی خێرا و چاوەڕوان نەکراو ، لە هەفتاکاندا ، ڕژێم توانی ڕێژەیەکی هێجگار گەورەی ئەو پارەیە بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی هێزی چەکدار و ئامرازی داپڵۆسین و سەرکوت کردن تەرخان بکات . ساڵی ١٩٦٠ داهاتی نەتەوەیی عیراق ( د . ن . ع ) ١٥٨ ملیۆن دینار بوو (٤) . ساڵی ١٩٧٤ (د . ن . ع ) ٧ر٥ ملیار دۆلار بوو و ساڵی ١٩٧٩ یش گەیشتە ٢١ ملیار دۆلار . پەرەسەندنی داهاتی عیراق بەم شێوە خەیاڵییە ، یارمەتی ڕژێمیدا هێزی چەکداری خۆی بە نوێترین تەکنۆلۆژیای سەربازی پڕ چەك بکات وگۆڕانکارییەکی

مراوان لە هەبکەل و شێوەی مەشق‌کردن و تەکنیکی جەنگی سوپادا دروست نەکات . بەشێکی تری ئەو پارەیەش بەکاربهێنێ، بۆ پەرەوکردن و بلاوکردنەوەی داو و دەزگای ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات و جاسوسی ،بۆ لاوازکردن و تێکشکاندنی خەباتی رزگاری گەلی کورد بەگشتی و جووڵانەوەی چەکداری بە تایبەتی . ئەم گۆڕانە کوت وبڕ و خێرایە ، نەراروی سەرباری هەروا بە خێرایی بە زیانی جووڵانەوەی چەکدار گۆڕی . چونکە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی سیاسی و سەربازی پێویستی دانەدەنا بۆ ئەوەی لەم " پێش برکێ " یەدا بەجێ نەمێنێ و پیلانەکانی رژێم پووچەل نەکاتەوە . لەسالی ١٩٧٦ بەدواوە گەڕاوی هێزە سیاسی / چەکدارەکانی کورد فووڵتر بوو ، ئەرکی سەرشانیان گەورەتر بوو، مەتدبارەبەس چکۆلەتر بوونەوە... هتد . بێگومان ئەگەر پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سوپای رژێم وا گورج و مراوان نەبوایە ، رەنگە جووڵانەوە چەکدارەکەش بی‌توانیایە بەگوێرەی ئەو گۆڕانکاریە کاوەخۆییە ، پێشڕەو زیاتر زۆرانبازی وملمڵانێی کاریگەرتر لەگەڵ هێزی چەکداری رژێم بکات و رۆڵ ببینێ لە ڕووخاندنی‌دا.

وەنەبێ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا ڕووبەرووی هێزێك بووبێتەوە کە بە چەکی تەقلیدی دەجەنگێ ، بەڵکو لەگەڵ هێزێك دا دەستەویەخەیە کە جگە لە چەکی تەقلیدی ، چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژی هەیە و بەکاریشیان دەهێنێ . وەنەبێ رژێم لەسنوورێکی تەسك و بچووکدا ئەم چەکانەی هەبێ و بەکاریان بهێنێ ، بەڵکو ئەمڕۆ یەکێکە لەگرنگترین و بەهێزترین بەرهەمهێنەرەکانی چەکی کیمیاوی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا . لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم کە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی هەڵەبجە و دۆڵی بازێ ئەوەیان دەرخست ، زۆر زەحمەتە بەشێوەی خەباتی چەکداری کلاسیکی بەرەنگاری چەکی کیمیاوی بکرێت . لە ماوەی داهاتوودا رەنگە دەستەی پێشمەرگەی بچووك بتوانن هەندێ چالاکی بنوێنن و لە مەترسی هێرشی کیمیاوی خۆیان دەرباز بکەن ، بەلام ئەم جۆرە چالاکییە ، لە مەودای دووردا ، کاریگەر نابێ . ئەگەر ئەم دەستە بچووکانە بتوانن بە هەزار مەینەتی و دەردەسەری خۆیان

بپارێزن ، ئەوا دیسان نابێ مەترسی بەکارهێنانەوەی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی لە ئاسۆی بیرکردنەوەدا ئاوابێت .

## سەرەتای سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن :

پاش هەرەسی ١٩٧٥ زۆر ڕۆشنبیر و چەپی کورد لەو باوەڕەدابوون ، ئەگەر " شۆڕش " ی پێشوو یارمەتی لەهێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان وەرنەگرتایە وا زوو هەرەسی نەدەهێنا . دیارە لەم سەردەمەدا هیچ شۆڕشێك بەبێ یارمەتی دەرەوە ڕووی‌نەداوە و سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە . چین ، ڤێتنام ، جەزائیر ... هتد پشتیان بە دۆستەکانیان بەستبوو. هەر شۆڕشێکیش بە گوێرەی جیهانبینی و پێکهاتنی چینایەتی و هەلومەرجی‌تایبەتی پشت و پەنای بۆ خۆی پەیداکردووە. بەهۆی واقیعی دابەشبوونی خاکی کوردستان بەسەر چوار دەولەتی کۆنەپەرست دا و سەرجەمی بارودۆخی‌سیاسی ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڕادەی گەشەکردنی کۆمەلگەی کوردەوە ، جوولانەوەی چەکداریش لەکوردستان‌دا نەیتوانیوە ئاسۆیەکی جیهانی بگرێتەخۆی. هێزە کوردەکانیش ، پێش ئەوەی تەق و تۆق دامەزرێنن ، بەگوێرەی پێویست هەولیان نەداوە کێشەی کورد لە ئاستی جیهان‌دا بەخەلك بناسێنن ولەنا و هێزە چەپەکاندا دۆست و پشتیوان بۆ خەباتی ڕەوای گەلی‌کورد پەیدابکەن . مەسەلە هەر ئەوە نی‌یە ، داو و دەزگای دەولەتە کەپیتالیستی‌یەکان پەردەی ئاسنینی بێدەنگیان بەسەر ڕووداوەکانی کوردستان‌دا داوە ، بەلکو لایەنەکەی دیکەشی ئەوەیە ئەوانەی تا ئێستا نوێنەرایەتی مەسەلەی کوردیان کردووە ، هەولیان داوە لە " پرۆتۆکولاتی ڕەسمی " دەرنەچن و زۆربەی زۆری ڕێکخراوە ئەدەبی و کولتووری و مرۆڤایەتی و پێشکەوتنخواز و ئاشتی‌خوازەکانیان پشت گوێ خستووە .

هەرچەند جوولانەوەی چەکداری کورد خۆی بە بەشێك لە بزووتنەوەی ڕزگاری گەلان داناوە و دەبوایە وەکو ئەوان دژ بە هێزە کۆنەپەرست و ئیمپریالیستی‌یەکان بوایە ، کەچی بەپێچەوانەوە یارمەتی لێ‌وەرگرتوون و بە تەواویش پشتی پێ بەستوون . بێگومان ئەمە شتێکی ناسروشتی‌یە و لەگەل

ناوەڕۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورددا ناتەبایە و هەموو جا ڕێکیش ئەم " هاریکاری " یە بە زیانی گەلی کورد تەواو بووە و هیچ قازانجێکی نەبووە! (٦)

هەڵە ئەوە نی یە یارمەتی لەدەرەوە وەربگیردرێت ، بەڵکو هەڵە ئەوەیە بڕیاری هەڵگیرساندنی " شۆڕش " بدرێت و بڕیاری ئەوە نەدرێت یارمەتی لە دەرەوە وەربگیردرێت . ئەمە هەر وەکو ئەوەیە یەکێك بیەوێ بە قۆچەقانی و دارلاستیك مێگ و سۆخۆی بخاتە خوارەوە ! ڕەنگە لە وولاتێکی گەورە و پان وبۆر و فراوان دا،کە لەشکرەکەی بێهێز و شەق وشڕ بێ ، ڕاپەڕینێکی چەکدار بتوانێ تاڕادەیەك پشت بەخۆی ببەستێ ، بەڵام ئەمە لە عیراق و ئێران و تورکیادا تازە بۆتە خەون !

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، لەسەرەتای دەست پێکردنی خەباتی چەکداردا بڕیاریدا سیاسەتی پشت بەخۆبەستن (٧) بگرێتەبەر و ئەندامەکانی بە هەموو دڵێکەوە دژی ئەوە بوون تاقیکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دووبارە بکەنەوە . پاشان پێداوستییەکانی خەباتیچەکدار وای لێکردن ،تەنانەت " ووشکەسۆفی " یەکانیش ، چاو لەوە بقووچێنن ئەم سەرەتایە کەچ بکرێ .

یەکێتی بەناوی ئەوەوە گوایە سیاسەتی پشت بەخۆبەستنی گرتۆتە بەر ، ئیدی هەولێ دەدا لەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا یارمەتی وەرنەگرێ . ئەگەر " دۆست "ەکەی جارانیش لوتفی بکردایە و دەرگای " ڕەحمەت " ی بخستایەتە سەرپشت ، ئەوە بەڕۆژی نیوەڕۆ بەڕوباڵی ئەم سەرەتایەیان هەڵدەکێشا و بەئاوەڕونکراوی ڕەوایەی مۆزەخانەکەی ماوتسیتۆنگیان دەکرد .

## <u>دۆستی ژمارەیەك ، دوژمنی ژمارە یەك :</u>

ئەگەرچی جیۆسیاسی هەندێ وولات وا هەڵکەوتووە ، کە بەئاسانیبتوانێ دەست بۆ جیهان ڕاکێشێ و دۆست و پشتیوان پەیدا بکات ، بەڵام گەلی کورد لەوەتەی ـ لەم سەردەمەدا ـ خەباتی چەکداری کردووە ، بەشێوەیەکی گشتی ، نەیتوانیوە پشت بە تاقە " دۆست " ێك زیاتر ببەستێ . پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەناوەڕاستی شەستەکانەوە . کەوتە داوی ڕژێمی

کۆنەپەرستی ئێرانەوە . هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی ئێرانیش لەم سالانەدا کوت و مت هەمان تاقیکردنەوەیان لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی عیراقدا کردەوە.

ڕژێمی عیراق یا ئێران تەنیا لەو کاتانەدا یارمەتی هێزە کوردەکانی ئەودیو سنوور دەدەن کە ناکۆکی نێوانیان توند وتیژ بێت . هەرکە ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتی یە خامۆش بووە و لەسەر جیاوازی و خاڵی زۆرانبازی ڕێکەوتن ، دوژمنایەتی یەکە دەبێتە دۆستایەتی و برایەتی. ئیتجا هەردوو لا ئامادەدەبن ، تا ئەو ئەندازەیە یارمەتی یەکتر بدەن و هاریکاری یەکتربکەن ، کە هەر یەکەیان بتوانی بەئاسانی ملی کوردەکەی " خۆی " بخاتە ژێر چەقۆوە .

ئەوەی شایانی باسە ، سنووری ئەو " یارمەتی و دۆستایەتی " یە بەندە بە ڕادەی توند و تیژی ناکۆکی و دژایەتی نێوان هەردوو لاوە ،بەلام هەردوولا لە تەنگانەترین بارودۆخی سیاسی خۆشیان دا ئەو ڕاستی یەیان لەبیر نەچۆتەوە کە بۆ ماوەیەکی کاتی دەستیان خستۆتە ناو دەستی دوژمنێکەوە لە مەودای دووردا مەترسی و کێشەی قورسیان بۆ دەهێنێتە پێشەوە. بۆیە هەردوولا سیاسەتی " مەمرە و مەژی " یان لەگەڵ کوردی ئەودیو سنوور پەیڕەوی کردووە و تەنیا ئەوەندە یارمەتی جوولانەوە چەکداری یەکەیان داوە دژی ڕژێمەکەی خۆیان تا ئەو ئەندازەیە شەڕ بکەن ، کە تەنیا مەبەستەکانی ئەوان بێتەدی . لەکاتی شەڕی عیراق و ئێراندا ، کە هەردوولا هەرچییان دژی لایەکەی تر لەدەست هاتبێ کردویانە و دەست پارێزیان نەکردوە ،ئەگەر ڕژێمی ئێران وەك پێویست یارمەتی هێزە کوردەکانی کوردستانی عیراقی بدایە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیان لەچارەنووسی ڕژێمی عیراق دەکرد . کەچی نەك هەر بەگوێرەی پێویست یارمەتی نەدران بۆ ئەوەی لە " پشتەوە خەنجەر لە سوپای عیراق " بدەن ، بەڵکو کۆسپ و تەگەرەشیان بۆ دروست دەکردن و ڕێگەی هاتنی یارمەتی دەرەوەیان لێ دەگرتن و دەیان ویست بەتەواوی بیان خەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە و ئەگەر بۆشیان بکرێ بە ئیسلامیش بۆیاخیان بکەن . ئەمەش بۆ ئەوەی هێندە خرت نەبن و بە گۆچانی ئەوان شاخیان خوار نەبێتەوە . بەکورتی هەردوولا دۆڕاندنی شەڕەکەیان پێ چاکتر بوو تا

قووت بوونەوەی هێزێکی کوردی سەربەخۆ - تەنانەت ناسەربەخۆشیان هەر بێ قووت نەدەچوو - نەوەك لە داهاتوودا زیانی بۆ " بەزەکان " هەبێ .

دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەر هەموو هێزە چەکدارەکان لەئاستی بەرپرسیاری مێژوویی خۆیان‌دا نەبوون و سوودیان لە شەڕی نێوان عیراق و ئێران وەرنەگرت . ئەوەبوو هەر لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕدا ، لەبری ئەوەی بەرەیەك بێکبهێنن یان بەلای کەمەوە ناکۆکی‌یەکانیان کز و لاوازبکەن ، زەبر و زەنگی چەکدارانە لەنێوانیان‌دا تەقیەوە و دیسانەوە نەوت بە ئاگری شەڕی براکوژی‌دا کرا . ئاگری ئەم شەڕە بەچەشنێك خۆشکرایەوە، ئیدی ڕژێم هیچ پێویستی بەوە نەبوو هێزێکی چەکداری گەورە لە کوردستان‌دا هۆڵبدات. ئەگەر ئەو هێزانە لەئاستی ڕووداوەکان‌دا بوونایە ، ڕەنگە سوودیان لە هەلومەرجی شەڕەکە وەرگرتایە و جارێکی تریش نەکەوتبانەتە نێو مەنگەنەی " وەزعی دەولی خراپ " ەوە . ئەگەر هەر بشکەوتنایە وا ئێستك و پروسکیان بەجارێ ورد و خاش نەدەبوو .

## ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی ؟

هەندێ کەس شکان و هەرەسی جووڵانەوەی چەکداری پێشوو دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی هێزە کوردەکان، لەبری پێ‌داگرتن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بەهەر چوار پارچەکەیەوە ، تەنیا پێ لەسەر ئۆتۆنۆمی دادەگرن . من قەت دژی ئەوە نیم کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ ، چونکە هەروەکو چۆن ئەم مافە بۆ گەلانی تر بەرەوا دەبینم ، بۆ گەلی کوردیش بەهەمان شێوە . من لەلایەکەوە دەڵێم گەلی کورد هەقی خۆیەتی پتر لەسەر داواکردنی مافی چارەنووس سووربێ ، لەلایەکی ترینەوە دەڵێم هۆی ڕووخان و شکستی بزووتنەوەی چەکدار نابێ بە تەنیا بخرێتە ئەستۆی سووربوون لەسەر ئۆتۆنۆمی و پشت گوێ خستنی سەربەخۆیی تەواوەتی کوردستان . من یەکێك لە هۆ گرنگەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی چەکدار بۆ خەباتی چەکدار خۆی دەگێڕمەوە ، نەك مەسەلەی دروشم بەرزکردنەوە بەتەنیا . کرمی پرۆکێنەری داری جووڵانەوەی



هەواڵنامەی کتێب

چەکدار ، هەر لە خەباتی چەکدار خۆیدا پەیدابووە ، نەك لەنێـــو مەزادی دروشم بەرزکردنەوەدا .

## گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا :

هەندێك لەو بڕوایەدان ، کە خەباتی چەکداری کلاسیکی خۆی لەخۆیدا باوی نەماوە و ئەم شێوازە ناتوانێ چیدی لەگەڵ گەشەکردنی تەکنۆلۆژیـــای نوێی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکاندا کەڵەوەکێش بکات و لە سەرانسەری جیهاندا خەباتی چەکداری شاخ و کێو ڕوو لەنیشتنەوە و تێك شکانە . ئەوەی دەبێتە پاڵپشت بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە ، گەشەنەکردن و پەرەنەسەندنی هێـــزە سیاسی/چەکدارەکانە لە ڕووی جەماوەری و ڕێکخراوەیی و سەربازیـیـەوە . ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کە جووڵانەوە چەکدارەکان هەروەکو چۆن دەســتیـــان پێکردووە ، هەروا لەجێگەی خۆیان ماونەتەوە و هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆیـــان بەسەردا نەهاتووە . گۆڕان و گەشەکردن هەبووە ، بەڵام هەر زۆر بەخـاوی و کزی و قرخە مەرەسی . قەت ناتوانرێ ئەو "گۆڕان"ە چکۆلانەیە لەتـــای تەرازوویەك دا لەگەڵ ئەو هەموو خوێن ڕشتن و گیانبازی و وڵات کاولبوونـەی دەیانزە ساڵی ڕابوردوو دابنرێ .

ئەگەر بە تێکڕایی سەیری داباگرامی ( جدول بياني ) گەشـــەکـردنی جووڵانەوەکە بکەین ، لەڕووی ژمارەی پێشمەرگە و چەندایەتی و شێوەی چالاکی سەربازی و ڕووبەری ناوچەی ڕزگارکراو و هێزی جەماوەری بەپێی ساڵەکان ، ئەوا بەرزبوونەوەی هێڵی پەرەسەندن بەشێوەیەکی زەق ڕەچاوناکرێ و هیـــچ جوونە پێشەوەیەکیش بەدی ناکرێ . بە پێچەوانەوە ، خوارەخێچی و دابەزین ڕوونتر دەبینرێ ، هەڵچەقین لە ئاستێکی دیاریکراو و سووڕانەوە لــــە چوارچێوەیەکی تەسکدا ، هەر لە ساڵی ۱۹۷٦ ەوە تا ناوەڕاستی ســاڵــی ۱۹۸۸ ، بەدی دەکرێ . هۆیەکی گرنگی ئەوەش بریتییە لە نەبینـــەوەی دووبەرەکی و بوونی ناڕەزایی لە ریزەکانی ئەو هێزانەدا .

بەگوێرەی ئەم داباگرامە ، ڕاستە ئێستا هیوایەکی کەم بەداهاتووی خەباتی چەکدار لەئارادایە و زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکیش لێی بێزار و نائومێدن ،

بەلاّم لەسەرەتادا هەر ئەو خەڵکە هیوایەکی گەورەیان بە تافیکردنەوەکەی ئەم جارە هەبوو و بەگەش بینیەوە سەیری چالاکی ئەو دەستە چەکدارە بچووکانەیان دەکرد کە بە ئیمکاناتێکی زۆر کەمەوە ، بەبرسێتی و ڕووتی و ڕەجالّی دەستیان دابووە یەخەی دڕندەترین ڕژێمی ئەم سەر زەمینە. ئەو دەمە لەناو لاوەکاندا ئەو بیروباوەڕە باوبوو کە " هەرگەلێك چەند بچووك و لاوار و بێ‌هێز بێت ، دەتوانێ بەشێوازی خەباتی چەکداری درێژخایەن ڕووبەڕووی گەورەترین هێزی سەربازی و سیاسی ئەم دونیایە بێتەوە و چۆکیشی پێ دادات " . هەموو کەسێك ئەزموون و تافیکردنەوەی ڤێتنام و لاوس و کەمبودیای لەبەرچاوبوو ، کە چۆن توانیان ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەناوچەکەیان دەربپەڕێنن . بەلاّم مەلی‌خەیالّی ئەوان سنووری ئاسمانی فۆکۆی شۆڕشگێڕانە " البؤرة الثوریة " ی بەجێ نەهێشت و ئەندێشەی دووبارەبوونەوەی شۆڕشی کوبا مەست و سەرخۆشی کردبوون. هەرچەند بە سەرزەکی و نووسینی ڕەخنەیان لەم " تیزە " دەگرت و بە هەڵەیان دادەنا و بیری ماوتسی‌تۆنگیان بەڕاستر و پەسەندتر دادەنا . چونکە هەر ئەویش بایەخ بەڕۆڵی کاریگەری خەباتی چەکداری شاخ نادات ، بەبێ بوونی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی . کەچی ئەمانە بەپراکتیك پێچەوانەی قسە و بۆچوونەکانی خۆیان دەبوونەوە ، چونکە حیزب و ڕێکخراو لای ئەمانە بریتی‌بوو لە کۆبوونەوە و سەرپێکەوەنانی کۆمەڵێك لاوی ڕۆشنبیری خوێن گەرم ، بەبێ داڕشتنی پرۆگرامی ئیشکردن ، بەبێ ڕەگ داکوتانی ئەو ڕێکخراوە لەناو کرێکاراندا . ئەگەر یەکێك چاوێك بەنووسین و بلاّوکراوەکانی ئەو زەمانەدا بخشێنێتەوە ، یەکسەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە نووسینەکان لە وەرگێڕان و لاسایی‌کردنەوە دەچن ، تا سوود وەرگرتن و تێگەیشتنی تیۆری مارکسیزم ـ لێنینیزم و تافیکردنەوەی گەلانی تر ، لە دروشم و بانگەواز دەچن ، تا لێکۆڵینەوەی زانستی . بۆیە دەڵێم ئەو لاوە خوێن گەرمانە زیاتر مەست و شەیدای فۆکۆ بوون تا حیزب و ڕێکخستن . چونکە زۆربەیان لایان وابوو ، هەر پیاو دەستێك ڕانك و چۆخەی خاکی‌ی لەبەرکرد و تفەنگی کردە شانی و خۆی گەیاندە شاخەکان ، ئیدی شۆڕش لەدایك دەبێ .

زۆربەی ئەو گەنجە شۆڕشگێڕانە ڕووخان و تێکشکانی بزووتنەوەچەکدارەکانی کوردیان گێڕایەوە بۆ پەیڕەوی نەکردنی تیۆری زانستییانە . تبدی لەبەر ئەوەی ئەمان بڕوایان بەم تیۆرییە هەبوو ، بۆیە سەرکەوتنی شۆڕشیش شتێکی مسۆگەر بوو . ئەم گەش بینیە سادەیە وای لە زۆر کەس کردبوو ، قەت بیر لەو تاقیکردنەوە زێرکەوتووانە نەکەنەوە کە پاش دووەمین جەنگی جیهانی ڕوویان دابوو ، وەکو : شۆڕشی یۆنان ،مالایۆ ، پیرۆ ، ڤینزوێلا ، ئەندنوسیا ، . . . هتد . ئەم بزووتنەوە چەکدارانە لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی چەپ یان کۆمۆنیستیشەوە سەرکردایەتی دەکران و توانیبوویان سەرکەوتنی گەورەش وەدەست بهێنن ، هێندێکیشیان ئەوەندە بەهێزبوون ، توانیبوویان حکومەت لەسەر خاکی ڕزگارکراو دابمەزرێنن ، وەکو حیزبی کۆمۆنیستی یۆنانی لە کۆتایی چلەکاندا .

ئەوان نەك هەر چاویان لەو تاقیکردنەوە تاڵانە نەبوو ، بەڵکو تراگیدیای مەرگی گیڤاراش لە دارستانەکانی بۆلیڤیا ساڵی ١٩٦٧ ، هەر ئەوانی لەباوەشی خەون و خەیاڵ ڕانەچڵەکاند و نەی هێنانەوە بۆ سەر بەردی واقیع .

هەر وەکو چۆن بڕواکردن بە تیۆرییەکی دیاریکراو ،سەرکەوتن مسۆگەر ناکات ، چەك هەڵگرتن و چوونە شاخیش نابێتە مایەی لەسەرنانی تاجی سەرکەوتن . ئەگەر چوونە شاخ بەس بێت بۆ وەدیهێنانی سەرکەوتن ، دەبوو گەلی کورد پێش هەموو گەلێکی ئەم دونیایە بەسەرکەوتن شادبووایە . چونکە کەم گەل هەیە ، لە ژمارەی هەڵسانەوە و ڕاپەریندا ، بتوانێ شان لەشانی گەلی کورد بدات ، کەچی هیچ جارێکیش بە ئاماتجی خۆی نەگەیشتووە . لەبەر ئەوەیە دەڵێم ڕاپەڕین و هەڵسانەوەی چەکدار و ناوی شۆڕشی لێ نانێم ، چونکە ئەو زنجیرە ڕاپەڕین و هەڵسانەوەیە ، بەشێوەیەکی گشتی نەیان توانیوە گۆڕانێکی گەورە و بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵی کورددا بهێنن و زۆڵێك مکێزین لە پێشخستنی وڵاتدا . ئەم ڕاپەڕینە چەکدارانە لەو سەرووەی دەسەڵاتیان بەسەریا شکاوە ، لایەنگیری جووتیارە هەژارەکان و دژی ئاغا و دەرەبەگ نەبوون و ئالاهەڵگری دابەشکردنی زەوی و ڕیفۆرمی کشتوکاڵ نەبوون ، هەوڵی کردنەوەی قوتابخانە و تیمارگە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و دادپەروەری



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافی ژنانیان نەداوە ..هتد . بە پێچەوانەوە کۆنیان لەسەر کۆنێتی خۆی هێشتوتەوە و لایەنگیری هێزە کۆنەپارێز و چەوسێنەرەوەکانیان کردووە و پەیوەندی خێڵکایەتیان بووژاندۆتەوە ...

ئەم دیاردەیە ئاست و ڕادەی هوشیاری و تێگەیشتنی سەرکردەکان دەردەخات ، کە چۆن هەر بەریان لای ئەوە بووە سەرکەوتنی سەربازی وەدەست بهێنن و ژمارەی چەکدارەکانیان زۆر بکەن . ئەوان نەیان توانیوە لەسەردەمی خۆیان تێبگەن و بەگوێرەی بەرنامەیەکی زانستی بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن هەنگاو بنێن . هەمیشە دەست پێکردنی جووڵانەوەکە بەگوێرەی نەخشە و پلانێکی ئامادەکراو نەبووە . دوژمن بەزۆری شەڕی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە یا لە ئەنجامی زوڵم و زۆرداری لەڕادەبەدەری ڕژێمە کۆنەپەرستەکان ، ڕاپەڕین بەرپاکراوە . یان هەلومەرجێکی نالەبار و نەگونجاو هەڵبژێردراوە بۆ دەست پێکردنی چالاکی پێشمەرگانە . بەبێ بیرکردنەوە لە وزە و توانا و هەل و مەرجی ناوەکی و دەرەکی ، بۆ درێژە پێدانی شۆڕش و زامنکردنی نەبڕان و تێک نەچوونی ئەو مەبەستانە ، زۆرجار دۆست و دوژمن تێکەڵاو کراوە ، کاری ئەمڕۆ و سبەی دواخراوە و هەندێ جار ڕێگە دراوە شەڕی ناوخۆ تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێ .

## کۆمەڵە و خەباتی چەکدار :

ئێمە قەت ناتوانین لە کێشە و گیروگرفتە سیاسییە ئاڵۆزەکانی ئێستا سەر دەربکەین ، ئەگەر هەر تەنیا خۆمان بەشێتی گشتی و تەموژاوییەوە خەریک بکەین ، بەبێ ئەوەی هیچ نموونەیەکی زیندوو بخەینە بەرچاو . چونکە مەبەستی ئێمە ئەوەیە لە کێشەکانی ئەمڕۆ تێبگەین ، نەک هەندێ کێشەی سواو دووبارە بکەینەوە . بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان ، کە پاشان کرا بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ، وەکو نموونە دەهێنینەوە .

ئەم ڕێکخراوە ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخراوێکی بچکۆلانەی نهێنی لاواز و نەناسراو بوو . سنووری ڕێکخستنەکەشی لە هەندێ لەشارەکانی کوردستانی

عیراق ، وەکو : سلێمانی ، کەرکوک ، هەولێر ، خانەقین ، هەڵەبجە ، لەگەڵ ڕێکخستنی بەغدا ، پێ‌ئەدەبەری . ژمارەی ئەندامەکانی لە ۲۰ - ۴۰ کەس لە هەر شارێك لەم شارانەی سەرەوە پتر نەبوو . ئەم ڕێکخراوە ، بەهۆی هەڵەی هەندێ لەسەرکردەکانیەوە ، لەپایزی ۱۹۷۵ دا تووشی شاڵاوێکی توند بوو لەلایەن ڕژێمی فاشستی بەغداوە و زۆربەی سەرکردە و ئەندامەکانی گیران و ڕاونران و شەهیدکران . سەرتاپای ڕێکخستنەکەش تووشی هەڵبڕوکان و هەژان و شڵەژان بوو ، چونکە خۆی بۆ ئەم جۆرە لێدانە کوت وپڕ وسەختە ئامادە نەکردبوو . بێگومان ئەگەر ئەوان پێشبینی پەلاماردان و شاڵاویان بکردایە و لەڕووی ڕێکخستنەوە خۆیان بۆ ئامادە بکردایە ، بەلای کەمەوە هەر هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پێکەوە نەدەگیران .

پاش نیشتنەوەی شاڵاوی گرتن و کوشتن و بڕین ، چەند ئەندامێك بە ڕابەرایەتی شەهید ئارام توانیان ڕێکخستن بگرنەوە و دەست بە چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بکەن . جارێ ڕێکخستن بە تەواوی نەگیرابووەوە ، پەیوەندی بە ڕێکخستنی شارەکانی ترەوە نەکرابوو ، چوار لێکۆڵینەوەی تیۆری نەنووسرابوو ، ڕووداو و کارەساتی ۱۹۷۵ شی نەکرابووەوە ، هیچ جۆرە خۆئامادەکردنێکیش نەکرابوو ، یەکسەر بڕیاری چوونە شاخ و هەڵگیرسانەوەی " شۆڕش " درا . ئەم بڕیارە زۆر سەرپێیی و خێرابوو ، بەری بێ‌ئەگەیوی پەلەپەل و لێ ورد نەبوونەوە بوو . ئەگەر بەوردی سەیری ماوەی ئەو لێکدانەوەی بکەین کە ئەم بڕیارەی بەدوادا هاتووە ، واتە ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان شاڵاوی گرتن و پەلاماردان و پێکهاتنی " کۆمیتەی هەرێمەکان "ەوە لەکۆتایی ساڵی ۱۹۷۵ و دەست پێکردنی جوڵانەوەی چەکدار لەحوزەیرانی ۱۹۷۶ دا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم بڕیارە و خۆئامادەکردن بۆ شەڕی پارتیزانی هەر هەمووی تەنیا شەش مانگی خایاندووە .

ئەو ڕۆژەی یەکەم دەستەی چەکدار ڕووی‌کردە شاخەکان ، کۆمەڵە لە سەرانسەری کوردستاندا یەك ئەندامی جووتیاری هەبوو ، مەبەستم شەهید گۆران ( حوسەین ئەلەزیتی )ە (۸) . ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات کە لەماوەی شەش ساڵی ڕابوردووی تەمەنی کۆمەڵەدا ، هەوڵ نەدرابوو ڕێکخستنی

کۆمەڵە لە دێهاتەکاندا دروست بکرێ . لەگوندەکانیش بزووتنەوەی جووتیاران نەتەقیبووەوە تا بوترێ : " پرۆلیتاریا و حیزبەکەی نەیان توانی لەگەڵ دەزگای سەربازی بۆرژوا لەناو شارەکاندا کەلەوەکێش بکەن ، بۆیە پاڵیان بەبزووتنەوەی جووتیارانەوە دا ، بۆ ئەوەی شەڕەکە لەوێ یەکلا بکەنەوە . . هتد" ( وەکو حس لەناوەڕاستی بیستەکاندا ) . بەڵێ کۆمەڵە لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا ، تەنیا بایەخی بە خوێندەوار و رووناکبیر دابوو ، نەك چینی کرێکار . ئەوانەی هاتبوونە ڕیزی ڕێکخستنەوە ، بەگشتی شێوەی تێگەیشتنیان لەمارکسیزم - لێنینیزم زۆر سادە و کاڵ وکرچ بوو . چونکە هەر سەرکردایەتییەکەشی هێندە ئاگا و هوشیار نەبوو کەبتوانێ لەوە چاکتر بکات و زۆربەیان لەڕووی چینایەتییەوە هێشتا هەر نوێنەرەوەی وردە بۆرژوازی بوون ، پێش ئەوەی کۆمەڵە دروست بکەن ، لەناو کولتووری پارتیدا پەروەردە ببوون و هەندێکیان لەناو ئەو ڕێکخستنەدا گەیشتبوونە پلەی کادری پێشکەوتوو ، هەر هەموشیان بەڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەبن کارتێکردنی بیر و کەسێتی جەلال تالەبانیدا بوون ، کەیەکێك بوو لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و دوایش ببووە مامۆستا و ڕێبەری ئەم ڕێکخراوە .

ئەم ڕێکخراوە چکۆلەیە ، پێش ئەوەی برینەکانی سارێژ بکات ، هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە ، کەموکورتییەکانی بربکاتەوە ، خۆی بە تەواوی بۆ شەڕی پارتیزانی ئامادە بکات ، پێش ئەوەی بارودۆخی خۆیی و بابەتی پێ گەیشتبێت و هیچ مەرجێکی دەست پێکردنی شۆرش لەئارادا نێت ، شانی خستە ژێر باری ئەرکێکەوە کە دە ئەوەندە لە توانا و هێزی خۆی گەورەتر بوو . ئەم هەنگاوە سیاسییە لە سەرچاوەی ئەو بیرکردنەوە ناڕاستەوە هەڵقوڵابوو ، کە پاش هەرەسی ۱۹۷۵ بۆشاییەکی سیاسی گەورە دروست بووە ، ئەگەر کۆمەڵە هەوڵ نەدات بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە و دەست پێشکەری لە " شۆڕش هەڵگیرساندنەوەدا نەکات ، ئەوا هێزە کۆنەپەرستەکان جارێکی دی دەگەڕێنەوە مەیدان و ئەم بۆشاییە سەر لەنوێ پڕدەکەنەوە ( . . بێگومان ئەمەشی بە خیانەت دەزانی ، بەکارێکی ناڕەوای دەزانی مەیدان بۆ بۆرجوازیەتی گەلەکەمان چۆڵ کا ، ئەوا جارێکی تریش بۆرژوا و دەرەبەگەکان سنگ ئێنەوە

پێش و بینەوە بە شۆڕەسواری مەیدان و جڵەوی شۆڕشیان بکەوێتەوە دەست و شۆڕش بەرەو هەڵدێری سات و سەودا و گلان بەرنەوە ) (٩) . ئەیەوجوونە و توندی هێرش و پەلاماری ڕژێم و دەست پێکردنی ڕاگواستنی خەڵکی دێهاتەکان وایان لە کۆمەڵە کرد ، بکەوێتە پەلەپەل و هەڵپە هەڵپ بۆ چەك پەیداکردن و دروستکردنی هێزی چەکدار .

هەر لەو ڕۆژەوەی بڕیاری چوونە شاخ درا ، ڕێکخستن و زیاتی ڕۆشنبیری و هوشیارکردنەوەی چینایەتی سیاسی کرانە قوربانی لوولەی تفەنگەکان . کادرە سیاسییەکان حل وبەرگی خاکی‌یان لەبەرکرد و تفەنگیان لەشان‌کرد و ڕەزن و فیشەکیان لەخۆیان دا و بوونە شەڕکەر و ڕابەری سەربازی . بلاوکراوەی سیاسی و ڕۆشنبیریش بووە هەواڵنامەی چالاکی پێشمەرگانە و پڕۆپاگەندە بۆ جمەجووڵ و کاری سەربازی .

پێش ئەوەی کۆمەڵە بکەوێتە خۆی و ئالای خەباتی چەکدار بەرز بکاتەوە ، دەستە دەستە کوێخا و ئاغا و هێزە عەشایەرەکان ، هەر یەکە لەشوێنێکەوە ، هەر یەکەش لەبەر هۆیەکی تایبەتی و بەناوی ڕێکخراوێکەوە ، گوێیان فووت کردەوە و ئەوانیش دەستیان‌کرد بە تەق وتۆق . دوا بە دوای چوونە دەرەوەی دەستە چەکدارەکانی کۆمەڵەش ، هەندێ لەسەرکردە و لێپرسراوەکانی جوولانەوەکەی پێشووش خۆیان گەیاندە شاخ و بە چاوترووکاندنێك سەدان چەکداریان لە خۆیان کۆکردەوە . (١٠)

ئەو سەردەمە دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی چۆنێتی پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە و دەست پێکردنەوەی جوولانەوەی چەکدار لەئارادابوون :

یەکەمیان : شەهید ئارام نوێنەرەوەی بوو و بریتی بوو لەدروست کردنی دەستەی چەکداری بچووك بچووك ، کە ئەرکی سەرەکی هوشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەڵك بێت ( فرق الدعاية المسلحة ) ، وە بەلەنەکردن لە شەڕ و پێکدادان و چالاکی سەربازی دا و بایەخدان بەئیش و کاری سیاسی و ڕۆشنبیری لەناو جووتیاران‌دا . هەروەها پەلەنەکردن لە ژمارە و چەندایەتی هێزی پێشمەرگەدا و پشت گوێ نەخستنی دەسەڵاتی ڕابەری سیاسی‌وڕێکخستن ، وە بوار نەدان بەوەی هێزی سەربازی بە لوولەی تفەنگ دەسەڵاتی خۆی

بەسەر ڕێکخستنی سیاسی‌دا بسەپێنێ و ببکاتە پاشکۆی خۆی. شەهید ئارام هەوڵی‌داوە لەو بیروی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان ، دا(١١) هێڵە سەرەکییەکانی ئەم بۆچوونە بچەسپێنێ ، بۆ ئەوەی نەهێڵرێت دیاردەی عەشایەرگەری ئەنێو هێزی پێشمەرگەدا سەرهەڵبداتەوە

**دووەمیان:** شەهید عەلی عەسکەری بزێنەرەوەی بوو . ئەم پێی وابوو ، داو و دەرگا لێکترازاوەکانی برووتنەوە چەکدارەکەی پێشوو ، دەتوانرێ سەر لەنوێ وەکو جاری جاران بهوژێنرێتەوە و درێژە بە خەباتی چەکداری بدرێ . ئەم بۆچوونە لەوەوە هاتبوو کە باروودۆخی کوردستان وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە . هەروەکو چۆن سالانی پێش ١٩٧٥، هەزاران پێشمەرگە هەبووە و هەموو گەلی کوردیش لایەنگیری جوولانەوە بووە ، ئەمڕۆش دەتوانرێ هەمان هێز بهێنرێتە " جۆش و خرۆش " . ئەوانەی لایەنگیری ئەم بۆچوونەیان دەکرد، هەمیشە ئەم رستەیەیان دووبارە دەکردەوە: " تەنیا سەرکردایەتی‌یەك هەرەسی هێناوە ، جەماوەر هەمان جەماوەرە و ڕژێمیش هەمان ڕژێم و زوڵم و زۆرداریش هەر بەردەوامە . . . " ، بەلام ڕەچاوی ئەوەیان نەدەکرد ، هەرەسێکی گەورە و سیستەمێکی گرنگ ، کە لە ماوەیەکی دوورودرێژدا هاتبووە پێکهاتن و تواسیووی ئەرکی نیمچە دەوڵەتێك بگێرێ و جۆرە شەرعیەت و دانی پیانانێك لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بەدەست بهێنێ ، دار و بەردووی بەسەر یەکەوە نەماوە و هەڵوەشاوەتەوە و جارێکی دی هەروا بە ئاسانی پێك نایەتەوە .

کاك عەلی عەسکەری سەرجەمی بیرکردنەوە و بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕی : " دەبێ خۆپیشاندانێکی چەکدارانە بکەین ، بۆ ئەوەی ڕژێم مفاوەزاتمان لەگەڵدا بکات " . بۆیە هەوڵیان دەدا لەکورتترین ماوە ، گەورەترین ژمارەی چەکدار لەخۆیان کۆبکەنەوە ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە جۆنایەتی و شێوەی ڕێکخستن و پەروەردەکردنی سیاسی . گرنگ ئەوە بوو ڕژێم بگەیننە ئەو بڕوایەی ئەمان بە نوێنەری گەلی کورد دانرێن و لەسەر مێزی مفاوەزات گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات . پاش ئەوە، ڕژێم بەشێوەی

ئاشتی‌یانە و گفتوگۆ بەوە ڕازی نەبوو وەکو هێزێکی سیاسی سەیر بکرێن و بە نوێنەری گەلی کورد قبوول بکرێن .

هەمیشە ناکۆکی و ڕۆژانبازی لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا هەبوو . لە ناوچەیەکی دیاری‌کراودا ، کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە قازانجی جووتیاران و دژی ئاغا و دەرەبەگ قسەیان دەکرد و هەوڵیان دەدا لەناو جووتیاران‌دا دۆست و لایەنگیر پەیدا بکەن و ڕەگی ڕێکخستن داکوتن . هەر پاش ڕۆیشتنی ئەوان کولە کوێخایەك پەیدا دەبوو ، بەناوی ڕێکخراوێکی تر‌ەوە ، دەستی بە پارەکۆکردنەوە و ڕاو و ڕووت و دارکاری خەڵك دەکرد . ئیدی ئەو کادرەی کۆمەڵە بۆ جارێکی دی دەمی دەبووە تەڵەی تەقیو ، یا هێرشی دەبردە سەر ئەو ڕێکخراوە و ڕەخنەی لە کار و ڕەفتاریان دەگرت . جاری واش هەبوو ، هەندێ کادری سەر بەکۆمەڵەش پێیان دەخستە ئەو ئاوەوە کە کوێخاکە ڕشتبووی و جێگای کوێخاکانیان ئاوەدان دەکردەوە .

ئەو نەخشە و پلانەی کۆمەڵە لەسەرەتاوە پەیرەوی دەکرد ، بووە قوربانی ئەو سیاسەتە پڕ ناکۆکی و دژواری‌یەی بڕیاری پەیرەوی کردنی‌دابوو . هێزی چەکداری کۆمەڵە لەو کاتەدا بە پەنجەی دەست دەژمێردرا ، لەچاو ئەو هێزەی لە دەوری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کۆببووەوە . بوونی دوو سیاسەت و جیهانبینی زۆر جیاواز ، بوونی دوو هێز ، یەکێکیان گەورە و ئەوەکەشیان زۆر بچووك ، تەرازووەکەی بە تەواوی بەقازانجی بزووتنەوە داشکاندبوو . سەرەڕای ئەم نابەرابەریەش ، ئەندام و کادرەکانی کۆمەڵە سەریان دانەدەنواند و جڵەوی خۆیان نەدەدایە دەستی ئەوان . بەڵام کۆمەڵە بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بپارێزێ و هارسەنگێك بۆ خۆی دروست بکات و حیساب بۆ زاڵبوون و گەورەبوونی کوت و پڕی هاوپەیمانەکەی بکات و بتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات ، ئەگەر کار گەیشتە لوولەی تفەنگ و شیر و تیر لەیەك سووبین ، لە زۆر شوێن دەستی‌کردە چەکدار کۆکردنەوە ، بێ ئەوەی گوێ بداتە چۆنایەتی و شوناسنامەی چینایەتی‌ی ئەوانەی دەیانەوێ بێنە ڕیزەکانی‌یەوە .

ئەو هێزە گەورەیەی پێکەوە نرابوو ، بەرگەی هێرشەکەی بەهاری ١٩٧٧ی

ەگرت ، کە ڕژێمی فاشستی بەغدا کردیە سەر دێهاتەکانی کوردستان و ژمارەی پێشمەرگە لە نزیکەی حەوت هەشت هەزارەوە گەیشتە حەوت سەد هەشت سەد پێشمەرگە و زۆربەیان مەبێ نەفە و بەرگریکردن ، بەپێی خۆیان گەڕانەوە و تەسلیم بوونەوە .

شەهیدبوونی کاک ئارام لە ١٩٧٨/١/٣١ دا بۆشاییەکی گەورەی لەناو کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەدا دروست کرد و کەس نەیتوانی جێگەکەی پڕکاتەوە و بەرە بەو ڕێبازە شۆڕشگێڕانەیەی ئەو بدات . ئەوانەی دوای ئەو هاتن ، نە لەڕووی تیۆری و نە لەڕووی پراکتیکەوە ، نەیان دەتوانی شان لە شانی ئەو بدەن . لەڕووی هەڵوێست و بەرچاو ڕوونیشەوە هەر ناتوانرێ بەراورد لەنێوانیاندا بکرێت . دروست بوونی ئەم بۆشاییە بە ئاراستەی ڕێبازی دووەم تەواو بوو . هەرچەند کاک عەلی عەسکەری و زۆربەی هەڤاڵەکانی لە حەملەی هەکاریدا (١- ١٩٧٨/٦/١٩) شەهید بوون ، بەڵام جەلال تاڵەبانی توانی درێژە بە ڕێبازەکەیان بدات و ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێ لە بووژاندنەوە و ڕیندوکردنەوەی هەندێ داروودەستەی عەشایەری لەبن دروشمی تردا . سەرکردایەتی کۆمەڵەش ئەو کاتە ڕازی بوو لەسەر ئەم هەنگاوانەی ئەو لەبەر ئەوەی ئەو کاتە کۆمەڵە هێزێکی سەرەکی بوو و جەلال تاڵەبانی لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیست دڵنیا نەبوو ، بۆیە هەر بڕیارێکی گرنگی وەربگرتایە پێشتر ڕەزامەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی وەردەگرت ، کەمن خۆشم یەکێک بووم لە ئەندامانی ئەو سەرکردایەتییە .

<u>لەدایکبوونی حیزبی پرۆلیتاری پێشڕەو :</u>

یەکێک لە هەڵە کوشندەکانی کۆمەڵە ئەوە بوو بیری وابوو حیزبی پرۆلیتاری پێشڕەو لە باوەشی خەباتی چەکداری شاخدا لەدایک دەبێ . ڕووداوەکانی کوردستان سەرلەنوێ ئەو ڕاستییەیان سەلماند ، کە ئەم حیزبە لەشاخ و کێو لە دایک نابێ ، بەڵکو لەبارەدەچی یا لەناودەچێ . ئەو کەسانەی دەچنە شاخ ، جگە لەوەی لە بەرهەمهێنان دادەبڕێن و هیچ ناهێننە بەرهەم ، ناتوانن ئیدی هەستی چینایەتی خۆیان گەشەپێبدەن

وەکو مرۆڤێکی چەوساوە . وردە وردە جێگۆڕکێی جیبنایەتیش دەکەن ، بە تایبەتی ئەگەر شەڕەکە هێندە درێژە بکێشێ و لە دەبانزە ساڵ تێبەڕێ و لە وڵاتێکی بچووکی وەکو کوردستانی عیراقدا رووبدات . زۆرکەس لەم دوابیەدا توانیان بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی لەناو " شۆڕش " دا دەستیان کەوتبوو ، سامانی گەورە بەیەکەوە بنێن و بەرژەوەندی ئابووری خۆیان لەسێبەری خەباتی چەکداردا گەشە پێبدەن .

خەباتی چەکدار خۆی لەخۆیدا ، شێوەیەکە لە شێوە سەرەکیەکانی خەباتی جووتیاران . گۆڕینی ئەم شەقڵەش هەروا بەئاسانی نایەتەدی و داو و دەزگای هێزی پێشمەرگە نابێتە کارگەیەك بۆ دروست کردن و پەروەردەکردنی چینی کرێکار . لەم جۆرە خەباتەدا ، جووتیاران لەپلەی یەکەم و ئینجا کرێکاران دەبنە سووتەمەنی شەڕەکە و قەت بە سوود و قازانجی ئەوانیش تەواو نەبووە و نابێ . بەتایبەت ئەگەر جووڵانەوەکە بە تەواوی لە خەبات و تێکۆشانی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ناو شارەکان دابڕاو بێت . ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە لەماوەی دەبانزە ساڵی ڕابوردوودا ، جووڵانەوە چەکدارەکان بەهۆی دروشم و شێوەی ڕێکخستن و بیرکردنەوە و ڕێبازی سیاسییانەوە ، تا ڕادەیەك خۆیان لە کۆمەڵانی خەڵکی ناو شارەکان دابڕیبوو و نەیان دەتوانی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە ( ئیجابی ) کاریان تێ بکەن .

## دیوی ناوەوەی سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن :

هەر هێزێکی چەکداری بچووك ، ئەگەر پشتی بە ڕێکخستن بەستبێت و جەماوەر باوەشی بۆ کردبێتەوە ، دەتوانێ تاڕادەیەك بەشی زۆری پێویستیەکانی خۆی دابین بکات ، وەکو: چەك ، تەقەمەنی ، دەرمان ، خواردن ، جل و بەرگ ... هتد . سەرەڕای ئەمانەش ، ڕێ پیشاندان و جێکردنەوە بۆ حەوانەوە و خۆحەشاردان ، بەدەنگەوەهاتن لەکاتی شەڕوشۆڕ و لێقەوماندا ، هەر لەڕێگەی جووتیارانەوە دەکرێ . ڕێکخستن دەتوانێ ڕۆڵێکی باڵا بگێڕێ بۆ پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە و کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس دەربارەی جووڵانەوەی هێزەکانی ڕژێم . ڕێکخستن باشترین قوتابخانەیە بۆ ئامادەکردن و

پێگەیاندنی پێشمەرگە و کادری سیاسی وسەربازی و دەتوانێ بەم شێوەیە جێگەی ئەوانە پڕ بکاتەوە کە لە کۆڕی خەبات دا شەهید دەبن .

ڕێبازی سیاسی و هەڵسوکەوتی هێزە چەکدارەکانیش ، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە باوەڕکردنەوە یا نەکردنەوەی جەماوەر و ئامادەبوونیان بۆ یارمەتیدان و پشتگیریکردن . ئەگەر لەم بارەیەوە کەم وکورتی و ساردی لە لایەن جەماوەرەوە هەبووبێ ، ئەوە مانای ئەوە نی یە ، جەماوەر خراپ و ترسنۆك و ڕاڕا و بوودەڵە و هیچ نەزانە و دەبێ بە دار و کوتەك بهێنرێتە سەر ڕێگای ڕاستی " شۆڕش " . بەڵکو ئەوە چاکترین بەڵگەیە لەسەر کەم و کوڕی و ناتەواوی هێزە چەکدارەکان لەڕووی سیاسی و پراکتیکەوە یا خود پێ نەگەیشتنی هەلومەرجی شۆڕش. ئەو دەمە دەبێ لەبری سووربوون لەسەر ڕێبازی خواروخێچ و تاوانبارکردنی جەماوەر بە گێلی و دواکەوتوویی . هەڵەوناتەواوی یەکان ڕاست بکرێنەوە و بە هوشیاری یەوە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکدا بکرێ .

هەندێ لە ڕێکخراوە سیاسی/چەکداری یەکان ، بەبیانووی ئەوەی کە نایانەوێ پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا ببەستن ، بە شێوەیەکی سەیر و ناخۆش دەستیان کردە پارە کۆکردنەوە و وەرگرتنی باج و سەرانە و " پیتاك " لە لادێیی یە داماوەکان و زۆر خەڵکی هەژاریان خستە سەر ساجی عەلی . من گوندێ وام بینیوە لە مانگێکدا سێ جار لەلایەن سێ دەستەی جیاوازەوە ، بدابەدڵ هەرجاری نزیکەی (٩٠٠) دیناری لێ سەنراوە . نامەی واشم بینیوە کە لێپرسراوی یەکێك لەڕێکخراوەکان داوای لە لێپرسراوێکی سەربازی کردووە ئەو پارەیەی (١٠٤هەزار دینار) لەماوەی مانگێکدا کۆی کردۆتەوە ، بەزووترین کات بۆی ڕەوانە بکات . لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە کە ئەو لێپرسراوە سەربازی یە ڕەفزی کردووە ئەو پارەیەی بۆ بنێرێ .

ئەم دیاردەیە دوو سەرئەنجامی نێگەتیڤانەی (سەلبی) هەبوو:

١) زۆر لە لێپرسراوە سەربازی یەکان فێری ڕاڕووت و حەرەمەسی و گیرفان پڕکردن بوون . ئەو پارەیەش یان بەکاردەهێنرا بۆ سەپاندنی

دەسەڵاتی لێپرسراوە سەربازییەکە یاخود بۆ نەشپێنتی دەسەڵاتی لێپرسراوە سیاسییەکان .

٢ ) بێزاربوونی خەڵك لە دەموچاوی " پێشمەرگە " ، بەتایبەتی لەو شوێنانەی بازاری ڕاوڕووت زۆر گەرمبوو . ئەم بارودۆخە پاڵی بە زۆر جووتیاردەوە نا گوندەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕووبکەنە شوێنی کە .

سەرچاوەی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دەستە چەکدارانە هیچ بڕوایەکیان بەڕێکخستن و پشتگیری کۆمەڵانی خەڵك نەبووە . گرنگترین شت بەلایانەوە ئەوە بووە جیهازێکی سەربازی گەورە پێکەوە بنێن ، بۆ ئەوەی بەو ئامرازە بتوانن ڕژێم ناچار بکەن لەسەر مێزی مفاوەزات لە گەڵیاندا دابنیشێ . بۆیە ئەو ڕێکخراوانە ، چەکدارەکانیان بە " عقلية المرتزقة " گۆش دەکرد و لەسەر کوشتن و بڕین و دزی و ئازاردانی خەڵك ڕایان دەهێنان و بەدەم چەورکردن و بەرەڵابی و " امتیازات " لەدەوری خۆیان کۆیان دەکردەوە .

ئەو ڕێکخراوانە بەهۆی پێکهاتنی چینایەتی و ئایدیۆلۆژیانەوە ، ڕێکخستن و خستنەگەری جەماوەریان پشت گوێ خستبوو . بڕوایان وابوو بەبێ " پشت و پەنا " و " یارمەتی دەرەوە " " کورد " ناتوانێ هیچ بەهیچ بکات . بۆیە هەر ڕوو چاویان بڕیە سنوورەکان و دەستیان کرد بەهەموو جۆرە پشێپشییەك بۆ ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستانە ، بۆ ئەوەی دەرگای ڕەحمەتیان بۆ بخەنە سەرپشت و ئاوڕێکیان لێ بدەنەوە . ئەمەش گوایە تەکنیکە و قەت ناکاتە سازش و سەوداکاری لەسەر بیروباوەڕ . دیارە ڕۆژگار هەمیشە لە دوائەنجامدا ، پێچەوانەی ئەم قسانەی دەرخستووە . چونکە ئەو ڕژێمانە لەڕوانگەی هێز و بەرژەوەندی خۆیانەوە دەستیان بۆ ئەو ڕێکخراوانە درێژکردووە ، نەك لە دیدێکی مرۆڤانەوە ، یا حەزیان لە سەرکەوتنی گەلی کورد بووبێت . هەموو جارێکیش کێشەی گەلی کورد وەکو " جۆکەر " لەیاری وەرەقدا بەکارهاتووە .

**<u>پشت بەخۆ بەستن لەڕووی سەربازییەوە :</u>**

ڕەنگە دەستەیەکی چەکداری بچووك ، کە ژمارەی لە ( ١٠٠ ) پێشمەرگە

تێنەپەڕێ ، بە ئاسانی بتوانێ پێویستیەکانی خۆی لە ناوەوەی وولات دابین بکات . بەلام کە ژمارەی پێشمەرگە لەسێ جوار هەزار تێپەڕی و ڕێکخراوەکەش پشتی لەجەماوەر کردبوو ، ئیدی ئەو ڕێکخراوە هەزار و یەك بیانوو دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لاقێك بخاتە ئودیوی سنوورەوە . نەبوونی پزیشك و دەرمان و نیمارگە ، ئەو بیانووە بەدەستەوە دەدات ، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارى سەخت ، داوای " ئیجازە "ی هات و جۆ بکرێت . نەبوونی ئازووقە و جل وبەرگ . . هتد ، مرۆڤ دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی سەرلەنوێ بیر لە " ئیجازە "ی سنوور بکرێتەوە ، چونکە ئاسانترین ڕێگایە .

دەستەیەکی چەکداری بچووك دەتوانێ بەئاسانی خۆی لە هێرش وپەلاماری سوپای ڕژێم لادات . خۆشاردنەوە ، خۆدزینەوە ، پاشەکشەی بێ زیان یان بە زیانێکی کەمەوە بۆهێزێکی بچووك ئاسانە ، بەلام هێزی گەورە ناتوانێ بەئاسانی خۆی لەشەر لادات و لەگەمارۆ دەرباز بکات و خۆی بگەیێنێتە شوێنە ستراتیژیەکان . واتە هێزەکانی ڕژێم دەتوانن دەست پێشکەری لە دەست پێشمەرگەکان دەربهێنن و شەڕێکی ناهەمواریان بەسەردا بسەپێنن ، لەو کاتەشدا هێزەکانی ڕژێم دەتوانن دەستی فورس بوەشێنن و زیانی گەورەیش بگەیەنن . چونکە زۆر زەحمەتە لەو کاتەدا کە دەست پێشکەریت بەدەستەوە نەبێ ، بەچەکی سووك ڕووبەڕووی تەکنۆلۆژیای ڕژێم بوەستی . زۆرجاری وا هەبووە بۆ پەلاماردانی شەش پێشمەرگە ، نۆ هەلیکۆپتەر هاتووە ، لێرەشدا پێشمەرگەکان هەر ئەوەندەیان لەدەست هاتووە کە خۆیان قوتار بکەن .

جاران شاخ و کێو و بەفر و سەرمای کوردستان ، گەورەترین کۆسپ بووە لەڕێگەی هاتنەپێشەوەی هێزەکانی ڕژێمدا ، تانك و زرێپۆش و ناقیلە و تۆپە قورسەکان ، لە دەوروبەری شار و سەربازگە و ڕێگای قیرتاو و پێی دەشتەکان بەولاوە ، نەیان دەتوانی یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە بڕۆن و شەڕی دوڕاو نەکەن . گۆڕانی تەکنۆلۆژیای سەربازی ڕژێم ، هاوکێشەکەی بەتەواوی گۆڕی ، بەبێ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بتوانێ هیچ پارسەنگێك بۆ ئەم گۆڕانە ، لەڕووی مادی یان مەعنەویەوە ، بدۆزێتەوە . بۆ نموونە هەلیکۆپتەر بەچاوتروووکاندنێك دەگاتە بەرزترین لووتکەی شاخ و سەرباز وجاشی

لەسەر دادەمەزرێنێ ، یان لەسەرووی سەنگەری پێشمەرگەوە سەنگەری ئاسنین دروست دەکات .

چیا و دوڵ و دەشتەکانی کوردستانیش یا زۆر رووتەنن یا لێرەوارێکی شاش و کەم دەوەنیان پێوەیە . نەبوون یا کەمی رووپۆشی سروشتی بۆ خۆشاردنەوە و خۆمت کردن و خۆبزرکردن ، رێگرە لەوەی جموجووڵی پێشمەرگە پەردەی نهێنی بەسەردا بدرێ . ئەمەش هەر بەسوود و قازانجی رژێمبووە.

ئەم شەرە ناهەموارە بۆتە هاندەرێک بۆ ئەوەی پێشمەرگە داوای چەکی قورس بکات . چەکێکی ئەوتۆ لە رێژنەی گوللەی هەلیکۆپتەر بیان پارێزێ و تانک و زرێپۆش پەک بخات و هاتنە پێشەوەی سوپای رژێم بوەستێنێ . بۆ چالاکی ناو شارەکانیش ، چەکی سووک زەبری کاریگەر ناوەشێنێ .بەرامبەر رەبیە و بنکەی عەسکەریش ، چەکی سووک بە تەنیا هیچی پێ ناکرێ . واتە بوونی هەندێ چەکی وەکو ئار.بی.جی و هاوەن و دۆشکە و مین یەکجار پێویستە بۆ ئەوەی زیانی کاریگەر بەهێزەکانی رژێم بگەیەنرێ . ئەم جۆرە چەکەش لە رێگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە یان بە قاچاخ پەیدا نابێ . لەئەنجامدا هەر دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە ، لەدەرگای یەکێک لە دەوڵەتەکانی " دراوسێ " بدرێ و داوای جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی " شۆرش " ی لێبکرێ ، یا هیچ نەبێ چاوپۆشی لەوە بکات بە بەر سنێلیدا ئەو چەکانە تێپەرن . ئەم جۆرە چەکانەش پێویستیان بەوە هەیە ژمارەی پێشمەرگە زۆربکرێ ، بۆ ئەوەی بیان پارێزن و بیان گوێزنەوە و بەکاریان بهێنن .

<u>دامەزراندنی بارەگای نەبزۆک ( ثابت ) :</u>

دامەزراندنی بنکە و بارەگای نەبزۆک ، ئەگەر لەکات و شوێنی خۆیدا نەبێ و پێویستی و پەرەسەندنی خەبات پێکی نەهێنابێت ، ئەوا دامەزراندنی بەشێوەیەکی دەستکرد ، یاریکردنە بە ئاگر و رەنگە جووڵەوەکە بخاتە داوێکی گەورەوە . یا تووشی زیانێکی قورسی بکات . (١٢) بنکەی شۆرشگێرانە لەهەناوی ناوچەیەکی رزگارکراودا لەدایک دەبێ ، نەک لەناو سنووری دەوڵەتێکی " دراوسێ " و بە رەزامەندی و چاوپۆشی ئەو . ئەم جۆرە

"لەدایکبوونە" لەکات و شوێنی خۆیدا نەبووە و بە زنجیرەیەک قۆناغی جیاجیادا تێنەپەڕیوە ، بۆیە لەدایکبوونەکەش شتێکی سروشتی و پێویست نەبووە ، ئەو منالە کلۆلەش بە سەقەتی و کەڕوکوڵی هاتۆتە دونیاوە . ئیدی هەر بەزۆرەملێ سەپێنراوە و بەخوێن و دەرزی و دەرمان و دارشەق ، بەهەزار "قولوەللا" لەسەر قاچ ڕاوەستێنراوە . هەمیشە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە چالاکی کراون و ڕەوانەی "سەرەوە" کراون ، بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنیش و کارەکانی دەزگاکانی سەرکردایەتی . دەبوایە بێووچان هەوڵ بدرێ بۆ پەیداکردنی چەکی قورس و تەقەمەنی بۆ دیفاعکردن و بەرگریکردن لە مانەوەی ئەو منالە . هەندێ لە ڕێکخراوەکان نیوەی هێزی چەکداری خۆیان لەبارەگاکانی سەرکردایەتی دانابوو ، واتە نیوەی تەواوی سەرجەمی پێشمەرگەکانیان ناچارکردبوو دەستبەرداری تێکۆشان و چالاکی بن ، بەبێ ئەوەی لەوێ بتوانن هیچ کارێکی ئەوتۆ بەئەنجام بگەیەنن . تەنیا ئەوە نەبێ کە دەمێ پارێزگاری دەزگایەک بکەن کە وەکو زەروو " وابوو بەسەر گیانی جوولانەوەی چەکدارەوە . ئەگەر بەوردی حیسابی ئەو پارەیە بکرێت کە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی سەرکردایەتی تەرخان کرابوو ، ئەوە ئەو پارەیە هێندە زۆرە کە هیچ جووتیارێک ئامادە نییە ، بە ئارەزووی خۆی ، لەدەمی ماڵ و منداڵەکانی خۆی بگرێتەوە ؟ بۆ ئەوەی بدرێ بە شامپۆ و ئەسپی پێ بشوردرێت ؟ بۆ ئەوەی قاپە ویسکی پێ بکردرێت و شەوانی پەمیەیی پێ بەسەر ببرێت ؟ یا ڤیدیۆی پێ بکردرێت بۆ سەیرکردنی فلیمی شۆڕشگێڕانەی سێکسی ؟

لێرەدا نامەوێ باسی ژیان و جۆری ڕەفتاری ئەم "سەرکردانە" بکەم ، هەرچەندە ئەمەش گرنگە و ناوەڕۆکی جینایەتیان و ڕادەی شۆڕشگێڕیتی و دڵسۆزیان دەردەخات . بڵاوکردنەوەی پول و پارە بەبێ پلان و بە نەگوەهانن و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی لەو جۆرەی کە هیچ قازانجێکی نییە بۆ پێشخستنی جوولانەوەکە ، دەمێ مرۆڤ تێدەگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە ئەوانە دەمێ بەم تەرازووە هەڵ بسەنگێنرێن . نەک بەو دروشمانەی تەنیا بۆ "مزایەدە" و چەپڕەوی فرۆشتن بەرزیان دەکەنەوە . یەکێکی وەکو

( غاندی ) کە نە بەخوی گووتووە مارکسی و نە بە تەمای ئەوە بوو " حیزبی پێشڕەو " پێکەوە بنێ ، ڕەنگە ئەگەر بشیویستایە ، بیتوانیبایە سەد ئەوەندەی ئەم سەرکردانە بەخۆشی بژی ، کەچی گوێنی و شرۆشیتاڵی لەبەر دەکرد و بەنان و ئاو دەژیا .

## شەڕی براکوژی :

ئەم شەڕە هەر یەکە بە شێوەیەك تێی دەگات و ناوی لێ دەنێ : " شەڕی برا کوژی " ، " دووبەرەکی " ، " شەڕی ناوخۆ " ...هتد . لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لەڕووی زمانەوانییەوە ناوەکان شیبکەمەوە ، بەڵکو دەمەوێ پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشم ، کە ئەو کاتە جەماوەر پێش ڕێکخراوەکان کەوتبوو و ناوی "شەڕی براکوژی "ی بەسەریاندا بڕیبوو . تێکڕای کۆمەلانی خەڵك لەبێ ئاکامی و بێ هودەیی ئەم شەڕە تێگەیشتبوو . هەروەکو چۆن لە ماڵێکدا دوو برا یەکتر بکوژن ، زەرەر بەو خێزانە دەگات، شەڕ و پێکدادانی هێزەکانیش لەنێو خۆیاندا ، لەلایەن خەڵکەوە بە هەمان چاو سەیر دەکرا .

ئەم شەڕە لە کوردستانی عیراق دا ، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە هەڵگیرسێنرا و بە پچڕپچڕی تا دەوروبەری ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوو . ئەم شەڕە تەنیا ڕژێمی عیراق و هەندێ کوردی مشەخۆر سوودیان لێ وەرگرت و بە قازانجی ئەوان تەواو بوو . ئەو کاتانەی ئاگری ئەم شەڕە خۆشکراوە و ئەو خەڵکە قڕیان خستۆتە یەکترەوە ، شەڕەکە ئیدی ڕێی ڕژێمی نەگرتۆتەوە و ڕژێم پێویستی بەوە نەماوە پارێزگاری خوی بە باشی بکات یا لەشکر بۆ شاخ و کێوەکان بخاتە ڕێ .

من نامەوێ لایەنگیری لایەك بکەم و لایەنەکەی دی تاوانبار بکەم. نامەوێ مێژووی ڕووداوەکان بگێڕمەوە و خوێ بکەم بەسەر برینەکاندا . هەرچەند زۆر بەپێویستی دەزانم ڕاستی ڕووداوەکان وەکو خۆی بنووسرێتەوە ، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو سوودی لێ وەربگرن و کاریواش دووبارە نەکرێتەوە . لێرەدا دەبێ بەڕاشکاوی ئەوەش بڵێم کە هەندێ لێکۆڵینەوەی ناراست

لەلایەن هەندێ دەستە و ڕێکخراوەوە بڵاوکراوەتەوە ، ئەوە دەردەخەن گوایە ئەم شەڕە شێوەیەکە لە شێوەکانی خەباتی چینایەتی نێوان بەرەی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان و بەرەی ئاغا و دەرەبەگ و بۆرژوازی. نێوان بەرەی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز و دڵسۆزەکان و بەرەی کۆنەپەرست و ڕاستڕەو و بەکرێ گیراوەکان ..هتد. (١٣) بێگومان داڕشتنی ئەم شەڕە لە قاڵبی تیۆری زانستیدا ، پێچەوانەی تیۆری زانستی خۆیەتی (١٤).

بەڕای من شێوازی خەباتی چەکداری کلاسیکی کورد هۆیەکی سەرەکیە بۆ تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ . ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە چەکدار نەبوونایە، ئەوا زەرورەتی چەکداریشیان لەدژی یەکدی بەکار نەدەهێنا. ئەوپەڕی ناکۆکی و جیاوازی سەری هەڵدایە، دەبووە هۆی دەمەقاڵێ و شەڕە دەنووکی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان . لە یەنجاکاندا ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئەوسا هەبوون ، ئێستاش هەر لەکۆڕدان یا تۆزێ ناو و دروشمەکانیان گۆڕاوە و سەرکردەکانیشیان زۆربەیان ئەو دەمیش هەر سەرکردە و دەمڕاستی حیزبەکانی خۆیان بوون ، ئەوساش هەروەکو ئێستا نارێک و ناتەبابون و لە بنەوە چاڵیان بۆ یەکتر هەڵدەکەند ، بەڵام چەند ناکۆک و ناتەبا و دژی یەکتر بوونایە ، نەیان دەگەیاندە شیروتیر لەیەک سووبن ، نەیان دەگەیاندە خوێن ڕشتن و قرتێخستن و قەسابخانەیان بۆ یەکتر دانەدەنا. ئەوپەڕی شەڕەکەیان دەگەیشتە ئەوەی لایەک بڵێ : "**کورد ئوممەیە**" و لایەکەی تریش بڵێ : "**نەوەڵلا کورد ئوممە نییە**". لێرەشدا ڕەنگە ئەم شەڕە دەنووکەی ڕۆژنامەکان پاڵی بەهەندێ کەسەوە نابێ لە پەناوە ئەندامێکی حیزبەکەی کە بەدارکاری و تێهەڵدان بدات یا تەفەی لێبکات ...هتد .

زۆربەی ئەو شەڕانەی لەنێوان هێزە چەکدارەکانە هەڵگیرسێنراوە ، لەسەر دابەشکردن و کۆنترۆڵکردنی ناوچە و دەسەڵات بووە . هەر لایەك ویستوویەتی ناوچەیەك بۆ خۆی " یاوەن " بکات و دەسەڵاتی تەواوی سەربازی و سیاسی خۆی تێدا بسەپێنێ و هێزەکانی تری بە لوولەی تفەنگ لێی دەربەڕێنێ . هەر هێزێك ویستوویەتی باج و سەرانە ، پارە و پیتاك بۆ خۆی کۆبکاتەوە و خەڵکی ئەو ناوچانەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و

نەهێڵێ بە موو لە سنووری دەسەڵاتی ئەو دەرچێ . بۆیە ئەگەر بەرێکەوت یەکێك پێی خستبێتە ئەو سنوورەوە ، ئیدی خاوەن " پاوەن " ەکە بەزوویی هەوڵی داوە بە ئاشتی بێ یان شەڕ ، " دوژمنەکان " ڕاونێت و ناوچەکەیان لێ پاك بکاتەوە . نەوەك لەوێ " پڕۆپاگەندەی ژەهراوی " بڵاوبکەنەوە یا وەکو شیرپەنجە ڕەگ و ڕیشە داکوتن و دەسەڵاتی ئەوان بکەوێتە مەترسییەوە . زۆرجار وا ڕێکەوتووە دەستەیەکی چەکداری سەر بە هێزێکی دیاریکراو ، ڕێگەی نەداوەتە دەستەیەکی چەکداری تری مجووکێری سەر بەهەمان هێز ، بە ناوچەکەدا تێپەڕێ - تەنانەت بۆ چاخواردنەوەش - نەوەك لە پڕناوە دەست لەکاروباری ئەمان وەردەن و " وەزعەکەیان " لێ تێك دەن و خەڵکیان لێ بوورووژێنن ، بۆ ئەوەی " هەتا هەتایە " ئەو ناوچەیە بەتاپۆکراوی لەسەر ئەمان بمێنێتەوە .

## سەرهەڵدانی بیرۆکراتیەت :

ئەو گەنجە ڕۆشنبیرانەی ڕوویان دەکردە شاخەکان و دەستیان دەدایە چەك ، هەر بۆ ئەوە یاخی نەدەبوون تاوەکو یاخیبوویەك پێناسە بکرێن ، هەروەها ئاشق و دیوانەی کەژ و چیا و تفەنگیش نەبوون ، بەڵکو دەیانویست ئەو چەوساندنەوە و خوێن مژین و داپڵۆسینەی لەلایەن داو و دەزگاکانی ڕژێمەوە دەیان چێشت ، هەمووی لەبن دەربێنن و کۆمەڵێکی نوێ بهێننەکایەوە ، کە زوڵم و زۆر و ئازاردان و چەوساندنەوەی تێدا نەبێ .

لەسەرەتای ئەم جووڵانەوەیەدا ، ئەم گەنجانە هەوڵیان دەدا نەریت و شێوەیەکی دیموکراسی لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی دەستەیەکی چەکداردا بهێننەدی . کزکردنەوەی ڕادەی ناوەندێتی و فراوانکردنی بواری سەربەستی و ئازادی دەربڕینی بۆچوون و بیروڕا ، دەسەڵاتی لێپرسراوەکانی زۆر تەسك کردبووەوە و نەیان دەتوانی بەبێ پرسی زۆربەی ئەندامانی دەستەکە بەنجە بەئاودا بکەن . بڕیار بە کۆمەڵ دەدرا و لێپرسراوی سەرباری بەتەنیا دوا بڕیاری بەدەستەوە نەبوو . تەنانەت زۆرجار لەدێهاتەکاندا کە خەڵك پرسیاریان دەکرد : " ئەرێ برا کێ لێپرسراوتانە ؟ " ، هەموو

پێشمەرگەکان بەیەك دەنگ وەڵامیان دەدایەوە : " **کەس لێپرسراومان نییە**"،
ئەوانیش دەیان گووت : " **برا لەهەموو شوێنێ برا گەورە هەبووە. مەڕ وەبێ شوان ناوێ** .." . لەڕاستیشدا هەر وا بوو ، کەس لێپرسراو نەبوو ، هەمووش لێپرسراو بوون .

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی پێشمەرگە و بەهێزبوونی دەسەڵاتی سەرکردایەتی لە ئەنجامی وەرگرتنی چەك و پارە و پارمەتی و پشتگیری ئیعلامی و سیاسی لەلایەن هەندێ دەوڵەتی " دراوسێ " وە ، ئیدی ناوەندێتی لەسەرحیسابی تەسككردنەوەی سنووری دیموکراسیەت و ئازادی توندکرایەوە. وردە وردە مێردەزمەی هیراشی ( سلطة الكهنة Hierachie ) دەرکەوت و خۆی سەپاند و جێگای بەو تۆرە لیبرالیەتەی سەرەتای " شۆڕش " لێژکرد . ئەو پێشمەرگانەی جاران مافی دەنگدان و بیرورا دەربڕین و رەخنەیان هەبوو ، بەخشکەیی مافەکانیان کەم کرایەوە. پێشمەرگەی بەبیروباوەڕ بە گوزەی بیرۆکراتیەت بووە " چەك هەڵگر " بەکە پێویست بوو بەتەواوی ملکەچ بێ بۆ بڕیارەکانی سەرەوەی خۆی و هیچ مافێکی پرسین و بەرپەرچدانەوە و ناڕەزایی دەربڕینی نەبێت . واتە پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و لێپرسراو لەسنووری پەیوەندی هاوڕێیانە و خەباتگێڕانە دەرچوو و بووە پەیوەندی نێوان ( تابع ومتبوع)- Patron / Klient کە نزیکە لە پەیوەندی نێوان ئاغا و مسکێنەوە . (١٥)

جاران لەبەر ئەوەی هەرێندەی، مەرەزە / کەرت / هەرێمەکان لە دەرەوەی سنوورەوە چەك و پارەیان پێ نەدەگەیشت ، بۆیە دەسەڵاتیان زۆر لە دەسەڵاتی پێشمەرگە جیانەدەکرایەوە . پاشان کە لەودیو سنوورەوە " پارمەتی " گەیشت ، جۆرەی ئەو پەیوەندیەش گۆڕا . بێگومان کۆبوونەوەی چەك و پارە لە دەست یەك کەسدا ، دەبێتە هۆی ئەوەی هێز ودەسەڵاتیش لەدەست ئەو تاقە کەسەدا کۆببێتەوە ، ئەمەش ئەو هەلومەرجە دەڕەخسێنێ Patron (متبوع) دروست ببێ و ئەمیش هەوڵ بدات Klient (تابع) دروست بکات . ئەوانەی وەکو ئەویش بیرنەکەنەوە و ئامادە نەبن ببنە (تابع) بۆ ئەو و کوێرانە گوێ ڕایەڵی فرمانەکانی نەبن ، تووشی هەزار گیرەوکێشە

دەکرێن و دووریش نیی‌یە تووشی ڕاونان و تەنگ پێ هەڵچنین وکوشتن‌ببن.

لە هەندێ لەو وولاتانەی " جیهانی سێ‌یەم "دا کە لەڕێگەی خەباتی چەکدارەوە سەربەخۆییان وەدەست هێناوە، کێشەیەکی گەورە لە ئەنجامی ئەو دەسەلاتە هاتۆتەئاراوە کە لەشکری ڕزگاری وەدەستی هێناوە. چونکە هەرپاش سەرکەوتن و دەسەلات گرتنە دەست، دەسەلاتی سیاسی خۆی لەبنکەکەی خۆی سەربەخۆکردووە و ڕژێمێك دامەزراوە کە لەپلەی یەکەمدا دەستکەوت و بەرژەوەندی‌یەکانی سەرکردە سەربازی‌یەکان دەپارێزێ و هیچ گوێ‌یەك بەداواکاری‌یەکانی چەوساوەکان نادات. ئەم ڕژێمە لەناوەڕوکدا هیچ جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕژێمێکی دیکتاتۆری سەربازی ئاسایی‌دا نیی‌یە. نموونەی ئەم دەسەلات گرتنە دەستە، لەشکری ئازادی جەزائیرە (١٦) کە مرۆڤ دەتوانێ بەئاسانی لەگەڵ زۆربەی ڕژێمە سەربازی‌یە عەرەبی‌یەکانی تردا بەراوردی بکات. من هەرچەندە لەنزیکەوە هەموو تاقیکردنەوەکانی گەلانی ترم هەڵنەسەنگاندووە و بە وردی لێم نەکۆڵیوەتەوە، بەلام دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەم حوکمە زۆربەیان دەگرێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بەتاقیکردنەوەی خەباتی چەکداری کوردستانەوە هەبێ، دەتوانم نەك هەر ئەو بۆچوونەی سەرەوە بەڕاست بزانم کە دەڵێ پاش سەرکەوتن و حوکم گرتنەدەست ڕژێمێکی دیکتاتۆری سەربازی دێتە کایەوە، بەڵکو دەتوانم قسەی ئەو جووتیارە نەخوێندەوارە بە ڕاستر بزانم کەدەڵێ: " **مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە** ". من نالێم پاش سەرکەوتن، چونکە سەرکەوتن هێشتا وەدەست نەهێنراوە و بەم شێوەیەش وەدەست نایەت، بەڵکو لەو کاتانەدا کەهێشتا دەسەلاتی هەندێ ڕێکخراوی چەکدار سنووری چەند کوێرە دێ‌یەکی تێ نەپەڕاندبوو، وەکو نەمروود حوکمیان دەکرد و فورقوشمان بە قورگی خەڵکدا دەکرد و ڕێگەیان نەدەدا کەس فزە بکات و سزەی لێوەبێت؛ ئەی ئەگەر ئەمانە دەسەلاتی تەواو بگرنە دەست و نیوەی دەسەلاتی سەدامیان بەدەستەوەبێ چی‌دەکەن؟ خەڵك لە سوید شانۆگەری پیشان دەدەن، ئەمان هەڕەشەیان لێ دەکەن و بەیانیان لەسەر دەنووسن و ناوانی خیانەت دەدەنە پاڵیان و ڕێگەیان نادەن شانۆگەری‌یەکە لەشوێنی تر

بگێڕن ، ئەی ئەگەر هەر لە سەرەتاوە " انقلاب " یان بەسەردا بکەن جێی دەتەوەمێ ؟

من هەر ئەوەندە دەڵێم لەسێبەری حەماسی چەکداردا تەک ڕێگەی ئازادی بیروباوەڕ نادرێت و دیموکراتیەت دەخرێتە ژێر پێوە ، بەڵکو بوارێ ئەوەش نادرێ لاپەڕەیەکیش بڵاوبێتەوە ، ئەگەر بۆزێ بۆنی ڕەخنەی لێوەبێت . باشە ئەگەر یەکێک لە پێش سەرکەوتندا ، وانە لەکاتی بێ هێزی و لاوازیدا ئەمە ڕەفتاری بێت ، ئەی چۆن پاش سەرکەوتن دەبێتە دیموکـــرات و شۆڕشگێڕ و ...هتد ؟! .

دروست بوونی هیراشی بەشێوەیەکی هەرەمی Hierachie ، ڕێگەی بۆ چڕبوونەوەی دەسەڵات Concentration of power و سەرهەڵدانــی تاکڕەوی و دیاردەی تاک پەرستی و دیکتاتۆریەتی تاکە کەس خۆشکرد .ئەم تاکە کەسەش ، تەبیعەتی هەرچی چۆنێك بێ و ڕابوردووی هەرچی بێ ، هەوڵ دەدات بەرەبەرە هەرچی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ڕێکخراوەیی و دارایی هەیە لەدەستی کەسانی تری دەربهێنێ و هەر هەمووی لەچنگــــی خۆیدا قایم بکات . لەئەنجامیشدا هەر خۆی دەبێتە فەرماندەی هێـــزی چەکدار و پێشەوای گەل و داڕێژەری تیۆر و دامەزرێنەری فەلسەفەوهونەرو...

هەر کە ئەم جۆرە دەسەڵاتە سەپێنرا ، ئیدی سەردەمی ڕۆمانتیکـــی شۆڕشگێڕانە بەسەر دەچێ . ئەو پەیوەندییە هاوڕێ و دۆستانەیەی نێـــوان " سەرەوە " و " خوارەوە " دەچێتە قاڵبی بیرۆکراسی ڕووتەوە . بیروبـــاوەڕی شۆڕشگێڕانە نابێتە فاکتەری بزوێنەر ، بەڵکو " دیاری " و " خەڵات " دەبێتە هاندەر . کادرە سیاسی و سەربازییەکانی سەرەتای " شۆڕش " باوبـــان نامێنێ و دەسەڵاتیان کەم دەکرێتەوە ، لە بری ئەوان کادری سەربـــازی موحتەریف Professional دەهێنرێنە پێشەوە و دەبنە جێی ســـروا و متمانەی سەرکردایەتی .

ئەوانەی دەیان ویست بە پێچەوانەی تەوژمی ڕووبارەکە مەلە بکەن و وەکو ماسی مردوو خۆیان بەدەم ئاوەکەوە نەدەن ، لەماوەی جیاجیادا و بەشێوەی جۆراوجۆر ، هەر یەک بەجۆرێك دەنگی تووڕەیی و نارەزا ـــــی

دژی " لادان "ی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە بەرگری دەکەوە، ئەوانە یەك لەدوای یەك بەر شاڵاوی ڕاونان و گرتن و کوشتن کەوتن . ئەمانە هەر ئەو گەنجە ڕۆشنبیرە ڕۆمانسیانە بوون ، کە دەیان ویست " شۆڕش " بەپاکی و خاوێنی بهێڵنەوە و بەرە بەرە بەرەو ئاسۆی ڕووناکی شۆڕشی سۆسیالیستی بەرن و کۆمەڵی بێ چەوساندنەوە دامەزرێنن .

## چەوساندنەوەی جەماوەر :

کەم گەل هەیە ئەوەندەی گەلی کورد ئامادەی فیداکاری و خۆبەختکردن بێ و کەم جووڵانەوەی چەکداریش هەیە ئەوەندەی جووڵانەوەی چەکدارەکانی کوردستان لەگەڵ خەڵکدا خراپ بووبن و هێندەش زیانیان پێ گەیاندبی . لەکوێ شەڕ بەرپابووبی ، لە گەرمەی شەڕەکەدا ، کیژان نان و ئاویان لە کۆڵ گرتووە و بەدەنگ پێشمەرگەکانەوە چوون . بەڵام بەشێکی زۆر لەو هێزە چەکدارانە هەر زۆر بەشێوەیەکی ناشرین لەگەڵ ئەو خەڵکەدا جووڵاونەتەوە . سەرەڕای ئەوەی ئەو جووتیارانە ، گوندەکانیان دەبێتە مەیدانی شەڕ و شۆڕ و سەروماڵیان تیا دەچێ ، دەبێ هەمیشە دەرگایان بۆ پێشمەرگە لەسەر پشت بێ و سەرانە و باربوو و یارمەتیش بدەن . لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ دەستەی چەکدار زۆر بەشێوەیەکی ناڕاست لەگەڵ ئەو خەڵکەدا جووڵاونەتەوە ، ئاگر ڕێگە بەخۆمان نەدەین ووشەی (دڕندانە) بەکار بهێنین . هەر بۆ نموونە سەرکردەی خۆ بەمارکسی زان ، لەناو مزگەوتدا و بەبەرچاوی دانیشتوانی گوندێکەوە ، کابرایەکی لادێی سەرەوژێر هەڵواسیوە و لەژێر داری ئەیاسی دەرچووە ، پێش ئەوەی لێپێچانەوەی لەگەڵدا بکرێ و هیچ شتێکی لەسەر ئیسبات بکرێ . (١٧) ئەگەر مەسەلەکە یەك جار و دوو جار و دە جار بوایە ، ئەوا ڕەنگە مرۆڤ بڵێ " کاری خوایە " ، " ڕێکەوتە " ، " تەزا و قەدەرە " ، " لەدەست دەرچووە " ... هتد ، بەڵام ئەمە ڕێبازێکە و بەرەوی کراوە ، بۆیە دەبێ مرۆڤ لەسەرچاوەکەی بگەڕێ ، نەك بەئەنگەی ناڕاست و درۆ و دەلەسە دایپۆشێ و خۆی بخەڵەتێنێ .

لەمەش سەرسووڕهێنەرتر ئەوەیە ، ئەم جۆرە ڕێبازە کە بە نووسین و

بڵاوکراوەی بەشێوەیەکی " چەپ " انە خۆیان بەهێندەری جووتیار و زەحمەتکێش و دوژمنی سەرسەختی ئاغا و دەرەبەگ و کۆنەپەرست داناوە ، کەچی بە کردەوە لەماوەی دەیانزە ساڵی ڕابوردوودا ، باشترین خزمەتی ئاغا و دەرەبەگ و کۆنەپەرستەکانیان کردووە و بەباشیش یارمەتییان داون بۆ چەوساندنەوەی جووتیارە هەژارەکان . لەبەر ئەوەی کە جوار شەقاو لە سەرکردایەتییەوە دوور بوو ، ئەو ئاتاجانەی ئەرماندەی سەربازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون ، لووت و گوێی جووتیارە هەژارەکانیان دەبڕی . لە ئاکۆ سەرکردەیەکی تری خۆ بە مارکسی زان ( با مەزان ) چەندین جووتیاری شۆڕشگێڕی لەسەر دڵی یەکێک لە ئاغاکان ، بەدەستی خۆی گوللە باران کرد . لەناوچەی سەنگاو ، لەکاتێکدا جووتیارەکان لەدژی شێخ محەمەدی کریچنە ڕاپەڕیبوون ، سەرکردە زۆر " چەپەکان " لەماڵی شێخ " میوان " بوون و ڕێنوێنی ئەوەیان دەکرد چۆن ئەو ئاگرە بکوژێننەوە ..هتد . ئەم نموونە زیندووانە بەس نین بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ، کە حووڵانەوەی چەکدار یارمەتی ئەوەی نەداوە ، پرۆلیتاریای کشت وکاڵ و جووتیار و هەژارەکان لەکۆت و زنجیری چەوساندنەوە و دواکەوتن ڕزگار بکات ، بە پێچەوانەوە ، یارمەتی زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی پەیوەندی و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی داوە و بەسوود و قازانجی ئەوان تەواویان کردووە .

لەبن سێبەری ئەم پەیوەندی بەرهەمهێنانەدا ، بەرەبەرە شێوە و ناوەڕۆکی هێزە ورد ، بۆرژواکان گۆڕاوە ، بوونە ئامرازێک بۆ سەپاندن و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە . بەم شێوەیەش پشتگیری هێزی ئاغا و دەرەبەگەکانیان زامن کردووە . ڕووناکبیرە شارییەکان ، کە چوونەتە شاخ و چەکیان هەڵگرتووە و دەسەڵاتیان پەیدا کردووە ، وردە وردە کەسایەتی خۆیان لەدەست داوە و کەسایەتی کوڵە کوێخایان ( تقمص ) کردووە . هەڵس و کەوت و بیرکردنەوە و شێوازی قسەکردنی " شاری " یان بیرچۆتەوە و ڕەنگ و بۆن و خووڕەوشتی کوێخایەکیان وەرگرتووە .

## کارەساتی هەڵەبجە و خەباتی چەکدار:

ڕووداوەکانی هەڵەبجە ، هەر تەنیا درندەیی ڕژێمی فاشستی بەعدایار

دەرنەخست کە بۆمبی کیمیاوی بەم شارەدا کێشا و هەزاران خەڵکی بێتاوانی کوشت و بریندارکرد و زیندووەکانیشی پەرتەوازە و دەربەدەرکرد ، بەڵکو دڕندەیی و تاوانی کۆنسێرنە کیمیاویە ڕۆژئاواییەکانیشی دەرخست ، کە بە تەکنۆلۆژیا و پسپۆڕ یارمەتی ڕژێمیان‌داوە بۆ هێنانە بەرهەمی ئەم چەکە . ڕای گشتی جیهانیش هەر بەشدارە لەو تاوانەدا ، بە دروستکردنی پەردەی بێدەنگی لەسەر ئەم ڕووداوانە . بەشی ڕژێمی ئێرانیش کەم نی‌یە ، هەر لە بیلانگێڕان و قبوڵکردن بۆ داگیرکردنی ئەم شارە تادەگاتە باوەش نەکردنەوە بۆ بریندار و ئاوارە و پەنابەرەکان ، مەگەر بۆ مەبەستی ئیعلامی خۆی نەبێ .. هتد .

هەروەها ڕووداوەکانی هەڵەبجە ڕۆڵی هەندێك لەڕێکخراوە سیاسی / چەکداری‌یەکانی کوردستانیان خستەڕوو و ڕادەی بۆگەنی کردەوە و ڕەوشتی سیاسی دەستە چەکدارەکانی ئاشکراکرد .

بێگومان کەم ڕووداو هەیە هێندەی کارەساتی هەڵەبجە خەڵکی خاوەن هەست و ویژدانی هەژاندبێت . ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ، نەك هەر کوردی هێناوەتە گریان ، تەنانەت ئەورووپی و ئەفەریقیش کە فلیمەکەیان بینیوە بەرچاویان بووە لەفرمێسك و بەکوڵ گریاون . ئالەم ڕۆژە ڕەشەدا ، کەلاشەی هەزاران ساوا و پیر ، ژن و منداڵی بێ تاوان ، بەگازی ژەهراوی ڕژێم شەهیدبوون و لاشەیان وەکو گەڵای دار بەناو شەقام و کۆڵانەکانی هەڵەبجەی شەهیددا بڵاوببووەوە . ئالەم کاتەدا هەندێ لە چەکدارەکانی ڕێکخراوە کوردەکان ، کە پێویست بەناوهێنانیان ناکرێ ، چونکە هەموو کەس دەیان ناسێ ، لەبری ئەوەی شەهیدان بنێژن و برینی بریندارەکان سارێژبکەن و یارمەتی لێقەوماوان بدەن و ڕق و تووڕەییان بەرزبێتەوە و بڕیاری ئەوە بدەن تۆڵەی ئەو تاوانە بکەنەوە ، کەوتنە دزی و تالانکردنی ماڵی شەهیدان و برینداران و لێقەوماوەکانی ئەم شارە . بەڵێ ئەم چەکدارانە ، دەستی ئافرەتیان بڕیوە بۆ ئەوەی بازنی زێڕی لێ بکەنەوە و گوێیان هەڵ تلیشاندوە بۆ ئەوەی گوارەی ئاڵتونی لێ بکەنەوە . . . هتد .

من باسی ئەوە ناکەم چۆن ئەم شارەگیراوە و خوێنی ئەو خەڵکە بێتاوانە

بەئەستۆی کێ.. چونکە کەسێك نەماوە ئەو ڕاستی‌یە نەزانی (١٨). باسی ئەوەش هەر ناکەم چۆن پێش بۆمبابارانەکە گەڕەکەکانی شار و ئۆردووگا زۆرەملێ‌کانی بەسەر ڕێکخراوەکاندا دابەشکراوە و چۆن ئەو چەکدارانە هەر یەکە لەسنووری دەسەلاتی خۆی‌دا دەستی‌کردووە بە ڕاووڕووت و تالان‌کردنی خەڵك . یەکەم ڕۆژ گوابە ماڵی " پیاوخراپەکان " تالان کراوە ، ئینجا بێ‌لایەنەکان ، پاشان زۆربەی ماڵەکانی تر ، بەبیانووی ئەوەی گومانیان لێ دەکرێت . نامەوێ مۆدیل و ژمارەی ئۆتۆمبیلە دزراوەکان بنووسم ولیستەی ناوی لێپرسراو و کادرە دزەکانیش بلاوبکەمەوە . من دەمەوی تەنیا ئەوە بلێم کە من خۆم سەرم لەم مەتەڵە دەرناچێ : هێزێك خۆی بە نوێنەر وپێشڕەو و ڕزگارکەری گەل دانێ ، سوپای دەوڵەتێکی تر دەهێنێ تۆ گرتنی شارێکی " خۆی " ! و لە کارەساتەکەدا ڕۆڵێکی زۆر ناجوامێرانە دەگێڕێ . پاش داگیرکردنیشی ، لەلایەکەوە ڕێگەی ئەو خەڵکە نەدات خۆیان دەرباز بکەن ، لەلایەکی ترەوە دەسدرێژی بکات و جەماوەیان بکات . کە شەهیدیش کران ، سەرلەنوێ بکەوێتە تالان و دزی . ئەگەر ئەمە ڕەفتاری " سوپای شۆڕشگێڕی ڕزگارکەری کوردستان " بێت ، ئەی دەبێ ڕەفتاری سوپای داگیرکەر چۆن بێت ؟

ڕووداوەکانی هەڵەبجە ئەوەمان پیشان دەدەن ، کە تاچ رادەیەك خەباتی چەکدار ڕۆڵی خراپی گێڕاوە لە شێواندن و تێکدانی خووڕەوشتی پێشمەرگەدا . لەبەر ئەوەی پێشمەرگە لە قوتابخانەی " شۆڕشی نوێ " دا لەبری ئەوەی ڕۆڵی " نموونە " یی ببینێ و بە نەریتی کۆمەلایەتی پێشکەوتوو گۆش بکرێ و لە ڕۆژی ڕەشدا بەتەنگ خەڵکەوە بێت و بیان پارێزێ ؛ بۆ ئەوەی لەدوا ڕۆژدا وەکو پەند سەیر بکرێ . بە پێچەوانەی ویست وئارەزووی زۆربەزۆری کۆمەلانی خەڵکەوە ، دەبینین ئاوێکی وا ڕژاوە کە خووڕەوشتی‌ئەوتۆی تێدا زیندوو دەکرێتەوە ، مەگەر وێنەیان لەسەردەمە زۆر کۆنەکانی‌گەشەکردنی تەوژمی جەردەیی و ڕێگری و شەوکەوتی بەرچاوبکەوێت .

جواردەساڵ پێش ئەوەی کارەساتی هەڵەبجە ڕووبدات ، واتە لە ساڵی ١٩٧٤ دا ، هەمان ڕژێمی فاشی ، بەهەمان شێوازی دڕندانە،هەڵەبجەی

بۆمباباران کرد . ئەوساش وەکو ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی بێتاوانی ئەم شارە شەهید و بریندار و دەربەدەر بوون ، بەڵام کەس نەیبیستووە یەکێك دەرزیەك لە ماڵەکەی بدزرێ . هەرچەند سەرکردایەتی " شۆڕش " ەکەی ئەم جارە ، " شۆڕش " ەکەی ئەو کاتەی بە کۆنەپەرست و عەشایەر و دواکەوتوو دادەنا . ئەگەر ئەم تاوانە گەورەیە بە نیشانەی ئەوە دانەنرێ ، کە ئەم شێوە کلاسیکی‌یەی خەباتی چەکدار بە تەواوی بۆگەن بووە و کەڵکی ئەوەی پێوە نەماوە ڕژێمی پێ بڕوخێنرێ یا مافی چارەنووسی پێ وەربگیردرێت ، ئەی بە نیشانەی چی دادەنرێ ؟

## ئەنجام :

خەباتی چەکداری شاخ شێوەیەکی خەبات و جووڵانەوەی جووتیارانە ، نەك پڕۆلیتاریای شارەکان ، کە شێوەی خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕاپەڕینی چەکدارانە دەگرێتە خۆی . سروشتی ئەم خەباتەش وایە کە جیهازێکی سەربازی بیرۆکراتی پێك دەهێنێ ، ئەم جیهازەش قەت ناتوانێ دیموکراسی بێت ، یان ببێتە دەسەڵاتێکی بێ‌لایەن و سەرووی چینەکان . هەروەکو سوپایەکی تەقلیدی هەمیشە ئامرازی دەستی چینێك بووە بۆ چەوساندنەوەی چینێکی تر . جووتیاران لەڕووی بابەتی‌یەوە توانای ئەوەیان نی‌یە ، سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی ئەم جووڵانەوەیە بکەن ، هەرچەند لە ڕووی ژمارەوە تا ساڵی ١٩٧٥ نزیکەی ٩٠٪ ی بەشداربووانی جووڵانەوەکەیان پێك دەهێنا و لە جووڵانەوەکەی ئێستادا ڕێژەیان ناگاتە ٥٠٪ ، بەڵام قەت نەیانتوانیوە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان فراوانتر بکەنەوە و دەستکەوتی تایبەتی خۆیان بهێننە دی . چینی کرێکار وەکو چینێك تا ئەمڕۆ هیچ بەشداری‌یەکی لە هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداردا نەکردووە و داوودەزگای خەباتی چەکداریش توانای ئەوەی نەبووە ببێتە جێگای بڕوایان .

ئاوی خەباتی چەکدار بە هەر شێوەیەك ڕۆیشتبێت ، هەر ڕژاوەتە سەر ئاشی " یەکێتی پیرۆز " ی چینی بۆرژوای شارەکان و ئاغا و سەرۆك هۆزەکانی لادێ . ئەگەر جووڵانەوەکە سەرکەوتنی وەدەست هێنابێ ، ئەوا

هەر بەسوود و قازانجی ئەوان تەواو بووە ، ئەگەر زێرکەوتنیشی وەدەست هێنابێ ، ئەوەش هەر بەسوود و قازانجی ئەوان تەواو بووە . پێشینیان چاکیان ووتووە : " باران بباری ئاشیان دەگەڕێ ، باران نەباری جووتیان دەگەڕێ " .

## پەراوێزەکان

١) عبدالرزاق الحسني : تاريخ الوزارات العراقية ، ج ٣ ، صيـــــدا ١٩٥٣ ، ص ٥٤-٥٦ .
ـ غەفوور میرزا کەریم : کۆمەڵی ئاسنی‌نەشتەری ، بغداد ١٩٨٥ ، ل ١٠٠-١٣٧ .

٢) هەروەکوو سالی ١٩٣٦ لە لادێکانی شاری کەرکوک ... و ... ئەمەر کرد وەکوو ... ئەسەر ... عادلی ... سادقە ، ... ، ... " ، بغداد ١٩٨٣ ، ل ٢٥ .

٣) نوری شاویس : من مذكراتي ، منشورات ... ، ط ١ ، ١٩٨٥ ، ص ٨٣ .

٤) ابراهيم علاوي : البترول العراقي ، بيروت ، ط ١ ، ١٩٦٧ ، ص ١٠٧ .

٥) Samuel F. Wells.Jr & Mark Bruzonsky: Security in the middle east . Colorado. 1987 , P102 .

٦) Bruinessen . Martin : Aga. Shaikh & state - Utrecht. Dis. 1978. P. ? .

٧) حول الحركة التحررية للشعب الكردي في كردستان العراق : من وثائق الاتحاد الوطني الكردستاني ، التاريخ ومكان الطبع (بلا) ، ص ٩٤ و ١٨٤ .

٨) من ئەم قسەیەم لە سالی ١٩٧٥ دا لە ... خۆی بیستووە .

٩) ئاوکی ئاوارە : ... لاپەڕی ... ـ گۆڤاری ... ژمارە (٦) ئازاری ١٩٧٥ ، ل ... ، ئاوکی ئاوارە ناوێکی تری مەلا بەختیارە .

١٠) جوتیاری دەست پێکردنەوەی جەنگی چەکدار لەساڵی ١٩٧٦دا خۆی لەخۆیدا لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی دەوێ . هێزە سیاسیی و چەکدارەکان هەریەکە لەلایەنی خۆیەوە تا رادەیەک بەشێکیان خستۆتە سەر شانی دەستێکی خۆیان و ئەویش دەتوانرێ بیدۆزیتەوە ل[illegible] وەربگیرێ . بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی ، ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە دەتوانرێ سوود لە هەواڵنامەی ڕێژەیەک ( وەربگیرێ ، بۆ بەراوردکردنی جۆرێتی شکستانی جووڵەکە .

١١) ئارام : هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی شەهید ئارام . چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ، ١٩٨٠ ، ل ٢٨-٣٣ .

لەو ماوەیەی لەگەڵ شەهید ئارام پێکەوە بووین ؛ کاتێکی دووەمی ١٩٧٧ ، دەربارەی ئەو پڕۆژەیەی ئەو سەعاتە وەدی هێنانی بوو ، ئیعلانی کرد . ئەو دەیگووت ئێمە دەتوانین بانگەوازی " سۆزی بەدەن و بیکەینە هەڵاوێگر ؛ ئێمە دەمان ویست بۆ ماوەی ساڵێک بە لای کەمەوە خەڵک ڕووسمانی بکەینەوە و خۆمان بەهێز بکەین . ئەگەر

[illegible]

هێند ... ئەوانە پەیوەندی ... لە شەهید ئاشکرابوو .

١٢) ڕژێمی عیراق و ئێران لەسەر ئەوە پێکەوتبوون ، لە ٨ / ١ / ١٧ / ١١ ی ١٩٧٨ لەمەک گاندا و لەهەردوولاوە ، هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی ی.ن.ک لە : ... و ... ناوچەکانی . ڕژێم بۆ ماوەی بۆ ڕۆژ بە خەستی هێرشی کردە سەر ئەو ناوچەیە و لەئەنجامدا دەسکەوتی گەڕایەوە . ئێران بەگوێرەی ئەو ملانەی لەسەری ڕێکەوتبوون بەشداری لەو هێرشەدا نەکرد . لەهاوینی ١٩٧٩دا لەسەرەتاکانی هەڵادانی بەسەت کە ئەو لەگەڵ ئەفسەرێکی ئاگری ئیرانی هێرشیان بۆ هاتووە ، بەڵام توانیویانە هەندێ ساموو بدۆزنەوە و بەشداری لە لێدانی ئەو ناوچانەدا بکەن . بێگومان ئەگەر سوپای ئێران بەشداری لەو شەڕەدا بکردایە و لەسیەوە ئەهێزەکانی بکێشێ بدابە ، ئەو هێزانە بەیان دەمیانی جیددی خۆیان لەوێ ڕاگرن و باشکی گەیەستانیان لێ دەکەوت .

١٣) Bruinessen, Martin , The Kurds Between Iran & Iraq : in Middle East Report , July-Aug.1986,P17.

١٤) بەبۆچوونی ئارام بەخەبە بۆ سەرچاوەکان ڕاگرتم لەبەر زۆریان .

١٥) پەترۆن - کلیەنت . Patron - Klient

Patron : صاحب مؤسسة ، السيد المعتق ، الراعي ، الحامي

هەواڵنامەی کتێب

شخص یحیا فی حمایة شخص آخر . التابـــــــع : Klient
هەر بۆ نموونە دەتوانری سەرۆک هۆزێک بە ( مەشوون ) دانرێ و ساوەکانی بە ( کلیەنت ) . لە ناو داو و دەزگای حکومەتی وەکـــو عیراقیشدا هەمان دیاردە هەیە ، لێپرسراوێک و دەست پێوەنەکەی .

Tibi. Bassam: Militär und Sozialismus in der Dritten Welt. Frankfurt. 1973 . S. 61 . (١٦

١٧) ئەم رووداوە لە رۆژی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٨١ لە گوندی جۆجەســاغ رووی دا و ناوی کوژراوەکەش حاجی حسەینی زاپەڵەیی بوو .

١٨) رۆربەی ئەم زانیاریانەم لە دوو سەرچاوە وەرگرتووە. یەکەم ئــــەو نامانەی خەڵکی هەڵەبجە بۆ دۆست و خزم و ناسیاوەکانیان لە دەرەوەی وڵات ناردوویانە . دووەم : خۆم چاوم بە هەندێ بریندار کەوتووە و ئەوان خۆیان گێڕاویانەتەوە .
ـ رۆژنامەی ( عراق الغد ) ـ ژمارە ٣٦ی ئابی ١٩٨٨ ( ل ٥ ) ـ گفتو گۆیەکی دژێنی ئەگەڵ جلال تالەبانی دا بلاوکردیەتەوە و ئەو لەوێ دا دانی بەوەدا ناوە کە ڕێکخراوەکەی ئەوبێ مەنداریان لەو گایە دژیانە کردووە ، ئەگەرچی هەوڵی داوە ناوەکانی ئەو چەکدارانە دوور خاتەوە کە سەر بە ڕێکخراوەکەی ئەوێن .

* * *

# داواکاریەك

## بەڕێزان هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

سلاوێکی کوردانە

وا چوار ساڵە مەلا بەختیار لەسەر جیاوازی بیروبۆچوون لەلای ئێـــوە گیراوە ،ئێمە کە کۆمەڵێ نووسەر و شاعیری کوردی پەرەوازەبووی وڵاتـانـــــی ئەورووپاین ، لەبەر ئەوەی بڕوای تەواومان بەسەربەستی بیروڕا دەربڕین هەیە ، بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین داواتان لێبکەین ، چی زووتـــــرە مەلا بەختیار ئازاد بکەن .

چاوەڕوانی وەڵامی بەکردەوەتانین ، دووبارە سڵاو .

د . کەمال میراودەلی
سەباحی غالب
هەڵکەوت عەبدوڵلا
شێرکۆ بێکەس
ناسر حەفید
خەلیك دهۆکی
خەبات عارف
د . ڕەفیق سابیر
ئەنوەر قادر ڕەشید
فەرهاد شاکەلی
فازیل کەریم ئەحمەد
د . جەمشید حەیدەری
د . ئەنوەر قادر محەمەد

عەلی شێر
ڕەشو زیلان
مستەفا دوزگین
عەباس محەمەد حسین
سەلام عەبدوڵلا
حەمەسەعید حەسەن
سەلاحەددینی موهتەدی
حەسەنی قازی
مالمیسانژ
مەحفووز مایی
سلێمانی قاسمیانی
د . حسین ڕەهبەر
ئەکرەم خامۆش

کاوە یار ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

# ووتاری سترۆکتۆرالیزمی

ئازاد حەمەد

هەواڵنامەی کتێب

### دەروازەیەك

زۆر دەمێکە دەمەوێت لە سەرەتای نووسینی بابەتێکی ئەوتۆ بێم ، بەلاّم لەسەرەتاهاتنی بابەتی ئەوتۆ پێویستی بە ئامرازی شیکردنەوەی زانستی خۆی هەیە . لەکاتێکدا ئێمە دەزانین ئەو بابەتە ئەمڕۆ هەموو بەشەکانی زانستی گرتۆتەوە[1] و جەدەل و مشت ومڕێکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشاوە بۆ ناو ڕەوتی ڕۆشنبیری هاوچەرخ . بە تایبەت کە وشەی " سترۆکتۆر " تا ئەمڕۆش وشەیەکی گومڕایە و ئەوانەی لە بواری زانستە کۆمەلاّیەتیەکاندا بەکاریان هێناوە ، داوای لێبوردنی خۆیان لەو بارەیەوە کردووە . تەنانەت ئەم ووتارەش ، کە بە ووتاری سەردەم دادەنرێت ، کۆمەڵێ چەمك و زاراوەی تایبەت بە خۆی هێناوەتەکایەوە کە توانیویەتی ڕێرەوی شیکردنەوەی ئەمڕۆمان دەوڵەمەندتر بکات ، وەکو هەموو ئەو ڕێرەوانەی تری پێش خۆی ، جا چ ئەگزیستانسیالیزم ( الوجودیة ) بێت یان مارکسیزم ، یاخود براگماتیزم " الذرائعیة ".

ئێمە دەزانین بە ئامازەکردن بۆ ئەم ووتارە ، ئامازەی ووتاری سەردەم دەکەین . بۆیە دەبێ ئاگاداری " سترۆکتۆری ووتار " خۆی بین ئینجا " ووتاری سترۆکتۆرالیزمی " ، چونکە ئەو بڕوباکەندەو

سەدایەی ستروکتورالیزم لە دەرەوەی خۆی وەریگرتووە ، زانستی بە ڕێڕەوبەتیەکەی شێواندوە و بۆتە مۆدێلێکی " موضة " فیکری و بەس!

* * * *

## ڕۆشنایی :

ئەو مایەنە زۆرەی ئەمڕۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان بەخۆیانەوە گرتووە ، بەتایبەت لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆزراوە کۆمەلایەتی و دەروونی و ئابووریانەی لەلایەن ڕێڕەوە نوێیەکانەوە بەرهەم هێنراون و لەو بوارە ( حقول ) زانیاریانەدا بەکارهێنراون کە لەمەوبەر نەدۆزراونەتەوە . لەو ڕێڕەوانەی توانیویانە ئەم کۆدەتایە بەرپا بکەن ، قوتابخانەی ستروکتورالیزمە " ئەگەر بشێت ناوی قوتابخانەی لێ بنێین " ، کە توانیویەتی خۆی بگەیێنێتە نێو هەموو بەشەکانی زانستە کۆمەلایەتی و سروشتیەکان . ئێمەش وەکو کورد مافی ئەوەمان هەیە ئاگاداری هەموو ڕەوتی ڕۆشنبیری جیهانی بەگشتی و ئەم ڕێڕەوە فیکریە بین بەتایبەتی ، لەکاتێکدا ئەوەی گەیشتۆتە دەستمان لەم بارەیەوە بەزمانی عەرەبی بووە و لەماوە و کاتێکی درەنگدا ، واتە دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر پەیدابوونیدا ، ئەمە جگە لە کزبوونی ئەومشت ومڕەی دەربارەی دەکرا .

بەو شێوەیە نووسین دەربارەی " ستروکتورالیزم " وەکو ووتارێکی سەردەم کەتوانیویەتی کۆدەتایەکی ئەبستمۆلۆژی لەبواری زانستە کۆمەلایەتیەکاندا بەرپا بکات ، کارێکی ئاسان نیە ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن و خۆیان پێوە خەریك کردووە، ناکۆکیان لەنێواندا هەیە ، ئەمجا هەندێکیان قایل نین بەوەی بە " ستروکتورالیستی " ناو ببرێن و هەر هەمووش ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو ڤێستیڤاڵە دەردەبڕن کە ئەمڕۆ لە پەرتوك و ڕۆژنامەکاندا بۆی دەکرێت. لەکاتێکدا چەمکی ناوبراو گومڕاییەکی بەدوی خۆیدا ڕاکێشاوە لە ڕووی بەکارهێنانەوە ، واتە بایەخدان و باسکردن لێوەی ، دەبێ لەسەرەتای باسی ئەو مشت ومڕانە بڵێین کە بەدوای خۆیدا ڕایکێشاوە ، جا لەناو نووسەرانی ئەم ڕێڕەوە خۆیاندا بێ یان لە دەرەوەی . بەلام لە

هەمان کاتدا دەبێ بایەخ بەچەند پرسیارێکی سەرەکی بدەین کە رێ خۆش کەر بن بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دەوروبەری ئەم بابەتە، لەوانە: ئایا ووتار چی یە؟ ستروکتۆر چی یە؟ ستروکتۆری ووتار چی یە؟ چۆن مۆدێلی زمانەوانی "یاخود ووتاری زمانەوانی" توانیویەتی ببێتە بەشێکی سەرەکی تێیدا؟ چۆن ئەم مۆدیلە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو زانستە مرۆڤایەتیەکان و شیکردنەوەی زۆر شت بەهۆیەوە؟...

هەروەها هەوڵدانی تێگەیشتن لەمانای "ستروکتۆرالیزم" لەبەرپرسیاری فەلسەفی هاوچەرخ و پەیوەندی نێوان ستروکتۆرالیزم و فەلسەفە لەرێگەی وەلامدانەوەی پرسیاری ئەنجینەییەوە: ئایا ستروکتۆرالیزم فەلسەفەیە یاخود زانست؟ ئەو بوارانە کامانەن کە دەچنە نێو ئەم رێرەوەوە؟ ناسراوەکانی ئەم رێرەوە فیکریە کێن؟ پەیوەندی ستروکتۆرالیزم وەک ووتارێکی هاوچەرخ لەگەڵ رەوتی رۆشنبیری جیهانی دا چیە؟...

ووتـــار:

دەبێت ئێمە تەواو ئاگاداری ئەو خاڵە ببین تا بتوانین مێژوویانە ئەوە دیاری بکەین چۆن چەمکی راستەبینەیی لەنێو ووتارەکانـــدا سەرهەڵدەدات. هەر ووتارێك کە لە هەر سەردەمێکدا سەرهەڵدەدات بایەخێکی خۆی دەبێت و دەبێتە بابەتێکی هۆشمەندی مێژوویی. واتە ووتار شتێکی ئەوتۆ نیە کە بەسەر بچێت و لەباد بچیت. بەلام گرنگ لەووتاردا ئەوەیە ئێمە ئاگاداری ئەو لایەنە ببین کە ئەو ووتارەی لە فلان سەردەمدا دراوە یان نزیك لەسەرهەڵدان لە سەردەمێکی دیدا، تاچ رادەیەك باشی و بەرائەت لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت؟

بەرای من دەبێت لە ووتاردا جەند بکرێتە سەر مەسەلەی ناکۆکی ناوەکی ووتار و بزانرێت تاچ رادەیەك تەناسوقێکی ناوەکی لەنـــاو ووتارەکەدا هەیە، ئینجا بەقووڵی دیراسەی ئەو بارودۆخە مێژوویییە بکرێت کە تیایدا ووتار سەری هەڵداوە، هەروەها ئەو لایەنـــەی لەنێو ووتاردا جۆرەجیاکاندا رووی داوە. تەنانەت ووتاریش لە هەمـــوو سەردەمێکدا هەوڵی داوە حەماوەیێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و خەڵکـــی

زۆر لەدەوروبەشتی خۆی کۆبکاتەوە ، بە تایبەت هەندێ لەو ووتارانە بەبێ هیچ هەولدانێك لەلایەن جەماوەرەوە و لەچرکەیەکی مێژوویدا پێشوازی کراون . بۆ نموونە ئەگەر بێتو " قورئان "(٢) بەدیاردەیەکی مێژوویی و ئەمجار بە ووتارێك دابنرێ ، ئەوا ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ کە ووتاری ناوبراو توانیویەتی " ئەمان بەشانی هەموو ووتارە ئاینییەکانی تر " خەلکێکی زۆر لەدەوروبەشتی خۆی کۆبکاتەوە ، هۆکاری ئەمەش بەندە بەو بارودۆخەوە کە ئەو ووتارە تیایدا سەری‌هەلداوە . واتە گرنگترین لایەن لە مەسەی ووتاردا ئەوەیە بەەای ناوەوەی بناسرێت و رۆشنایی بخرێتە سەر ناکۆکی ناوەکی یان ئەو ناکۆکیەی کە ووتار دەجولێنێت و پەیوەندی لەگەلّ جیهانی دەرەوەدا بۆ دروست دەکات .

هەر لەبەر ئەوەیە میشال فۆکو M.Foucult جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو ووتارێك لەژێر یاسادایە و هەر ئەویش دیاری دەکات. وە بەرهەمهێنانی ووتاریش لە هەموو کۆمەلگایەکدا بریتی‌یە لە بەرهەمێکی سانسۆرکراو(مراقب) و هەلبژێری و هەولدانیش هەیە لەنزیکەوە بۆ دەست بەسەراگرتن و دیاریکردنی . جا دەبینین فۆکۆ سنووری پێناسەکردنی ووتار تێدەپەرێنێ و جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە ووتاری راست ووتارێکی پەسەندکراو نەبووە لەبەر ئەوەی بەند نەبووە بە مومارەسەی دەسەلاتەوە " ممارسة السلطة "(٣). هەروەها لەهەمان بەرتووکدا ( کە لەراستی‌دا بریتی‌بە لە سیمنارێکی سەرەتایی بۆ دەرس ووتنەوە لەکۆلیجی دۆفرانس لەپاریس-٢ی دیسەمبەری ١٩٧٠ ) فۆکۆ دەلێت ووتار زاراوەیەکی زمانەوانی نی‌یە و هەموو بەرهەمێکی زەینی دەگرێتەوە ، جا پەخشان بێت یاخود شیعر ، ووتار بێت یاخود نووسراو ، تاکی بێت یاخود کۆمەلی ، خودی بێت یاخود دامەزراوی (مؤسسي) ، وە دەلێ ووتار مەنتیقێکی ناوەکی و پەیوەندکارییەکی دامەزراوی خۆشی هەیە(٤).

بەپێی ئەم پێناسەی فۆکۆ بۆ ووتار بۆمان دەردەکەوێ ووتار لە هەموو سەردەمێکدا کەسەر هەلدەدات بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو جۆرە ووتارانەی لەسەردەمی سەرهەلدانیاندا سەر بەدەسەلات

نابن تووشی کۆمەڵێ ئامرازی قەدەغەکردن و ڕاوبان دەبن ، بەتایبەتی ئاوردانەوەی فوکو لەوەی هەر سەردەمێك ووتاری تایبەتی خۆی هەیەو سترۆکتۆری ئەو ووتارەش بەندە بەو بارودۆخەی تیایدا دەرکەوتووە ، ئەوە دەردەخات کە فۆکۆ جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە ووتاردا دەکات کەلە کۆمەڵدا سەرهەڵدەدەن : ووتاری باو ( سائد ) کەدەبێتە ووتاری دەسەلات ( سلطة ) و هەمیشە قێستیغالی داکۆکی لێکردنی بۆ ساز دەکرێت، و هەوڵی بەگشتی کردنی دەدرێت لەنێو کۆمەلگادا . لەکاتێکدا ، بەپێچەوانەوە ، بەربەرەکانی یەکی زۆری ئەو جۆرە ووتارانە دەکرێت کە باو نابن و نابەستریتەوە بە مووماڕەسەی دەسەلاتەوە لەو چرکە مێژوویەی تێیدا دەرکەوتوون . بێگومان هەمیشە دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێو ئەو ووتارە ئایدیۆلۆژی و زانستیانەی لەکۆمەڵدا هەبوون و ئاگاداربوون لەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و زاڵ بوونی ووتاری ئایدیۆلۆژی و ئینجا جێگرتنەوەیان لەجێی ووتارەزانستیەکاندا . دەبێ بەتوندی ڕەخنە لەو جۆرە ووتارە ئایدیۆلۆژی و سیاسیانە بگیردرێت کە تا ئێستا لەمەیدانی شیکردنەوەی زانستیدا زاڵن . ئەوەتانی هەمان هەوڵدان لەلایەن جاك دریدا وە دەبینین بۆ هەڵوەشاندنەوە و گومان‌گرتن لەچەند ووتارێکی فەلسەفی سەردەم بە پێی ڕێڕەوی هەڵوەشاندنەوە " منهج التفكيك " وە . (٥) چونکە ئەمڕۆ چەند ووتارێکی فەلسەفی هەن کە بوونەتە ووتاری ئایدیۆلۆژی ، یاخود لە بنەمایاندا لایەنی ئایدیۆلۆژی و میتافیزیکی ( الميتافيزيقية ) لەگەڵ خۆ هەڵدەگرن و لەسەر ئاستی تیۆری زاڵ دەبن . هەر لەبەر ئەوەشە لێرەدا ئێمە وەك پرۆسەیەکی بیداگۆژی ـ سیاسی بابەخ بە نووسینی ئەم بابەتە :" ووتاری سترۆکتۆرالیزمی " نادەین ، بەڵکو وەکو کارێکی ئەدەبی . چونکە سترۆکتۆرالیزم کە لەشەستەکانی ئەم سەدەیەدا وەکو ئیسلوبێکی زانستی ڕەخنەی نوێ سەری‌هەڵداوەو بۆتە خاڵی یەکگرتنی زانستە کۆمەلایەتی و سروشتیەکان ، هەتا ئەمڕۆش ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە شیکردنەوەی ئەدەبی دا و لەهەوڵدانی

بەردەوامدایە بۆ خۆ بەکاڵاکردنەوە لەگەڵ ئەو جۆرە شیکردنەوانەی پشت بە هەندێ چمك و زاراوەی دۆگمایی و ڕەها دەبەستن .
ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو هەموو ڕەخنانە ئاڕاستەی ستڕۆکتۆرالیستەکان دەکرێن و ستڕۆکتۆرالیستەکان خۆشیان هێشتا ڕێك نەکەوتوون .

* * * *

**ووشەی ستڕۆکتۆر ( البنية - Structure ) :**

پێش ئەوەی پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین " ستڕۆکتۆرالیزم " چی یە ؟ دەبێ بپرسین " ستڕۆکتور " خۆی چی یە؟ چونکە پێش ئەوەی گوێمان لە ستڕۆکتۆرالیزم بێت ، زۆر لە بارەی وشەی سترکتۆرەوە ووتراوە . هەرچەندە ئەمڕۆ وشەی " ستڕۆکتۆر " لەلایەن نووسەر و لێکۆڵەرەوەکانەوە بە شێوەیەکی ڕوونکەشی لەبارەی دارشتنیەوە بەکاردێ ، بەڵام هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە وشەی " ستڕۆکتور " مانا بنەڕەتیدکەی خۆی وون ناکات لە بەکارهێنانی لەنێو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا .
چونکە وشەی " ستڕۆکتۆر " تەنیا وشەیەکی زمانی ڕووت نیە ، بەڵکو مانا و مەبەستێکی فەلسەفی و بگرە " ئەبستمۆلۆژی " یشی هەیە .
بۆ نموونە دەبینین چمکی " ستڕۆکتۆر " دەلالەیەکی " دلالة " جۆربەجۆری زۆری هەیە بەپێی ئەو بەکارهێنانەی لە هەردوو فەرهەنگی [ Larousse - Littre ] ی فەرەنسی دا هاتووە، ئەویش بریتی یە لەو ڕێگایەی شتێکی پێ دروست بکرێت ، یاخود ئەو ڕێگایەی بەشەکانی هەموو گشتێك ( کل ) یان مادەیەکی کانزایی یاخود کارێکی پیشەیی مونەسەقی دەمێت لەنێو یەکدا . کەچی دەبینین وشەی " ستڕۆکتۆر " لەزمانی عەرەبی دا بە " البنية " هاتووە و بە پێچەوانەی پرۆسەی ڕووخاندنە " الهدم " . واتە لێرەدا وشەی " ستڕۆکتۆر " مانایەکی ئەندازەیی تێدایە، ئەویش پرۆسەی دروستکردنە. لەزمانی عەرەبی دا کاتێ دەوترێت " ستڕۆکتۆری زمان - بنية اللغة " یان " ستڕۆکتۆری کۆمەڵ - بنية المجتمع " ، لەمەی دواوەدا وشەی " ستڕۆکتۆر " جۆرێ لە دامەزراندن یاخود دروست کردنی تێدا

دەبینرێت (٦) کە ڕەنگە لە بەراوردکردنی لەگەڵ هەندێ فەرهەنگی زمانی تری وەکو "لارووس و لیتەر"دا بەو شێوەیە بەکارهێنانی نەبینرێت، ئەوەشیان لەبەر ئەوەیە کە وشەی "ستروکتور" لەکرداری لاتینییەکەیەوە وەرگیردراوە کە "بنی" ی پێ دەووترێت لە زمانی عەرەبیدا - بە لاتینییەکەش بە "Struere" هاتووە. ئەمەش ئەو بابەتە گونجاوو ڕێکە دەگەیەنی کە یەکەیەکی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە. بۆ یەکەم جار ووشەی "ستروکتور" لەساڵی ١٩٢٩ دا بەکارهاتووە، دوای ئەوەش لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا وەکو وشەیەکی سەرەکی بلاوبۆتەوە. مەسەلەی بەکارهێنانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنگرەیەی هەرسێ زانایانی ڕووسی: جاکۆبسۆن و کرۆیتسکوی و کارشنکی، لە پراگ بەستیان. ئەوە بوو تێیدا بڕیاریاندا ڕێرەوێك دابنێن و ناوی ڕێرەوی ستروکتورالیزمان لێنا، بۆ ئەوەی ببێتە تاکە ڕێرەوی زانستی کەتوانای ئەوەی هەبێت لەیاسای ستروکتوری سیستەمە زمانەوانیەکان بکۆڵێتەوە. بەم پێیە وشەی "ستروکتور" ئەمڕۆ لە نووسراوە کۆمەلایەتیەکاندا دیکتاتۆریەتێکی خۆی هەیە و هەرچەندە ڕاڤەکردن و لێدوانی زۆر دەربارەی، بۆتە هۆی ئەوەی مانا بنەرەتیەکەی بشێوێنێ، لەکاتێکدا خۆی بریتییە لە ڕێگایەك یاخود کۆششێك بۆ پێشکەش کردن و شیکردنەوەیەکی هاوتا و یەکگرتوو بۆ کۆمەڵێ کێشەی فیکری. کەواتە بوونی "ستروکتورالیزم" "بە زمانێکی ڕاڤەکردن لە شارستانیەتی هاوچەرخماندا" (٧)، توانیویەتی کۆمەڵێ نووسەر و بابەت بێکەوە بێنێت کە ڕەنگە لەو جۆرە ڕێرەوانەی پێش خۆیدا بەو قەبارەیە نەبینرابێ. ئەوەتا لەبواری زمانەوانیدا جاکۆبسۆن Jakobson و شۆمسکی Chomsky و لەبواری شیکردنەوەی دەروونیدا جاك لاکان J.Lacan و لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕۆلان بارت R . Barthes و لەبواری فەلسەفەدا میشال فۆکۆ M.Foucault و لوی ئالتۆسیر L. Althusser لەبواری مارکسیزمدا و لیفی شتراوس L.Strauss لە بواری ئەنترۆپۆلۆجیادا، لەگەڵ جیاوازی بواری کارکردنیان سەرجەم

توانیویانە ڕێرەوی ستروکتورالیزم ببەستنەوە بەشیکردنەوەکانیانەوە و ئینتمایان بو ستروکتورالیزمی بگوڕنەوە .

هەرچەندە لێکوڵەران دان بەوەدا دەنێن کە ئەم ڕێرەوە شیکردنەوەیە سەرەتایەکی کونتری هەیە وەك لەوەی کە دەدرێتە باڵی و دەگەڕێتەوە بو هەندی لەناسراوانی فیکری وەکو ئەرستوو ڕوسو و کانت، بەلام ئەم خالەیان تارادەیەك جێی گومان لێکردنە . لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین شتراوس لە لێدوانێکدا لەم بارەیەوە دەدوێت و زێتر جەخت لەسەر ئەو سەرەتایە دەکات ، تەنانەت دەلێت " ستروکتورالیزم " لە نێوان سالەکانی ١٩٥٠-١٩٦٠ وە نەهاتوتە کایەوە و لە فەرەنساوە سەری هەلنەداوە ، بەلکو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بو سەردەمی ڕێنسانس بە فەلسەفەی ناتورالیزمی لای گوتە تێئەپەڕێ تا دەگاتە زمانەوانی لە لای هەمبولت Humbolt و سوسیر . تەنانەت شتراوس لێرەدا بەربەرچی ئەوە دەداتەوە کە سەرهەلدانی " ستروکتورالیزم " بە ماوەیەکی کورتەوە ببەسترێتەوە و بەندیش بکرێت بە چەند کەسانێکەوە ، هەروەها لەسەر ئاستی واقیعی فەرەنسی ، بکرێتە ئاکامی باری دوای دیگولیەت و پایانی جەنگی جیهانی دووەم و گەرانی فەرەنسیەکان بەدوای مودێلێکی " نموذج " فیکری دیدا کە ئاستی خویانی لە ئەوروپا پێ بەرزبکەنەوە . (٨) هەر لەبەر ئەوەشە شتراوس ئەو ڕایانە بەرای دەستەکییانە دادەنێ بو سەرهەلدانی ستروکتورالیزم .

لەدواییدا ئەو لایەنانە زێتر ڕوون دەکەینەوە کە باس لەهاوبەشی شتراوس لە بواری شیکردنەوەی ستروکتورالیزمیدا دەکەین ، ئینجا کێشەی فەلسەفی نێوان شتراوس و سارتەر ، یاخود شیکردنەوەکانی ئەنتروپولوژیای ستروکتورالیزمی ( الانثروبولوجیا البنیویة ) وشیکردنەوەکانی ئەکزیستانسیالیزمی ، کە شتراوس توانیویەتی داڕبڕینێك بەشیکردنەوە ئەنتروپولوژیەکانی بکات لەگەڵ فینومولوژیای سارتەریدا .

* * * *

**بارودۆخی سەرهەڵدانی :**

ئەگەرچی سترۆکتۆرالیزم وەکو ڕێبازێکی فیکری سەرانسەری مێژوویەکی کۆنی خۆی هەیە ، بەلاّم دیاردەیەکی نوێیە و ڕەنگە سەرهەڵدانی بگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کانت (٩) . واتە ناتوانین بلێین شیکردنەوەی سترۆکتۆرالیزمی سوودی لە ئامرازەکانی لێکدانەوەی سەردەمە ئەبستمیەکانی پێش خۆی وەرنەگرتووە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی دابڕینێکی ئەبستمۆلۆژی " القطيعة المعرفية " لەتەکیاندا بکات ، بەوەی کە تەکنیکی لێکدانەوەی خۆی هەیە وەکو سیستەمێکی ئەبستمی " نظام معرفي " . بەتایبەتی کاتێ سترۆکتۆرالیزم لە شەستەکانی ئەم سەدەیەدا هاتەکایەوە ، زۆربەی ڕێڕەوەکانی پێش خۆی بەندی هەندێ چەمکی فەلسەفی لەشێوە لێخورد بوونەوەی (تأملي ) بووبوون .

پێش ئەوەی " سترۆکتورالیزم " لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ لەفەرەنسا سەرهەڵدات ، لە ئەمەریکا شەپۆلێك هەبوو بەناوی" زانستی زمانەوانی سترۆکتۆرالیزمی " ناسرابوو ، کە لەسەردەستی دوو زانای ئەمەریکی پەرەی سەندبوو کە بایەخیان بە سایکۆلۆژیا دەدا ، واتە سابیر کەپشتگیری قوتابخانەی ڕاتسیۆنالیستی " العقلية "ی دەکرد و بلۆمفلید کە پشتگیری قوتابخانەی ڕەوشتی " السلوكية "ی دەکرد . لەبلۆکی سۆسیالیزمیشدا کەسانێك هەبوون کە ئەمڕۆ شایانی باسکردن بن لەم بارەیەوە ، چونکە هاوبەشێکی چڕیان کرد لەبواری زانستی زمانەوانی سترۆکتۆرالیزمی‌دا و لەساڵی ١٩٢٨دا کۆنگرەیەکیان لە " بلاهای " ـ هۆڵەندا بەناوی " زانستی زمانەوانەوە " ڕێك خست ، ئەو سێ زانایەش بریتین لە : جاکۆبسۆن و ترۆبتسکوێ و کارشفسکی . ئەوەی شایانی باسە ئەم زانایانە کۆمەڵێ سمیناری زانستیان پێشکەش کرد و دواجاریش بانگەوازی یەکەمین کۆنگرەی زمانەوانی " سلاف "یان کرد لەپراگ و لەساڵی ١٩٢٩ دا ووشەی " سترۆکتور " یان بەو شێوە فراوانە بەکارهێنا کە ئەمڕۆ بەکاردێت .

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بێتو ئەمڕۆ باسی سەرەتایەکی مێژوویی " سترۆکتۆرالیـــزم " بکرێت و ئەو سەرەتایەش بەند بێت بە زمانەوانییەوە زێتر وەك لــــە زمانەکانی تر ، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت ڕۆڵی فردیناند دی ســۆسـیر F.Desaussure (١٩١٣-١٨٥٧) لەم لایەنەوە کەم بکرێتەوە کــە بەدامەزرێنەری سیمیۆلۆژیا " Semiologe " دادەنرێت وتوانیوبەتی شۆڕشێکی زمانەوانی " السنی - Lingusistiqe " لەناو ڕێڕەو ی سترۆکتۆرالیزمی‌دا بەریا بکات . هەرچەندە سۆسیر لەو کۆمەڵــــــە نووسراوانەدا،کە دوای خۆی قوتابیەکانی بەناوی " چەند وانەیــــەك دەربارەی زمانەوانی گشتی - دروس فی الالسنیة العامة " بلاویــــان کردونەوە ، وشەی " سترۆکتۆر " ی بەکار نەهێناوە ، بەڵکو لەبری ئەوە وشەی نەسق" نسق " یاخود سیستەم " نظام " ی بەکارهێناوە و توانیوبەتی جیاوازی نێوان زمان " اللغة " و ئاخاوتن " الكــــلام " بکات .

ئەگەرچی لەپاشدا زێتر هاوبەشی سۆسیر و ئەمجا ووتــــاری زمانەوانی ،کە بەگرنگترین ووتاری نێو " سترۆکتۆرالیزم " دادەنرێت ، ڕوون دەکەینەوە ، بەڵام ئەوەی دەبینرێ " سترۆکتۆرالیزم " لەبیســـت ساڵی ڕابردوودا لەفەرەنسا زۆرتر گەشەی کردووە و توانیویەتی ببێتــە ڕێڕەوێکی شی‌کردنەوە لەبوارە زانستیەکاندا . بێگومان لەلایەن مێـژووی فیکری فەرەنسیەوە ، سەرهەڵدانی سترۆکتۆرالیزم وەکو ڕێڕەوێکــــــی شی‌کردنەوەی زانستی شتێکی تازە نیە ، چونکە پێش ئەم مێژووە لـــە هەمان کۆمەڵگادا و لەماوەی نێوان ساڵەکانی ( ١٩٠٠-١٩٢٠ ) دا برگسۆنیەت و لەماوەی نێوان ساڵەکانـــــی (١٩٤٥-١٩٦٠ )دا ئەگزیستانسیالیزم سەریان هەڵداوە و جەماوەری خۆیان هەبـــووە . ڕۆشنبیرانی فەرەنساش وەکو ڕۆشنبیرانی هەموو کۆمەڵگایەك قێستیڤاڵــی داکۆکی و بەرپەچیان بۆ ئەو جۆرە ڕێڕەو و بیرکردنەوانە کردووە و ئەمجا هەریەك لەو بیرکردنەوانە توانیویانە کارێکی زۆر بکەنە ســـەر فەزای ڕۆشنبیری فەرەنسا بەتایبەتی و ڕۆژئاوا بەگشتی . سەرهەڵدانی

" ستروکتوڕالیزم " لە کۆمەڵگایەکی وەکو فەرەنسادا لە ئاکامی زاڵبوونی هەندێ سیستەمی فەلسەفی کلاسیك و نەزۆك بووە کە لەشێوەی بیرکردنەوەی لێ خورد بوونەوەی باڵیان کێشابوو بەسەر ژیانی ئایدیۆلۆژی ئەوێدا تا ساڵی ۱۹٦۰. (۱۱) واتە ئەو ڕێبازە فەلسەفیانەی پێشوو نەیانتوانیوە وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار و کێشەی فەلسەفی بدەنەوە کە لە کۆمەڵگەدا هەبوون ، ئەوە بووە هۆی پێویستی بوونی ئەم ڕێڕەوە شیکردنەوەییە ، بۆ سنووردانان بۆ دەسەڵاتی ئەو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتاریزمانەی " الایدیولوجیات الکلیانیة " ماوەیەکی زۆرە ڕێگەیان لە شیکردنەوەی زانستی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتووە.

ڕەنگە " ستروکتوڕالیزم " ـ وەکو سیستەمێکی ئەبستمی ـ نەی توانیبێت پێداویستییەکانی سەردەم پڕ بکاتەوە ، جا ئەمە بەهۆی بارودۆخی چەمکی ستروکتور و ئەو کێشانەوە بێ کە لە پەیڕەوی کردنی لەنێو زانستە جۆربەجۆرەکاندا دێتە ئاراوە ، یاخود بەهۆی ئەو کێشە ئایدیۆلۆژی و میتۆدۆلۆژییانەوە بێ کە لەنێو ستروکتوڕالیزمەکان خۆیاندا هەبووە . هەر لەبەر ئەمەش ئەمڕۆ لەڕۆژئاوا ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ستروکتوڕالیزم دەکرێ و بێ کەم و زیاد هەموو نووسەرانی گرتۆتەوە ، هەر لە سۆسیر و شتراوس و بارت و فۆکۆ وە تا دەگاتە ئەوانەی ئەمڕۆ پێیان دەوترێ ئەودیوی ستروکتوڕالیزم " مابعد البنیویة ـ Post structuralism " وەکو جاك دریدا و جیل دیلۆز و . . . هتد . هەندێ لەو هەوڵدانانەی تر کە بۆ بەرپەرچ دانەوەی کەلەپووری تیۆری ـ ستروکتوڕالیزمی دراوە ، ستروکتوڕالیزمیان بە بزووتنەوەیەکی ڕاستڕەوانە لە فەرەنسا بەتایبەتی و لە ئەورووپای ڕۆژئاوایی بەگشتی لە قەڵەمدا . لەو بەرتووکانەی لەم ساڵانەی ڕابردوودا دەرچوون بۆ ئەو مەبەستە ، بەرتووکی " بیری ئایاری ۱۹٦۸ ـ فکر ایار ۱۹٦۸ " ە کە تیایدا هەردوو نووسەری فەرەنسی ( لۆك فیری و ئالان ڕینۆ ) باسی ئەنتی هیومانیزمی " اللاانسانویة ـ Antihumanisme " هاوچەرخ دەکەن و هەندێ نووسەری وەکو

فۆکۆ و دریدا به تێکدەری فیکری ڕۆژئاوایی دادەنێن ، تەنانەت بەوەش تاوانباریان دەکەن گوایە ئەوان نوێکەرەوەی بیری" نیتشەوی و هێدگەری " ین لەفەرەنسا . هەروەها " سەردەمی سترۆکتۆرالیزمی ـ عصر البنیویة " کەلەلایەن " ئیدیت کیروزیل " موە نووسراوە بۆ هەمان مەبەست و بریتی‌یە لە پاککردنەوەی حیساب لەگەڵ میراتی سترۆکتۆرالیزمی‌دا (١٢) . . ئەمانە و تا ئەمڕۆش ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر سترۆکتۆرالیزم ـ لەڕۆژنامە و پەرتووکەکاندا ـ ئەوە ناگەیەنێت کە سترۆکتۆرالیزم نەیتوانیوە ببێتە ئیسلوبێکی شی‌کردنەوە یاخود سەر هەڵدانی بەخۆرایی بووە و هۆکاری مێژوویی خۆی نەبووە .

* * * *

### سترۆکتۆرالیزم لەنێوان :
### ئایدیۆلۆژیا و زانست ، زێرمو یاخود فەلسەفەدا

بێگومان تێڕوانین بۆ سترۆکتۆرالیزم ، وەکو ئایدیۆلۆژیایەك ،بەندە بەو لێکدانەوانەی بەردەوام لەدەرەوەی پێنوسی سترۆکتۆرالیزمی لەسەری دەکرێ . هەرچەندە هەموو ووتارێك بەشێك لە ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت ، بەلام گرنگ لەوەدایە کە ئەو ووتارانە لەیەك ڕیز لە ئایدیۆلۆژیا پۆل نەکرێن و ئەمجار " ووتاری ئایدیۆلۆژ" یش ناتوانرێت هەرگیز لە سترۆکتۆری کۆمەلایەتی جیابکرێتەوە . هەرچەندە ئەمڕۆ چەندین تەکنیکی شی‌کردنەوەی نوێ هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەلالەی ووتار لە ڕووی سۆسیۆلۆژی و دەروونی‌یەوە،یاخود بەپێی شیکردنەوەی زمانەوانی" السنی " بۆ تێگەیشتنی زێتر لە مانا وهێمای ووتار ، بەلام ناتوانرێت گومان لەوە بکرێت کە " ووتاری سترۆکتۆرالیزمی " ڕۆلێکی نەبینیبێت لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و تیۆری ، کە ئەوەشیان زێتر پەیوەستە بەو بارودۆخە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەی فەرەنساوە . چونکە لە کاتێکدا " سترۆکتۆر " وەکو وشەیەك ئەمجار بوونی بەرپێرەوێك لەشوێنێکی وەکو فەرەنسا زێتر

گەشەی کردووە وەك لە هەر وولاتێکی تری ڕۆژئاوا ، بایەخی ڕاتسیۆنالیستی و ئەمجار میتۆدۆلۆژی خۆی هەبووە . کەچی دەبینین هێرشێکی زۆر دەکرێتە سەر چمکی " ستروکتور " و " ووتاری ستروکتورالیزمی " ، ئیتر چ لەلایەن مێکری ئەڵمانیاییەوە بێت " بەتایبەتی قوتابخانەی فرانکفورت " یاخود لەلایەن کۆمەڵناسی و دەروونناسی ئەنگلۆ سەکسۆنییەوە بێت . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە " ستروکتورالیزم " لەنێو ئەم هەرایەدا هاتۆتەکایەوە ، نووسەرانی توانیویانە پشت لە ئایدیۆلۆژیا بکەن و شیکردنەوەکانیانی لێ دوورە پەرێز بکەن و ئەمجار وەکو ڕێرەوێکی توێژینەوەی زانستی " منهج للبحث العلمي " ، نەوەك وەکو تیۆرێك ، بەکاری بهێنن ، وەك ئەوەی لای شتراوس دەیبینین بەکاردێ بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لەڕووی پەیوەندی ژن هێنان و خزمایەتی و میتۆلۆژیا " اساطير " ەوە ،یاخود ئەوەی ئالتۆسیر کردوویەتی لەم بارەیەوە بۆ زێتر بەهێزکردنی تێزی مارکسیستی و ڕزگارکردنی لە هەندێ شیکردنەوەی دۆگمایی هەرزان . تەنانەت ئالتۆسیر دان بەوەشدا دەنێت کە مارکس توانیویەتی شیکردنەوەیەکی ستروکتورالیزمی " بنیوي " بکات بۆ سیستەمی سەرمایەداری (١٣) .

سەرەڕای هەموو ئەوانە ، مەسەلەیەکی گرنگتر هەیە کە پەیوەستە بەوەی هەندێ لە ستروکتورالیزمەکان " البنيويين " هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان لەوە دەرباز بکەن بە " ستروکتورالیزمی " ناو ببرێن . ئەوەتا میشال فوکۆ دەڵێت : ناتوانریت بە ئاسانی پێناسەیەك بۆ ستروکتورالیزم دیاری بکەین ، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین بەئامازەکردن لەبۆ ئەم ناوە ، ئامازەی کۆمەڵێ شیکردنەوە و ڕێرەو و بەرتووکی جۆربەجۆرد ەکەین ، وەك ئەو جۆربەجۆرییەی کە بۆ نموونە دەیبینین لە نێو مێژووی ئاینەکان بەپێی ئەوەی دۆمێزێل Dumezil دایناوە و شیکردنەوەی میتۆلۆژیا لەلای لیڤی شتراوس و شیکردنەوەی شانۆگەرییە تراژیدیەکانی ڕاسین Racin کە بارت پێی هەڵساوە ، هەروەها

شی‌کردنەوەی چیرۆکە میللیەکان کە ڕووسەکان کردوویانە ـ وەکـــــو پرۆپ Propp، شی‌کردنەوەی سیستەمە ( نسـق - System ) فەلسەفیەکانی جیرۆ Guerolt کردوویەتی (١٤). جا فۆکۆ دەڵێت هەموو ئەم کارانە لەژێر ناونیشانی " ستروکتورالیزم " دا پۆل دەکرێن، بەلاّم " ستروکتورالیزم وشەیەکی سادە نیە و گۆمڕا و ئاڵۆزییەکی خـۆی هەیە لە بەکارهێنان دا، ئەوەش زێتر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی لکـاوی ( اللماس ) ستروکتورالیزم کە بایەخ بەهەموو شتێك دەدات: فەلسەفە و پڕۆپاگەندە و سینەما و شی‌کردنەوەی دەروونی بۆ سوزەکان..! (١٥) لەبەر بەرفراوانی ئەو جمکە و ئەو بوارانەی تێی دەچێت، فۆکـــۆ جەخد لەسەر ئەوە دەکات کە فەلسەفە نیە، بەڵکو دەتوانرێـــــت ببەستریتەوە بە فەلسەفە جۆربەجۆرەکانەوە، هەروەکو ئەوەی لەکارەکانی ئاڵتۆسیر و شتراوس دا دەبینرێت. تەنانەت بەرپەرچی ئـــــەوەش دەداتەوە کە " ستروکتورالیزم " ڕێرەوێش بێت، چونکە کارێکی ئاسان نیە تێبینی لایەنی لەیەك چوونی ڕێگای ستروکتورالیزمی بۆ شــــی کردنەوەی چیرۆکە میللیەکانی پرۆپ و ڕێگای شی‌کردنەوەی سیستەمـــە " نسق " فەلسەفیەکانی جیرۆ، یاخود لەیەك چوونی شی‌کردنـــەوە ئەدەبی و هونەرییەکانی فریدا لەئەمەریکا و شی‌کردنەوەی میتۆلـۆژی لەلای شتراوس بکەین (١٦).

هەرچەندە نەبوونی " ستروکتورالیزم " بە فەلسەفە تائێســــتا لەسەر ئاستێکی تیۆری یەکالاّ نەکراوەتەوە و کۆڵدمان وای دادەنێ کە ستروکتورالیزم فەلسەفەی کۆمەڵێکە کە باریان چاك بکات، بەلاّم لـە هەمان کاتدا هەوڵێ ئەوەش دەدات هەموو بەرپرسیاریەکیان لەســەر لاببات. جا بۆیە بانگەوازی ئەوە هاتە کایەوە کە " ستروکتورالیـزم " جێگای خۆی، وەکو ڕێڕەوێکی شی‌کردنەوە، لەق کردووە، بەتایبەتـی دوای ڕووداوەکانی قوتابیانی ئایاری ١٩٦٨ی فەرەنسا (١٧).

ئەوەی هەستی پێ‌دەکرێت ئەوەیە " ستروکتورالیزم " جـــۆرە یەکایەتیەکی خۆی هەیە لەنێو ئەو جۆرە کارانەی کاری تێدا دەکات،

هەر ئەو جۆرە بەکاپەتیەشە هەموو ستروکتورالیزمەکانی " البنیویین " بێ جیاوازی پێکەوە بەستۆتەوە . بەبێ پشتگیری کردنە سەر ئـــەو لێکدانەوە ئایدیۆلۆژیانەی لەدەرەوەی " تێکستی ستروکتورالیزمـــی " بۆ ئەم دیاردەیە دەکرێت کە ئایا ستروکتورالیزم ئایدیۆلۆژیایە یاخود زانست ، گومان لەوە ناکرێت کە ستروکتورالیزم هەندێ چمــك و زاراوەی ئایدیۆلۆژی و بگرە " میتافیزیك " یشی لەگەڵ خۆیـــــدا هەڵگرتووە ، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵدانانەی لەنێو " تێکستـــــی ستروکتورالیزمی " دا دەدرێ بۆ دەربازبوون لەسێبەری ئایدیۆلۆژیا و دوورخستنەوەی شیکردنەوەکان لێی . ئەوەتانێ ڕۆبرت شۆلز لـــە پەرتووکی " ستروکتورالیزمی ئەدەبی " دا دەڵێت کەسانی وەکـــو جان بیاجێ و ڕۆلان بارت جەغد لەسەر ئەوە دەکەن کە ستروکتورالیزم ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوە زێتر وەك لەوەی ئایدیۆلۆژیا بێت ، بەلام من لە گەڵ ئەو ڕایەی مارکسیزمدام کە دەڵێت " هەموو ڕێگایـــەك ئایدیۆلۆژیای خۆی هەیە " و " ستروکتورالیزم " یش لەمە بێبـــەری نیە (١٨) . جا ئەمە تەنیا لەدەرەوەی ستروکتورالیزمەکان نیـــە ، بەڵکو هەمان بۆچوون لە نێو خۆشیاندا بەدی دەکرێ ، وەك ئەوەی فۆکۆ لە پەرتووکی " ارکیولوجیا المعرفة " دا باسی " ستروکتورالیزم " ناکات و تەنانەت ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە بە " ستروکتورالیزمـــی " ناو ببرێت . یاخود (شتراوس)ی ئەنترۆپۆلۆژیست بەهەمان شـێـوە خۆی لەوە دەرباز دەکات ڕێرەوەکەیان بە فەلسەفە ناوببرێــت ، ئەگەرچی نوسراوەکانی فۆکۆ - بۆ " ارکیولوجیا المعرفة " یاخـــود " الکلمات والاشیاء " - و نووسراوەکانی شتراوس - "الانتروبولوجیا البنیویة " و " الفکر المتوحش " ، شان بە شانی نووسراوەکانــــی ئالتۆسر و جاك لاکان و . . . هتد فۆناغێکی فەلسەفی جاکیـــــان بریوە ، لەگەڵ هەموو باراستن و تێبینیەك بۆ ئەو جیاوازییەی لـــە " ئیسلوبی ستروکتوری " ناو ئەواندا هەیە .

هەرچەندە ئێمە گومان لەوە ناکەین کە " ئایدیۆلۆژیا " یاخـود

" ووتاری ئایدیۆلۆژی " مێژوویەکی تایبەتی خۆی نەبێ و ئەمجار پرۆسەی وەزیفە کۆمەڵایەتیەکەشی هەمیشە زاڵتر نەبێ لەوانی تر . ئەگەرچی ئەو کێشەیەی ئەمڕۆ لەنێو بازنەی ستروکتورالیزمیدا هەیە ئەبستمۆلۆژی ترە وەك لەوەی ئایدیۆلۆژی بێت ، کە ئەمەی دواوەیان زێتر لەدەرەوەی تێکستی ستروکتورالیزمە و هەر لەدەرەوەشی دەمێنێ .

- ماوەتی -

## پەراوێزەکان

۱ ) بەتایبەت لەهەندێ بەشەکانی زانستە . وەك زانستە مرۆڤایەتییەکان ( وەکو : ئابووری ، فەلسەفە ، کۆمەڵناسی ، شیکردنەوەی دەروونی و ئەدەبی ، ئەنترۆپۆلۆژیا ... هتد ) و زانستە سروشتییەکان ; وەکو بایۆلۆژیا ، فیزیا و ... هتد .

۲ ) بڕوانە ئەو شیکردنەوانەی کە " محەمەد ئەرکۆن " ئەمارەسەوە کردوویەتی . لەراستیدا ئەمڕۆ " ئەرکۆن " توانیویەتی زۆربەی عەرەبی لە هەندێ شیکردنەوەی ئەرتەدۆکسی و ئایدیۆلۆژی هەرزان بپارێزێت و ئەمجار " ئەرکۆن " توانیویەتی ... شیکردنەوە و بەراجووبونەوەی " قورئان " و مەسەلەی " رۆژهەلات ناسی " سوود لەهەندێ رێڕەوی هزری تازەی ئەمڕۆی ئەوروپا وەربگرێت ، لەوانە ئەنترۆپۆلۆژیا و زمانەوانی و " رێڕەوی شیکردنەوەی " جاك دریدا .

۳ ) بڕوانە ، میشال فۆکۆ : " سیستەمی ووتار " ، کە " محمد سبیلا " وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ، چاپی یەکەم ، بەیروت ۱۹۸٤ ، ل ۱۳ .

٤ ) بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ٥ .

٥ ) " جاك دریدا " ئەمڕۆ یەکێکە لەو کەسانەی بە " ئەودیوی ستروکتورالیزم " ـ " ما بعد البنيوية " ناسراون و ... شیکردنەوەکانی کە پشت بەرێڕەوی هەڵوەشاندنەوە ـ " التفكيك " دەبەستێ ، کێشان ئەوە دەکات ... " مرکز " وەکو ـ ... و ... لەراستیدا ...

ڕۆژئاوایی دەکات . وە هەڵوێستی سەبارەت بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەکات و ئەو سەدا سەنتەرییانە هەمووی ئاشکرا دەکات و دەیدرێ سنووری تێکستی ستروکتورالیزمی تێدەپەڕێنێ و قایل نابێت ئەو " تێکستە " دوور لە خوێنەر و هۆکاری دەرەکی وشەرووسینی بگرێتەوە . لەو بەرهەمانەی بەناوبانگی ئەم بارەوە بووسیوێتی و ئێستا وەرگێڕدراون : " گراماتۆلۆژیـــــا - Grammatologie " ساڵی ١٩٦٨ دەرچووە ، " الکتابـــة والاختلاف " لە ساڵی ١٩٦٧ دەرچووە .

٦) بڕوانە ، د . زکریا ابراهیم : " مشکلة البنیة " ، قاهرة ، ساڵی ١٩٧٦ ، ل ٢٢ .

٧) بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ١٠ .

٨) بڕوانە ، گۆڤاری " الفکر العربي المعاصر " ، ژمارە ٢-٧ ، ساڵی ١٩٨٠ ، بەیروت .

٩) بڕوانە د . فواد زکریا " آفاق الفلسفة " ، سلسلـــة الفکر المعاصر ٦ ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٨ بەیروت ، دار التنویر ل ٢٧٢ .

١٠) بڕوانە محمد الصالحي ، گۆڤاری " الاقلام " ی عێراقی ، ژمارە ٦٣ ، تەمووزی ١٩٨٨ ، ل ٦٦ .

١١) بڕوانە عوسمان سعد : " ستروکتورالیزم و مارکسیزم " ، چاپی یەکەم ، ١٩٨١ ، دار ابن خلدون - بەیروت ، ل ١٣ .

١٢) ئەم بەرتووکە " سەردەمی ستروکتورالیزمی " لەلایـــەن " دار الآفاق " ی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٥ دا چاپکراوە و " جابر عصفور " وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی . لە ڕاستیدا ئەم بەرتووکە کە لەلایەن " ئێدیت کێرزوێل " ەوە نووسراوە ، ڕێنیە لە بۆچوونەکردنەوەی هەندێ " ئەمەریکی " لەگـــەڵ میراتی ستروکتورالیزمی فەرەنسیدا .

١٣) لویس ئالتوسێر ، بە دامەزرێنەری ستروکتورالیزمی مارکسیزمـــی دادەنرێت لە ماوەی شەستەکان و گەڕانەوەی مارکسیزمدا . وە لەو خوێندنەوەیەی داکەڕ و پەیدەی بۆ بەرهەمی سەرمایەکەی " مارکس " : " سەرمایە " ، کە تا ئێستاش لەسەر ئاستـــی جیهان سەرنجی خوێنەری پێ ڕاکێشاوە . توانیویەتی چەند شتێک لە فکری مارکس و لەسەر ئاستی تیۆری بدۆزێتەوە کـــە

هەواڵنامەی کتێب

گۆڕا بووبێت ، بەداڵ بەدابڕینی ئەپستمۆلۆژی دەشێت لە فکری مارکس دا و قۆناغی فکری مارکس دەکاتە دوو بەشەوە : ئایدیۆلۆژی و زانستی .

١٤) بڕوانە میشال فۆکۆ : " ستروکتورالیزم و شیکردنەوەی ئەدەبی " کە لە گۆڤاری " العرب و الفكر العالمي " دا بڵاوکراوەتەوە و محمد النحاس وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی . ژمارە یەکی زستانی ١٩٨٨ ل دا . ئەوەی شایانی باسە ئەم بابەتەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەگۆڤاری " یەکگرتـــــن " دا بڵاودەبێتەوە لەداهاتوودا .

١٥) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ل١٦ .

١٦) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

١٧) ڕووداوی ئاداری ساڵی ١٩٦٨ی فەرەنسا ، بە ڕووداوێکـــی قوتابیانەی نمایشکارانە دادەنرێت و لەگەڵ ڕوودانیدا دەستـــی ڕاستڕەوەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا بە تایبەتی بەرزبووەوە کە ئەم بزووتنەوەیە بریتی بە لە هەڵوەشاندنەوەی " سیستەمـــی زانستی " . ئەوەبوو هەندێ نووسەرێک ویستیان بیسەلمێننەوە بە وەی کە بریتییە لەبنیاتی " ڕێڕەوی ستروکتورالیزمی " و ئـــەم تیۆرییە بۆ گونجان لەگەڵ هەوای پێشبینی هاوچەرخدا .

١٨) بڕوانە ڕۆبێرت شۆلز : " البنيوية في الادب " ، وەرگێڕانی " حنا عبود " لەبڵاوکراوەکانی " اتحاد الكتاب العرب " ، دمشق ١٩٨٤ ، چاپی یەکەم ل٢٢٠ .

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پۆستە | منصب | داکۆکی | دفاع | ڕێباز | مذهب |
| ڕێڕەو | منهج | تیۆر | نظرية | فەزا | فضاء |
| ئاماژە | اشارة | پرۆسێس | عملية | هۆ | سبب |
| ڕۆشنایی | اضواء | تێز | اطروحة | هۆکار | مسبب |
| جەخت | تأكيد | ڕەوت | سير | دەسەڵات | سلطة |
| ساو | سائد | شکست | فشل | دامەزراو | مؤسسة |
| بن دەست | محكوم | فەرالستان | امبراطورية | زاڵ | غالب ـ مسيطر |
| ڕەها | مطلق | ڕۆژهەڵاتناسی | الاستشراق | | |
| ئاراستە ، ئاقار | اتجاه | ڕاستڕەوی | اليمينة | | |
| هەمە | كل | نوێکاری | تجديد | | |
| ڕاڤە | شرح | تازەگەری | حداثة | | |
| ملۆك | كتلة | ماوە | خلال | | |

* * *

# پێناسەیەك بۆ ئەزمەی کەسایەتی لەواقیعی ئەمڕۆی جیهاندا

ب . نووری

" هەمیشە دۆرکهایم* ئەیوت ئەگەر کۆمەڵناسی هیوای ئاراستەکردنی ئازاری مرۆڤی نەبێت ، ئەوەندە بەهای نیە کە تەنیا سەعاتێك لێی بکۆڵرێتەوە. دەرمانی ئازارەکانی لەش وەك دەسەڵات بەسەردا شکاندنی پزیشکی ، تەکنیك و زانستیە ئابوریەکانە . بەلاّم ڕۆڵی کۆمەڵناسی ( ئەگەر ڕۆژێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا ) ئایا ئەوە نیە کە بەشێوەیەکی تایبەتی کۆمەڵگا لەترس و شێتێتی بەکۆمەڵ چارەسەر بکات و مرۆڤ لە ئاشوبە کۆمەڵایەتیەکان وکاریگەریە ویرانکاریەکانی ئازاد بکات ؟ چۆن ئەتوانرێ لە خراپەی ئەم ئەشکەنجە دوابەدوایەکیە ڕزگار بکرێت ؟ ئایا لەپشتی ململانێ و شەڕوشۆڕی ئێمەوە ڕاستیە بنیاتکەر و پەیوەندیە هاوتاکاریەکان بوونیان نیە ؟... (١)

بەسەرەتای ئەو گوتەیە و بەهەمان مەبەستی ئەو ، ئەم هەوڵدانە خێراو کەمە دەخەینە بەردەست ، کەزیاتر لایەنی شیکردنەوەی پێکهاتن و شێواندنی کەسایەتی لەخۆگرتووە و سەرەتایەکە بۆ گەڕان بەدوای پێناسەکردنی خودی مرۆڤ لەناو ئازارە کۆمەڵایەتیە گشتیەکاندا ، لەبارودۆخی بابەتی و خۆیی پێکهاتووی ئەم سەردەمەدا ، لەناو نەبوونی هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لەو پێکهاتووەدا .

درندایەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە مەفهومێکی گشتی و

* [illegible] کۆمەڵناسی
[illegible]

سەرتاسەریە ، بارە کۆمەڵایەتیەکەی مرۆڤی لەبارنەبردووە و تەنیا ئەوەندەی ماوەتەوە کە وەك ئامێرێك بێ یاداشت ،بێ ڕابردوو ، بێ دوا ڕۆژ بکەوێتە نێوان جۆرەها حەسەری دژ بە یەك و ناکۆکەوە ، کە بەرئەنجامەکەی ونبوون و بەکاربردنیەتی وەك ئەداتێك بۆ بەڕێوەبردن و بەردەوامبوونی ڕەوتی بەرهەمهێنان ، بەداماڵراوی لەناواخنە کۆمەڵایەتیەکەی ، کە " تاکە کەس واز دێنێ ببێت بە خۆی ، بەتەواوەتی ئامێزانی جۆری ئەو کەسایەتیە دەبێت کە لەلایەن نموونە شارستانیەکانەوە پێشکەشی دەکرێت . بەمەش بە تەواوەتی وەك ئەوانی تری لێدێت کە بۆی دەچن چۆن بێت "(٢) . " وە ئەو کەسەی کە دەستبەرداری خودی تاکەکەسی خۆی دەبێت و دەبێتە ئامێرێك کە هاوجووت بێت لەگەڵ ملیۆنەها ئامێری جوارەوری دا . بەهەرحاڵ ئەو بەهایەی کە دەیدات گرانە ، ئەویش وونکردنی خۆیەتی "(٣)

هەوالنامەی کتێب

## کەسایەتی لەبارودۆخی وڵاتە تەوروپیەکاندا

بۆ ئەوەی تارادەیەکی نزیك بتوانین دەربارەی کەسایەتی لەبارودۆخی بابەتی و خۆیی ئەو وڵاتانە(٤) بدوێین کە بە ( دواکەوتوو یان جیهانی سێیەم یاخود وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان ) ناودەبرێن ،دەبێت ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیش بێت هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و بنەما گشتیەکانی لەسەرئاستی جیهان دیاری بکەین .

مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانی ناو کۆمەڵگایەوە ، لەگەڵ پێداویستیە سروشتیەکانیدا کۆمەڵێك پێداویستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێکهێناوە و بۆی پێکهاتووە . هەر لەو سەرەتایانەوە کەم تا زۆر هەوڵی بۆ پڕکردنەوەیان داوە و دەیدات ، هەر لەسادەترین پێداویستیە بایۆلۆجیەکانەوە هەتا دەگاتە پێداویستی دەروونی و ڕۆحیەکانی وەك سەربەخۆیی و ئازادی و تەبایی و ئاسایش . . . و بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و پەرەپێدانیان تێکۆشاوە ، بەو ئامانجەی ئازار و ئەشکەنجەی کەم بێتەوە و زیاتر بە ئاسودەیی و بەختیاری بگات . ئەم مەفهومانە هەر بەسەرەتاییترین شێوەی وەربگرین ، مەفهومی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤن و داواکاری ناو ئەو پەیوەندیەن . هەر لەو

سەرەتایانەشەوە معاناتی گشتی مرۆڤ بوون و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەو دابین کردنیشیان ، هەوڵ و هاریکاری بەکۆمەڵ دیاری کردون و تەنیـــــا مەدلولەکانیان لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا مانای خۆیان وەرگرتـــووە و وەری دەگرن ، بەڵام لەبەر ئەوەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنیا لەرێگەی پڕکردنەوەی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانەوە نەبووە ، بەڵکـــو ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت و پێداویستیەکانی لەسەر بنچینـــەی ململانێی چینایەتی دارێژراوە و لەو قاڵبەدا گەشەی کردووە ، بەشـێـوەی ناکۆکی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی هەر چینێك بەرامبەر ئەوی تر ، بۆیە بەپـێی ئەو قۆناغانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بڕیونی ، زیاتر مەفهومی پێداویستیـــە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر تەوەری خودی تاکەکەس شکێنراوەتەوە و بەپێی بەرژەوەندی خاوەندارێتی تایبەتی دەچێتە رێوە ، زیاتر لەوەی لە مەدلولە کۆمەڵایەتیەکاندا قوڵ ببێتەوە . ئیتر هەرچۆنێك سیفەتە کۆمەڵایەتیەکان بپێوین ، دەبینین لەو پێوانەیەدا گەڵاڵە دەبێت و بەپێی سنوور و رێگری خاوەندارێتی تایبەتـــی دەست نیشان دەبێت و بەکاردەبرێت ، هەرچەند وەك ناوەڕۆك پێداویستی کۆمەڵایەتی بن و لەزۆربەی دیاردەکانیشدا بەو مۆرکانەوە رەنگ بدەنەوە .

لێرەدا وەك چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو پێداویستیانە لەخزمەتی چینـــــی سەرمایەداریدا ، پێویستە بەکورتی ئەو بنەمایانە دەربخەین کە ئەمڕۆ لـــە وڵاتە ئەوروپیە رۆژئاواییەکاندا دەردەکەون و رەنگ دەدەنەوە ، وەك هۆکـــارە مێژوویەکانی سەرهەڵدان و شێوەی پڕکردنەوەیان ، ئەمەش هەندێك لـــەو بنەمایانـــەن :

١- یەکێك لەو بنەمایانەی زۆر بەرزەقی دیارە و پڕوپاگەندەی زۆری بـــۆ دەکرێت ، مەسەلەی ئازادی تاکەکەسیە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ، لـــە هەڵسوکەوتکردن و هەڵبژاردنی جۆری ژیانیدا بەپێی توانا و وزەی پێکهاتوی مرۆڤ و هەوڵ و تەقەلادانی .

٢- رێکخستن و نەخشەکێشان و بەڕێوەبردن و ئاسانکردنی کارگێـــڕی سەرتاسەری و ئیش وکاری خەڵکی و یاسایی و رێکخستنی ناوەکی و دەرەکی کۆمـەڵگـا .

٣- ئەشونماکردنی زانستی و هونەری و گەشەپێدانی بەردەوامیان لەڕێگەی چەندین دەزگا و مەڵبەندی تایبەتی لێکۆڵینەوە وپشکنین و تاقیگەوە.

٤- خزمەتگوزاری فێربوون و تەندروستی ئازادەیەکی زۆر و بەرفراوان، هەروەها دابینکردنی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵ وپیر وپەککەوتە.

٥- خزمەتگوزاری ڕێگەوبان و گواستنەوە و هۆیەکانی پەیوەندی بە شێوەیەکی فراوان.

٦- دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆ ئازادەیەکی زۆر بەپێی دامەزراندنی چەندین جۆری دەزگای ئاسایش و پۆلیس لەهەموو کون کەلەبەرێکدا، ئەمەش بەپێی یاسا و ڕژێم پارێزگاریان لێ دەکرێت.

٧- ئازادی هاتوچۆ و گواستنەوە و ئاسانکردنی لەنێوان دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا، چ وەك مانەوە و چ وەك گەشت و گوزەران و گەڕان.

بەر لەوەی باس لەوە بکەین چۆن ئەو پێداویستیە کۆمەلآیەتیانە لەخزمەتی چینی سەرمایەداریدا بەکاردەبرێن، دەبێ هۆکارە سەرەکیەکانی سەرهەڵدان و پڕکردنەوەیان - هەرچەند سەرتاسەری و پڕاوپڕیش نەبێت - دیاریبکەین.

هێڵی گشتی ئەم گەشەکردنە، لەپێش هەموو شتێکەوە پێویستیەکی مێژوویی کۆمەلآیەتیە و زۆر تا کەم وردەوردە لە بارێکی تردا جێگەی خۆی لەناو پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکاندا کردۆتەوە، سەرەڕای بوونی جۆرەها ڕێگر و سنوور بۆ دانان و کێشە. لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە دابینکردنی کەم تا زۆری ئەو پێداویستیانە بەهیچ شێوەیەك دیاردەی ڕەسەنی پەیوەندی بەرهەمهێنانی قۆناغی سەرمایەداری نین، بەڵکو ئەگەر وەك بارە سروشتیەکەی وەری بگرین، دەبینین ناوەڕۆك و کڕۆکی کۆمەڵگای سۆسیالیستین، بەلآم ئەمڕۆ کە لەژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا دەردەکەون، ئەوا گەلێك هۆکاری بابەتی و خۆیی هەیە. ئەمڕۆ سەرمایەداری لە سەرو قۆناغی خۆیەوە ئەو ناوەڕۆکە کۆمەلآیەتیانە لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاردەبات. لێرەدا دەتوانین بڵێین، ئەگەر جیهان تەنیا ولآتە ئەوروپیە ڕۆژئاواکان بوایە، ئەو کاتە سیستەمی سەرمایەداری، جگە لە فەوتانی هیچ مەنفەزێکی نەدەما کەوەی خۆی تیا پەتاڵ بکاتەوە. بەلآم لەبەر ئەوەی جیهان تەنیا ئەو

ولاتانە نیە ، بۆیە دەبینین سەرەتای شۆرشی پیشەسازی ئەوروپا و دواکەوتنی رێژەیی ولاتانی چواردەوری ، ئەو بوارەیان رەخساندووە کە بە ئاسانی ( وەك مفهومە لۆجیکیەکەی نەك وەك کردار ) مەنامزی نوێ بۆ تازەبوونەوە و بەتاڵ کردنەوەی ئەزمەی سەرمایەداری بحولقێ ، بەمە داگیرکردنی ولاتانی چواردەور و بەکاربردنیان ، بەلکێشی سەرمایەداری بۆ هەموو لایەك کشایەوە تا بتوانێت گەورەترین سوود و قازانجیان لێ بەدەست بێنیت و پایەکانی خۆی بێ دارێژێ و لەسەر ئاستی ئەو پەیوەندیە جیهانیەوە مانەوەی خۆی دابین بکات،بەهۆی خستنەژێردەستی ئەو هەموو ئیمکانیاتە مادی و معنەویانەوە و لەسەر بنچینەی دواکەوتنی زۆری ولاتانی چواردەور و بەکاربردنیان بەدرندانەترین شێوە ، ئەو " شارستانیەتە " پێکهاتووە . " **دەولەتە تازە پێگەیشتووەکان دوو سەدیە چارەسەری ئەزمەی سیاسی و سەربازی و ئابووری ئیمپریالیزمی پیشەسازی دەکەن و بە ئازاری پۆخڵەواتی ئابووری تالانکارانەیەوە دەناڵێنن** " ( ٥ ).

لێرەدا دەبێت ئەوە دوپات بکەینەوە کە هێزی بەرهەمهێنان زۆر بە ئاستەم ( ئەگەر مەحاڵ نەبێت ) دەتوانرێت رێ لەگەشەکردنی بگیردرێت و بە بەردەوامی بە حوکمی ململانێی چینایەتی و پێویستی پرۆسیسی بەرهەم هێنان گەشەی پێویستی خۆی دەکات . کەواتە ئەگەر ئەو دوو خاڵە لەیەکتر بدەین ، دەبینین لەسیستەمی سەرمایەداری‌دا بەرجەستەبووە و بۆتە ئەداتێکی سەرەکی لەچەسپاندنی ئەو سیستەمەدا و گەشەپێدان و پەل هاویشتنی مسۆگەر دەکات .

خاڵێکی تری هۆکارەکانی بەدیهێنان و دابینکردنی ئەو پێداویستیە کۆمەلایەتیانە بریتی‌یە لەخەباتی بێوچانی چینی کرێکار لەپێناو باشتر ژیان و دابینکردنی ژیانی کۆمەلایەتی و ئیمتیازاتی مادی‌ومەعنەوی‌دا . لێرەدا دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە لەرێگەی ئەو خەباتە چینایەتیەوە ـ سەرەرای ئەو بارودۆخە تایبەتیەی چینی سەرمایەداری کەباسمان‌کرد ـ گەلێك لەو داواکاریانەی چینی کرێکار دابین‌کراون و لەسەر ئەو ئاستە ماد بە بەرزەوە ،

ئەو گەشەکردنە فراوانەی هێزی بەرهەمهێنان زیاتر کۆمەڵگای گەلاڵەکردەوە لە دوو جینی دژبەیەکدا و ڕووکاری (معالم) جیایەتیان ڕوون بۆتەوە .

خاڵێکی تری پڕکردنەوەی بنەمای ئەو پێداویستیانە، پێکهاتووی بیر و باوەڕی سۆسیالیستی و خۆخستنە ڕویەتی وەك بەدیلێکی کۆمەڵایەتی ومێژوویی کە زادەی هەمان باروودۆخی نامرۆڤانەی سەرمایەدارییە و ئەمڕۆ بەجۆرەها ڕێبار بەرەنج دەدرێتەوە و ئەشیوێنرێ و سەرکوت دەکرێت ، ئەمە بێجگە لەوەی وەك ململانێیەکی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بەرەسمی بە سۆسیالیستی ناسراون و ئەو کاریگەر و ئاڵوگۆڕەی نێوان هەردوو ئایدیۆلۆجی سەرمایەداری و سۆسیالیستی باڵ پێوەنەرێکی بەردەوامە بۆ پڕکردنەوە و دابینکردنی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵك و هەتا ئەو کێشەیە بەردەوام بێت .

ئێستا پێویستە باسی ئەوە بکەین کە ئەو پێداویستییە کۆمەڵایەتیانەی ئەمڕۆ تارادەیەکی زۆر وەك پێویستیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ، کەلە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و خەباتی چینە ژێردەستەکاندا هاتۆنەکایەوە ، چۆن لە خزمەتی سەرمایەدارییدا بەکاردەبرێت ، بەشێوەك کە ناوەخنە کۆمەڵایەتییەکەی پوچ دەبێتەوە ، بەڵکو لەزۆر لایەندا جگە لە لادانە کۆمەڵایەتیە نێگەتیڤەکانی دژی مەسەلەی بەکۆمەڵایەتیبوونی پەیوەندییش دەوەستنەوە .

پڕۆسەی نەخشەکێشان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەڕووی کارگێڕی و سیستەمی دابەشکردن و پێکەوە بەستنەوە و ووردکرنەوەی . . . هتد ، لەپێش هەموو شتێکەوە نەك هەر ڕەنگدانەوەی نەخشەکێشان و ڕێکخستنی پرۆسیسی بەرهەمهێنانە ، بەڵکو لە پێناویشیدایە ، وە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك وئاسان و بێ گرێ و تەنگوچەڵەمە بڕوات بەڕێوە ، دەبێ نەخشەکێشان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەو ئاستەدا بێت کە ڕەوتی بەرهەمهێنان بەپێی ئاستی ئەو گەشەکردنەی ئەمڕۆ تێیدایە پێویستی پێیەتی . ڕێکخستن و نەخشەکێشانی کۆمەڵگا بەپێی یاسا ، کردارێکی پێشکەوتووە و پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤە ، بەڵام کە بەگشتی لەخزمەتی سەرمایەدا بەکار ببرێت و بۆ دابین

کردنی بەرژەوەندی ئەو بگەڕێتەوە ، ئەوا ئەو رژێم و سیستەمە بەقەدەر داواکاری ئەو پرۆسیسە هەتا بواری هەبێت ئەکشێنرێ و کورت ئەکرێتەوە . رێکخستنی کۆمەلایەتی و بوون بەباوی رێزلێگرتنی یاسا و ئیش بۆکردنی لەرێگەی سەلماندن و چەسپاندن و خۆپێوەبەستنەوە ، دیسانەوە بارێکی پێشکەوتووە و دوورکەوتنەوەیە لە گێرەشێوێنی و روسوونی بەها و رێزی مرۆڤ ، بەلام کە بەپێی هەنگاوەکانی بەرژەوەندی سەرمایەداری دیاری‌دەبێ ودەڕوات، سەرەڕای سەرتاسەری نەبوونی ، بارێکی چەسپاو نەخولقێنێ بۆ بەردەوامبون و کەلەکەبوونی سوود و قازانجی و بەقەدەر هەلبەز و دابەزی ئەو ڕەوتە لە هەلبەز و دابەزدا دەبێت ، جگە لەوەی بەو پێ‌بەی کەلە ناواخنە کۆمەلایەتیەکەی دائەماڵرێ ، هەموو لادانێك لەو یاسایانەی لێ‌ی‌دەپرسرێتەوە و بەناسروشتی دەدرێتە قەلەم . تەنیا ئەو بوارە برۆباگەندەی بۆ دەکرێ کە بەسترابێتەوە بە ژیانی تایبەتیەوە و داواکاریەکی رۆژانە بێت . مەسەلەی ئاسایش و دابینکردنی ژیانی خەلکی ، دیسان پێداویستیەکی کۆمەلایەتیە ، بەلام ئاسایشی پرۆسیسی بەرهەمهێنان و دابینکردنی دەستی ئیشکەری پێویست و بەڕێوەبردنی مەبەستی سەرەکیە . سەرەڕای ئەوەی دەستێکی راستەوخۆ یا لاوەکین لە جەنگ و شەڕوشۆڕی ناوچەیی و نێودەولەتی زۆربەی زۆری " ولاتانی جیهانی سێیەم " دا و ئاگرخۆشکەری هەموو جۆرە ناکۆکیەکی بچووك یا گەورەن لەو ولاتانەدا ، لەپێناو پاراستن وسەوگەرکردنی دەسەلاتی سەرمایەدا . هەروەها خزمەتگوزاری فێرکردن و زانستی و دەزگا تایبەتیەکانی لێکۆلینەوە و پشکنین و تاقیگەکان ... هتد لەپێناو نوێکردنەوە و ئاسانکردنی ڕەوتی بەرهەمهێنان و پاراستنی دەسەلاتی سەرمایەداری دا پیادەدەکرێ و پێگەیاندنی کادیری کارامە و لێهاتووی پێویست بۆ ئەو مەبەستانە پەروەردە دەکرێ . ئەمانە وەك باسیان لێوەکرا ،داواکاری و پێداویستی کۆمەلایەتین ، بەکورتیەکەی هەرچی ئێمە ناوی پێدا دەنێین و بوونی هەیە ، هەر لە بچووکترین پێداویستیەوە تا برکردنەوە و دابین کردنیان بۆ بەردەوامی سیستەمی سەرمایەداری،دەخرێتەگەڕ و لەسوود و قازانجی ئەودا دەگێردرێتەوە ، ئەگەرچی مەشوەیەکی دیار ئەوە بەدی‌دەکرێ

کە دەوڵەت لە خزمەتی ئەو پێداویستیە کۆمەڵایەتیانەدا پێکهاتووە و بە زیرەکانەترین شێوە و ڕێباز گەشەیان پێدەدات و بەڕێوەیان دەبات . بەو جۆرە دەبینین دەوڵەت جگە لە ئامێر و خزمەتکارێکی دڵسۆزی ئەو سیستەمە زیاتر هیچی تر نیە و مانەوەی لەڕێگەی دابینکردن و ڕێکخستن و ئامادەکردنی کۆمەڵگاوە مسۆگەر دەکات ، کە دەبێت بە بەرئەنجامی کۆتایی ئەو دامەزراوە .

ئەوەی زیاتر مەبەستمانە لەو بارودۆخەدا ، چۆنێتی ژیانی تاکەکەسە کە بە پۆزەتیف و نێگەتیفانە کاریگەر و پێکهێنەری ئەو کەسایەتیەیە. تاکە کەس لەناو کۆمەڵێك ئیمکانیاتی زۆر و پێشکەوتوودا چاو هەڵدێنێت کە دەتوانێ هەر لە منداڵیەوە زۆربەی هەرزۆری ئارەزووەکانی خۆی بەزیادەوە پڕبکاتەوە و بە ئاسانی دەستی‌بکەون ( بەلایەنی کەمە بۆ زۆربەی زۆری خەڵکی )وکاردانەوەی دەروونی نێگەتیفانەی لەو لایەنەوە لەسەر دروست نەکەن و بۆی نەبنە گرێ و نهێنی و تیایدا کەڵەکە نەبن ، بەمەش لەلایەنی خودییەوە تارادەیەك کەسایەتیەکی کامڵی لێ وەبەردیت ، وەك سەربەخۆیی مادی ، سیستەمی پەروەردەکردنی ناو خێزان و دەرەوە ، پڕبوونەوەی تارادەیەکی زۆر تەواوی پێداویستیە بایۆلۆجیەکان ، نەبوونی ترس و برسێتی ـ وەك مەفهومە گشتیەکان و کاریگەریە دەروونیەکانیان ـ ،بێبەش نەبوون لە ڕۆشنبیری باوی سەردەم و کەمی جیاوازی یا نەبوونی لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر وەك ئەو بەها گشتیەی ئەو نێکەڵاوبوونە کۆمەڵایەتیەخولقاندویەتی کەلەڕووی واقیعەوە تارادەیەکی زۆر ڕووکاری کەسایەتی مرۆڤی ئەورووپی لێکەوە نزیکن . . . هتد ، بەڵام بنەمای ئەم کەسایەتیە کەلەسەر بنچینەی ئەو توانا مادیە زۆرەوە پێك دێت ، بارودۆخێکی بەرخۆری (استهلاکي) پێك دێنێت کە ئەو کەسایەتیە لەپێش هەموو شتێکەوە لەپڕۆسیسی بەرهەمهێنان‌دا وەك ئەداتێك بەکاردەبرێت.

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسە ، پێویستە ڕوانگەی بەرامبەر بەرخۆری دیاری بکەین لە ناو ئەو هەموو کاڵایانەی بەردەستی‌دا ، بەو رادەیەی کە بنەمایەکی سەرەکیە لە پێکهاتووی ئەو کەسایەتیەدا (٦) . لەم بارەیەوە ئریك فرۆم دەڵێت (٧) : " ئەمڕۆیە مرۆڤ بەرۆشی توانای کڕینی زیاتروباشترو

بەتایبەتی تازەترە . ئەو ئامەزرۆی خەرجیە : کرداری کڕین و خەرجکردن بۆتە ئامانجێکی بێئیرادەیی و ناعەقڵانی ، لەبەر ئەوە بەبێ کەمترین بەبوەستی بەسوود و چێژەوە ، کە لە کەرەسە و کاڵاکڕاو و سەرفکراوەکانەوە بەدەست دێت ، کرداری کڕین بۆ خۆی بۆتە ئامانجێک . ئارەزووی هەموو کەسێک، کڕینی تازەترین جۆرە لە هەرجیەک لەبازاڕدایە و بەرامبەر ئەوە حێژیواقیعی، کە لەسوودوەرگرتنی شتێکەوە پێك دیت ، بەتەواوەتی لەقۆناغیکی لاوەکیدایە . مرۆڤی هاوچەرخ ئەگەر جەسارەت بەخۆی بدات بۆچوونی خۆی بەرامبەر بەهەشت وەسف بکات ، ئەوا وێنەیەك ئەخوڵقێنێ کەدەکرێ بەمجورە لێك بدرێتەوە : گەورەترین فرۆشگای جیهان کە شتی تازەی تیا خراوەتە ڕوو ، ئەو بە ئەبلەقی لەسەرسوڕمانی ناو ئەم بەهەشتی کاڵایانەدا نازدەکات، بەو مەرجێ کە لەوێدا هەمیشە شتی زیاتر و تازەتر هەبێت بۆ کڕین ، هەروەها ڕەنگە بەو مەرجەش کە باری دراوسێکانی کەمێك لەباری زیانی خۆی خراپتر بێت " . ئەمە بێجگە لەوەی کە هەڵوێنەبایەکی ناو ئەو پەیوەندیانە وهەموو هەڵسوکەوتێك تیایاندا ، زیاتر دەربڕینە لەڕۆحی خۆپەرستی و پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی و زیاتر قوڵی دەکاتەوە و بۆی لەسەر دادەگرێ و هانی دەدات . ئەمەش خۆی لەخۆیدا درێژە ئەدات بە ململانێی نێوان خود و بابەت ، وە زیاتر وەك بەرژەوەندی تایبەتی بەرامبەر پەیوەندی کۆمەلایەتی تیژی دەکاتەوە ، هەتا بەرژەوەندی تاکەکەسی پاڵنەرێکی سەرەکی بێت بۆ جێگاکردنەوەی خۆی لەنێو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا ، ئەوا ئەو پەیوەندیانە لەسەر ئەو بنەڕەتانەوە دەست نیشان دەبن ، بەمەش ئەو دابەشکردن و دابڕانە واقیعیە و ئەو بۆڕبۆڕێنە بەردەوامە و ئەو بەرژەوەندیە تاکەکەسیانە کە بنچینەی سیستەمی سەرمایەدارین ، لەخزمەتی خۆیدا دەگەڕێنەوە و بەکاردەبرێنەوە و نوێ دەکرێنەوە ، بەو پێیەش بەردەوامی ئەو سیستەمە لەو بارودۆخە تایبەتیەدا مسۆگەر دەکەن .

پێکهاتووی ئەو بارودۆخە بە پۆزەتیڤانە و نێگەتیڤانە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتن و شێواندنی کەسایەتی و سەربەخۆیی و پاشکۆیەتیدا دەبینێت ، دەتوانین ئەو حاڵەتە لەو ئاستە مادیە بەرزانەدا ناوبنێین بێهودەیی

بۆزەتیڤانە ( چونکە تاکەکەس توانیویەتی ژیانی تایبەتی خۆی دابین بکات تیایدا ) کەتاکەکەس تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەپێش‌چاو بێت و ئەوەندە حەقی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەبێ کە پێویستیەکانی خۆی تیا پڕبکاتەوە و هەموو کاتێکیش بیر بکاتەوە لەئەوەری خودی خۆی دەرنەچێ و هیچ کردارێکی عەمەلی لەئاڵوگۆڕی بابەتی‌دا پێ‌نەکرێت ( بەلایەنی کەمەوە لەم قۆناغەی ئێستادا ) و لەئەنجامدا بگەڕێتەوە سەر بەرژەوەندیە تایبەتیەکەی خۆی :

ئەمەش مەبەستی دەسەڵاتی سەرمایەداریە کە تاکەکەس لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی بابەتی دابڕێ و لەهەمان کاتدا بە نێگەتیڤانە پێکیانەوە گرێ بداتەوە. ئەمە وەك ڕوانگەی واقیعی شوێنەواری تاکەکەس ، کە ئەگەر لەڕوانگەیەکی لۆجیکیەوە * تێی بڕوانین ، وەك مەفهومێکی مرۆڤایەتی لەحاڵەتێکی بێهودەیی‌نێگەتیڤانەدا دەردەکەوێ و وەك ئەو مەفهومەی هیچ بوونێکی نیە و تەنیا شتێکە لەناو ئەو هەموو شتانەی سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمی هێناون و بەرهەمیان‌دێنێ ،

" مرۆڤ خۆی وەك شتێك دەبینێ کە پێویستە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لە بازاردا بی‌خاتە ئیشەوە . مرۆڤ خۆی بەشێوەی هۆکارێکی وا کاریگەر نابینێ کە هەڵگری توانای مرۆڤایەتیە ، ئەو لەم توانایە نامۆ بووە ، ئامانجی ئەو فرۆشتنی سەرکەوتوانەی خۆیەتی لە بازاڕدا . هەستکردنی بەبوونی خۆی لە چالاکیەکانیەوە ، وەك کەسێکی ئارەزو و خاوەن بیر ، سەرچاوەیان هەڵنەگرتوە ، بەڵکو لەڕۆڵی ئابوری - کۆمەڵایەتی ئەمەوە هاتووە . . . ئەگەر لەکەسێك بپرسیت : " تۆکێیت ؟" ، لەوەڵامدا دەڵێت : " من کارگەیەکم هەیە ، من فەرمانبەرێکی کارگێڕیم ، من پزیشکم . . . " ، ئەو خۆی وا دەبینێت نەك بەشێوەی مرۆڤێکی خاوەن ئارەزوو ، نارەحەتی ، باوەڕ ، دودڵی ، بەڵکو بەشێوەی بوونەوەرێکی دابڕاو کە لەواقیعی خۆی نامۆ بووە و تەنیا لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا چەند ڕۆڵێك دەبینێت . دەسکەوتی بەهای ئەو بە سەرکەوتنێکەوە بەستراوەتەوە ، بە شێوەیەك ئایا ئەو دەتوانێ خۆی بەباشی

* ڕوانگەی لۆجیکی ئەو وانەیەی کە مرۆڤ پێویستە لەناو پەیوەندەکانی ڕۆشنایەتی کاڵ و سەرتاسەری‌دا بێ ، بەرامبەرئەوە هەموو پەیوەندیە بەناو کۆمەڵایەتیەکانی ئەمڕۆ نائەواو دەبەستنەوە .

بفرۆشیت ؟ ئایا دەتوانێت بگاتە سەرو ئەوەی کە لەوەوپێش تیابووە؟ هەروەها ئایا سەرکەوتووە؟ جەستەی ئەو ، بیری ئەو ، ڕۆحی ئەو سەرمایەی ئەون و هەوڵدانی ئەو لەژیاندا ئەوەیە کە ئەوانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بخاتەگەڕ تا بۆ خۆی قازانجیان لێبکات . تایبەتمەندێتی مرۆڤایەتی وەك برادەری و لە خۆ بووردوویی و خۆشەویستی دەگۆڕێن بەکالاٗ و لە " پلەی کەسایەتی"دا بەشێوەی ئیمتیازێك دەردەکەون کە لەبازاڕی کەسایەتیدا نرخێکی گرانتریان هەیە . ئەگەر تاکەکەس لەخستنەگەڕی بەکاڵکی خۆیدا سەرنەکەوت هەست دەکات مرۆڤێکی ناسەرکەوتووە ، ئەگەر سەرپێرکەوت هەست دەکات مرۆڤێکی سەرکەوتووە . دەسکەوتی ئەو لەبەهای خۆی هەمیشە پەیوەندی بەهۆکارەکانی دەرەوە هەیە ، پەیوەندی بە جولەی گۆڕاوەکانی بازاڕەوە هەیە کە دەربارەی بەهای ئەو وەك هەموو ئەو کالاٗیانەی لەبازاڕدا بەقازانج نافرۆشرێن لە بارەی بەهای ئاڵوگۆڕەوە بەهای نیە ، ئەگەرچی ڕەنگە بەهای سوود بەخشینی قابلی سەرنجدانی هەبێت .(٨)

کەواتە کەسایەتی تاکەکەس لەناو ئەو واقیعانەدا بوونی مرۆڤانەی خۆی لەدەست دەدا وەك ئەو پێویستیەی کە ناچار دەبێت خۆی وەك کالاٗیەك بخاتەگەر بۆ ئەوەی جێگای خۆی بکاتەوە ، هەرچەندە ناکۆکیش دەوەستێتەوە بەرامبەر مەفهومی کۆمەلاٗیەتی بوونی مرۆڤایەتی مرۆڤ . بەوپێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر هەستی پێبکەین یانە ، لەبارودۆخی ژیانی ناو ئەو کۆمەڵگایانەدا ، نامۆبوونێکی بەکۆمەڵە ، تاکەکەس تا ئەو ڕادەیە دائەماڵرێ کە توانای هیچ جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەرجدانەوەیەکی بابەتی نەبێت و نامۆ بوەستێتەوە بەرامبەر ئەو هێز و توانایانەی لەسەروو کۆمەڵگاوە بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لاوەکی ئاڕاستەی ژیانی ڕۆژانەی دەکەن . بۆیە ئەمە جارێکی تر دەبێتەوە بە پاڵپشتی ئەوەی ئەو تەنیا لەتەوەری خودی خۆیدا هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ژیانی مەیسەر بکات . ئەم دابڕان و دابەشکردن و داماڵینەی واقیعی کۆمەلاٗیەتی ، دەرگا لەسەر کۆمەڵگای جەنگەڵ دەکاتەوە ، هەر لەتاوانە سیاسیەکانەوە هەتا دەگاتە چارەنووسی مرۆڤ ، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا وچ لەسەر ئاستی تاکەکەسی ، بازرگانی

هەر لەکاڵاوە دەست پێدەکات و بەچارەنووسی مرۆڤ کۆتایی دێت و بە شێوەی کۆمەڵ و تاك دەکەونە ژێر حوکمی مامەڵە و کڕین و فرۆشتنەوە و زۆر جاریش بە لەناوبردنیان کۆتایی دێت (٩).

دەتوانین بڵێین سەلماندنی دڕندایەتی مرۆڤ لەقاڵبی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆدا بەتەواوەتی جێگەی خۆی کردۆتەوە و دژی مەفهومی مرۆڤایەتی وەستاوەتەوە و دووجەمسەری ناکۆك پێك دێنن، بوونی مەفهومی دڕندایەتی نەفی واقیعی مەفهومی مرۆڤایەتیە و ئەو مەفهومەیش معانایێکی گشتی بەشەریە و لە مەودا جیهانیەکەیدا نامۆبوونیکی واقیعی و ڕۆژانەیە. لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ دەبینین چنینی قۆزاخە بەدەوری تەوەری خوددا و خۆ دۆزینەوە و بێدەنگی و حەق بەسەرەوەنەبوون و پارێزگاری لە خۆشگوزەرانی تاکەکەسی (ئەگەر ئەو بارودۆخە گشتی و ناکۆمەلایەتیەش خولقێنرابێ و مرۆڤ بەناچاری پەیڕەوی بکات، بەشێکی ئەو تاوانەی بەردەکەوێ: یەکەم بەرامبەر بەخۆی و دووەم بەرامبەر بە مرۆڤەکانی چواردەوری) جێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤی گرتۆتەوە. وەك چۆن پێوانەی مەفهومی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە سەر ئاستی جیهان دەپێورێت، بەو پێیەش مەفهومی تاوان سەرتاسەریە و بەهەمان پێوانەی بەجیهانیبوونی دەپێورێت، بەو شێوەیەش ئەمڕۆ جۆرەها سنوور و ڕێگر و جیاکەرەوە خولقێنراوە لەنێوان میللەتانی جیهاندا، وەك ناوچەی جوگرافی و ڕەگەز و ڕەسەنایەتی و زمان ... هتد و تیژکردنەوەی ململانێ و پێشبڕکێ و زیندوکردنەوەی دوژمنایەتی کۆن، کەدیسان سەرتاسەریە، ڕێگە لە مەفهومی گشتی مرۆڤایەتی و یەك پارچەیی ئەو مەفهومە ناگرێت وەك بەرئەنجامی گشتی ئەو تێکەڵاوبوون و پەیوەستەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی گەیشتویەتێ. هەر بەقەدەر ئەوەی کە تاوان گشتی و سەرتاسەریە، بۆیە دەبینین بەشێکی مرۆڤایەتی کەلەو بێدەنگیەدا دەژین و ناچارکراون یان شالکراون سربکرێن و کڕبکرێن (وەك ئەوەی لەژیانی کۆمەڵگا ئەورووپیەکاندا دەی بینین بەرامبەر بەگەلانی تری جیهان) هاوبەرژەوەندین لە ڕەتاندن و سەربڕینی زۆربەی زۆری بەشەکەی تری بەشەریەتدا. بەو پێیە لەسەردەمی ئەمڕوماندا بەحوکمی ئەو سەرتاسەری و تێکەڵاوبوون و تێکچڕانە، مرۆڤ لەهەر

بەشێکی ئەم گۆی زەمینەدا بژی ، یا تاوانبارە یا تاوان لێکراوە ، ئەگەر نەبێتە قوربانی هەردوو مەفهومەکە ، ئەوا لە مەفهومی دڕندایەتی ئەمڕۆدا ، لەهەرسێ حاڵەتەکەبدا بەشدارە و لێپرسراوە بەرامبەری و بەمەفهومی مرۆڤایەتیش نامۆیە . تەنیا ئەو حاڵەتەی بە مەفهومێکی گشتی مرۆڤایەتی و بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ لەبەرگری و بەربەرچدانەوەی ئەو بارودۆخە سەرتاسەریەدا دەبینرێت کە ئەگەر بتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە لەدژی ئەو تەوژمە ، ئەوا هەوڵدانێکە لەرێگەی سەلماندنی ڕاستەقینەی خودی مرۆڤ و بناغەکەمنی بۆ دوارۆژ .

* * * *

لێرەدا ئەگەر کۆمەڵگای ئەورووپی لەدوو لایەنی مادی ومەعنەویەوە لێک بدەینەوە ، ناکۆکی یەکتری دەوەستێنەوە ، یەکەم وەك لایەنە مادییەکەی کە لەرێگەی تەواوکاری کۆمەڵایەتیەوە،وەك پێویستیە مێژووییەکەی خۆی لەگەڵ گەشەکردنی هێزی بەرهەمهێناندا،گەلێك هەنگاوی پێشکەوتووی ناوە و ئەو ئاستەیە کە پێویستە مرۆڤی تیادا بژی ( بەشێوە گشتیەکەی وەك ووتمان مرۆڤ تیایدا بێکار نەبێت ) زۆر لەو ئاستە مادییانە سەرتاسەرین وبوونەتە هۆی نەهێشتنی گەلێك جیاواری تەنانەت لەنێوان شار و لادی ویایتەخت و کەم بوونەوەی قورسی ئیشی بازوویی (١٠) و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو ، هەر لەبەرهەمهێنانەوە هەتا رێکخستن و نەخشەکێشانی کۆمەڵگا وەك لەوەوپێش باسی لێوەکراوە . هەرئەم لایەنەشە کە چالاکی کۆمەلانی خەڵکی تیا گەمارۆ دەدرێت و سردەکرێت ، بەو مەرجەی لەو ئاستەمادییەدا بمێننەوە و ژیانی تیا مسۆگەر بێت . لەم تەواوکاریە بنەماییەدایە کە بەشێوەیەکی گشتی تروسکەی گوڕی شۆڕشگێڕێتی تیا دەخەسێنرێت و دەبینین کۆمەلانی خەڵك بەپلەی یەکەم پارێزەری ژیانی تاکەکەسی خۆیان دەبن و کەمتر خۆیان دەدەن لەو بوارانەی کە ژیانیانی تێدا دەکەوێتە مەترسیەوە یا دەبێتە هۆی لەدەستدانی کار و پیشە و پاشکەوتنیان . بەو پێیە دیسان دەڵێین بەگشتی کۆمەلانی خەڵك زیاتر سەرشۆڕ و سەلمێنەری یاسا دەبن و زیاتر بەپێی ڕاگەیەندراوە ڕەسمیەکان هەڵسوکەوت دەکەن و لەگەڵیدا ئاراستە

هەواڵنامەی کتێب

وەردەگرن بەو پلەیەی ئەگەر بەرژەوەند یە تایبەتیەکانیاندا تەبابێت یا بە لای کەمەوە دژی نەوەستێتەوە ، بەمەش سنووری بیرکردنەوەیان زیاتر لەسەر ئەو ئاستە مادیەوە ئەوەیە کە چون زیاتر گەشەی پێبدەن و زیاتر بەختەوەر بژین. لایەنی دووەم لەڕووی مەعنەریە ئەوەیە کە تەواوکاری ئەو بنەمایـــــە وەك پرۆسێسێکی مێژوویی کۆمەلایەتین ، بەلام وەك هۆکاری پێك هاتنی لەژێـــــر سایەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا و چۆنێتی بەکاربردنی لـــــە پێناو مانەوەی ئەو پەیوەندیەدا ،کەلە ئەنجامدا ـ بەرژەوەندی ـ لەســـــەر تەوەری تاکەکەسی دائەڕێژرێ ، کۆمەلایەتی نین . ئەمەش هۆکاری وونبوونـــــی تاکەکەس و نامۆبوونیەتی بەو واقیعە ، تەنیا ڕێگەی سەلماندنی بوونـــــی بەستراوەتەوە بە ئاستە مادیەکەیەوە ، نەك بە بەها مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیـــە کەیەوە ، هەرچەندە ئەو جۆرە سەلماندنەش واقیعی ئەمرۆ دەست نیشانـــی بکات وەك ئاستی شارستانێتی باوی سەردەم ، ئەوا دوورە لەسەلماندنـــی بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیەوە ، بەو پێیە مەفهومی کۆمەلایەتی مرۆڤ تەسـك کراوەتەوە و خزێنراوەتە ناو خودی مرۆڤ خۆیەوە کە بەتەنیا خۆی لێپرسراو بێت بەرامبەر بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی .

## پەراوێزەکان

١) تأریخ عقائد و مکتبهای سیاسی از عهد باستان تا امروز ، نـــە نووسینی پروفسور گائتا بوسکا و دکتر گاسیون بوتو ـ چاپی اول سالی ١٣٦٣ ، انتشارات مروارید . بەشی دووەم ، عقائـــد و مکتب های سیاسی از ١٨٤٤ به بعد ، لەنووسینی د . شاسیـــون بوتو ، لاپەڕە ٣٨٤ .

٢) الانسان و الاغتراب ـ مجاهد عبدالمنعم المجاهد ـ لاپەڕە ٢٠ وەك لە ( الخوف من الحرية ) ی ( ئیریك فرۆم ) ەوە وەری گرتووە ـ سعدالدین للطباعة و النشر و التوزیع ـ دمشق ـ الطبعـــــة الاولـــی .

٣) هەمان سەرچاوە ، دەستپێکی ( ئیریك فرۆم ) ەوە وەرگیراوە ، هەمان لاپەڕە .

٤) کەرتوورجار وەک رازاوە بۆ دابۆشین و ڕێخۆشکردنی سیاسەتـــــی ئیمپریالیستی وڵاتە " پێشکەوتووەکان " وەک هێزکارێکی ئایدیۆلۆجـــی خزمەتی زۆری کردووە و دەیکات . بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەوڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینە ( جیهانی سێیەم ) بەهۆیەکـــی جوگرافی و سیاسی ، ماشوری گۆی زەوییە ، لەقوناغی شێوەـــــدا . داگیرکراو ، لەباری دوایی ئابووریدا ، دواکەوتووییـــ ) ـ من اجل نظام اقتصادی دولي جديد ـ محمد بدجاوي ، لاپەرە ٢٧ وەرگێڕانـــی د . نجيب حداد ـ مطبعة وزارة الثقافة والارشاد القومي دمشق ١٩٨٤ .

٥) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە ١٦٢ .

٦) بەشی زۆری ئەو بەرهەمەی لەجیهاندا دەهێنرێتە بەرهەم ، هەر لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەکار دەهێنرێتەوە ، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی لـــــە حاڵەتی برسێتییەکی کوشندەدا دەژین ، لەگەڵ ئەوەشدا ژمـــــارەی دانیشتوانی وڵاتە پیشکەوتووەکانی ئەمریکا زیاتر لە ٦٪ ی دانیشتوانـــی جیهان پێک ناهێنن ، بەڵام لە ٥٥٪ ی هەموو کەرەسەی سروشتـــی جیهان بەکار دەهێنن ( ـ من اجل نظام اقتصادي دولي جديد ـ کە پێشتر ئاماژەی بۆ ڕاکێشراوە ـ لاپەرە ٢٩ .

هەروەها لە هەمان سەرچاوەوە ـ لاپەرە ٣٥-٣٦ ـ ئەم دوو بڕگەیـــە دەخەینە بەرچاو : " پێویستی بەرخۆری ئاژەڵ لەوڵاتـــــــــــــــە دەوڵەمەندەکاندا پێش بەرخۆری بەشەری وڵاتە تازە پێگەیشتووەکـــــان دابین کراوە . ئاژەڵەکانی وڵاتە " پێشکەوتووەکان " چارەکێکی بەرهەمی دانەوێڵەی جیهان دەخۆن ، واتە بڕێکەی ملیارێک و ٣٠٠ ملـــیۆن دانیشتوان ) . ( ئەوەندەی ئەمریکەکان لەماوەی ساڵێکدا ڕشـــدە خۆراک فڕێدەدەنە تەنەکەی خۆڵەکاسەوە ، بۆ ماوەی مانگێک بەشـــی خۆراکی هەموو وڵاتانی کیشوەری ئەفریقای بەرین دەکات ) .

٧ [illegible] وەرگێڕانی بۆ فارسی : [illegible] ، تهران ١٣٥٥ ، [illegible] جامعه و اقتصاد ـ لاپەرە ١٣٠ کە لەم کتێبەی ئێریک فرۆم [illegible] وەرگیراوە :
Erick Fromm : The sane society .
New york - Fawcett world library . Premier books .
1965 - P. 125 .

٨) ئێریک فرۆم : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە ١٣١ کە لێکۆڵینـــەوە فارسییەکەدا ئاماژەی بۆ ڕاکێشراوە .

٩) هەر لەبارەگای مندالییەوە هەتا دەگاتە گرین و لابردن و خوێندنـــی زێنە سیاسییەکان و هەڵکێشاندن و دروستکردنی جۆرەها حەسـک و

سەرپەرشتیی بایەخپێی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و بازرگانیکردن بەخێوی سڵێکتانەوە و بەکاربردنیان لەپێناو داببنکردن و سێوتەرکردنی سوود و قازانج و مانەوەی سەرمایەدارییدا . لەبارەی کۆیلەیەتی منداڵانەوە و بەکاربردنیان بەد ڕیدانەنەبڕینەوە ، کۆمەڵەی لەناوبردنی کۆیلەیەتی کە بنکەکەی لەلەندەنە ، دەڵێت : " لە ٢٠٠ ملیۆن منداڵ کە لە سەرانسەری نەخشانەدا کە کاری کۆیلەیەتی بەدیکردوون و لەکێڵگە و کارگەکانی جنس و جیهانی تردا حەسەندا بۆ چەندین سەعاتی سەر دەوام دەخرێنە ئیشەوە بەرامبەر بەکرێیەکی کەم و لەزۆربەی کاتیشدا مامەڵەی خراپ دەکرێن " ، رۆژی سوید لەکتێبەکەیدا ـ منداڵەکۆیلەکان ـ کە تازە بڵاوبۆتەوە دەڵێت : " ژمارەی کۆیلە کە ئەمڕۆ لەجیهاندا هەیە ، لەسەرووی ئەو ژمارەیەوەیە کە لەسەدەی ڕابردوودا هەبووە و بازرگانی کۆیلەی تیا قەدەغەکراوە " . هەروەها سوید لەکتێبەکەیدا دەڵێت : " رێژەی ـ دەعارە ـ ی منداڵان لەپاریس و نیویۆرک و لەندەن لەزیاد بووندایە . لەپاریسدا نزیکەی هەشت هەزار هەرزەکاری کوڕ و کچ لەقەڵەم دەدرێن . لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەی بەکۆمەڵی هەرزەکار بزاوە کە تەمەنیان لەنێوان ١٢-١٤ ساڵدایە لەسەر سەرەکییەکاندا لەسواری ـ دەعارە ـ دا بەکاردەبرێن " . ئینجا دەڵێ " ٢٦٤ گۆڤاری ئەمریکی کتابە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ـ داعرە ـ ی منداڵان ٥٠٠ ملیۆن دۆلار قازانج بەدەست دەهێنن " . رۆژنامەی " الثورة "ی سوری لەژێر ناونیشانی ( ٢٠٠ ملیون طفل تکشفهم انحلال العبودیة فی العالم ) و لەمانگی ٦-٨ی ساڵی ١٩٨٨ دا ـ بەداخەوە ژمارەی بەروارەکەی دڕاوە ـ هاتووە . ئەمە جگە لەوەی کڕین و فرۆشتنی منداڵان بۆ بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشیان و پڕکردنەوەی پێویستی و داواکاری نەخۆشخانەکانی وڵاتە " پێشکەوتووەکان " لەبازاڕدا و سەوداداپە و زۆربەی لە رێگەی وڵاتە " دواکەوتووەکان "ەوە دابین دەکرێن ، بەتایبەتی لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتینەوە . لەوتارێکدا بەناوی ( تجارة الأطفال تتسع مجالات نشاطها و ... منها اسرائیلیین ) کە رۆژنامەی ( تشرین )ی سوری کە لە رۆژی ٢٣ . ٨ . ١٩٨٨ دا بڵاوبۆتەوە هاتووە : " ... رۆژنامەی ( اکسلسیور )ی مەکسیکی ، کە بە بەرهەوایی بڵاودەکرێتەوە ، پەیوەستیی بازرگانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا " ستۆسمان " بە هەموو جۆرە ئەندامێکی مرۆڤ : چاو ، گورچیلە ، سی ، خوێن و ئەندامەکانی تری لەشی منداڵەوە هەیە " . هەروەها پەیوەستیی " هەندێ ئەوەی هەن لەساڵەی ئەو ئەندامانەیانەوە دەبین کە لە دوای کوشتنی منداڵەوە دەستیان دەکەون ... " .

١٠) زۆربەی ئەو شێنانەی ئەرکی قورسیان دەوێت یاخود مەترسی تەندروستی
دروست دەکەن ، دەستی ئەمکەری بێگانە بەکاردەهێنن و خەڵکی ئەم
وڵاتانە زۆر بەکەمی و لەکاتی ناچاریدا ئیشی تیادەکەن ، ئەمــــەش
لایەنێکی تری دیاردەی سەرمایەدارییە . زۆر لەو کارگانــــەی
مەرجەکانی لانی کەمی تەندروستیان تێدا نییە ( بەتایبەتی خوێنیی
شتەکان وەک زۆر لە کارگە کیمیاوی و ئەتۆمییەکان ) و هەموو شتــــە
پیسەوەری و ورد و ناسەقەتەکان زیاتر لە دەستی هاووڵاتیانـــــی
خۆیاندا دەمێننەوە و زۆر بەئاستەم بەر کرێکاری بێگانە دەکەوێت و
زیاتر ئەو شێنانەیان پێ دەبڕێت کە خەمەتگوزارییە و لێزانینی کەمی دەوێت ،
ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەو وڵاتانە بەم شێوەیە و جۆرەها جیاوازی
و سنووری جیاجیا خولقێنراوە بۆ تێکشکاندنی ملەلانێ و یەکگرتنی و
لە ئەنجامدا سووکەرکردن و بەدەوامبوونی رەوتی سەرمایەگوزاری تێدا
دەچەسپێ . جا ئەگەر باسی چۆنێتی پەیوەندیان بکەین لەگەڵ ئەو
وڵاتانەی لە ژێر هەوداری چنگیاندا دەرمێنن ، هەڵبەت لەو مەرجانە
کەمتر و بەدەر نییە . بەڕێیە هەموو کێشەر و قورساییەکان دەکەوێتـــە
دەرەوەی ئەو جەمە پێشکەوتووەوە ، هەر لەبەرئەمەیی سەرمایەتانــــەوە
هەتا دەگاتە رژێمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان . بــــۆ
دابینکردنی ئەم بارودۆخە ، جۆرەها سیاسەتی جیاخوازی و رەگــەز
پەرستی و نەژادپەرستی ... هتد خولقێنراون .

# مارکسیزم و تەنگوچەڵەمەی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

ا . ح عارف

ڕاستی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە . ڕاستی خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە و ئەگەر بمانەوێ شۆڕشگێڕ بین ئەوا پێویستە لەسەرمان ڕاستی قبوڵ بکەین . ئەو تەنگوچەڵەمە ( ازمة ) هەمەلایەنەی ئەمڕۆکە دووچاری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هاتووە ، ڕاستی یەکی ڕوون و ئاشکرایە . سەدەی بیستەم نیشاندەری چەند شۆڕشێکی مەزنە کە زۆربەیان لەژێر کارتێکردنی بیر و ئەندێشەی مارکسیستانە و مەیل و ئارەزووکردن بەلای ڕزگاری چینی کرێکار و زەحمەتکێشاندا بووە ، بەلاّم ئەم شۆڕشانە لە ڕێڕەوی پرۆسەی تاقیکردنەوەی مێژوودا ئەو ڕاستی یەیان دەرخست کە هیچ یەکێکیان نەیتوانیوە بەشێوەیەکی بچینەیی پێ لەم بارودۆخەی ئێستا زیاتر هەڵ بهێنێتەوە . قوڵی و ناواخنی تەنگوچەڵەمەکەش هەرلێرەدایە .

ئەمڕۆکە هەفتا ساڵ بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دا تێ دەپەڕێت ، کەتیایدا بیر و ئەندێشەی مارکسیزم بۆی نایە نێو پرۆسەی کارپێکردنی بەکردەوەوە . ئەم قۆناغە ، بەسەرنجدان لەچاو باری خێرای بەرەوپێش چوونی مێژوو لە بارودۆخی ئەمڕۆدا ، بە قۆناغێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی تاڕادەیەک هەمەلایەنەی تیۆرێک لەمەیدانی پراکتیک دا . ئەو پرسیارە گرنگەی پێویستە لێرەدا وەلاّم بدرێتەوە ئەوەیە : ئایا پراکتیکی جیهانی " سۆسیالیزم " هەتاکو ئێستا پەیوەندی و نزیکایەتی لەگەڵ مارکس و مارکسیزم دا هەبووە و هەیە یان نە ؟

ئەگەر واز لە دوژمنە سەرسەخت و ڕاستەقینەکانی مارکسیزم بهێنین ، ئەوا لە سێ لایەنی ترەوە وەڵامەکەمان دەدرێتەوە : وەڵامی یەکەم لەلایەن " مارکسیستە " ڕەسمی‌یەکانەوە دەدرێتەوە ،واتە لەلایەن ئەوانەی ئەم شێوازە دامەزراوەی ئەمڕۆی " سۆسیالیزم " بە مارکسیزمێکی داهێنەرانە دەزانن و بەناوی پارێزەر و بەرگیکەری ئەم شێوازەی ئێستاوە قسەدەکەن ئەمانە لەپێناو پاراستن و خۆقوتارکردن دا نکۆڵی لەگشت چەوتی ، ناقۆڵایی . گیروگرفت ، نارەسایی و دژەکان دەکەن ، ئەگەرچی خۆشیان خاوەنی شێوەی جۆراوجۆر و هەندێ جاریش دژ بە یەك بن . وەڵامێکی تری پرسیارەکەمان لەلایەن " مارکسیستە ڕەسەنخوازەکان "ەوە دەست دەکەوێت . لەڕاستی دا وەڵامی ئەمانە ئەوەیە کە هیچ یەکێك لەم شێوازە چەسپاوانەی ئەمڕۆ بەناوی " سۆسیالیزم "ی چینی و سۆڤێتی و . . . هتدەوە هاتوونەتە ئاراوە هیچ پەیوەندی و ڕەگێکیان بە مارکس و مارکسیزمەوە نی‌یە . ئەمانە عەودالی چەسپاندنی ئەو " مارکسیزمە ڕەسەن"ەن کە لەلایەن **مارکس** ، مارکس و ئەنگڵس ، مارکس و ئەنگڵس و لینینەوە داڕێژراوە ، وە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارەش پێویستیان بە پڕەویکەرانێکی تەواو ڕاست و مەبدەئی هەیە .

بەلای ئەم " ڕەسەنخواز "انەوە تێکشکاندن و سەرنەکەوتنی هەرچی وانە و تاقیکردنەوە مێژوویی‌یەکانی سەدەی بیستەم و چارەنووسی گشت شۆڕشەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ریفۆرمیست و ناپاکەکان بە خراپ سوودیان لێ وەرگرتووە . لەڕاستی‌دا ڕەسەنخوازەکان مەبەستیان ئەوەیە تێگەیشتنی تیۆری و ناوەڕۆك پەرستانەی ڕوتی خۆیان سەبارەت بە مارکسیزم لەشێوەی قاڵبێکی نوێ دا دابڕێژن بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی ئەمڕۆ . وە لەو بڕوایەدان کە دەبێ جیهان و واقیعیەتەکانی بەپێی ئەم سەردنا و قاڵبانە دابڕێژرێت و ناشێ دەستکاری ئەو سەردنا و قاڵبانە بکرێت .

وەڵامی سێ‌یەمیش ئەوەیە کەدەڵێ : هەڵبەتە ئەم پراکتیکە لەمارکسیزم دابڕاو نی‌یە ، بەڵام نابێ لەهەموو بارێکدا بە شێوەی توێژینەوە و لێکدانەوەی کەم وکورتی و دژەکانی ناو مارکسیزم بناسێنرێت . مارکسیزم خۆی لەخۆی‌دا خاوەنی ئامادەیی و لێهاتوویی‌یەکی پێویست بووە بۆ خۆ

گۆڕین و قبوڵکردنی ڕاستی یەکان ، بەڵام شێوازە چەسپاوەکانی ئەمڕۆکە بەکردەوە دەستیان کردووە بە سیستەمڕێژکردنی مارکسیزم و بەمەش بەرگی ئامادەیی و لێهاتووییی ئەویان داماڵیوە . ئەگەر مارکسیزم توانا و ئامادەیی تەواوی تێدا نەبێ بۆ قبوڵکردنی ڕاستی ، ئەوا دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە : بۆچی گشت کۆمەڵگاکانی دوای شۆڕش ـ ئەم تەعبیرە لەلایەن پۆل سوێزی‌یەوە بەکارهێنراوە ـ لەسەدەی بیستەمدا ، ئەگەرچی بە ناوی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشانەوە ئەنجام دراون ، کەچی خاسیەتێکی بیرۆکراتیانە و تەنگ و ووشك تیایاندا سەری هەڵداوە و بوونەتە هۆی زەمینەخۆشکەری هەرچی زیاتری لە خودبێگانەبوونی خەڵك و راڵبوونی زیاتری هێزی دەستڕۆیشتوو و لە ڕەبت و ڕەبت نەهاتووی وەك " دەوڵەت " ی هەرچی بەهێزتر و " خاوەنداریتی دەوڵەتی " گەورە ؟

مارکسیزمی ڕەسمی لەڕێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی ڕیاکارانەوە ، درۆ و برگە ئەندێشی کردۆتە ڕێبازی سیاسی خۆی ، وێڕای گۆڕانی جۆربەجۆر و گونجاندنی زۆر یان کەمی خۆی لەگەڵ باروودۆخی ئەمڕۆ ، یان نکۆڵی لە دووری یان نزیکی خۆی لەگەڵ " مارکسیزمی ڕەسەن " دەکات یان ئەوەتا بەگۆڕانێکی داهێنەرانە بەرەو سۆسیالیزم و ئازادی مرۆڤایەتی دەی ژمێرێت . هەرچەندە مارکسیزمی ڕەسەنخواز ئاوێتەی درۆ و دەلەسە و ڕیاکاری‌یەکانی مارکسیزمی ڕەسمی نەبووە ، بەڵام لەهەندێ ڕووەوە لە برگەئەندێشیی مارکسیزمی ڕەسمی‌یەوە نزیکە . بە بۆچوونی ئەمانە ، " مارکسیزمی ڕەسەن " سەرچاوەیەکی لەبڕان نەهاتووی ڕێگە و شێوەگەلێکی چارەسەرکردنە بۆ لەنێوبردنی تەنگوچەڵەمەکان کە " شێوازە جۆراوجۆرە ڕەسمی‌یەکان " بەلاری و کەندەڵانیاندا بردووە . کاتێك ئەم تێڕوانینە، ناڕەسایی و بەرتەسکی‌یەکانی مارکسیزم وەك ئاقیکردنەوەیەکی مێژوویی زیندوو ئینکار دەکات ، بەپێویست ناچار دەبێت شێوەی کاملبوونی مارکسیزم لە ڕەوتێکی ڕاستەهێڵی و ڕووە و ژووری‌دا ببینێتەوە ، کە بیەوێ و نەیەوێ ، لەڕووی کرداری‌ەوە ناتوانێت سنورێکی گشت لایەنی لەنێوان خۆی و مارکسیزمی ڕەسمی‌دا دروست بکات . بۆ ئەوەی " مارکسیزمی ڕەسەن " لەم داو و گیروەندی‌یە قوتار بێت ، پێویستە

جەعد لەسەر تیۆر و ئامانجە کەڵکدارەکان بکات بۆ ئەوەی دووچاری هەمان چارەنووسی مارکسیزمی ڕەسمی نەبێت .

کاتێك مارکسیزم توانای ئەوەی دەبێت ئەم بەرتەسکی و نارەسیویانە لەناو بەرێت،کە بەر لەهەموو شتێك دان بەو بەرتەسکی و کەموکورپانەدا بنێت و ئەوە قبوڵ بکات کە ئەم نارەسویانە لەبارپاندا هەیە بنە خولقینەری تەنگوچەڵەمە و ئێستایش تەنگوچەڵەمەیان پێکهێناوە . بێگومان لەنێوبردنی ئەم بەرتەسکی و کەموکوڕتیانەش تا رادەیەکی زۆر مانای لەنێوچوونی " مارکسیزمی ڕەسەن " دەگەیەنێت . مارکسیزم لەڕێگەی پاککردنەوەی ئەم لەمپەڕ و بەرتەسکیانەوە ـ واتە نەفیکردنەوەی لایەنە نەفیکراوەکانی خۆی ـ دەتوانێت گوڕ و هێزی پێشرەوی و کامڵبوونی خۆی بەدەست بهێنێت . ڕبدەڕۆیی‌کردن لە بنیات نانی تیۆری لەناو کەموکورتیەکانی مارکسیزمدا ، مانای گۆڕینی مارکسیزمە بە سیستەمێکی فەلسەفی ئایدیۆلۆژی،" واتە ئایین" . لە ئەنجامیشدا بەرگی گوڕوتوانای مارکسیزم سەبارەت بە شیکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی هەلومەرجی خولقاوی ئەمڕۆ دادەماڵرێت و پاشانیش نابێتە چەکێکی کاریگەر بۆ بەراوەژووکردنەوەی هەلومەرجی گۆڕاوی ئەمڕۆ . ئەو شتەی دەتوانێت ببێتە ڕێنومایی‌کەری کاری پراکتیکی : ئەو مارکسیزمە زیندووەیە کە بەر لە هەموو شتێك ناوەڕۆك و بنچینەی خۆی لەناو هەناوی هەلومەرجی سەردەمدا وەدەست بخات . بارودۆخی ئەمڕۆ بەهیچ جۆرێك وەك بارودۆخی سەد ساڵ لەمەوبەر نی‌یە ، ئەگەرچی هەمیشەش لە ڕێگەی بوونی چەند ڕەگەزێکی جۆراوجۆر ، وە هەندێ‌جار بنچینەیی لە حوارحیوەی یەك شێوە بەرهەمهێنان‌دا ،لەپەیوەندی یەکی مێژوویی‌دا بووبێتن .

ئێستا ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین سۆسیالیزم جگە لەو شێوازە هەمە جۆرانەی سۆسیالیزم کە لەئارادان هیچی دی نی‌یە ، ئەوا دەبێت دان بەوەشدا بنێین کە ڕۆشنبیری و ڕەوشتی سۆسیالیزم نەك لەهی سەرمایەداری پێشکەوتووی ئەمڕۆ بەرزتر نی‌یە ،بەڵکو تەنانەت لەزۆر لایەنی تریشەوە لەو پایەنزمتر و پاشکەوتووترە . ئەم جۆرە بیرکردنەوە و بۆچوونانە سەرووی ئەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەردەخەن کە دوورن لە ئامانجەکانی مارکس و ئەنگلس و تەنانەت لێنینیشەوە ، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە ، قبوڵی ئەوە بکەین ئەم شێوازە سۆسیالیزمانەی ئێستا سۆسیالیستی نین ( هەروەك قبوڵمانە ) ئەوا دەبێت باوەڕمان بەوەش هەبێت کە هەموو کۆمەڵگاکانی دوای شۆڕش لەسەدەیبیستەمدا بەگشتی سۆسیالیزمیان " تەنانەت سۆسیالیزم بە واتای ئەو کاتانەش ، بنیات نەناوە . ئایا هیچ ڕامن و دڵنیایی‌یەك هەیە ئەوە بسەلمێنێت کە شۆڕشەکانی دی لەباریاندا هەیە سۆسیالیزم " سۆسیالیزم بەو جۆرە واتایەی باوبووە " دابمەزرێنن ؟ لێرەدا دەبێت ڕەگ و ڕیشەی فەتالیستی ( الجبرية ـ القدرية Fatalism ) لەبیر و ئەندێشەی مارکسیزمدا ، کە سەرمایەداری بە پێویست دەگۆڕێت بۆ سۆسیالیزم، لەنێو ببرێت.

لەمەودوا بەکورتی دەستە نیشانی پرۆسەی سیستەمڕێژکردنی مارکسیزم و سەرهەڵدانی چەند لایەنێکی جۆراوجۆری تەنگوچەڵەمە لەڕێڕەوی ئەو پرۆسانەدا دەکەین ، وە لەکۆتاییشدا دەربارەی مارکسیزمی خۆرئاوایی و گوڕ و توانا و نارەسایی‌یەکانی سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەو تەنگ و چەڵەمانە دەدوێین .

* * * *

ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم ، تەنانەت تاکو ئەو کاتانەیش کە هێشتا ئەنگلس لە ژیاندا بوو ، دەستی بەسیستەمڕێژکردنی مارکسیزم کرد ، کۆشش و هەوڵ و تەقەلای پیاوە ناودارەکانی وەك کاوتسکی ،پلیخانۆف ، میهرینگ و لاقارکیش بەشێوەیەکی سەرەکی هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو . ئەوانە دەیانویست بازنەیەکی داخراو لە مارکسیزم پێك بهێنن کە مۆری پێگەیشتن و کامڵبوونی خۆی لێبدات . ئەگەرچی مارکس و ئەنگلس مۆری کامڵی و پایانی مێژوویان لەیەك " سیستەم "دا دەبینیەوە ، بەڵام هەر لەم دیدەوە هێرشێکی توند و تیژیان بردە سەر سیستەمی هیگڵی ، کەچی هەڵسوڕێنەرانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم ، بە چاوپۆشینیان لە ناوەڕۆکی مارکسیزم،هوشیارانە یان ناهوشیارانە،دژی ئەو شتە وەستانەوە کە مارکس و ئەنگلس هێرشیان کردە سەری . ئەوانە وێڕای بەرجەستەکردنی وەڵامدانەوە و ڕێگەی چارەسەر و

بیروبۆچوونگەلێك ، هەوڵیان دەدا لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا ، واتە و ئاقیکردنەوەیەکی نەمر و جاویدانە بخەنە ڕوو کەدەبوایە سەرجەم شۆرشگێرە مارکسیستیەکان سوودیان تەنیا لەم بازنە ئەلقەدراوە وەربگرتایە ـ

ئەم بازنە گەمارودراوە لە دوو لایەنەوە درز و دەلاقەی تێکەوت: یەکەم لەلایەنی ئەو شۆرشگێرانەوە کە بە وریاییەوە ، بەڵام بەگیانێکی بەهێزەوە هەوڵیان دەدا بێ لەم سیستەمە بازنەییە بکێشنە دەرەوە . دووەم لە لایەنی ئەو ریفۆرمیستانەی زۆر بەزوویی خۆیان لەگەڵ بارودۆخدا دەگونجان. دەتوانین لەنێو دەستەی یەکەمدا ئاماژە بۆ لینین و ڕۆزا لۆگزامبۆرگ و لە نێو دەستەی دووەمدا ئاماژە بۆ برنشتاین بکەین . هەرچی دەستەی یەکەم بوو لەبریتی بەهێزکردنی ئەم تیوری‌یە مەنفی و هەڵەیە ، لەچالاکی سیاسی خۆیاندا ڕەتیان دەکردەوە ، بەڵام دەستەی دووەم زەمینەی چاوپیاخشاندنەوەی تیۆری و سیاسی ئەم سیستەمەیان بە چەشنێك خۆش دەکرد کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتانەدا باش بگونجێن . (١)

ساڵی ١٩١٤ ساڵێکی گرنگی بڕیاردەران و لێکترازانی نێوان بیر و ئەندێشەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم و چەپە شۆرشگێرەکان دادەنرێ ، بەڵام ئەم پەرش و بڵاوی و لێکترازانە زیاتر لایەنێکی سیاسی و رێکخراوەییان هەبوو ، نەیانتوانی خۆیان لەچوارچێوەی چالاکی تیۆری‌دا بێبکەیەنن . لەبەر ئەو هۆیە ئەم بازنە ئەلقەدراوەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم توانی تەنیا چەند کون و کەلەبەرێك بگرێت ، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆیشی وەك ژینگەیەك هێشتەوە کە تیۆری هەڵسوڕێنەرانی تازەی بێو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمی تەژیاند . ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەشێکی زۆری نارەسایی و دژەکانی خۆی گواستەوە بۆ نێو ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم . دژە کۆن و نوێکان لەرۆژگاری دەسەڵاتدارێتی ئایدیۆلۆژی ستالینیزمدا کامڵ بوون و پێگەیشتن ، بەڵام هێز و توانای ئەم ئایدیۆلۆژی‌یە کە ئامێتە بوو بەبیری سۆسیالیستانە و بێ ئەزموونی سەبارەت بە سۆسیالیزم ، بووە هۆی ستدان و ژێربەژێرکردنی دژ و ناکۆکی‌یەکان . تەنگوچەڵەمە لە بێخەوە هەڵقولا ، بەڵام خۆی نەهاویشتەروو . لەراستی‌دا ڕەوت و

ڕۆژگارێکی پڕ لە بەربەرێتی خۆی لە نێو دیمەنێکی ڕازاوەی ئایدیۆلۆژی دا حەشاردابوو . ڕووخساری دزێو و ناقۆڵای " سۆسیالیزم " ی ئەو سەردەمە فشارێکی زۆر بێ وێنەی خستە سەر بیر و مێشکی چەندین مرۆڤ و بەرەو گۆشەگیری و خۆکوشتن و شێتی و زەبوونی و بێ دەسەڵاتی کێشی‌کردن ، تەنانەت زۆر کەس پاکانەیان بۆ خۆیان کرد بۆ ئەوەی بە ئەنتی سۆسیالیزم لە قەڵەم نەدرێن . ئەگەر ئەم دیاردانە جۆرێکی تایبەتی لە بێزاری و ناڕەزایی دەربڕین بوون ، ئەوا ڕێگەی چارەسەرکردن نەبوون و لەژێر زەبر و زەنگی ئەو ئایدیۆلۆژی‌یەی کە سەرچاوەی خۆی لە میانەی شۆڕشی ڕووسیا و ئۆتۆریتەی بەهێزی لێنین و هەلومەرجی ڕووسیا و بەهێزی خەسڵەتی جوتیاری و باوکسالاری دا بەدەست دەهێنا ، هەموو دەنگێ بەرزکردنەوە و خواستێکی دامرکاند .

ترۆتسکیزم تەنیا لایەن و ڕێبازێك بوو کە بە شێوەی ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن ، بەلاّم زۆر بەربلاّو و سیکتاریزمانە ، شان بەشان و دژی ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم کاری کرد . وێڕای دیدفراوانی و گەشەکردنی زیاتری ئەم ڕێبازە ، کەچی بەهەمان ئەندازەی ڕێبازی ستالینیزم پشتی بە خەسڵەتی بازنەیی و ئایدیۆلۆژیەتی شێواز جۆراوجۆر بەست ، لەبەر ئەوە ئەمیش بەهەمان ڕادەی ستالینیزم بە سەرچاوەی سەرهەڵدان و بەرپاکەری تەنگوچەڵەمە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌دا دادەنرێت . ئەگەر کەوتنە ژێر باری پرسیاری ئایدیۆلۆژی‌یەك سەدان و هەزاران ساڵ دڕێژەی کێشابێ ، ئەوا لە هەلومەرجی ئێستای مرۆڤ دا ئەو توانایە هەیە لەسایەی هوشیاری و پەرەسەندنی مێژوویی‌دا ، تەنانەت لەماوەیەکی کەمتر لەسەدەیەکیشدا وەلاّمی ئەو پرسیارانە بدرێنەوە . ئەگەر ئەم خەسڵەتە گشتی‌یەی مرۆڤ و ڕەگەزە بە تواناکانی دیالەکتیك لەم سەردەمەدا ئامێتە بە کرۆك و سیفەتی واقیعی و دژ بە خواوەندی‌یەکانی مارکسیزم دەبوون ،ئەوا زۆر زووتر دەرکیان بەم سیستەمی بازنەیی و تەنگوچەڵەمە خوڵقێنەرانەی ئێستا دەکرد ، واتە هەمان ئەو سیستەمەی کە لەژێر سایەی کۆمەڵگای جوتیاری و باوکسالاری ڕووسیا و

پاشکەوتوویی ڕۆشنبیری و داب و نەریتی بەهێزی ئیستیبدادی ڕۆژهەلاتی دا خۆی هێشتبووە و جێ پێی خۆی توند کردبوو .

سەرەڕای ئەوەی لێنین و ڕۆزا لۆگزامبۆرگ دەست پێشکەری یەکی ئازا و دلێرانەیان نواند ، بەلاّم هیچیان نەیتوانی سیستەمی بەهێز و ڕیشەداری ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم تێك بشکێنێ . لەو کاتەدا کەمارکسیزم زیانی سیستەمڕێژی یەکانی خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەربلاّو نەخستبووە ڕوو ، لینین و ڕۆزا لۆگزامبۆرگ ئارەزووی تینداریان بەلای خەباتکردن لە دژی سیستەمڕێژکردنی مارکسیزمدا نەدەچوو ، جگە لەوە هەتا ماوەیەکی دوور و درێژیش سوود لە فێرکاری یەکانیشیان وەردەگیردرا بۆ بێگەیاندن و کاملکردنی سیستەمڕێژکردنی مارکسیزم . بیروئەندێشەی ستالینی تیرۆانینێك بوو کە ئەم سیستەمڕێژکردنەی گەیاندە دوا سنوری خۆی ، وەمەودای ئەم سیستەمە بارتەبی یەی لەپێش هەموو شتێکی ترەوە سنوربەندی کرد و متمانەی پێ بەخشی و خستی بە قالبی ڕێکخراوەیی یەوە . (٢)

لەکۆتایی سالەکانی پەنجاکاندا ، کەتین و ناوی ئایدیۆلۆژیەتی سەردەمی ستالین بەتوندی ڕوو لەکزی و نشێوی بوو ، شەپۆلێکی تازەی پڕ لە پرسیار و دوودلێتی سەری هەلدا . ئەمجارەیان خۆرئاوا ، لەسایەی ڕۆشنبیرێتی خۆیەوە ، جلەوی پێشڕەوایەتی گرتە دەست و ڕۆلی تێدا گێڕا . بەلاّم ئەمجارەیان تەنیا پێویستی بەرکەمالکردنی مارتەبی ڕوانینی مارکسیزم نەهاتە ئاراوە ، بەلکو قسەوباسیش لەسەر کەموکورتی ئایدیۆلۆژی و تەنگەو چەلەمەی مارکسیزمیش هاتە گۆڕێوە . شەپۆلی هوشیاری یەکی نوێ ، کە بەرینسانسی مارکسیستی ناوبانگی دەرکردووە ، تەنیا چەندین پرسیاری فراوانی لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا نەهێنایە ئاراوە و مارکسیزمی ڕەسمی ووشك و برینگی نەخستە ژێر باری ڕەخنە و پرسیارەوە ، بەلکو ڕەخنەی مارکسیستانەیشی کێش کردە ناو بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك مێژوو ، کۆمەلگە ، هونەر ، دەروونناسی و ... هتدەوە .

پاش ئەوەی ڕێبەرایەتی و ڕێنمایی کردن لەژێر فشاری باری ئابووری ، سەربازی ، بەرژەوەندی دیبلۆماسی و ڕێکخراوەیی لێك هەلبڕان ، قولّی و

بەرفراوانی تەنگوچەڵەمەکە خۆی بەچەند شێوەیەکی جیاجیای دژ بەیەك و بەرش و بڵاوی‌یەکی فراوان دەرخست . ئیتر لەوە بەدوا هیچ قسەوباسێك لەسەر ناوەند و سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی ئینتەرناسیۆنالیستی و یەکویستی‌ی - تەنانەت بەفۆرمالترین شێوەی خۆی - نەهاتە ئاراوە . هەرچەندێك تەنگوچەڵەمەکە زیاتر ئاشکرا بوایە ، لایەنە جیاوازەکانیشی لەڕووی بیر و بۆوچونەوە ئاشکراتر دەبوون ، وە بەر تەسکی و پاڵەپەستۆی ئایدیۆلۆژی ، شان بەشانی درۆ و بوختان و ڕیاکاری‌یەکی هەرچی زیاتر ، لە کەمپەد "سۆسیالیستی‌یە" دژ بەیەکەکاندا - بەتایبەتی لەسۆڤیەت دا - خۆیان دەنواند . هەر چوست و چالاکی‌یەکی تیۆری و ڕۆشنبیری : بە مەبەستی لێکدانەوەی هۆی تێکشاندن و گۆڕینی کۆمەڵگەی دوای شۆڕش کە هاتنە ئاراوە ، لەلایەن " کۆمۆنیزمی ڕەسمی " یەوە - ئەوەش نەك هەر لەو سەردەمەدا بەڵکو هەتاکو ئێستایش - بە تاوانبارکردن و گورزی ئاسانی " بۆرژوازی بون " وەشاندن ڕەفتاریان لەگەڵ کرا . ئەگەرچی ئەمڕۆکە مەسەلەی تەنگوچەڵەمە لە ئاستێکی فراواندا خراوەتە ڕوو وە زۆری ناچار کردووە دانی پێدا بنێن ، بەڵام هێشتا چارەسەرێکی بنچینەیی بۆ نەدۆزراوەتەوە . سەرەڕای ڕونکردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی تەنگوچەڵەمە و فراوانی گەشەکردنی بیر و ئەندێشە ، هێشتا تەنگوچەڵەمە لەئارادایە . لێرەدا پێویستە خەسڵەت و شێوەکانی سەرهەڵدانی تەنگوچەڵەمە ڕۆشنتر بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی تەنگوچەڵەمەکان لە چوارچێوەی دیمەنێکی هەرچی ڕۆشنتردا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە . ئایا تەنگوچەڵەمە تەنیا لە بڵاوبوونەوەی " ریڤیژینیزم " - ریڤیژینیزم بە واتا باوەکەی - و تێ‌نەگەیشتن و شوێن پێ‌هەڵنەگرتنی " مارکسیزمی ڕەسەن " ەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە ؟

ئەگەر ریڤیژینیزم بە واتا گشتی‌یەکەی بریتی بێت لە بەلاڕێدابردنێکی ڕیاکارانەی ڕاستی - ئەوڕاستی‌یانەی کە چەکێکی کاریگەرن بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ئێستا - و لەپێناو بەرژەوەندی چینە سەردەستەکاندا ، ئەوا بیەوێ و نەیەوێ ( واتە ریڤیژینیزم ) دەستێکی بەزەبری هەبووە لەدروستکردن وتوند وتیژکردنەوەی تەنگوچەڵەمەدا و ئێستایش بەردەوام هەیەتی . هەتا ئەو

جێیەی توانا و ئامادەیی پێویست بۆ یەکگرتنی چینی کرێکار و زۆربەی زەحمەتکێشان دژی بۆرژوازی و سەرجەمی چینە چەوسێنەرەکان لەئارادابێ ، ریڤیزیۆنیزم هەوڵدەدات ئەم هێز و ئامادەیی خەباتە لەرێگەی نەهێشتنی جیاوازی بوارەکانی چالاکیە تیۆری و پراکتیکیەکانەوە ـ بەشێوەی جۆراوجۆر- بگەیەنێتە دوا پلەی کزی و لاوازی خۆی .

بێگومان دەبێ بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بین دەخشەیەکی وورد و رۆشن بۆ پێناسەکردنی ریڤیزیۆنیزم بکێشین ، چونکە لە کەلەپوری مارکسیزمی ووشك و رەق هەڵاتوو و مارکسیزمی رەسەنخوازدا لێکدانەوەیەکی ئەوەندە بەرتەسك و نارەسیوانە ئەنجام دراوە کە خۆی لەخۆی دا مایەی خولقاندنی تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەیە لە چەمك ( مفهوم ) دا . ئەم شێوە تەنگوچەڵەمەیەیان لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم گەشەکردن و کامڵبوونی مارکسیزمدا . ئەگەر چەمکی چاوپیاخشاندنەوە بەو مانایە بێت کە رووی سەرجەم چەمك و سەرەتاکانی مارکسیزم بگرێتەوە و لەسەر بنچینەی راستییەکی زیندو و نەمر و هەمیشە گۆڕاو ئەنجامدرێت ، ئەوا بێگومان مارکسیزم لەبری ئەوەی بە راستی وەفاداربێت ، دەبێت ( ریڤیزیۆنیزم ) بێت . بێگومان راستی زۆر لەم یان ئەو سەرەتا و مارکسیزم گەورەترە ، مارکسیزمیش تەواوی گوڕ و توانای خۆی لەدەست نیشانکردنی ئەم راستییەدا و بە ئامانجی گۆڕانی ئەم هەلومەرجە گۆڕاوەی ئێستا ، بەدەست هێناوە . وە هەر کاتێك ئەم توانا و ئامادەییەی لێ داماڵدرا ، ئەوا ئەو کاتە مارکسیزم بە تەواوی پێویستی بە شۆڕشێکی ناوخۆی دەبێت . ئەگەر ریڤیزیۆنیزم بیەوێت شۆڕشگێڕ بێت ، ئەوا دەبێت پرۆسەی شۆڕش لەگۆڕەپانی مێژوودا ئاودیوی سنوریکی فراوانتر بکات ، واتە سنورێك کە بەرفراوانتر بێت لەئاسۆی دیدی مارکس و ئەنگلس و لینین و ئەوانی تر . ئەمەیان نەك ئیتر خیانەت نابێت ، بەڵکو باشترین و چاکترین جەشنی وەفاداری دەبێت بۆ کرۆکی تێکۆشانی دیالیکتیکی و شۆڕشی مارکسیزم .

سەرنجدانی تەنگوچەڵەمە تەنیا لە کلاو رۆژنەی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی ریڤیزیۆنیستەکانەوە ، دەرك و بیرێکی نارەس و ناخەملیوانەیە

هەواڵنامەی کتێب

کە تین و توانای ئەوەی نی‌یە خۆی لە سیستەمی بازنەیی‌یانەی مارکسیزمی رەسمی بکاتە دەرەوە . ئەگەر تەنگوچەڵەمەکان لە دەلاقەی هۆکارە دەرەکی و داسەپێنراوەکانەوە بنرخێنین ، ئەوا دیدی رەخنەگرانەی چاکخوازی و کاملخوازی‌یەکانی مارکسیزم بەتەواوی لەنێو دەچێت . ئەو کاتە مارکسیزم دەگۆردرێت بە فێرکاری یەکی ووشك و بێ‌گیان کە لەسەر دەستی مارکس و ئەنگلس و لینین بە کاملبوون و تەواوی خۆی شادبووە . لێهاتوویی و ئامادەیی پەرەسەندنی مارکسیزم لە ناو هەناوی رەخنە و نەفی‌دا ، پێویستی بەوە دەبێت کە هەمیشە چارەسەر بکرێت و گەشەی پێ بدرێت ، چونکە هەر رێگرتنەبەرێکی دی بۆ پەرەپێدانی مارکسیزم لەرووبەری جەمککی سەرزارەکیانە و لەچوارچێوەی رەوت و رێبازی بازنەیی‌یانە وئالوگۆڕکردنی رستەو ووشەی هەمەجۆردا دەمێنێتەوە . لەرەوتی شێوە مارێچانەی گەشەکردندا ، توخم و رەگەزی نەفی و رەخنەگرتن هەمیشە بەشێوەیەکی چالاکانە خۆی دەنوێنێت . ئەم نەفی‌یەش بەر لەوەی مانای نەفیکردنەوەی هۆکارە بەربەستی‌یە دەرەکی‌یەکان بگەیەنێت ،واتای نەفیکردنەوەی هۆکارە بەربەستی‌یە ناوەکی‌یەکان دەردەبرێ . لەراستیدا تەنگوچەڵەمەی گوێزانەوە( استقالي ) یان تەنگوچەڵەمەی ریڤیژینیزم ، گاڵتەجاری‌یەکی پێکەنیناوین کە بەهیچ جۆرێك ملنادەن بۆ دانپێدانانی هیچ کەموکورتی و لاوازی و دژێك لەناو مارکسیزمدا . ئەمانە مارکسیزم " دەگەیەننە " ئاستی ئاینێکی هەرگیز لەهەڵە نەهاتوو . ئەمە جگە لەوەی هەموو تەنگوچەڵەمەکان بە بیلانی فین‌لەدڵێتی بۆرژوازی لەقەڵەمدەدەن . لەدەلاقەی ئەمجورە تێڕوانینەوە مارکسیزم لەوینەی " ئایدیۆلۆژی " یان " زانست " ێکی شێوە پۆزەتیڤیزمانە ( موتلەقگەرایی - رەهاخوازی ) دەکەوێتە روو . ئایدیۆلۆژی‌یەکەیان هێز و توانای خۆی لەسەر رێ وشوێنی کۆن و دوور لەواقیعی ئەم جیهانە دەسەپێنێت و زانستە پۆزەتیڤیزمەکەیش،کەهەمیشە تێڕوانینی فیزیایی و بیرکاری‌یانە لەمێشکدا دروست دەکات ، بەگۆڕوگوژمێکی ئەوتۆی دڵنیایی و موتڵەقی‌یەوە خۆی دەخاتە روو کە رێگە لەهەموو جۆرە دوودڵی و پرسیارکردنێك دەگرێت . کاتێك هەموو دیاردە و شتێك لە دیدی ئەمجۆرە دڵنیابوونە قەدەرخوازانەیەوە دەبینرێت ،ئەوا ئەو کاتە

ستەویٚ و نەتەویٚ دەبێت سەرجەمی لاوازی و کەموکورتیی‌یەکان بخەیتە ئەستۆی ڕیڤیزیۆنیستەکان .

کاتێك گوڕ و توانای بەڵگەهێنانەوەکانی لایەنگیرانی "تەنگوچەڵەمەی گوێزانەوە" دەخرێنە ژێر باری پرسیارەوە ، ئەوا چەند پرسیارێك بەم شێوانەی لای خوارەوە خۆیان دەخەنە ڕوو :

ئایا مارکسیزم دارای بەرتەسکی تایبەتی مێژوویی‌یە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستی‌یەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ؟ ئایا کەموکورتی‌و بەرتەسکی‌یەکانی مارکسیزم بەوجۆرەن کە کارنەکەنە سەر لێهاتوویی و ئامادەیی ئەو بۆ بەرە بەخۆدان و خۆ خەملاندن ؟ ئایا لەم بارەدا مارکسیزم هۆکاری خولقێنەری تەنگوچەڵەمەی لەهەناوی خۆیدا حەشارداوە ؟ لەدوا ئەنجامدا و بەسەرنجدانی بارودۆخ و هەلومەرجی ئەمڕۆ پرسیارێکی زۆر گرنگ؛ خۆی دەخاتەڕوو ئەویش بریتی‌یە لە : ئایا پاشەڕۆژی مارکسیزم ڕووی لەکوێ‌کردووە ؟

بەلای ئێمەوە مارکسیزم ناتوانێت خۆی لە کەموکورتی و هەڵەی مێژوویی بەدوور بگرێت ، هەر لەم ڕوانگەیەشە مارکسیزم خاوەنی دژ و ململانێ و گیروگرفت و لاوازی تایبەت بەخۆی بووە و دەبێت . سیستەمڕێژکردنی مارکسیزم ئەوە دەگەیەنێت کە مارکسیزم بەدەرە لە چوارچێوەی مێژوویی و کەموکورتی‌یە مێژوویی‌یەکان . کەموکورتی‌یەکانی مارکسیزم لەو ڕووەیشەوە دەبینرێت کە چەند ڕەگەزێکی ئارادەیەك بەتوانای بۆ سیستەمڕێژکردنی مارکسیزم گرتۆتەخۆی و ئێستابش پێویستە ئەو ڕەگەزانە لەنێو ببرێن . ئێستا ئەم دژ و گیروگرفتانە بەجۆرێك پەرەیان سەندووە کە لەرادەی تۆماویی (نطفة) دا نەماون و گەیشتوونەتە رادەی تەنگوچەڵەمە . تەنگوچەڵەمەی نێو مارکسیزم لەو خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە کە مارکسیزمی ئێستا گوڕ و لێوەشاوەیی پێویست بۆ لەنێو بردن و یەکلاکردنەوەی دۆخی خولقاوی ئەمڕۆی لەدەست داوە . گۆڕان لەژێر سایە و ڕێنومایی‌کردنەکانی مارکسیزمی ئێستادا ، لە بنچینەدا جگە لە زیندووکردنەوە و قوتکردنەوەی هەمان هەلومەرجە خولقاودکەی ئەمڕۆ ، بەلام لە ئاستی چەندایەتی‌یەکی تر و بەتایبەتێتی‌یەکی ترەوە ؛ هیچی تر نی‌یە .

ئاشکرایە کە تەواوی کەموکوڕی و نارەسایی‌یەکان بەشێوەی ڕێکـر و

لەمپەرێك لەبەردەم وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوتوون ، هەندێك جار ئەم رێگر و لەمپەرانە تۆماوین و نابنە رێگری تەواوەتی جوڵانەوەی گشتی ، بەڵام هەندێك جاری دی بەشێوەی بەربەستی گەورە و ئاشکرا لەبەردەمی جوڵانەوەی گشتیدا دەوەستن . لێرەدا ئیتر قسە و باس لەسەر قۆناغی تەنگوچەڵەمەیە ، قۆناغێك کە کەموکورتی و ناتەواوییەکان تیایدا بەجۆرێك کەڵەکەبوون کە هۆکاری بنچینەیی و زۆر گرنگیان پێك هێناوە . کەواتە ئەگەر مارکسیزم بیەوێت وەڵامی پێداویستیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بداتەوە ، ئەوا پێویستە نارەسایی و کەموکورتییەکانی خۆی بناسێت و خەبات لەدژیان بکات . مارکسیزم پێویستی بەوە هەیە کە خۆی نەفی بکاتەوە بۆ ئەوەی بکاتە ئاست و قۆناغێکی بەرزتری پەرەسەندن ، وە بەردەوام شۆڕش لەخۆیدا بکات وشۆڕش لەناوخۆیدا بەرەسمی و ئاشکرا بناسێت .

ئاستی پەرەسەندنی ئەم کەموکورتی و نارەساییە مێژووییانە، دیاریکەری ئەو مەسەلەیەن کە ئایا مارکسیزم لەم یان ئەو هەلومەرجەدا توانای پێویست بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی خۆی هەیە یان نە؟ لێرەدا ناتوانین بە شێوەیەکی ڕووت و ئەبستراکت ( مجرد ) ئەوە دەربخەین کە مارکسیزم توانای پێویستی هەیە بۆ کاملبوون یاخود نیەتی، چونکە هەم هەیەتی و هەم نییەتی .

هەڵبەتە دەشێ پرسیارەکان بەشێوەیەکی جیدیتر دەربڕین ، ئەویش بەم شێوەیە : ئایا ئەگەر مارکسیزم قورت و بەربەستەکان بەتەواوی لەنێوبەرێت بۆ ئەوەی توانای وەڵامدانەوەی هەبێت ، ئیتر لەو کاتەدا بوونی دەبێت ؟ ئایا ئەگەر بەشێك لەبنچینە و پرنسیپە **گشتییەکانی** مارکسیزم وەك کەموکورتی و نارەسایی خۆیان بنوێنن و مارکسیزمیش بیەوێت نەفییان بکاتەوە ، لەو کاتەدا ئەوە نابێتە هۆی نەفیکردنەوەی بوونی خودی مارکسیزم؟

دەربڕینی پرسیار بەم چەشنە ، ئەگەر لە گۆشەدیدی مارکسیستە ڕەسەنخوازەکانەوە ئەنجام بدرێت ،کە دەستەبەندی مارکسیزم لەبەردەماندا دەخولقێنن ، بەئاشکرا دەبێتە هۆی گەلێك کێشە ، بەڵام لێرەدا مەسەلە

ئەوەیە چجۆرە مارکسیزمێ بوونی نی‌یە و هەر نەفیکردن و ڕەخنە و ڕیفۆرمێک مارکسیزمی سەرەتایی لە ڕەسەنایەتی خۆی دەباتە دەرەوە . لەم سوارەدا دەبێ بوێری و ئازایەتی‌یەکی تەواومان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەئاستێکی بەرزتردا . بەبۆچوونی ئێمە مارکسیزم ئەو شتەیە کەبارودۆخی ئێستا ڕادەمالێت و ئیتر ئەم مارکسیزمە چەندە پەیوەندی و نزیکایەتی لەگەڵ مارکس و ئەنگلس یان لینین‌دا هەبێت گرنگ نی‌یە ، چونکە کۆمۆنیزم بەلای ئەمانەوە هەر ئەو پێناسەیەی هەبووە و بەپالپشتی هەمان ئەو پێناسە سەرجەمی‌یە ، هەر فێرکاری‌یەک یان تیڕوانین و دیدێک باری ئێستا یەکالا بکاتەوە و رایمالێت ، ئەوا بەشێوەیەکی بنچینەیی پەیوەندی و نێوانی خۆی لەگەڵ مارکسیزم‌دا دەپارێزێت و بێگومان هەر بەم چەندیش " مارکسیزم " پایەدار دەبێت و درێژە بە ڕەوتی خۆی دەدات .

ئەگەرچی مارکس و ئەنگلس هەوڵی سیستەمرێژکردنی فێرکاری‌یەکانی خۆیان نەبوون ، بەلام تەموومژی و سنوربەندی نێو فێرکاری یەکانیان و بنیاتنانی پەیوەندی لەنێوان بوارە جۆراوجۆرەکانی چالاکی ئەوان لەدوایی‌دا ، دەرک پێکردنێکی داخراویان پێک هێنا . ئەگەر لەو ڕۆژگارەدا تین وتاوی هوشیاری هەمەلایەنی‌ی پێویست و زاڵبوون بەسەر ئەو تەمووژی و سنوربەندی یە لەئارادا نەبووبێت ، ئەوا ئێستا هەوڵ نەدان بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەریان‌دا دادی لێبوردن بە هیچ کەسێک نابەخشێت .

ئالتۆسیر ڕاست دەبێژێت : " ئێمە ناتوانین نەریت و شێوازی مێژوویی و سیاسی و تەنانەت تیۆری‌یەکانی خۆشمان بە بەرهەم و میراتێکی تەواو بێگەرد و پوختە لەقەڵەم بدەین ، ئەم لایەنەش لەلایەن کەسێکی وەکو ستالینەوە و لەو قۆناغەدا کە تیایدا دەسەلاتداربوو بەلاڕێ‌دا برا و بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکارهات . لە مارکسیزم‌دا هیچ سەرەتا و بۆچوونێکی " بێگەرد " بەدی‌ناکرێت و پێویستە سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە . بەدرێژایی ڕۆژانی شەستەکان ، کە هەریەکەمان سەرگەرمی لێکدانەوە و تاقیکردنەوەی جۆربەجۆری خۆمان بووین و هەریەکەمان بە شێوەیەک " گەڕاینەوە سەر کلاسیکەکان " و مارکس و لینین و گرامشی‌مان خوێندەوە و دووبارەمانکردنەوە

بۆ ئەوەی بتوانین مارکسیزمی زیندوو و ڕاستەقینەیان لێ هەڵهێنجین ، ئەمجۆرە هەوڵدانانە هەمان ئەو شتانە بوون کە لەژێر سایەی ووتە و کرداری ستالینیزمدا خەفەدەکران . هەموومان و هەریەکەمان بە چەشنێك ناچار بووین سەرەڕای جیاوازی و ناتەبایی‌یەکانی نێوانمان ئەو ڕاستی‌یە بێ پەردە قبوڵ بکەین کە شێواز و نەریتی تیۆریمان " بێ‌گەرد " نی‌یە ، وە بەپێچەوانەی تەعبیرەکەی لینینەوە : " مارکسیزم کۆڵەکەی پۆڵایینە " ، لەو بڕوایەدا بووین کەمارکسیزم هەڵگری کێشە و دژ و درز وقڵیشێکە کە لە ئاستی خۆیان‌دا شوێن پەنجەیان هەبووە لە بەرپاکردنی تەنگوچەڵەمەدا ، بەهەمان شێوەی لەوەوپێش لە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم و تەنانەت لەسەرەتای ئینتەرناسیۆنالیزمی سێ‌یەمیش ( ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی ) دا ، واتە ئەو ڕۆژگارەی هێشتا لینین لەژیاندا بوو ، کاریان دەکرد". (٣)

مارکسیزم تا ئەو جێگەیەی دژ لەدرونی‌دا - بەپێ‌ی تایبەتێتی مێژوویی و سنورداریێتی خۆی - بەدی دەکرێت ، بمانەوێ و نەمانەوێ چەند تۆماوێکی تەنگوچەڵەمەیەك لەنێوی‌دا دەبێ ،بەڵام بوونی چەند تۆماوێکی تەنگوچەڵەمەیەك لەگەڵ خودی تەنگوچەڵەمەدا یەك نین . چەند تۆماوێکی نێو تەنگوچەڵەمەیەك دەتوانن لە زەمینە و بارودۆخێکی تایبەتی‌دا گەشەبکەن و تەنگوچەڵەمە پێك بهێنن . ئەگەر مارکسیزم بەشێوەیەکی بەردەوام ڕەخنە لەخۆی بگرێت و خۆی چاك بکات و بیەوێ لەم ڕێگەیەوە خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر بۆ وەڵامدانەوەی پێویستی‌یەکانی سەردەمی خۆی ، ئەوا بمانەوێ یاخود نە، ئەو توانایە لەخۆی‌دا دەبینێتەوە خۆی لەو تەنگوچەڵەمەیە بەدوور بگرێت ، یان بەلای کەمەوە ئەم قۆناغە درێژخایانتر بکات . دژ و ململانێکانی نێو مارکسیزم هەرگیز یەکسان و لەئاستێکدا نەبوون ، بەڵکو بە شێوەیەکی بەردەوام خۆیان لەبارێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕن . لە لایەکەوە دژ و ململانێ کۆنەکان لەنێو دەچن و لەلایەکی ترەوە ناکۆکی وململانێ‌ی نوێ سەرهەڵدەدەن . بەوجۆرە دژ و ململانێ لەبڕانەوە نەهاتوون .لێرەدا مارکسیزم لەڕێگەی نەفیکردنەوەی خۆیەوە هەم دەتوانێ کۆتایی بە ناکۆکی‌یەکانی خۆی بهێنێت وە هەم دەتوانێ پێش لە دووچاربوونی تەنگوچەڵەمە بگرێ ،



هەواڵنامەی کتێب

ئەمە ڕاستە ، بەڵام نەك بەو مانایەی ئیتر مارکسیزم خۆی هەڵوەشێنێتەوە و کۆتایی خۆی ڕاگەیەنێ ، بەڵکو بەو مانایەی هێشتا وەك ڕێ نیشاندەرێکی کار و کردەوەکانی ژیان خۆی ڕێك دەخات . لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە : ئەگەر لەتوانادا بێ لەڕووی تیۆرییەوە تەنگوچەڵەمە پشتگوێ بخەین ، ئایا دەتوانین هەمان کار لەڕووی پراکتیکییەوە ئەنجام بدەین ؟ ئێستایش بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە وئەوەی دەربارەی ئایندەی مارکسیزم بدەینەوە ، دەست نیشانی لایەنێکی دی تەنگوچەڵەمەی بەرفراوانی ئەمڕۆ دەکەین .

لایەنێکی تری تەنگوچەڵەمەی ئەمڕۆ بریتییە لە **تەنگوچەڵەمەی چەمکەکان** . گوڕ و توانای زەین (ذهن) تەنیا لەوەدا نییە کە پەیوەندی لەنێوان چەمکەکاندا دروست بکات . بەڵکو زیاتر لەهەموو شتێك لەوەدایە کە هەمیشە و یەکبینانە چەمکەکان بگۆڕێت و شان بەشانی گونجاندنیان لەگەڵ ناوەڕۆکی نوێیان بیان ترخێنێت . تەنگوچەڵەمەی ئەمڕۆ ، پێناسەکانی ڕابردووی سەبارەت بە سۆسیالیزم ، یەکبوون ، ڕێکخراو ، دیسپلین ، دیموکراتییەت ، ئازادی ، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . . .هتد شێواندووە و تا ڕادەیەکیش لەبایەخ و متمانەی دەزگای ئایدیۆلۆژیکی ڕابردووی کەمکردۆتەوە . کاتێك لەباردا نابێ لەهێز و دەسەڵاتی شێواز و نەریتە کۆنەکان ، کە گوڕ و توانای خۆیان لەم چەمکانەوە بەدەست دەهێنن ، لەبواری مێژوو و ڕۆشنبیری کەمبکرێنەوە ، ئەوا ئەم شێواز و نەریتانە کارتێکردنی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەهێڵنەوە ، تەنانەت ئەگەر هەڵسەنگاندن وپێناسەی نوێیش لەو شێواز و نەریتانە پێك بهێنرێن . لەبەر ئەوەی پێوانەکانی ڕابردوو ناتوانن لەکاتی خۆیدا تەنگوچەڵەمە لەنێو بەرن ، ئەوا لەئاکامدا ناتەبایییەکی توند و تیژ لە کەلەپووری قۆناغێکی گوێزانەوەی درێژخایاندا ، کە هەڵگری شتی شاردراوە و ئاڵۆزی چەمك بێت ، دەهێنێتەدی . سەرهەڵدانی گیروگرفتی کاری پراکتیکی لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە یەکێك لەم بارودۆخەدا باوەڕی بەبوونی تەنگوچەڵەمە هەبێت ، بەڵام لەڕوانگەی ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەمەوە بڕوانێتە پرنسیپەکان ، ئەو کاتە بیەوێ و نەیەوێ توانای ئەوەی نابێت پەیوەندییەکی ڕاست و دروست لەنێوان

چالاکی تیۆری و پراکتیکی و ڕێکخراوەیی خۆیدا دروست بکات ، چونکە ئاشکرایە ناکۆکی‌یەکی توند وتیژ لەنێوان ئەوانەدا هەیە . نەبوونی یەکێتی لەنێوان تیۆر و پراکتیک دا ، ڕوویەکی ئاشکرای تری دەرکەوتنی تەنگوچەڵەمەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا . یەکێك لە خەسڵەتە نۆکمە و بەهێزەکانی مارکسیزم بریتی‌یە لە یەکێتی نێوان تیۆر و پراکتیك ، کە ئەمڕۆ بە چاوێکی کەم یان لەڕوانگەیەکی فەلسەفیانەی ڕووتەوە تێی دەڕوانرێت .

لەڕوانگەی مارکسیزمەوە ، یەکێتی تیۆر و پراکتیك دیاردەیەکی فەلسەفی ڕووت نی‌یە ، بەڵکو بریتی‌یە لە تێکەڵی‌یەکی یەکێتی فەلسەفی و سیاسی نێوان تیۆر و پراکتیك . هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە مارکسیزم بناخە و سەرچاوەی تیۆری لە کرۆکی کۆمەلایەتی یان پراکتیکی کۆمەلایەتی ئێستا : " کۆمۆنیزمی بەکردەوە " ، وەیان " مارکسیزم بە واتای ئەمڕۆی " دا ناسێنێتەوە . ئەم لێك جیاکردنەوەیەی نێوان تیۆر و پراکتیك ، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا بەجۆرێکە کە ناکۆکی‌یەکی توندوتیژی لە نێوانیاندا پێك هێناوە .

بەدوورکەوتنەوەی لەڕادە بەدەری تیۆر لەپراکتیك ، لایەنێکی تری تەنگوچەڵەمە بەمجۆرە خۆی دەخاتەڕوو . ڕاستە تیۆر ناتوانێت لەپێش پراکتیکەوە شەقاو هەڵ بهێنێتەوە وەیان بەتەواوەتی ناتوانێ هاوشانی بێت، بەلاّم لەوانەیە بتوانێت بەناخی فەلیشت و تەنگوچەڵەمە خولقێنەرەکاندا بچێتە خوارەوە و ڕێگە لە تەقینەوەیان بگرێت . ئەم لایەنەی تەنگوچەڵەمە زیاتر لە ڕۆژگارەکانی دەسەلاتداریتی ستالین‌دا قووڵبۆتەوە . سەرهەڵدانی " مارکسیزم - لینینیزم " ی ستالینی‌یانە ( بەهەمان شێوەش ترۆتسکیزم ) دەرك و باوەڕێکی داخراوی هێنایە ئاراوە ، کە بە پاڵپشتی ئیمپرێشنی ئەبستراکتیکی تیۆری،بە نزم و بێ‌بایەخ تەماشا دەکرد . ئەم شێوازە دەرك کردنە نەك تەنیا لەمپەرێکی لەبەردەم لێکۆڵینەوەکانی هەلومەرجی ئەمڕۆدا دروستکرد ، بەڵکو قاڵبوونەوە لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلسیشی بەبێ بایەخ سەیردەکرد . بەوجۆرە هەموو شتێك لەبەر ڕۆشنایی قاڵب بەندی‌یەکی لەوەپێش داڕێژراو تیۆریزە بوو . تەنانەت لەبوارەکانی زانستەکانی سروشتیش دا

دوو لقی جیاوازی سەر بە " زانستی بۆرژوازیانە " و " زانستی مارکسیستانە " پێکهاتن . زانست خوازێتی پرووپووچانە و پۆزەتیڤیزمانە ، ئەندێشە وبیرێکی میکانیکییانە و ئایدیالیستانەی لە مارکسیزمدا دەنەخشاند ، کە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و گەشەکردنی لێ زەوت دەکرد . کاتێك کە " لینینیزم " بە مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم ئەفەلەم درا و ئیمپریالیزمیش وەك دواقۆناغی سەرمایەداری دانرا ، ئا لەو کاتەدا " لێنینیزم " بەدوا مارکسیزمی کاملی وەلامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە دانرا . ئەم جوارچێوەسازییەی کە لەلینینیزمدا پێکهات ، شان بەشانی ئەوەیش بەکەم گرتنی مەتریالیزمی دیالەکتیك بەشێوەیەکی فراوان ، ئاکامێکی دژوار وگەورەی پێك هێنا و زەبرێکی کوشندەی ئاراستەی ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەکردنی مارکسیزم کرد . بێگومان پێك هاتنی ئەم تەنگوچەڵەمەیەش تا ڕادەیەکی زۆر لە هەناوی " ئیمپرسیۆنیزم " و " زانست خوازیی " و کارکردنی یەك لایەنە لەبواری گەشەپێدانی تیۆری و مارکسیزم - لینینیزمەوە سەرچاوەی هەڵدەگرت .

## ناتەبایی گشتی لە بوارە بنچینەییە تیۆرییەکاندا :

ئەم دیاردەیەش گرنگییەکی زۆر زۆری هەیە لە سەرهەڵدان وچەسپاندن و درێژەپێدانی تەنگوچەڵەمەدا . ئەگەرچی شێوار و لایەنە جۆربەجۆرەکانی تیۆریی بە یەك پەیوەستن ، بەلام هەرگیز نیازە دیار و جیاوازەکانی شێوار و لایەنێکی تیۆری دی ناهێنێتەدی . هەرچەندە لەم بارودۆخەی ئێستادا جۆش و خرۆشاندنێکی تیۆریی بەرپا بووە ، بەلام بەداخەوە خۆی لەچوارچێوەی وانای گشتی و تیۆریی وەك فەلسەفە ، هونەر ، دەروناسی و ... هتد دا دیاریکردووە . سەرەڕای ئەوەی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی تیۆری لەم بارەدا زۆر گرنگە و تارادەیەك دەبێتە هۆی گەشەکردن و هاندانی کاری تیۆریی لەمەیدانەکانی تردا ، بەلام چالاکیی تیۆریی و ئاستی گەشەکردنی تیۆریی لە بوارە سیاسی و ئابورییەکاندا بە



هەواڵنامەی کتێب

شێوەیەکی هوشیار و ئاگایانە زۆر لاوازن . ئەم ناتەبایی و نەگونجانە ئاشکرایە بەلای کۆمۆنیستەکانەوە بارێکی سەخت و دژوارە ، چونکە ناسینی باری سیاسی و ئابوری ژیان ، سەرچاوەیەکی زۆر پێویستە بۆ ئەوان .

## نرخاندنی تەنگوچەلەمە لە گۆشەنیگای ئایدیالیستانە ومیتافیزیکیانەوە :

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە زۆرکەس هەوڵدەدەن رابردوو لەدەلاقە و سەرنجدانی بارودۆخی ئەمڕۆ و پەیبردنی مێژوویی‌یەوە بڕوانە شوێنەواری ئێستایان . ئەمجۆرە باس و توێژینەوانە ناتوانن نارەسایی و سەپێنراوەکانی رابردوو بگرنە خۆیان و قبوڵیان بکەن ، لە ئاکامدا بە پاڵپشتی جۆر و شێوازەکانی ئەندێشەخوازی خاڵیسانە هەرچی بایەخ و نرخێکی رێژەیی و مێژوویی هەیە لە ڕوانگەیەکی ڕەهایانەوە بەکەم دەگیردرێت . هەروەها تەواوی مێژوو رەت دەکرێتەوە و سست و لاواز دەبینرێت ، چونکە سەبارەت بە ئاستی توانای بیر و ئەندێشەی ئەمرۆ نزمتر و لەدواترە . لەم میانەدا رێژەخوازی‌یەکی رەها بەدی دەکرێت کە ئەوەی لە پێشوودا رووی داوە بە رابردووی دەزانێ و وەك شتێکی کۆن و لاوازو بەسەرچوو سەیری دەکات .

ئەم شێوازانەی نرخاندن ، کەهێز و توانای ئەوەیان نی‌یە کەنار و قوڵایی تەنگوچەلەمەکە بە رێك و ڕوشەنی وێنەبکێشن ، بەهۆی دەرك و بۆچوونی هەڵەیانەوە رادەی تەنگوچەلەمەکە زیاتر دەکەن . بەلای ئەمانەوە مارکس یان ئەنگلس یان لینین وەیاخود هەرکەسێکی دی لەو رووەوە دووچاری هەڵە دەبێت و لە بایەخ و نرخی خۆی کەم دەکاتەوە کە پابەندی مێژوو بێت . هەڵە و بەرتەسکی‌یەکانی ئەمانە لەجوارچێوەی هەڵە و کەموکوریەکانی ئەو کاتە دیاری ناکرێ .

هەندێك جار ئەوە بەتەواوی لەیاد دەکرێت کەخەڵکی زەحمەتکێش و چینی کرێکار ، لەبارودۆخی دەسەلاتدارێتی کۆمەڵگەی چینایەتی‌دا لەسووری مت بوون و پاشەکشەیی‌دا ، بە توندی دەبنە ریفۆرمیست ( بێگومان تەنیا لە رووی ڕۆحی‌یەوە نەك وەك پەیرەو و پرۆگرامێکی سیاسی ) . ئەم سووری مت بوون و بەرەو پاشەکشەچوونە ، هەندێك‌جار وەك دیاردەیەکی بابەتی

مێژووبی لەبەرچاوگیراوە و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە . ئەم دیاردەیەش دەرك و باوەڕێکی ئەوتۆی پێكهێنا کە ئەم "خەسلەتەڕۆحی بە " ی بە فرمان وپێویستی یەکی مێژووی لەقەڵەمدا و لەئەنجامیشدا ڕۆح و کرۆکی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەو بەرنامەداڕشتنی درێژخایانی بۆ ئەو تێکۆشانە خستە ژێر باری پرسیارەوە .
هەڵبەتە لێرەدا باس لەسەر ئەوە نی یە کە لەم یان ئەو کۆمەڵگە ، ئەم یان ئەو هەلومەرجی دیاریکراودا ، ناتوانرێت ئەم جۆرە بارانە بخولقێت ، بەڵکو باس تەنیا لەسەر یەك شێوە دیدی سەرجەمی یە ، کاتێك ئەم شێوە دیدە بیروبۆچوونی هەڵە و نادروست تێکەڵ بە بەرنامە و سیاسەتی خۆی دەکات، ئەو کاتە بەپێویست تەنگوچەڵەمە دەسازێنێ .

بابەتێکی گرنگ کەپێویستە لێرەدا لەسەری فوڵ ببێنەوە ئەوە کە ئەمڕۆ ئەو لێکدابڕان و جەمسەربەندی یەی لەنێوان تیۆر و پراکتیك دا ئەنجامدراوە، دوو جیهانی جیاوازی بەنێوی جیهانی تیۆری و جیهانی پراکتیکی خولقاندووە . جیهانی تیۆری بەڕادەیەك خراوەتە پاڵ وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان و جیهانی پراکتیکیش ( شۆڕش ) خراوەتە پاڵ جیهانی سێیەم . نەبوونی یەکێتی لەنێوان ئەوانەدا ، لێکترازانێکی تەنگوچەڵەمە خولقێنەری پێكهێناوە و ( کۆلێتی ) بە دروستی ئەم مەسەلەیە پێش چاو دەخات و دەڵێ : " **جیابوونەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، مارکسیزمی ڕوو بە ڕووی تەنگوچەڵەمەیەکی درێژخایان کردۆتەوە** ". (٥)

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان سەبارەت بە ئاییندەی مارکسیزم، ئەوا کەمێك پەنا دەبەینە بەر ڕادەی توانایی خودی مارکسیزم لەم سەردەمەدا. سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵ بووەتەوە ، بەڵام هێشتا مارکسیزم خاوەنی هێز و توانایەکی مەزنە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە . ئەگەرچی یەکێتی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی لێك ترازاون ، بەڵام زۆربەی ئەو نارەزایی و جولانەوانەی دژی زوڵم و زۆر، نایەکسانی ، چەوساندنەوە ، تاوان ، بۆگەنی بەرپاکراون، بەناوی مارکس و مارکسیزمەوە ئەنجامدراون و هەر لەویشەوە گوڕ و توانای خۆیان بەدەست هێناوە . سەرەڕای ئەوەی بۆرژوازی و هەموو چینە چەوسێنەرەکان ڕیزی بەرت و بلاوو

لاوازی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بەچاوی خۆیان دەبینن و هێزێکی پارێزەر و بە ئەزموونیان بەناوی مارکسیزم و سۆسیالیزم لە ناو ڕێزەکانی خۆیانــــدا گۆشکردووە ، بەلاّم هێشتا دان بەوەدا دەنێن کەمارکسیزم تائێستا خاوەنی هێزێکی مەزنە بۆ تێکۆشان . والتێر شیل کە خۆی بە نا مارکســـی و پارێزەری ڕژێمی سەرمایەداری دادەنێت لە ئەنجومەنی دۆسلدۆرف دا کــە لــە ئابی ساڵی ١٩٧٨ دا سەبارەت بە ( فەلسەفە و ئاسۆی جیهان لە زانستی نوێدا ) بەسترا ، گووتویەتی : من وەك ڕاستی‌یەك ، لەماوەی سی ساڵی ژیانی سیاسی خۆمدا ، هەمیشە بەم یان ئەو شێواز و ڕێگایــە لەگەلّ مارکسدا نزیك بووم . . . هەروەك ئاشکرایە کە ئەمڕۆ و تاکو ئێستایش قوتابیانی " ج . ك فیختە " هەر ماون ، بەلاّم ناتوانن هیچ جــۆرە چالاکی‌یەکی سیاسی بەناوی فیختەوە ئەنجام بدەن . لەلایەکی دیکەوە بیر و ئەندێشەی مارکس بە بێخ و ڕیشەی ژیانی ملیۆنان مرۆڤ دا شـــۆڕ بۆتەوە ، ئەمەش تەنیا ڕووی ولاّتە سۆسیالیستی‌یەکان ناگرێتەوە . بۆچـــی مارکس ئەم دەسەلاّتە جیهانی‌یەی لەباردایە؟ بە بۆچوونی من لەبەر ئەوەیــە کە ئەو ( مارکس ) هەرچی گوڕو توانای بوو بەرەو گرنگترین و پـــڕ بایەخترین مەسەلە ، واتە مەسەلە کۆمەلاّیەتی‌یەکانی سەردەمی خـــۆی ئاڕاستەکرد . تەنانەت ئەمڕۆیش ئەم گرنگترین مەسەلاتە پەیوەندییان بــە ملیۆن و ملیۆنان مرۆڤەوە هەیە . مارکسیزم دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات ، واتە تا ئەو کاتەی کە ڕێگەیەکی چارەسەرکردن بۆ مەســـەلــە کۆمەلاّیەتی‌یەکان لە سەر ئاستی جیهان دەدۆزرێتەوە " . ( ٦ )

ئەگەر مارکسیزم ڕاستی‌یەکی مەزن بێت بۆ سەردەمی خۆی ، ئــەوا ئاشکرایە کە لەو بارەدا ڕێگەی چارەسەرکردنی مەسەلە کۆمەلاّیەتی‌یەکان لــە ئاستی جیهاندا بەوەوە بەستراوەتەوە ، واتە ئەو شتەی کە بـــــەلای پارێزەرانی سەرمایەداری‌یەوە مانایەکی نی‌یە ، مارکسیزم ڕاستی خۆی لەپێــش هەرشتێکی دیدا بەمجۆرە دەخاتە ڕوو " بەلای ئێمەوە کۆمۆنیزم بارێــك ( وەزعێك ) نی‌یە کە دەبێ دابمەزرێت ، ئامانجێك نی‌یە کە واقیع دەبــێ پێڕەوی لێ بکات . ئێمە ئەو بزووتنەوە واقیعی‌یە بەکۆمۆنیزم دەزانین کە ئەم

بارەی ئێستا لەئارادایە ژێرەوژوور بکات . زەمینە و هەلومەرجی ئەم بزووتنەوەیەش لە پێشنیارەکانی ئەمڕودا پێك دێن " . (٢)

مارکس کۆمۆنیستێك بوو نەك " مارکسیست " یك ، هەر لەم ڕووەوە ئەگەر باس لە سەر " مارکسیزم " بێت ، ئەوا مانای وایە دەبێ پشتگیری لەو بزووتنەوە کۆمۆنیستی‌یە بکرێ کە خودی مارکس باسی لێوە دەکات . ئەم شێوە پێناسەیەی کۆمۆنیزم ئەوەندە بەرفراوانە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ لە نێوبردن و ڕەتکردنەوەی بەربەست و لەمپەرە جیاجیاکانی بەردەم مارکسیزم.

هێزی مارکسیزم لەباری سیاسیشەوە لە کۆمەڵگەی چینایەتی‌دا هەر لە دەوراندایە ، ئەمەش لەو ڕاستی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت کەمێژووی کۆمەڵگە چینایەتی‌یەکان بریتی‌یە لە ململانێی چینایەتی نێوان چەوسێنەر وچەوساوە ، بێگومان ( خاوەن دەسەڵاتی حوکم و ژێردەستی دەسەڵاتی حوکم ) . هەتا ئەو کاتەی زولم و زۆر و چەوساندنەوە باڵ بکێشێت بەسەر زۆربەی‌زۆری خەڵکی زەحمەتکێش دا ، هێزی تێکۆشان ( جگە لەشێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات ) ی خەڵکانی چەوساوە و ستەمدیدە دژی چینەسەردەستەکان هەر بەردەوام دەبێ .

ئایا پشت ئەستوور بەم هێز و توانایە ناتوانرێت بزووتنەوەیەکی سیاسی یەکگرتوو لە سەرتاسەری جیهان دا پێك بهێنرێت ؟ . ئەگەر چەمکی‌تەبایی و هاوئاهەنگی ، هەروەها ئاست و کرۆکی تێکۆشان و هێزە تێکۆشەرەکان بتوانێ خۆی لەتەك بارودۆخی نوێ و گۆڕاودا بگونجێنێت ، ئەوا ئاشکرایە کەتوانای یەکبوون دەتوانێت چەمکێکی نوێ بە خۆیەوە بگرێت ، ئەگەرچی پێناس و باسی جۆراوجۆری هەمەلایەنیش سەبارەت بە یەکبوون بهێنێتەوە ئاراوە . بەڵام ئەم کارە لەڕێگەی بزووتنەوەیەکی فراوان و پان و پۆڕەوە لەتوانای‌دا هەیە سەربگرێ ، نەك لەڕێگەی جوڵانەوەیەکی لەسەرخۆوهێواشەوە . ئەمڕۆکەش پێویستی هاتنەدی ئەم بزووتنەوە پان و پۆرە لەرێگەی ڕێنسانسێکی مارکسیستانەوە ڕاگەیەندراوە . بەمجۆرە هەنگاوهەڵهێنانە،دەتوانین چاوەڕێی یەکبوونێکی بەرزتر و بلندتری تیۆر و پراکتیك بکەین .

ئەوەی پێویستە هەمیشە دووپاتی بکەینەوە ئەوەیە کە ڕەوتی گەشەکردنی تیۆرێك هەمیشە بەرێگەیەکی ڕاستەهێڵی و پلەپلەیی‌دا نەڕۆیشتووە و ناڕوات ،

بەڵکو هەمیشە ڕەوتێکی شێوە ماریێچییانەی هەبووە کە پڕبووە لەکات و ساتی لێکدابڕین و وەستان لەبەردەمی ڕەوتی گەشەکردنی بلەبلەیی‌دا وتەنجامەکەشی بڕیتی بووە لەگۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی . هەڵچوون و شۆڕش لە تیۆردا هەمیشە ڕەنگدانەوەی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵگەبووە و لەقۆناغێکی تایبەت دا کۆمەڵگە ئەو پێداویستی‌یانە بەشتێکی پێویست دەزانێ بۆ زاڵبوون بەسەر فاکتەرە بەربەستی‌کەرەکان‌دا . کاتێك پێداویستی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان لەئاستی تیۆری‌دا دەبنە هۆی سازکردنی هێزێکی بەگوڕ و توانای هەمەلایەن، چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی گیروگرفتەکان و دابین‌کردنی پێداویستی‌یەکان مەیسەر دەبێ . ئەگەر ئەو جولانەوە تیۆری‌یانە هاوجووت و تەبابن لەگەڵ پێداویستی‌یە کۆمەلایەتیەکاندا و هاوشانیان ڕێ بکەن ، ئەوا دەبنە هۆی دروستکردنی شۆڕشێك لەناو تیۆردا . هەموو شۆڕشێك خاوەنی لایەن و دیاردەی تێکشکێنەر و نەفی‌کەرەوەیە ، واتە زۆر بۆ فاکتەرە بەربەست و نێگەتیڤەکان دەهێنێ و بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە ڕایان دەماڵێ ، بێگومان هەمان مەسەلەیش بۆ بواری تیۆر هەر ڕاستە . ئێستا بەوورد بوونەوە لەو هەلومەرجەی باسمان‌کرد ، دەتوانین شۆڕشێك لەنێو تیۆردا ببینین ، شۆڕشێك کە لەسەرەتادا نەیدەتوانی کات و سات و شوێنی ڕوودان و لایەن و فاکتەرە بنچینەییەکانی ڕابەرایەتی‌کردن و دەرخستنی خۆی بناسێت .

لەمەر هێز وتوانای ئێستای مارکسیزمەوە خراپ نی‌یە ئەگەر ووتەیەکی ماك لیلان بهێنینەوە : **" زۆر لە ئایدیاکانی مارکس ـ ئەڵبەتە نائاگایانە ـ لەمیتۆدێکەوە وەرگیردراون کە ئێمە لەسەدەی بیستەمدا لەڕێگەی ئەوانەوە سەیری جیهان دەکەین ... ئێمە دەمانەوێت مرۆڤ وەك بوونێکی کۆمەلایەتی ، نەك وەك تاکێکی دابڕاو و گۆشەگیر، ببینین ، ئێمە لەڕێگەی گەشەکردنی کۆمەڵ ناسی‌یەوە ، کە زۆر قەرزاری مارکسە ،سەیری شێوەکانی گۆڕان و چاککردنی کۆمەڵگە دەکەین . ئێمە ڕۆڵی بنچینەیی لەگەشەکردنی مرۆڤ دا لەڕوانگەی مێژوویی‌یەوە هەڵدەسەنگێنین . ئێمە بەگەلێك شێوە و شێواز ئەوە بەدی‌دەکەین کە ئایدیا و بیرەکان گرێدراون بە بەرژەوەندی گروپە کۆمەلایەتی وئابوری‌یەکانی قۆناغێکی دیاریکراوەوە و پایەداری مارکس فێری گەلێك شتی‌کردوین کە بە**

هۆیانەوە نابەرابەری و بێعەدالەتی قۆناغی سەرمایەداری ببینینەوە ، یان هیچ نەبێ بتوانین ئەو دیاردانە کەمتر بکەینەوە... مارکسیزم زیاتر لە یەک سەدەیە زمانی ملیۆنان مرۆڤ بووە تا بتوانن بەهۆیەوە هیواو ئامانجەکانی خۆیان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان رابگەیەنن ". (٨)

## مارکسیزمی خۆرئاوایی و تەنگوچەڵەمە :

لەنێو ئەو جوڵانەوە جۆراوجۆرانەی لەم سەردەمەدا بەناوی مارکسیزمەوە چالاکی دەنوێنن ، واتە : " مارکسیزمی چینی " ، " مارکسیزمی رووسی "(٩) " ترۆتسکیزم " ، مارکسیزمی ( " یۆگۆسلاڤی " ، " ئەلبانی " ، " کۆری " ) ، " دوا مارکسیزم - واتە مارکسیزمی خۆرئاوایی " ، مارکسیزمی خۆرئاوایی "١٠ ، لەهەموویان سەرنج راکێش ترە ( بەتایبەتی لەرووی تیۆرییەوە ) . مارکسیزمی خۆرئاوایی هەرچەندە وەك هەموو شێوەکانی تری مارکسیزم خاوەنی تایبەتێتی سیاسی و رێکخراوەیی رۆشەن نییە و بەشێوەی بزووتنەوەیەکی مەشق پێکراو و رێکخراوی کۆمەڵایەتی یان دەوڵەتی نەهاتۆتە مەیدان ، بەڵام لە رووی ئەنجامدانی چالاکی تیۆری و توانای تێڕوانینی تیۆری خۆیەوە لەپێشترە لە وانی تر . مارکسیزمی خۆرئاوایی لەهەندێ رووەوە دارای هێز و گورێکی تیۆری سەرنجدەرانەیە ، بەڵام لەرووی پراکتیکەوە خاوەنی لاوازی و بێ توانایی یەکی ئاشکرایە ، هەر بەهۆی ئەم دیاردە لاوازەوەیە کەشێوەکانی تری مارکسیزم دەتوانن رووبەکی " رەوایی بوون " بەخۆیان ببەخشن .

" مارکسیزمی خۆرئاوایی " خۆی بەمیراتگری ئەنجامدانی کارێکی تیۆری دادەنێت ، کە لە قوتابخانەی بۆداپێست و پاشان قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە دەست پێ دەکات و بەرادەیەکیش بە ئەنتۆنیۆ گرامشی ئیتالیەوە بەستراوەتەوە. قوتابخانەی بۆداپێست بەناوی لۆکاچە ناسراوە . لۆکاچ ساڵی ١٩٢٣ کتێبێکی بەناوبانگی بەناوی " مێژوو و هوشیاری چینایەتی " بلاوکردەوە ، هەروەها لۆکاچ لەژێر کاریگەرێتی ئەڵمانیادا بوو و هەر لەوێش کاریگەری نواند. لەهەمان ئەو رۆژانەدا پەرتووکێك بەناوی " مارکسیزم و فەلسەفە " لەلایەن

کارل کۆرشەوە بلاوکرابەوە کە بیروراکانی لەگەڵ بۆچوونەکانی لۆکاچ دا یەکانگیر دەبوونەوە و بوونە جێگەی خوێندنەوەیان و مشت ومڕکردن لەسەریان. لۆکاچ و کۆرش و ئەنتۆنیۆ گرامشی لەو کاتانەدا بنچینەیەکی تیۆریان خولقاند کە ئەمڕۆ " مارکسیزمی خۆرئاوایی " خۆیان پێوە گرێداوە (١١). هەڵبەتـــا خۆگرێدانی ئەمانە بەوانەوە لەبەر خاتری باری ڕوانگەی سیاسی یانە و حیزبایەتی خوازی ( لۆکاچ ، کۆرش ، گرامشی ) نی یە ، بەڵکو زیاتر لەبەر مەودا فراوانی میتۆدۆلۆژی و وردەکاری لێهاتووانە و دۆگماتیستی ئەوانە . یەکێك لە تایبەتێتی یەکانی لۆکاچ و گرامشی و تارادەیەکیش کارل کۆرش هەیانبوو ، حیزبایەتیخوازی بوو . ئەنتۆنیۆ گرامشی و لۆکاچ هەمیشە و سەرسەختانە بەرگرییان لە چالاکی حیزبی و کاری پراکتیکی دەکرد و خۆیشیان لەسەرکردە بەناوبانگەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی وولاتەکانی خۆیان بوون . کۆرش یش لەو ساتانەدا هەمان ڕۆڵی دەگێرا .

شان بە شانی کاری تیۆری ئەم دەستە تیۆرخوازە حیزبی یانە ، سالی ١٩٢٣ گروپی " پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی " فرانکفۆرت لەگەل " پەیمانگەی مارکسیزم ـ لینینیزم " ی مۆسکۆدا بەسەرۆکایەتی ریازانۆف ، دەستیان کرد بەکاری لێکۆڵینەوە لەبوارەکانی مارکسیزمدا . ئەم گروپە لەو زانکۆکارانە پێك‌هاتبوو کە لەژێر کاریگەرێتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆرش و لۆکاچ دا دەستیان بەنجامدانی کارەکانی خۆیان کردبوو ، تەنانەت لە دانیشتنە سەرەتایی یەکانی خۆیاندا لەتوێژینەوە تیۆری یەکانی ئەوان کۆڵی یانەوە ئەم پەیمانگەیە تایبەتمەندی خۆی لەو ڕووەوە جیاکارە دەکرد کە هەڵسوڕێنەران و ئەندامە چالاکەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی ( جگە لە ژمارەیەکی کەمی حیزبی ) سەر بە هیچ حیزبێك نەبوون و سەربەخۆ لە حیزبەکان چالاکیەکانی خۆیان دەنواند . ئەم پەیمانگەبە لەدوایی دا بە " قوتابخانەی فرانکفۆرت"١٢ ناوبانگی دەرکرد و سەروەتی ڕۆشنبیری ، تیۆری یەکانی بە یەکێك لە گرنگترین لقەکانی مارکسیزمی خۆرئاوایی دەژمێردرێت . ئەوەی شایانی باسە تایبەتمەندی تیۆرخوازی خاڵیسانە و تەنانەت سیاسەترەوی ئەوانە ، مەسەلەیەکی گرنگە و دەبێت دووبارە بگەڕێینەوە سەری .

یاش نابووت بوون و شکستەخواردنی فشاری ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی سەردەمی فەرمانڕەوایێتی ستالین لە نیوەی دووەمی پەنجاکان بەدواوە، دید و دەروازەیەکی فراوانتر بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەسەلەکان و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کەموکورتی و نارەسایی‌یەکانی مارکسیزم، سەبارەت بە بەرپاکردنی زەمینەی گەشکردنی ئەو ( مارکسیزم )ە، هاتەئاراوە . لە فەرەنسا سارتەر لەمارکسیزم نزیك بووەوە و ڕای‌گەیاند کە " مارکسیزم فەلسەفەی سەردەمی ئێمەیە " . بەدوای ئەویشدا ستراکتۆرالیزم ( بنەماگەری )ی ئالتۆسیر، لەژێر کارتێکردنی کۆمەڵناسی بەناوبانگ ( شتراوس )دا، خۆی یەکلاکردەوەو بەخێرایی لەسەرتاسەری ئەوروپادا " جگە لە ئەڵمانیا " پەرەی سەند و بلاوبووەوە و ڕۆشنبیرانی زانکۆکانی خستە ژێر ڕکێفی کاریگەرێتی خۆیەوە . ستراکتۆرالیزم بەهۆی جۆرێك نزیکی‌بەوە لە " زانست خوازی " و " هێگڵیزم "ەوە خۆی لە قوتابخانەی بۆداپێست و " قوتابخانەی فرانکفۆرت " جیادەکاتەوە . ئەگەرچی ستراکتۆرالیزم خاوەنی تایبەتمەندی‌یەکی وردەکارانەی بەتوانایە ، بەڵام لەبەر بەرگریکردنی لە سیاسەتی تیۆری لەوان جۆی دەکرێتەوە، هەرچەندە لە بنەڕەتیشدا خۆی لە چوارچێوەی تیۆریی خالیسانەدا دەبینێتەوە . لە باری سیاسیشەوە بەرهەمە بەنرخەکەی ( پولانتزاس ) سەبارەت بە هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەت و چینەکان ، کە بە یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی بەشی تیۆریی مارکسیزمی خۆرئاوایی دەژمێردرێت ، شایانی باسکردنە . (١٣)

لە سەرەتای شەستەکان بەدواوە ، چالاکی تیۆریی سەربەخۆیانە تین و تاوێکی بێ‌وێنەی بەخۆوەگرت و چەندین پرسیاری فراوانی لە مەودایەکی پان و بەریندا خستەڕوو و دۆگماتیزمی لەهەموو لایەکەوە خستە ژێر باری شالاوێکی توندەوە . ئەم قۆناغە خۆی لەهەموو قۆناغەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە و ناوی ڕێنسانسی مارکسیزم لە خۆ دەگرێت .

شەپۆلێکی نوێی ڕۆشنبیریی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و لەئاستێکی فراواندا سەری‌هەڵدا ، قوتابخانەی فرانکفۆرتیش لەجەنگی جیهانی بەدواوە خۆی بە بەرت و بلاوی لە ئەمەریکا و ئەڵمانیادا دیتەوە . لە فەرەنسا سارتەر، لۆفۆر ، ئالتۆسیر ، بالیبار ، پۆلانتزاس ، گوادلێ ، فۆکۆ ، باشلار کەهەریەکەیان

بەجۆرێك شارەزا و لێهاتوو بوون لە بوارەکانی ڕەخنە و جاوپێداخشاندنەوەدا و لە ئیتالیا کولتی و دلاولیّ هەنگاویان هەڵدەنا . ئەمانە هەریەکەیان بەجۆرێك پەیوەندی هەمەلایەنیان لەتەك مارکسیزمدا هەبوو ، هەریەکەشیان بە جەشنێك باوەڕیان بەوە هەبوو کە مارکسیزم دەبێت بەرەو ئاسۆیەکی فراوانی پەرەسەندنی خۆی ببرێت . ئەگەرچی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " دابەش دەبێت بەسەر دوو بیری فراوانی " زانست خواز " و " مرۆڤ خواز " دا و هەندێك جار جیاوازییەکی بەرفراوان لەنێوانیاندا دەبینرێت، بەلاّم هەردووکیان خاوەنی تایبەتمەندییەکی هاوبەشی " تیۆر خواز " و " عەقلانی "ن ین . وە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەمانە چەمکی یەکبوونی " تیۆر و پراکتیك " لەمارکسیزمدا دەرك پێ دەکەن ، بەلام بەهۆی‌بیروبۆچوونی فەلسەفی‌یانەی رووتیانەوە ، لایەنە سیاسی‌یەکەی فەرامۆش دەکەن . پێك‌هێنانی ئەم یەکبوونە بەلاّی ئەمانەوە تەنیا شێوەیەکی فەلسەفی و ئەکادیمیانەی هەیەو هەر لەم ڕووەوە دەشێ بێتەدی ، ئەمە لەکاتێکدا کە دەرکەوتنی ئەم‌یەکبوونە بەلای مارکس و لێنین و گرامشی و تەنانەت لۆکاچەوە لە قالبە فەلسەفیەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە و ڕوخسارێکی سیاسیانە لەخۆی دەگرێت . حیزبخوازی مارکس ، ئەنگلس ، لێنین ، گرامشی لە بۆچوونی جیاوازیانەوە سەبارەت بە " تیۆر و پراکتیك " سەرچاوە هەڵدەگرێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەم مەسەلەیەش دا دەتوانین بلێین : " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بەتایبەتی " لقی فرانکفۆرت " لە " مەتریالیزمی پراکتیکی " یاخود " کۆمۆنیزم " ی مارکس دورکەوتۆتەوە . بەلای مارکسەوە " کۆمۆنیزم " ( مەتریالیزمی پراکتیکی واتایەکی حیزب خوازانەی هەبووە و لەبەرامبەر چەمکی مەتریالیزمی تیۆری ، ڕەوشتی کانتی، فەلسەفەبازی فیۆرباخ ڕادەوەستایەوە .

ئەو کێشمەکێشەی سەبارەت بەلێنین لەناو مارکسیزمی خۆرئاوایی‌دا ، تارادەیەکی زۆر لە لاوازی دەرك پێکردنی یەکێتی نێوان تیۆر و پراکتیك و سیاسەتی لێنینی‌یەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە .

ئەگەر شێوەکانی تری " مارکسیزم " بووبێتنە ڕێگرێك لەبەردەم ڕەوتی گەشەکردنی مارکسیزمدا و ئابینێکیان لێ پێك‌هێنابێ و گیانی زیندوو و

داهێنەرانەیان لەبەرداماڵبێ ، ئەوا " مارکسیزمی خۆرئاوایی " دەبێت ئەوە بزانێت کەخۆی بەپێچەوانەوە هەوڵی ئەوەیداوە کە ئەم نارەسێوی و بەر تەسکی یانە لەنێو بەرێت -لەراستیدا ئەو هەوڵ کۆششە بەمانای بزووتنەوەیەك بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمە دێن-، بەڵام ئایا مارکسیزمی خۆرئاوایی توانیویەتی لەمبارەیەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ ؟ ئایا ئاسۆیەك بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمە لە خۆیدا بەدی دەکات ؟. ئەگەر تەمەنی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بە ٢٧-٣٠ ساڵ بژمێرین ( لەکوتایی پەنجاکانەوە کە بەشێوەیەکی فراوانتر و لەبەرچاوتر بەشداری چالاکی نواندنی‌کرد ) ؛ ئەوا بەسەرنجدانمان لەباری خێرای گەشەکردنی مێژوویی ئەم سەردەمە نوێیە ، بۆ حوکمدان و هەڵسەنگاندن . ئۆناغێکی گونجاو و تارادەیەك دوور و درێژ لەبەردەماندایە. ئەگەر " مارکسیزمی خۆرئاوایی " لە کۆتایی شەستەکانەوە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا قسەی لەسەر تەنگوچەڵەمەی هەمەلایەنی‌مارکسیزم کردبێ ، ئەوا ماوەیەکی زۆر پێش ئەو دوژمنەکانی مارکسیزم قسەیان لەسەر " مردنی مارکس " و " کۆنبوونی مارکسیزم " کردبوو . بەڵام ئەمجارەیان مەسەلەکان بەجۆرێك لەلایەن ئەو مارکسیستانەوە دەردەبردرا کە وەفاداریان بۆ مارکسیزم بەئاشکرا بەدی دەکرا . ئینجا رۆشنبیرانی پاریس لەساڵەکانی ٧٦-٧٧ دا " مارکسیزم "ی ئێستایان بە مارکسیزمێکی ماشێنی ،کە لەهەوڵی کەسپی چەق بەستوودایە،لەقەڵەمدا . بەشێکی فراوانی ئەم رۆشنبیرەناودارانە ئەوانەبوون کە دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان چین و سۆڤیەت بەرەو لای " رادیکالیزمی چینی " چووبوون ، بەڵام بەزوویی لێی کشابوونەوە.

قسەوباسەکانی ئالتۆسیر سەبارەت بە " تەنگوچەڵەمەی مارکسیزم " ، گرنگی‌یەکی تایبەتیان هەبوو ، چونکە ئەو پاش ساڵەکانی شەست یەبەکێك لە گەورەترین بزوێنەرەکانی مارکسیزمی خۆرئاوایی دەژمێردرا . ئالتۆسیر لە کۆنفرانسێکی گروپی چەپی " ئال مانیفێستۆ "ی ئیتاڵیای دا ، کەلەرۆژانی ١١-١٣ی نۆڤەمبەری ١٩٧٧ دا بەسترا ، گووتوویەتی : **"هەروەك ئاشکرایە ئەمرۆ مارکسیزم سەرلەنوێ رووبەرووی تەنگوچەڵەمە بووەتەوە ، ئەم تەنگوچەڵەمەیەش شتێکی دیارە ، واتە هەمووما‌ن دەیبینین . . . . ئێمە نەك تەنیا دەتوانین**

تەنگوچەڵەمەکە " ببینین " ، بەڵکو " لەناویشیدا دەژین " و لەمێژەوە تیایدا دەژین ". (١٦)

پاش ئەوەی ئالتۆسیر قسە لەسەر تەنگوچەڵەمە دەکات ، درێژەی پێ دەدات و دەڵێ : " ئەو تەنگوچەڵەمەیەی دووچاری مارکسیزم هاتووە چی‌یە ؟ دیاردەیەك کە پێویستە لە ئاستێکی جیهانی و مێژوویی‌دا دیاری بکرێت ، ئەوەیە کە پەیوەندی بە گیروگرفت و دژ و نهێنی‌یەکەوە هەیە کە ڕێکخراوە مارکسیستیە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵیاندا دەستەویەخەن . نەك تەنیا یەکێتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دووچاری زیان و پەرت و بلاوی هاتووە و شێوەی پێشووی ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەیە لێك ترازاوە و هەڵوەشاوەتەوە ، بەڵکو مێژوو و هەروەها ستراتیژ و پراکتیکە سروشتی‌یەکەیشی کەوتۆتە ژێر باری پرسیارەوە . بە پێچەوانەی ئەو بارە ئالۆزەی ئێستا باسمان‌کرد ، واتە لە کاتێك‌دا کەخەباتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان گەیشتۆتە رادەیەکی بەرز ، پارتە کۆمۆنیستە جیاوازەکان ، هەریەکەیان ڕێگەی تایبەتی خۆیان گرتۆتەبەر . ئەو ڕاستی‌یەی کەناکۆکی نێوان ستراتیژ و پراکتیکی جۆراوجۆری پارتە کۆمۆنیستەکان کاریگەری نێگەتیڤانەی خۆیان لەسەر تیۆری مارکسیزم جێ‌هێشتووە و بێگومان ئەوە تەنیا لایەنێکی بچووك و لاوەکی ئەم تەنگوچەڵەمە قوڵەیە"١٧ .

دان نان بە بوونی تەنگوچەڵەمەی ئەمڕۆدا وردە وردە ئایدیۆلۆگەکانی تریشی تەنی‌یەوە ، ئەوەتا پۆل سوێزی ، کە بەیەکێك لە بەرگری لێکەرانی سەرسەختی " مارکسیزمی چینی " دەناسرا، گووتویەتی : " تەنگوچەڵەمەی قوڵی نێو مارکسیزم لە کۆمەڵگە سۆسیالیستی‌یەکان‌دا ، پەیوەندی بەپێچەوانە ڕەفتارکردنی ئەو شتانەوە هەیە کەمارکس بیری لێ‌کردونەتەوە ، بەبۆچوونی خۆم هەتا ئەم دوایی‌یانەش زۆربەی مارکسیستەکان لەو بیرەدا بوون کە هاوشانی تێفکرینەکانی مارکس ڕێ دەکەن "... " وابزانم زێدەڕەویی نابێ ئەگەر بڵێم هەتاکو ئێستاش هۆکاری نەساز و نەگونجاو ( نەساز و نەگونجاو بەپێی هەمان پێناسەکانی ڕابردوو ) ئەوەندە بەربلاو و کەڵەکە بوون کە ئاکامەکەی بە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی نێو تیۆری مارکسیزم کۆتایی‌هاتووە ". (١٨)

سەرەڕای ئەمانە ، کۆلێتی بەمجۆرە مەسەلەکان پێشچاو دەخات : " نەك

هەواڵنامەی کتێب

تەنیا دایەزینی نرخی سوود لەڕووی تاقیکردنەوەوە نەچەسپاوە ، بەڵکو ئەزموونی بنەڕەتی کەپیتال ( سەرمایە ) یش ، واتە هاتنەدی شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوادا ، هێشتا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. سەرئەنجامی ئەوە مارکسیزم ئەمڕۆ لە تەنگوچەڵەمەدا دەژی ، وە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم تەنگوچەڵەمەیەدا ، پێویستە تەنگوچەڵەمەکان بە ڕەسمی بناسین و دانیان پێدا بنێین ". (١٩)

لێرەدا مەسەلەی گرنگ ئەوە نیبە ئێمە تاکو چ رادەیەک لەگەڵ شێوە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی تەنگوچەڵەمەی ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆگدا تەبا یان ناتەبابین ، بەڵکو ئەوەیە نیشانی بدەین چۆن شەپۆلێکی گەورەی لێکدانەوەی تەنگوچەڵەمە ، گەورەترین بزوێنەرەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی مارکسیستی وڵاتەکانی خۆرئاوای گرتۆتەوە . کۆلێتی و ئالتۆسیر ئەندامی پارتەکۆمۆنیستەکانی وڵاتەکانی خۆیان بوون ، سوێزیش یەکێک بوولەبەرگریلێکەرە سەرسەختەکانی شۆڕشەکان بەگشتی و( چین بەتایبەتی ) . جگە لەوانە ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئایدیۆلۆگەکان ، لەوانە شارل بتلهایم، خۆیان لەم ئەلقەیەدا دەبیننەوە .

* * * *

هەروەکو لەپێشتر ئاماژەمان کرد ، " مارکسیزمی خۆرئاوایی " پێشڕەویەکی تارادەیەک بێوێنەی نواند لەبەرەی تیۆریی خاڵیسانەدا ، بەڵام لە ڕووی توانایی بوونی بۆ " لەناوبردنی باری خولقاوی ئێستا " دووچاری تەنگوچەڵەمە بووە . " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بەمەبەستی گۆڕانی خۆبەخۆیانەی جیهان بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە پشتی بە " عەقلانیەت " و توانای هەندێشە و هومانیزم و دەروونناسی بەست و لەو تێزە بەناوبانگ و هێشتا زیندووەی مارکس دوورکەوتنەوە کە دەڵێ : **" فەیلەسوفەکان هەتا ئێستا جیهانیان بە شێوەی هەمە چەشن لێکداوەتەوە ، بەڵام ئێستا باس لەسەر گۆڕینی جیهانە "** و هیچ نرخ و بایەخێکیان بۆ دانەناوە . فەلسەفەخوازی مارکسیزمی خۆرئاوایی بووە هۆی ئەوەی گەشەکردنی تیۆری تارادەیەک یەکلابینانە لەبواری فەلسەفیدا ئەنجامبدرێ ، بەڵام لەبواری سیاسی و ئابووری سیاسیدا ، کە



هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەنجامدان و بەرزکردنەوەی پێداویستی یە پراکتیکی یەکانی هەموو تێکوشەرێك گرنگن ، کەمتر . ئەم لاوازی یەی مارکسیزمی خۆرئاوایی بەر لە هەموو شتێك لەو خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو گرنگی گۆڕانی سیاسی هوشیارانە و رێکخراو و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا و لەمیانەی بەرهەمهێنان دا دەرك پێ ناکات . لەبیری مارکسیزمی خۆرئاوایی دا مرۆڤ وەك بونەوەرێکی گۆشەگیر و دابڕا یان نیوەدابڕاو وایە کە تەنیا دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ بیری خۆی دا بەرقەراربکات . وە لەو جێ یەدا کەمرۆڤ دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا دروست بکات و دەشێ ئاوێتەی مەیدان و بواری کۆمەڵناسی بێت ، ئەوا لەمێژوو و مەتریالیزمی مێژوویی هەڵدێت ، سەرئەنجامیش کۆمەڵناسی بەشێوەی دەسەلاتێکی دابڕاو و بە لفێکی دەروناسی کۆمەلایەتی ی دادەنێت .

کاتێك کە لەچوارچێوەی ئەم ئەلقە فیکری یەدا پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ لەرادەبەدەر لاواز تەماشا دەکرێت ، ئەوا بنچینەی تەنگوچەلەمەی ئیکۆلۆژیکانە ( دەوروبەرناسی ) ، کە بێگومان بەشێك لە تەنگوچەلەمەی گشتی ئەمڕۆی جیهانی سەرمایەداری پێك دەهێنێ ، ڕوشەن ناکرێتەوە و دیوارێك لە نێوان زانستی کۆمەلایەتی و سروشتی دا هەڵدەچنرێت .

ئەگەر بەرەنگاربوونەوەی پۆزەتیڤیزم ( الوضعية ) بکاتە ئەو ئەنجامەی لەبیری پێ داگرتن لەسەر پەیوەندی بەهێزی نێوان توانای هۆش و ناقیکردنەوە ،پشت بە " عەقلانیەت "ی خالیسانە ببەستێ ، لەو کاتەدا بێگومان مرۆڤ لەژیان و زینگەی خۆی وەدەر دەنرێت . جیابوونەوەی " زانستی کۆمەلایەتی " لە " زانستی سروشتی " ، " مرۆڤ " لە " سروشت " ، " عەقل " لە " ناقیکردنەوە " ، " هۆشی میکانیکی " لە " هۆشی کۆمەلایەتی " ، وە لە ڕووی تیۆری یەوە جیابوونەوەی " فەلسەفە " لە " سیاسەت " و " ئابووری سیاسی " ، بارێکی شێوای ئەوتۆی خولقاندووە کە مارکسیزمی خۆرئاوایی خستۆتە گێژاوی تەنگوچەلەمەوە .

مارکسیزمی خۆرئاوایی ، لەگەڵ ئەوەدا کەلەژێر کارتێکردنی سەختی کانتیزم ، نیوکانتیزم ، بریزم ، نێچە ،فرۆید ، هیگڵ ، کرۆچە و

بیروڕاکانی شتراوس ( بەتایبەتی ئالتوسیر ) دا بووە ، بەلام لەهەندێ لایەنەوە نەیتوانیووە هێلێکی ڕەخنەگرانە و جیاکارە بۆ خۆی دیاری بکات ، لە ئەنجامدا هەندێ جار بەحەشنێك ڕۆچۆتە نێو تیوری‌یەکانی ئەوانەوە کە تەنانەت ناتوانرێت لێك جیابکرێنەوە . وە هەر لەو ڕووەوە سنووربەندی نێوان مەتریالیزم ( مەتریالیزم بەمانای فراوانی خۆی نەك بە واتای ڕەشۆکیانە ) و ئایدیالیزم دەشێوێنێت یان بەدەگمەن هێلێ جیاکەرەوەی خۆی دەکێشێ ، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی دیالەکتیکی هیگلێ بکەوێتە ڕوو ، ئەمە لەکاتێکدا کە جیهانبینی مارکس مەتریالیستانەیە و دیالەکتیکەکەیشی هەر لەسەر هەمان ئەو کۆلەکەیە جێگیربووە . قوتابخانەی فرانکفۆرت لەبەر رابردووی کۆن و سەربەخۆیی تەواوی لەسیاسەت و حیزب خوازی ، هەلگری لاوازی و بێ توانایی‌یەکی ڕاستەوخۆی گەورە بووە سەبارەت بە بوارە پراکتیکی‌یەکان ، بەلام کەلەپوریکی یان و بەرینی پێك‌هێناوە ، یان و بەرینی‌یەکەی بە چەشنێکە کە گۆڕانە کۆمەلایەتی‌یەکان ـ تەنانەت بەمانا شۆڕشگێڕی‌یەکەیشی ـ لە گۆڕانی ڕۆشنبیری‌دا ، واتە لەبوارە ناسراوەکانی وەك دەروناسی کۆمەلایەتی ،هونەر ، فەلسەفە . . . هتد ، دەبینێتەوە . بیروڕاکانی ئەم قوتابخانەیە کاری‌سیاسی دەگەیەنێتە ڕادەیەك کە هۆرك هایمەر نێوانێکی گەورە لەنێوان فەلسەفە و سیاسەت دا دەکێشێ و دەلێ : **" فەلسەفە نابێت بۆ پرۆپاگەندە بەکار بهێنرێت ، تەنانەت ئەگەر بۆ باشترین و چاکترین ئامانجیش بێ ".** (٢٠)

ئایدیۆلۆگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە شێوەیەکی زێدەڕۆیی‌یانە خەند لەسەر سەربەخۆیی و خۆبەخۆبوونی تیۆر دەکەن ، وە دژی ئەوە دەوەستنەوە کەتیۆر بەشێوەیەکی گشت لایەنی لەناو پراکتیك‌دا ڕەنگ‌بداتەوە ، ئەمانە تەنیا ڕەخنە لە گواستنەوەی تیۆر بۆ کۆمەلگەیەکی دی دەگرن ، بۆیە بە لایەنگیرانی " تیۆری ڕەخنەگرانە " ناسراون . ئەگەرچی زۆربەی لایەنگیرانی ئەم قوتابخانەیە لەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە پێ لەسەر پێویستی گۆڕانی‌کۆمەلگە دادەگرن ، بەلام هەندێکیان لەئاسۆی شۆڕشگێڕیتی کۆمەلگە دووردەکەونەوەو تەنانەت لای‌ئەوان خەباتی چینایەتی و سیاسەت و ئابووری سیاسی بە پلە دوو دەژمێردرێت .

بەدەرکەوتن و ئاشکرابوونی لاوازی و بێتوانایی‌یە تاڕادەیێك قوڵەکانی "مارکسیزمی خۆرئاوایی"، زۆر لە ڕۆشنبیرانی سەر بەو ڕێبازە کەوتنە ڕەخنەگرتن. پیری ئەندرسۆن - سەرنووسەری نیۆلفت ڕیڤیۆ - ساڵی ١٩٧٦ نووسیویەتی: "یەکێك لەسەرەتایی‌ترین و بنچینەیی‌ترین تایبەتمەندی‌یەکانی ئەوان (مارکسیزمی خۆرئاوایی) بریتی‌بوو لە خۆدابڕینی ئەمجۆرە مارکسیزمە لەکاری سیاسی". (٢٢) ئەگەرچی ئەم خۆدابڕین و جیایی‌یە لەسەرەتادا لەشێوەی جیابوونەوەی تاك لەسیاسەت دا خرابەڕوو، بەلام لەپاشدا بووە پرۆگرام و پێڕەو و هۆی بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی فیکری بەرامبەر بە بزووتنەوەی سیاسی. خەسڵەتێکی بنچینەیی ئەم بزووتنەوەیە - کەبەشێوەیەکی سەرەکی ڕۆشنبیرانەیە - لەوەدایە کە بەشێکی بنچینەیی تایبەت بوو بە زانکۆ و قوتابخانە باڵاکان و ئەنجامدانی کاری تیۆری ئەم زانکۆ و قوتابخانانە ڕاستەوخۆ ئەکادیمیانە بوو. فرانك پێرکین دەڵێ:

("مارکسیزمی خۆرئاوایی سەردەم" بە پێچەوانەی کلاسیکی‌یەکانی پێش خۆیان، خەڵکانێکی تەواو تیۆرخوازی کۆمەڵایەتی‌یانەی ئەکادیمیکی و زیاتریش پرۆفیسۆرکار بوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری شەپۆلی فراوانبوونی زانکۆکانەوە کە لەساڵی ١٩٦٠دا هاتەدی. بێگومان دامەزرێنەرانی سروشتی ئەم مارکسیزمە چینی کرێکار نەبوو، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان دەرچووی قوتابخانە و زانکۆکانی بواری کۆمەڵناسی بوون. سوود وەرگرتن لەناوەڕۆك و دەربڕینەکانی ئەم مارکسیزمە تەنیا لەرێگەی سالۆنی ووتارخوێندنەوە و زووری سیمینار و وەرگرتنی نامەی دکتۆراوە مەیسەر دەبێ". (٢٣)

کاتێك چالاکی تیۆری، بەردەوامی و یەکبینەیی خۆی تەنیا لە ژینگەیەکی تەواو ئەکادیمی‌یەوە وەربگرێت و پێویستی‌یەکانی خۆی تەنیا لەو ڕێگەیەوە دابین بکات - ئەگەرچی ئەم پێویستی‌یانە ڕەگ و ڕیشەیان لەسەرتاپای کۆمەڵگەدا هەبێ - ئەوا لەو بارەدا دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی هەمیشە دەتوانێ پێشبینی‌یە سەربەخۆ و لێکترازاوەکان بە شێوەیەکی یەکلایەنی گەشە پێبدات، وە ئەم پێویستی‌یە کۆمەڵایەتیانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە

دەوروبەرێکی زانکۆیی و ناو زانکۆکارەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە ، نەك لەڕێگەی پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ و یەکسەری‌یەوە بە کۆمەڵگەوە . لەئەنجامی ئەوە کەسانێکی خەیاڵباز دەتوانن بەشێوەیەکی فراوان خۆیان بخزێننە نێو کاری تیۆری‌یەوە . خەسڵەتی چالاکی ئەکادیمی‌یانە بەجۆرێکە کە هەرچەندە خەبات لەدژی ئایدیۆلۆژیخوازی بکات ، بەڵام لەبەر شوێنەواری خۆی ، بیەوێ و نەیەوێ یارمەتی پتەوکردن و بەهێزکردنی ئایدیۆلۆژی دەدات . جاك لێبندس لەم بوارەدا دەڵێ : " لەبەر ئەوەی ئەم مارکسیزمە توانای یەکلاکردنەوەی مەسەلە و پرسیارە سیاسی‌یەکانی نەبووە ، بۆیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ مەسەلە فەلسەفی و هونەری و زانستی و تیۆری یەکاندا - بەزۆری بەشێوەیەکی دابڕاوانە - تێکەڵبووە . ئەگەرچی دەتوانین ڕەخنە لەو دیاردانە بگرین ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێ لایەنە چاکەکانیان ڕەچاوبکرێ و هەرکاتێك پرسیاریان لە هەر بوارێکدا خستەڕوو ، بایەخیان پێبدرێ و یەکسەریش وەڵام بدرێتەوە . بەم شێوەیە ئاکام و ئاسۆی مارکسیزم بەرکەماڵتر دەبێ . هەرکاتێك لە هەرێکەیەکەوە خۆدزینەوە یان کەنارگرتن لەو مەسەلانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی‌یان بەسیاسەتەوە هەیە ، پێڕەوی بکرێ ، ئەوا بە توندوتۆڵتر و کاملتر ڕووبەڕووی مەسەلەکان دەبینەوە " . (٢٤)

هەرچەندە " مارکسیزمی خۆرئاوایی " لە هەندێ ڕووەوە دژی کەموکورتی و نارەسایی‌یەکانی ناو مارکسیزم خەباتی‌کردووە ، بەڵام لەهەندێ لایەنی ترەوە و بەشێوەیەکی یەکلایینانە تەماشای ئەو کەموکورتی و نارەساییانەی کردوە ، یان بەشێك لەتواناکانی مارکسیزمی وەلاوەناوە . پێداگرتنی لەرادەبەدەر لەسەر " مارکسی لاو " و نەفیکردنەوەی " مارکسی پیر " ( لای ئالتۆسیر ئەمە بە پێچەوانەیە ) کارێکی ئەوتۆی خولقاندووە کە ڕەوتی بەرەسەندنی بیری مارکسیزم و پەیوەندی نێوان " مارکسی لاو " و " مارکسی پیر " لەبەرچاو نەگیردرێت . " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بەشێکی زۆری بیر و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەشیکردنەوە و ڕونکردنەوەی مێژوویی لە چەپە هیگڵیەکان و لایەنگیرانی ڕەخنەی ڕەخنەگرانە نزیککردۆتەوە کە مارکس بەڕاست و دروستی لە دانراوی " ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی " و " ڕەخنە لە

فەلسەفەی دادوەری هیگڵ " دا وەڵامی هەندێك لە بیروڕا حەوتەکانی داونەتەوە .

خزانی ئایدیۆلۆگەکانی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بۆ ناو شێوازی " شیکردنەوەی ئەبستراکتیکی " و " تیۆر بۆ تیۆر " ەوە بووە هۆی ئەوەی ئارادەیەکی زۆر چاو لەئاکام و خەسڵەتی نێگەتیڤانەی " ئیمپریسیزم " و " دۆگماتیزم " بپۆشرێت کە چەند ساڵ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی بەسەر تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا پەیدا کردبوو . ئەم خەسڵەتە ئەبسترکتیکە لەبوارێکی تریشدا خۆی نواند ،ئەویش ( هومانیزم ) بوو کە مارکسیزمی خۆرئاوایی لێی نزیك ببووەوە ،

ئەو دوپاتکردنەوەیەی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " لەسەر " هومانیزم " ی مارکسیزم دەیکات ، تارادەیەکی زۆر بەرامبەر بیری کاڵوکرچی " زانستخوازی" مارکسیزم دەوەستێتەوە کە مارکسیزم دادەبەزێنێتە سەر ئاستی زانستێکی هونەری و تەکنیکی و دەیگۆڕێ بۆ هێزێکی ماشێنی . ئەم دیاردەیەش هەڵگری گیانێکی زیندوو و داهێنەرانەی مرۆڤانەی ئەوتۆیە کە شایانی ئەوەیە بەرگری لێ بکرێت ، بەڵام لایەنە نێگەتیڤ و جەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە - یان بەشێکی زۆری ئەم بزووتنەوەیە - کاتێك دەردەکەون کە هومانیزم ببێتە بنچینەی مارکسیزم . ئایدیای هومانیزم لەنێو بیری مارکسیزمی خۆرئاوایی دا، هەندێك جار دەگاتە ئەو رادەیەی سروشت و ناوەڕۆکی مرۆڤانە جێگەی مرۆڤی ناودار و مێژوویی بگرێتەوە و لەدواییشدا لەسەر بنچینەی رەوشتی کانتی ی بینا بکرێتەوە . ئەم رەوتە لە گەشەکردنی خۆی دا تادەهات لە رەوشتی مەسیحی یانە و مرۆڤانە نزیك دەبووەوە و لەچەمکی خەباتی چینایەتی و شۆڕش و بێگومان میکانیزمی نێو هەناوی کۆمەڵگەی چینایەتی بەشێوەیەکی گشتی دووردەکەوتەوە ، لەئەنجامیشدا وەڵامدانەوەی پێویستی یە بنچینەیی یەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی ئەم سەردەمەی ئێمەی وەلاوەنا . لەو بارودۆخەدا کەمارکسیزم بووە ماشێن و خەریکی بنیاتنانی ئۆتالیتاریزم بوو ، ئاشکراکردنی لایەنەکانی هومانیزمی نێو مارکسیزم گرنگی یەکی زۆری پەیداکرد . دیارە ئەو بەرجەستەکردنەی ئێستا لەتیۆری " لەخود بێگانەبوون - الاعتراب " و " ئایدیۆلۆژی " دا ئەنجام

دراون ، ڕێگەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی زانست خوازی میکانیکیانە وپۆزەتیڤیزم خۆشترکردووە ، بەلاّم ئەگەر ئەوانە وەلاوەبنرێن ، ئەوا بمانەوێ و نەمانەوێ تەنیا لەقالبی واتای فەلسەفی و ڕووتدا دەمێنیتەوە .

دەبێت ئەوەش بزانین کە بلاّوبوونەوەی تیۆری " لەخود بێگانەبوون " و " ئایدیۆلۆژی " خۆبەخۆ ناتوانێت بەسەر تەنگوچەڵەمەدا زالّ بێت ، ئەگەر ئەمە واتەبێت ئەوا دەبوایە تاکو ئێستا گەلێك لە تەنگوچەڵەمەکان ، بەلای کەمەوە لە ئەوروپا ، چارەسەرکرانایە . گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی ئەم واتایانە لەسەر بنچینەی تێگەیشتنێکی ڕاستی پەیوەندی نێوان تیۆر و پراکتیك دابمەزرێت . ئەگەر ڕەهایی خود تەنیا واتایەکی دەروونناسی ڕووتی هەبێت ، ئەوا بەهیچ شێوەیەك نامان گەیەنێتە ئاکامێك ، چونکە ڕەهایی خود لە بارودۆخی کۆمەلّگەی چینایەتی دا ، لەڕێگەی تێکۆشانی سیاسی- تیۆری ئابووری بەوە ( بێگومان دەروونناسی و ڕۆشنبیری و ... هتد ) نەبێ مەیسەر نابێ . ئەگەر ڕەهایی خود وەك کارێکی ناوخزبی سەیری بکرێت ، ئەوا لەپاککردنەوەی کیلاّنێکی دەروێشانە زیاتر هیچی تر نابێ .

لەڕوانگەی بیرکردنەوەی پالاّوتەوە ، دەتوانین هەمیشە لە هەلّەوکەموکورتی بەدوورببین ، بەپێی ئەم بیروڕا هەلّەبە دەشێ بگوترێت کە هەلّە و کەموکورتی لەهەموو بارودۆخێکدا کارەسات و مەینەتی یە بۆ مرۆڤ ، ئەمە لەکاتێکدا کەهیچ مێژوویەك بێ هەلّە نەبووە . لەبیری خالّسانەدا هەندێ جار ڕووبەڕووی دەرك و باوەڕێکی " بازنەیی یانە " ی دەربارەی مێژوو دەبینەوە کەپێی وایە مێژوو دەتوانی بەرەوتێکی بێ هەلّە دا گوزەر بکات ، ئەمەیشی لە چەمکی " ڕابردوو ڕێگە ڕوشەنکەرەوەی ئاییندەیە " وە بەدەست هێناوە . بێگومان ئەم دەرك کردنە ناتوانێت لەدیدی مارکسیزمە پەیوەندی نێوان تیۆر و پراکتیك بە شێوەیەکی ڕاست و دروست تێبگات . ڕابردوو هیچ کاتێك ڕۆشەنکەرەوەی ڕێگەی ئاییندە نی یە ، بەلاّم هەمیشە تروسکەدەر بووە بۆ جولاّنەوە بەرەو ئاییندە . تروسکەدەری ڕابردوو بۆ جولاّنەوە بەرەو ئاییندە هەمیشە ناتەواو و ڕێژەیی بووە ، چونکە ڕەوتی مێژوو هیچ کاتێك لەڕێگەی ڕابردووەوە تێ ناپەڕێت . ڕابردوو هەمیشە لە ئاییندەوە سەرچاوە دەگرێت ،

بەڵام ئایندە بەشێوەیەکی ئەوتۆ فراوانی لە ڕابردوودا نابینرێت . بوونی ڕابردوو لە ئاییندەدا بەشێوەی یاسای فیزیاوی " بەردەوامی و مانەوەی ووزە " نی یە تا چۆنایەتی خۆی لە ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێن ، بپارێزێ ، بەڵکو مێژوو ڕەوتێکی زنجیرەیی بەردەوامە کە پڕە لەساتی بڕان ، وەستان ، پاشەکشە ، تەقینەوە ، شۆڕش و بەشێوەیەکی گشتی بەڕێگەی شێوە مارپێچانەدا ڕووەوژووری دەچێت . ئەم جۆرە هەڵهێنجانە لەمێژوو ناتوانێت لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەربێت ، بەڵام بێگومان بابە و جێگەی هەڵەیەکی مێژوویی کە لە نارەسێوی و کاڵ نەبوونی دیاردەیەك دروست دەبن ، لەگەڵ ئەو هەڵانەی کە لە نارەسێوی بەرژەوەندی چینایەتی هەڵدەقوڵێن ، هەرگیز یەکسان نابن و ناچنە دووتوێی یەك قالبەوە .

**مایسی ١٩٨٩**
**ڤییەنا**

## پەراوێزەکان

١) سانتی ناسە هەر ئەو ژوورەوەی کە بزیستانی هەمیشەدا سۆسیالیزم لەسەر ساندەاری ڕووسیەکانی نووسیە ناکات ، ئامێرەکانی سەرمایەداری تەنها لە هەوڵی ئەوەدابوو حیسابی کاسی لە ژینی کۆمەڵایەتی دا بەکاربهێنێت ، لەگاتێکدا ئەوانە لەسەرەتادا لەژێر کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی ماخیدا بوون ( لەڕووسیا بەگدانۆف وهەندێکی تر لە ماخیزم نزیك بوونەوە و لێنین لە مەتریالیزم و ڕەخنەی ئەمپیریکراتیک دا ڕەخنەی تێدا لەوان کرد ) . لە کاتێ جالاکەکانی ئەمانە دەمێوانی ئامانج بۆ مارکس ئادلێر ، فریدریش ئادلێر ، کارل ڕینێر ، ڕۆدۆلف هیلفردینگ ، ئۆتۆ باوەر بکەین . ئەگەرچی ئەوانە لەڕووی تێوری زانستی ( نظریة المعرفة ) و باساکانی بۆرژوازی و ئابووری بۆرژوازیەوە هێرشیان دەکردە سەر مارکسیزمی ڕەسمی . بەڵام لەپاشدا و لەگاتی هەردوو جەنگی گەورەی جیهانیدا کەوتنە ستەکردن لەسەر سەرمایەداری ڕێکخراو وەك دەوڵەتێکی نوێی مێژووی ئابووری کۆمەڵایەتی و کەوتنە دوان لەسەر گۆڕانی چینی کرێکار و توێژی جەماوەری نوێ و " چینی سەردەستی نوێ " لەڕووسیا . هەرچەندە

ئەمانە باس و لێدوانیان لەسەر شتێك دەكرد كە ماركسیزمی خۆرئاوایی زۆر یان كەم لێی دوابوو . بەڵام ئاسترۆماركسیزم لە ماركسیزمی خۆرئاوایی زیاتر لەژێر كاریگەركردنی فەلسەفەی ڕاستەكان و پۆزەتیفیزمەدا بوو و لەگەڵ هیومانیزمی شۆڕشگێڕی ماركسیزمی خۆرئاوایی دا جیاواز بوو . جگەلەوە سەرەڕای ئەوەی باوەڕیان نەبوو كە " دەبێت ئێمە بەشێوەیەكی داهێنەرانە گەشە بەبیر و بەرهەمەكانی ماركس بدەین " ، بەڵام لە ئاكامدا خۆیان گرێدا بە سۆسیال دیموكراسییەكانەوە و هەڵگەڕدەنگێتر بووە وەزیری ڕژێمی سەرمایەداری .

٢) ئەو دەرك و بۆچوونانەی پلیخانۆف و میهرینگ و ئاوی لابریۆلا سەبارەت بە مەتریالیزمی مێژوو هەیان بوو ، هەڵگری تێگەیشتنێكی بەهێزی هیومانیستی و ئابووریستانە بوو ، وە كەسانێكی وەك لابریۆلا كە دیدێكی فراوانیان سەبارەت بە مەتریالیزمی مێژوو هەبوو ، بەشێوەی گەیشە زۆر بەلاماری ڕەخنەی توندوتیژی پلیخانۆفەوە . نامەیەكی بەناوبانگ كە ئەنگلس ساڵی ١٨٩٣ بۆ میهرینگی نووسیووە ، دەربارەی ڕەخنەی ئەنگلسە سەبارەت بە بیر و بۆچوونی ئابووریستی ئەو سەردەمە . چەندێكی لەوادەیەدەرك ، پلیخانۆف لەسەر ڕاستەخوازی ماركسیزم پێداگری . ڕەسەنی سۆسیۆلۆجیونی ئیمپریستی ـ مێتادێكی ماركسیزمدا خۆشكرد . ئەگەرچی لینین ، كاتێ بواری سیاسیدا خۆی لە پلیخانۆف جیادەكردەوە لە ڕووی فەلسەفەكاندن و شكردنەوەی هەڵوێستی شۆڕشەوە ( لایەنی ئەلقەی زنجیرەكە ) زۆر ئازایانە جودا بێتەوە و بەتایبەت هەنگاوێكیش زیاتر لە ماركس جودا بێتەوە ، بەڵام مەبێتر و نە لە پاش جەنگی جیهانیدا ، كە تیایدا دەستی كرد بەلێكۆڵینەوەی قوڵ دەربارەی هیگڵ ، نەیتوانی سەربەندی خۆی لەبەرامبەر بیرە فەلسەفییەكانی پلیخانۆف دروست بكات . بێگومان تۆخم و ڕەگەزی عەقلانیەتی ناو بیروڕاكانی لینین شوێنەوارێكی بەهێزیان هەبوو ، دەتوانین ئەم ڕاستییەش لەو نامانەدا بەدی بكەین كە لینین تیایدا ڕووبەڕووی " خۆپسكێتی " و ئابوریزم بووەوە . دووبارە كردنەوەی لێكۆڵینەوەكردن لەسەر هیگڵ لە بواری " مەتریالیزمی خەباتگێر " دا ، كە لەپاش شۆڕشی ئۆكتۆبەر نووسیویەتی ئەوە دەردەخات كە ئەو جەندی لەسەر دژایەتیكردنی هەتانیستی كردووە تیایدا . بەڵام لایەنێكی لەو ڕووەوە دەبینرێت ئەوەیە كە لینین پێوەندی فراوان و بەهێزی لە بەرامبەر پلیخانۆف دا دروست نەكرد . هەروەها هەندێك كاڵ وكرچی لەڕووی چەند واتابەكەوە لە دابڕاوی " مەتریالیزم و ڕازەوی ئەجروبەگەرانە " دا و لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشێكی بەرجەستەدا بەدی دەكرێت . كاتێك لینین باسی ماركسیزمی وەك ئیركاریەكی كامڵ و هاوسەنگكراو و

کۆڵەکەیەکی بوڵایین و بیردۆزێکی کامڵ و هاوسەنگ گرای دەکرد ، ئەو سنوورا " راست خواز " و " سیستەمڕێژکردن " انەی بەهێزکرد کەدوایی بوونە هۆی ئەوەی مارکسیزم وەک ئایینێکی پیرۆزو دۆگماتیستی سەیربکرێ .

ئەگەر لێنین ئەو ئاسانەی دەری برسوون سەرجەمی تیۆری مارکسیزمـــی مەبەست بووبێت ، ئەوا ستالین و سەرکردەکانی ئینتەرناسیونالیزمـــی سێیەمیش درێژەیان بەهەمان ئاسەکانی لێنین لەسەر ڕەفتاری سیاسی و تاکتیکی داوە . " لینینیزم "ی ئەوانە بەر لەوەی هەڵگر و پارێـــزەری گیانی داهێنەرانە و ئینتەرناسیونالیستانەی لینین بێ ، هەڵگری فیکری بەگشتیکردنێکی ( تعمیم ) ووشک و برینگی چەند مەقولەیەک بوو لەبەر ڕۆشنایی گیانی نەتەوەپەرستانەی ڕووسیدا . ستالین لەبەر ڕۆشنایی بیرێکی دۆگماتیستانەی مەتریالیزمی مێژوویی و دیالەکتیکی و خەسلەتی میکانیکانە و ئاسوورستانە ، " مارکسیزم ـ لینینیزم "ی وەک بیر و

بۆچوونێکی میکانیکی کلاسیکی مارکسیزمی ئەهەڵەیدا . بەڵام هەندێـــی ڕەنگ و ڕیسەی لاوازی بیری جاکۆبین ای ناو بیرەکانی ئێمە بەدەستی وەرگیرکردن لە تیۆری مەنسوبانە و حێگرەوە ، ئەم دوو سەرچەمی بووسە وەرگیرێکەری سەرکێشکردن و ... و ... بێ سنوور لەسەر بیروباوەڕەکان . لە خەسڵەتە سەرەتاییەکانی قۆناغـــی دەسەڵاتداریتی بیری ستالینیزم ...کردن بوو لەسەر کاری سیاسی و تاکتیکی بەستوەگشتییەکەی و لەوانەدا بیر و گۆڕینی بە ... ی کار بۆ هەلوەسی ڕیبەرەکانی ئینتەرناسیونالیزمی سێیەم . بێگومان ئەم ئاسای ئەوە نییە کە دەبێت لێنین ـ سەبارەت بەو هەڵانەی هەیبووە ـ ... بەرپرسیار بزانین بەرامبەر بەو هەموو ڕووداوانەی لەدوایدا لە سۆڤیێت و شوێنی تر ڕوویاندا .

هەواڵنامەی کتێب

(٣ Alex Callinicis : Is there afuture for Marxism ?

(٤ آیدئولوژی آلمانی ـ مارکس ، ئەنگلس ـ ترجمە فارسی ص ١٠٠ .

(٥ Western Marxism . " A political & Philosophical Interview ". - New Left Review .

(٦ SU SHAZHI : Marxism in China P. 15

(٧ آیدئولوژی آلمانی ـ مارکس ، انگلس ، ترجمە فارسی ص ٤٥ .

(٨ David Mc Lellan : Karl Marx The Legacy P. ٦٤ .

(٩ مارکسیزمی ڕووسی " کە دەستپێشخەرانی و بانی و بەرهەمی ستوەکانی سۆسیالیزمی ئەمڕۆیە . تا ساڵەکانی سییەکان " ڕەوتێکی ئازادیخواز بوو بۆ گفتوگۆ بوو . هەرچەندە حیزبەکان خاوەنی چەند جیاوازییەک بوون ، بەڵام هێشتا جیاوازییەکانیان نەگەیشتبووە ڕادەی لێکترازان و

بخرێن ، ئەوا یوگۆسلاڤیا سەیرێ کە ساڵی ١٩٤٨ بە "ئیسرالیرە" کردنی خۆی لە ئۆردوگای سۆسیالیستی جیابووەوە . گروپە ترۆتسکیەکانیش ، هەرچەندە لەدەرەوەی ئەم رەوتە جیهانییەدا مارکسیزمی رووسی ، بوون . بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتی و تەنانەت تیۆریشەوە نەیانتوانی ئەوەیان بەبوو هەڵوەهێزیا دروست بکەن . بەسەربردانی لەبریتانیای تشبەثوانەی چالاکی تیۆری لە ئەوروپای خۆرهەڵات ، بە تایبەتی لە مەجەرستان ، ، سەرەڕای بانگەشەو فشاری زۆر ، لەدوای جەنگی جیهانی سەرکەوتنی لە هەندێ بواری تیۆریدا بەدەست هێنا . لە یوگۆسلاڤیا ، کە لیبراڵبوەکردنی بیرۆکراتیزم و خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانی سەرمایەداریدا بەشێ بوو ، گروپێکی تیۆریستی زانکۆیی بەناوی گروپی پرۆکسیس پێک هات . ئەم گروپەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەپرۆفیسورانێکی وەک سوتوزار ، ستوجانۆڤیك ، گاجو پێتە رۆڤیك پێك هاتبوو کە لە زانکۆکانی زاگرێب و بەلگراد بوون . ئەمانە ساڵەکانی (٦٤ - ٧٤) گۆڤارێکی خاوەن بیرێکی هیومانیستی لێبراتووانەیان بە ناوی "پراکسیس" دەرکرد کە لەپاشدا لەژێر فشاری دەوڵەت دا وەستێنرا .

لە ئۆردوگای سۆسیالیستی سۆڤیەتیدا ، تەنانەت پاش ساڵەکانی سەدەست ، جگە لە بزووتنەوەکەی ئۆتاکی لەمەجەرستان ، ئاقارێکی تیۆری نوێ و قووڵ و رەخنەگرانەی ئەوتۆ سەری هەڵنەدا و نەیان توانی ئەوەی دۆگماتیزم و بیر ووشکی بەهەمەدێ دەستکاری کەموزێ بانەچوە دەسەڵاتی بەدەست هێنا . گۆرباچوف شێستا بۆ نزیکبوونەوە لە خۆرئاوا ناچار بووە ئیعاوی هەندێك لەو داو و بەندانە خاوێن بکاتەوە . ئەگەر ئەم کارە هەندێك ریفۆرم بکات کە بتوانێ ھەندێك تولێدوان و ئاڵوگۆڕکردنی تێڕوانین و فکر دروست بکات و ببێتە زەمینە خۆشکەر بۆ رەخنەگرتن و رووبەڕووبوونەوەی راشکاوانە ، ئەوا ئەو کاتە دەشێ چاوەڕێی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی رەخنەگرانە و شۆڕش بکەین لە سۆڤیەتیشدا .

لەچیندا شێواز و نەریتی تیۆری ئەوەندە بەگوڕ و لێهاتوو نەبوو، بەڵام لەرووی رادیکالیزمی سیاسی و سەربەخۆیی خوازیەوە (تەنانەت لە جوداییەوەی فشار و زۆرلێهێنانەکانی ستالینیشدا) بەهێزبوون . جگە لەهەندێك رووی تایبەتی کەمبوونەوەی بەسیاسەتی ئابووری و جۆنێتی پێکهاتنی بەیەکەی سۆسیالیزمەوە هەبوو ، ئیتر گەشەکردنی مارکسیزم بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو هەستی پێ ناکرێت . لەرۆژگارەکانی ماوتسۆدا کە چین بەرەو جیهانی سەرمایەداری خۆرئاوا هەنگاوی دەنا و پەیوەندی فراوانتری رۆشنبیری لەگەڵدا دروست دەکرد ، ئاقارێکی رەخنەگرانە و بەستێوڕی ئەکادیمیکی و دەستێوەسانە سەرنەمێوێ سەری هەڵدا لە ئەستوانی ئەکادیمیەکانی مارکسیزمی جیهانی ئاقارێك دەرکەوتووە کە ئیستا ...

دەربڕینگردنیان لە ستوانی مارکسیزمی " مارکسیزم - لینینیزم - بیری ماوی " کەوتبووبنە ژێر کاریگەری هەندێك کارتێکەری خۆرئاوایەوە . هەڵسەنگاندنی ئەمانە سەبارەت بەشێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی و رێگەی رەوتکردنی شۆڕش و هیومانیزم و " ئاسایی بە ناکۆکیەکاندا " ، هەڵبەتە بەدەنگ و بەڵگە لەجیهانی سۆسیالیزمی دا ، بەتایبەتی ئەوەی سۆسیالیزمی راستەقینە باوەری پێیەتی ، و شێوەیی وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیار ، بەستنی ئەو مانایانەی کە شێوەی جەرگێکی .

سیبساوژی ( SU SHAZHE ) کە بەڕێوەبەری پەیمانگای ( م . ل ) ی بیری ماو و ئەندامی ئەکادیمیای زانستی کۆمەڵایەتی ی چینە و بەهۆی پایەی سروشتیەوەکانی لەنێو دەسەڵاتدارانی حیزب و دەوڵەت دا شوێنەوارێکی بەرزی هەیە ، لە نووسراوێکی دا بەناوی " گەشەکردنی مارکسیزم لە باروودۆخی ئەمڕۆدا " ( بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی کۆچکردنی کارل مارکسەوە ) و لەسەر بنچینەی گوتنەیەکی ماو کە دەڵێ : " مارکسیزم دەبێ بەبێوەست لە میانەی کاردا گەشە بکات ، بێ لەم حاڵەتە ئەگەر بەشێوەیەکی کلێشەو رواڵەتی بمێنێتەوە ، ئەوا زیان لەسەرتاسەری جیهاندا دەوەستێت " ، ئەوەی بڵاوکردۆوە کە مارکسیزم پێویستی بەوەیە نوێ و تۆڵ و بەرفراوان بکرێت . ئەگەرچی ناوبراو باوەڕی بەبوونی ناکۆکیەکانە لە نێو مارکسیزمدا نییە ، بەڵام دەڵێت :

" تێنەبینی هەڵەی دۆگماتیزمکردنی مارکسیزم و بەبێوێز سەیرکردنی ئاشکراکردنەوەکانی سۆڤییەت و ئینتەرناسیۆنالیزمی بێ‌بەم . . . گەشەکردنی مارکسیزمی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو دواخستووە ، ئەمیش بە حەشێنێك کە توانای رووونکردنەوە و وەڵامدانەوەی زۆر لەو دیاردە نوێیانەی کە لە قۆناغی سەرمایەداری مۆدێرن دا سەریان هەڵداوە و زۆربەیتی ئەوی نێو پراکتیکی سۆسیالیزمی هاوچەرخ و زۆر دەستکەوتی زانستی سروشتی ئەمرۆ و لقە تازەکانی زانستی کۆمەڵایەتی نییە " . ئینجا دەڵێت :

" پێویستە ئێمە بەگیانێکی بەرزی هەستکردن بە لێپرسراویەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتانە بکەین کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا هاتوونەتە ئاراوە و سووربین لەسەر بەرفراوانکردن و گەشەپێدانی مارکسیزم ، چونکە رێنوماییکردنی کار لە باروودۆخی مێژوویی ئەمڕۆدا ، تەنیا بەهۆی مارکسیزمی گەشەکردووەوە مەیسەر دەبێت " . پاشان مارکسیزمی خۆرئاوایی رەت دەکاتەوە ، بەڵام باوەڕیشی وایە کە ناشێ بە ووشەیەکی سادە وەك " لادەر " سەیرێنە لاوە ، وە پێی وایە کە مارکسیستە خۆرئاواییەکان چەند بەرهەمێکی گرنگ و بەناوبانگیان وەدەست خستووە و مەسەلەیەکیان گرتۆتە ئەستۆ کە مەسەلە جیهانییەکان مەترسییەکی گۆڕیەراوە دەخەنە روو . نووسەرێکی تری چینی بەناوی رۆکسین لەنووسراوێکی دا

بەناوی " هومانیزم یان ڕیفۆرمیزم " دا ، سەرەڕای ئەوەی بەرگری لــە هومانیزم دەکات وەك بەشێکی دانەبڕاوی مارکسیزم ، دەڵێـــت :

" ئەوانەی کە هومانیزم بە ڕیفۆرمیزم لەقەڵەم دەدەن ـــا ( وەك ڕیفۆرمیزم بخرێتە ئەستێکەخانەوە " . لە ساڵەکانی دواییدا لە حــــ ـەهەشتاکانی بوخارین ئاشکرا ، هەروەها ڕیچارد نووسراوێك دەربارەی سۆسیالیزم بەناوی " دیموکراسی و سۆسیالیزم " لەلایەن نووسەرانـــی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتی و چینیەوە نووسرابوو و ئاڵوگۆڕی مێژوویی تێیدا بوو بەئاشکرایی بڵاوبووەوە . وەك ئاشکرایە ئەم نووسینـــــی ( بیرلێکردنەوە ) لە ئەجێن دا تێکەڵ بوو لەگەڵ سیاسەتێکی سەربەخۆی ناسیۆنالیستانە و کۆنەپەرستانەدا و سەرئەنجام بیری ڕەخنەگرانەی تێکەڵ لەگەڵ ئەمجۆرە سیاسەتە ، جەر ناکات کەسە بە تواتای سۆزسکراپسە و گیانی داهێنەرانەی مارکسیزم بدات ، بەڵکو بەشێوەیەکی وەك ئیتۆرۆ کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی ... هتد دەتوانێ مارکسیزم بکاتـــە پاشکۆی ئاشکرای زۆر و سەقەر و دەست نزیکی .

لە سۆفیەتدا ، سەرەڕای ئەوەی کە مەیدانێکی بەرفراوانی بڵاوکردنەوە لە ئازادانە و تواناییەکی گەورە بۆ لێکۆڵینەوە بەرجاو دەکرێت ، بــەلام زۆر بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین جگە لەمرخ و بابەتی ئەوانەی کــە دەنێت زۆر بەشێتی سوودیان لێ وەرگیردرێت " ناقەکەی هیـــــچ برختێکی ئەوتۆیان نییە و بەشێوەیەکی سەرەکی لەجوارچێوەی کـــاری بڕوباگەندەی دوور لەگیانی داهێنەرانەدا مایەتەوە . بۆنموونە ئەگـــەر جاوێك بە نووسراوەی " مەسەلەی نەتەوایەتی و وڵاتە داگیرکراوەکان " دا بگێڕین کە لە کتێبی ( کۆمینتێرن و خۆرهەڵات )دایە ، دەبینین لــە دووتوێی نزیکەی ۳۰۰ لاپەڕەدا ، زۆربەی نووسەرە مێژووییەکانی خۆرئاوا لەم ڕووەوە ڕەت دەکاتەوە و هەر لەم لایەنەشەوە ئامانجی ئەم " مێژوو نووسە بۆرژوازیانە " دەخاتە پاڵ زوڵم و زۆری ئیمپریالیزم و نایەکسانی ئابووری و سیاسی . هەر لە هەمان نووسراوەدا و لە چەند لاپەڕەیەکدا ا.ج کارل مێژوونووسی ئینگلیزی بەناوبانگ وەك زانایەکی بـۆرژوازی ڕادەگەیەنێت و دەیخاتە لاوە .

سۆسیالیزمی ڕووسی تەلە سەردەمێدا تا ڕادەیەك جینەتی دەگرێتەوە ، دوای ساڵەکانی سەست قڵیش و دەلاقەی تێکەوت ، " سۆسیالیزمـــی چینی " ش کە بەهۆی ڕادیکالیزمەکەیەوە بابەتێکی فراوانی بەدەست هێنابوو.لەساڵەکانی حەفتا بەدواوە بەرەو کۆنەپەرستییەکی ئاشکرا چوو ، " سۆسیالیزمی ڕووسی " ش لەهەمان سەردەمدا ڕووبەڕووی لێــــك ترازانێکی نوێ بووەوە ، ئێوروکۆمۆنیزم کە لە ساڵەکانی حەفتاوە سەری هەڵدا و خۆی دەرخست بۆ ئەوەی بتوانێ لەسێو بیری ستالینی و بـــیری

تیۆری و سیاسی سۆسیال دیموکراسی و مارکسیزمی خۆرئاوایی و ڕووسی‌دا جێ‌بەجێی تایبەتی بۆ خۆی بکاتەوە . سانتیاگۆ کاریلۆ ( سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا ) و بیر لینگویر ( سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا ) لەم بارەیەوە دەست پێشکەریان نواند و زۆری نەخایاند حزبی مارکسیە ئەوان تێک چووەوە و حزبی کۆمۆنیستی یابانیش چووە ڕیزی ئەوانەوە . ئەمانە هەستوەکی ئاشکرا کەوتنە لایەنگیری‌کردنی باسای

حاوەندارێتی دەسەڵاتی ، دەستی ئەیۆ ، دیموکراسی سیاسی ئەرجەداری ئاشکراو ، پەرێشکەری سەرەتای دەدان بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی دەسگۆجەندەکانی ئەمڕۆ . تەنانەت ڕا وبۆچوونەکانیان گەشتە ڕادەیەک ناوەڕۆکی سیاسی بابەتی وولاتەکانیان . وەک ناوەڕۆکێکی بۆرژوازیانە لەقەڵەم بدەن و پێی وانیابوو بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان دەبوایە ئەجیۆ‌جیسوەی ئەم ڕا وبۆچوونانە کارێکەن . " سۆسیالیزمی بنشەرکانە " ی کانسرۆ و ئەگاژیش ، سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەک کەوتوڵ و ئیوریسی ئیوتنزی ژنکۆکار و فوناسەسی هشیار خۆش وخرۆش و بەستوەکی سەرەکی ئیوسن پێی سۆسیالیزمی ڕووسی هەڵکرت ، زۆری نەخایاند تس و گسوبیز ئەمانەی خۆی لەدەست دا و سۆسیستە ئەواندەکانیان بزکسی دۆیرە ، بووە ڕاوێژکاری ستران و خۆی هاوشێوە ئەمۆی سۆسیال دیموکراسیەوە . هەروەها ئەم " سۆسیالیزم " ش هیچ بابەتی و تاکاتێکی ئەوتۆی لەبارێ تیۆری‌یەوە بەدەست نەهێنا و نەیتوانی بە هۆی خەسڵەتی " پراکتیک خواز " انەی خۆیەوە ئەم کارە بەسەر بکات .

١٠) زاراوەی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " لەزۆر لایەنەوە داوای گیروگرفت و ئەنگوچەڵەمەیە ، چونکە دەربڕێکی ئاڕادەیەک جوگرافیانە لەمێشکدا دروست دەکات ( واتە وەک سۆسیالیزمی ڕووسی ، چینی ... هتد ) . لە خۆرئاواییشدا هەمان شێوازی " سۆسیالیزم " ، لە هەمووان بەهێزتر " ئۆرۆکۆمۆنیزم " و " سۆسیالیزمی ڕووسی " ن ، بەڵام ناتوانین بەوانە بڵێین " مارکسیزمی خۆرئاوایی " . لەبەر ئەوە ، بەپێی ئەو تایبەتی‌یانەی لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆکردن ، ئەم عیبارەتە لە هەموو زاراوەکانی‌تری وەک " چەپی نوێ " کە لە ئینگلستان بە گروپێکی تایبەتی ڕۆشنبیری بتودەبڕێت ، بەرفراوانترە . " چەپی نوێ " ئەمڕۆ ڕووبەڕووبەرامبەر بەهەمان زاراوەی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بەکارهاتووە .

١١) کۆرش و لۆکاچ لە بەهێڵی‌کردنی هەرچی زیاتری مارکسیزمدا تادەهەنات زیاتر بشتیان بە خەسڵەتی فەلسەفی شێوازی مارکس دەبەست . لۆکاچ لە "مێژوو و هوشیاری چینایەتی" دا گونوویەتی بالادەستی بزوێنەرە ئابووری‌یەکان لە ڕوونکردنەوە و دەست نیشانکردنی مێژوودا ـ کە

جیاکەرەوەکی بنچینەیی بیری مارکسیزم و بیری بۆرژوازییەتە - بی بە ، بەڵکو تەنیا لەتێڕوانینێکی گشتی‌دایە . گوتەی گشت و بالادەستـــی گشت بەسەر بەشدا ، ناوەڕۆکی ضنۆدتکە کە مارکس لەهیگلی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا کردویەتە بنچینەی زانستێکی نوێ . لەهەمان ئەو کاتەدا کۆشش بۆ ئامازەی بۆ ( گشتێتی پرۆسەکانی مێـــژووی کۆمەڵایەتی کردوە و گووتویەتی کە مارکسیزم بەشێوەی شۆڕێکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەبینێت و بە گشتێکی زیندوو دادەنرێت ، ئەی دەتوانیـــن بڵێین ، بەماوی شۆڕی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. کەیەک گشتێکی زینـــدوو رەفتار دەکات - دەناسرێت . بەبۆچوونی ئەمانە مارکسیزم فەلسەفەی چینی کرێکارە . بامان کۆشش بەم شێوەیە بیرکردنەوەیە بیرۆکانی خـــۆی

هۆرمۆنیکرد و ... [illegible] ... ی بە ... فەلسەفە [illegible]
و ... [illegible] " زانستی ... " ... [illegible] .

١٢) لەبەرامبەریشدا و ... کانی بیری ئەم رێبازە سۆزی بە دەتوانیـــن دەست ... [illegible] ... [illegible] ... [illegible] ... [illegible]

١٣) کۆلێتی : کە ئایدیۆلۆجیکی ئیتالییە و زیاتر لە رێبازی ئالتوسەرەوە نزیکە ، فیتاجەکانی واتکەویت و رێبازی لۆکاچ بە ئافاتێکی پرۆفیسۆرانە ناوسا ر دەکات و بەهۆی دووریان لەکاری سیاسی و پراکتیکی‌یەوە رەخنـــەی توندوتیژیان لێ دەگرێت . کۆلێتی لە ساڵەکانی پەنجاوە تا ساڵی ١٩٦٤ ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا بوو ، پاش ئەوە دەستی دا بـــە چالاکیەکی شۆڕی فراوان . کۆلێتی دەڵێ : بەکنك لە گرنگترین ئـــەو دیاردانەی دەتوانێت وەڵامی تەنگوچەڵەمەکانی ئەمڕۆ بداتەوە ، بریتیـــە لە زیندکردنەوەی بازودۆخی ئابووری سەردەمی لینینا ، بەک چالاکییەکی فەلسەفانەی زیووت . وە ئاماژە بۆ بەرهەمێکی وەك " ئیمپریالیـــزم " ی لینین و " سەرمایەی دارایی " هیلفردینگ و " هەڵئاوسانی دارایی " ی رۆزا لۆکزامبۆرگ و ئەو بەرهەمانەی لەئاستی ئەمانەدان دەکات و بـــە بەرهەمێکی گرنگیان دەزانێ بۆ ئەو کارە .

لێرەدا دێینە سەر ئالتوسێر . ستراکتورالیزمی ئالتوسێر بەکۆمەڵێکی عەقڵانیەتەوە دەگەڕێتەوە سەر زانست . ئالتوسێر لەڕووی زانست و ستۆەی بەرهەمهێنانەوە کاری دەکرد و گوادلی و بۆلانتزاسـ لەسەر مەسەلە تەجروبەگەرییەکان . ئالتوسێر لە بۆچوونەکەی بانلازد کەدایکی لاو ؛ مارکسی ئایدیۆلۆژیکی ) و مارکسی پیر ( مارکسی زانستی ) ی ناونابوو پەتەواوی تێ‌گەیشت و پێشی بە " مارکسیزمی زانستی " بەست و

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هێرشی کردە سەر هیومانیزم و "مێژووخوازیـــی" لۆکاچ و ئەوانی تر . ئەم لقە تیۆرییە زیاتر لە قوتابخانەی فرانکفۆرت لە سیاسەت و ئابووری نزیك بۆتەوە ، بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین کـە قەیرانە قوڵە جیهانییەکە و قەیرانی تیۆریش لەئاستێوازی تازەی خۆیدا ڕووی ڕۆحی ئایدیۆلۆگەکانی ئەم لقەی گرتۆتەوە و ئەمەش گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی نیکۆس پولانتزاس ساڵی ۱۹۸۰ لە پاریس خۆی بکوژێ و لە نۆفەمبەری هەمان ساڵدا و پاش خنکاندنی هێلین ڕیتمان ی هاوسەری ئالتۆسێر ، ئالتۆسێریش لە نەخۆشخانەی دەروونی خەوێنرا .

(١٢) بگەڕێنەوە بۆ بەشێکی سەرەتای ڕاگەیەنەری "لێکدانەوەیەکی نوێی سەردەمیانەی مارکس" کە لەلایەن ت. بۆتۆمۆرەوە نووسراوە :

Modern Interpretation of Marx Edited by

T. Bottomore .

(١٣) بێگومان لینین مەسەلە تیۆرییەکانی لە دیدی شۆڕشێکی چوست وچالاکدا دەبینییەوە ، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هەندێك جار دووچاری هەڵــەی گەورە دەبوو . هەڵەکانی لینین ، هەڵەی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕن ،کەسانێك دەتوانن پەیوەندی ڕاستەوخۆ و چالاکانە لەگەڵ تیۆری و سیاسـەت و پرۆسەی گۆڕانکاری جیهاندا دروست بکەن ،کە بتوانن زیاتر و باشتر لـە لینین بگەن . قوتابخانەی فرانکفۆرت ، سەرەڕای ئەوەی خاوەنـی

هەندێك ڕەخنەی ڕەسەنی تیۆرییە ، بەڵام بەجیاتی خستنەڕووی تیۆری خاڵبەندی و گۆڕینی سیاسییەوە ، بێدەنگییەکی سەلبی دژی لینین هەیە ، بەڵام ئەوانەی کە گۆڕانی سیاسی بەهێزتریان هەیە ، وەکو چالاکـی سیاسییان جێبەجێ نەکرد و بۆچوونی ئەوانە ـ وەك ئالتۆسێر و کۆلێتی ـ وەیان : بەشێوەیەکی دی : بەدوای بە مارکسیزمی خۆیانـــدا بەك نوێ سەیری دەکەن ، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ڕەخنەی خۆیانن ،کەچی پەیوەندی بەهێزی خۆیان لەگەڵ لینیندا دەپارێزن . لەوانەیە لینیـــن پەیوەندی تیۆری و پراکتیکی مارکسیزمی لەبەر هەموو کەسێکدا بە ڕوونی کردبێ و گۆڕانی بەهێزی دەست بەسیاسی کرد ، گۆڕانی بەهێـــزی سۆڤیەتی ڕێگەی بەرجەستە و دیاری پراکتیك لە دیدی خۆیدا . سەرەڕای ئالتۆسێر و کۆلێتی جێگایەکی تایبەتی و جیا لە لۆکاچییەکان و قوتابخانەی فرانکفۆرتی هەیە . هەتاکو ئێستاش ئەگەر کەسێك بیەوێت مارکسیزم لـــە دیدێکی بەگلابەنانەوە ( فەلسەفانەی ڕووت ) بەسنێ ، ئەوا بێگومـــان زۆر مەسەلەی بەرجەستەکراو ـ بەتایبەتی لەبواری سیاسیدا ـ لەدەستی دەرچێت . بەبێ ئاشنابوونمان لەگەڵ لینین دا ناتوانین بەڕاستی و دروستی لەگەڵ سیاسەت و کاری خەباتکاری سەردەم ئاشنابین .

هەواڵنامەی کتێب

١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ١٧) هەمان سەرچاوەی سێ‌یەمی ٦ .

١٨) Paul Sweezy(essays) " Post Revolutionary Society"- A crisis in Marxism .

ئەم نووسراوەی سویزی لە ساڵی ١٩٧٩ نووسراوە ، چەند باسێکی گرنگی تێدایە ؛ یەکەم ئەو رەوتی گەشەکردنی تیۆری سەھزی گیوەنەکی سۆشیالیستی کۆمەڵە دوای دەکات و بە رەوتێکی پڕ لە سەرکەوتن و شکستەکانی دادەنێت . دووەم رێگەی چارەسەرکردنی خۆی بەو جۆرە دەخاتە روو کە ئەوانە بە کۆمەڵگەی ( دوای شۆڕش ) ی دادەنێن . وە ئەو تیۆری مارکسیزمە کە دەڵێت شۆڕشی پرۆلیتاری دوای سەرمایەداری دەبێت دەگاتە سۆشیالیزم ، بە پلەیەکی نەرز و راست دادەنێت . بۆچوونەکانی ئەم لەو بارەیەوە ئازادەیەک بەجۆرێکی رەوشت خوازی ئاشنەبووە ، واتە رێگەی چارەسەرکردنەکان بەو جۆرە دەبینێتەوە کە سۆشیالیزم تەنها دەبێ نەرز و لەبێشتر لە سەرمایەداری سەمان بدرێت، تاکو دەستکەوت وئاکامە مرۆڤایەتیەکان لەچوارچێوەی ئەو راستی یەدا بپارێزرێت .

١٩) پۆڵێت ریفیو - هەمان سەرچاوەی ژمارە پێنج ل ٣٤٩ .

٢٠) Mc Lellan : Marxism after Marx .

٢١) Kolakovsky: Main currents in Marxism Vol. 3 .

٢٢) Pery Anderson : Western Marxism P.12 N.L.R.

٢٣) Fran Darkin : " Marxism & class Theory" .

٢٤) Jack Lindsay: " The crisis in Marxism " P. 8 .

***


## ئەم بابەتە:

ئەم بابەتە کە لەگۆڤاری " اندیشه و پیکار " ی فارسی - ژمارە(١)ی ئۆکتۆبەر / نۆڤەمبەری ١٩٨٧ - دا بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن(ا.ح عارف )ەوە نووسراوە ، لەسەر داواکاری " یەکگرتن " و لەپێناو تێکشکاندنی فیکری ریفۆرمیستی دا ، لەلایەن کاک ( هیوا )وە لە ئەمسا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی .

# یەکگرتن

سەرپەرشتی کۆکردنەوە و رێکخستن

## فەرهاد پیربال




قەڵەمی کوردی ، هەر لە سەرەتای ڕۆژانی پێڕەوکەکردنییەوە تاکو ئەمڕۆش : لەهەر دەمیەکی تاریکی تەمەنی خۆیدا ، لە هەر ڕۆژگارێکی پڕ هەوراز و نشێوی ڕێگای خۆیدا ، لەژێر زەبر و زەنگ و سانسۆری هەر جۆرە ڕژێمێك سووبێ ، لەهەر وڵاتێك ، لە هەر شوێنێك ، لە هەر ڕۆژگارێك ، لە هەر لایەك بووبێ .. هەمیشە - وەکو قەقنەس - لە سووتان و لەدایکبوونەوەی بەرد بەرادا بووە : لە پێناو ئەوەی بتوانێ ئەزموونە جۆراوجۆرە تازە و تایبەتییەکانی هاوچاخی خۆی بەیان بکا ، لە پێناو ئەوەی کە شتێکی دیکە ، شتێکی تازە بڵێ ، شتێك کە پڕ بەپێستی مەرگەساتی میللەتە ستەمدیدەکەی خۆی بێ لەو سەردەمەدا ! . . .

خەون و خەم و مەرگەسات و ئاواتەکانمان ، کە ئەمڕۆ ( بە چەندین قات ) پڕ سوێ تر و فراوانتر و گەورەترن لەوانی ڕۆژگاری جاران ، بە هەمان شێوەش ، ئەمڕۆ ( قەڵەمی کوردی ) پێویستە بە خەسڵەت و مۆرك و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندتر و جیاوازەوە بێتە پێشەوە : دەساوێژێکی **هاوچاخی** خەوندیدەی برندەتر و سەرازاتر ، جابووکتر بێ . . .

لاپەڕەکانی ئەدەب و هونەر : ئاوەڵایە بۆ هەموو قەڵەمێك .



هەواڵنامەی کتێب

# خوێندنەوەی شیعرەکانی ژمارە (٥)ی یەکگرتن و چەند سەرنجێك

ئەحمەدی مەلا

هەواڵنامەی کتێب

زۆر جار بیر لە ئەدەبی وەچەی ئاوارەکان دەکەمەوە، مەبەستم ئەم وەچەیەیە کە نەیتوانی بە سروشتی لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا گەشە بکات و نەش و نمایەکی سروشتی بەخۆیەوە ببینێ. کەم تا زۆر خەسڵەتی ئەدەبی دوورە وڵاتی بەسەر کارە ئەدەبییەکانەوە دیارە. گەڕانەوە و سۆزی وڵات ڕ بەرگری و هەندێ جاریش لاوانەوە.

ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا شتێکی نوێ نییە، هەموومان "نالی"مان دێتەوە یاد چۆن پرپاسکەکەی پێچایەوە و توێشووی ڕێگاکەی چەند کتێبێك و دەستنوسێك بوو، سەری خۆی بەرەو وڵاتی شام هەڵگرت. لە ئەدەبی جیهانیشدا، لە زەمانی نازییەکاندا زۆربەی نووسەرە دیموکراس خوازەکان و نازی نەویستەکان کەوتنە بەر لێشاوی ڕەشی نازییەت. "برێخت" دەچێتە "پاریس و لەوێ ژوورێك بەکرێ دەگرێت، چەندان شەو بەمێردەزمەی هتلەر لە خەو ڕادەپەڕێت و وا دەزانێت"هتلەر"یش ژوورێکی لە ئوتێلەکەی بەرامبەرییەوە گرتووە! هەروەها "تۆماس مان" و چەندین نووسەری تر وڵات بەدەر کران و لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دونیا پەرتو بڵاوبوونەوە.

نووسەری ئیمڕۆی کوردیش، تووشی هەمان چارەنووس بووە هەریەکەی لەگۆشەیەکی ئەم دونیایەدا گیرساوەتەوە. جا ئەم پەرت و بڵاوییە پێویستە

گرت بکرێتەوە ، کارە ئەدەبی یەکان پەروەردە بکرێن ، بکەونە بەر تیشکی توێژینەوە و رەخنەوە . هەرچەندە رەخنەش کارێکی ئاسان نی یە ، کاتێک دەمێک هەموو لایەنەکانی بێ نەگەیشتووبن ، جا وا پێویست دەکات لە سووچێکی ترەوە تەماشای کارە هونەری یەکە بکرێت و مەبەستەکەش ببێتە مەبەستێکی تر .

* * *

شیعرەکانی ژمارە پێنجی گۆڤاری " یەکگرتن "م خوێندەوە و دەمەوێت چەند سەرنجێک و تێبینی و شیکردنەوەکانی خۆمیان لەسەر تۆمار بکەم ، مەبەستی سەرەکی منیش ئەوەیە : دەرگای گفتوگۆ بخەمە سەرگاری پشت ، ئەمەش لەپێناو را دەربڕین دا نەک تەبایی کردنی گشت .

شیعری یەکەم هی " کاک رەزا حەمە فەرەج " ە لەژێر ناونیشانی " هاوارێک " دا . ئەگەر بۆ ساتێکی کورتی پێویست ئەم شیعرە هەڵوەشێنینەوە ، بۆ مەبەستی خوێندنەوەی ، ئەوا تووشی دوو سرپار - ئامۆژگاری و ئەنجامێک دەبین

**بڕیار - ئامۆژگاری :**

١ ) مەهێڵن بە دیلی بمرن .

٢ ) یەک رێ بگرن .

**ئەنجام :**

کێشەتان هەر یەک کێشەیە

ئەم دوو توخمەی سەرەوە ، کۆڵەکەی دروستکردنی بنەمای شیعرەکەیە ، توخمی سێیەمیش وەسف کردنی بارودۆخەکەیە : کە بە توخمێکی ( لاوەکی ) دەدرێتە قەڵەم وەکو :

( ئەی ئەوانەی بە دیلی لە دایک بوون

ئەی ئەوانەی / چ بریستان / چ ئازارتان ... هتد )

پێش ئەوەی باس لە شیعرەکە خۆی بکەین ، باسی ئەو دوو توخمە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین لەکوێ وە سەرچاوەکەیان هەڵدەقووڵێن ؟

هەواڵنامەی کتێب

**بڕیار ـ ئامۆژگاری** : بێگومان لە سیاقی شیعری دا بۆچوونی وشەکان دەگۆڕدرێن ، بەڵام لێرەدا لە بۆچوونێکی سیاسی ڕووتەوە هەڵقووڵاوە ، مەبەستم سیاسەت بە مانا تەسکەکەیەتی ، ئەگینا هەموو شتێك سیاسەتە .

ئەم دوو بڕیارە دەرەکی‌یە . بۆ ئازادکردنی ئەوانی ترە، بەڵام شیعرەکە خۆی بە بڕیارەکەوە دەبەستێتەوە ، ماوەی جووڵانەوە و بەل و بۆ هاویشتنی نامێنێ . ئەم دوو بڕیارە لە دەرەوەی شیعرەکەوە هاتوون نەوەکو لە ناو دەقەکە خۆی ، بۆیە زۆر بۆچوونێکی ( خطابي ) بە خۆیەوە گرتووە . ئەنجامەکەشی **گێشەتان هەر یەك کێشمیە** . واتە سەرەتا و کۆتایی بە دەستی شاعیرەکە خۆیەتی ، ئەمەش بە جیهانی دەرەوەی شیعرەکە زیاتر دەمانبەستێتەوە وەکو لە ناواخن ، بۆیە هەست بە ڕووبەرێکی ساف و بێ گرێ دەکەین ، پاش خوێندنەوەی تێ دەگەین و مەسەلەکان دەبێنەوە، هەرچەندە مەسەلەی شیعری برانەوەی بۆ نی‌یە .

شیعری دووەم هی کاك " فەرهاد پیربال " ە لەژێر ناونیشانی " چۆلەکەیەکی پەڕ شکاوی لاڵ " دا . بنەما لەم شیعرەدا بریتی‌یە لە :

ئیحتیمالات + ڕوانگە ( ڕۆیا ) + سۆز .

کاك فەرهاد دەرگای شیعرەکەمان بە ( ئاهـ ) بۆ دەخاتە سەر گازی پشت ، " ئاهـ " دەنگی حەسرەت و قەتیسی خەفەتی هەناوە، کڕووزانەوەیەکی زۆر لەم وشەیەدا هەیە ، ئازامکردنەوەی دەروونە ، " هـ " لە فۆڕم و فۆنەتیك دا ڕەنگ و دەنگێکی ڕەمزی هەیە ، لە قووڵایی ناخەوە دەردەچێت، لەلای سۆفی‌یەکان بە فۆڕمی خودایان دەزانی . بەڵام لەم دەقەدا بۆ ئەم مەبەستە بەکارنەهێنراوە . لە دەقەکەدا بۆ باسکردنی ڕووداوەکە ( حدث )

هێنراوەتەکار . دەبێ چی ڕوو بدات لەوێ ؟ دەبێ چێ ڕوونەدات لەوێ ؟

سەرەتای کۆپلەی یەکەم " ئاهـ " ە و کۆتایی‌یەکەشی " نەیبیمەوە " یە ، زێیەکی چاوە بزانگ شەلالی خوێن سوورەکانیش لە نێوەندایە، ئاهـ هەڵکێشانێکە بۆ خاکێك زێ زیانێتی ، جولەیەتی .

کۆپلەی دووەم بریتییە لە ڕووکردنە ڕووداوە ڕۆژانەییەکان، چاپخانەیەک، شەقامێک، باخچەیەک. ئەگەر "ڕێ" یەکە خەڵتانی خوێن بوو بێت: دەبێ چاپخانە و شەقامەکە و باخچەکە لە چ دۆخێک دا بن؟

کۆپلەی سێیەم دەچێتە ناو وردەکاری زیانەوە، "ڕۆژنامە" لێرەدا کێشەکە سەر هەڵدەدا. لە شتێکی سادەوە بۆ دەربڕینی شتێکی ئاڵۆز

کۆپلەی چوارەم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەوە بەرەو ژیان، بەرەو هەستیارترین بازنەی ژیان، ئەویش "منداڵە" و لە زمانی ئەوەوە باسی ڕێ و چاپخانە و شەقام و باخچە و ڕۆژنامەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

نیشتمان / نیشتمان / نیشتمانی داگیرکراومان

بەربوونەوەی ڕووداوەکە بۆگەیشتنە ترۆپکی ئەویش داگیرکردنە.

باشە لە داگیرکردنەوە بەرەو کوێ دەمانبات، لێرە گرینگترین و زیندووترین مەسەلەی شیعری دێتە کایەوە: بەرەو ڕوانگە (ڕوئیا) دەمانگوازێتەوە، چونکە واقیع سەختە، ژیان ترش و تاڵە. ژیان - مردنە، بە خۆ داڵدەدان بەرەو خەون، بەرگری لە خۆ دەکات.

**دوێنێ شەوبوو / بینیم شینکاوێک کەنارەکانی پێچایەوە و / خۆی نوقمی ژێر زەوی کرد / دوێنێ شەوبوو / بینیم شاعیرێک / هەرچی جوانی شارەکەی بوو / پێچایەوە سەری خۆی هەڵگرت / دوێنێ شەو بوو... هتد.**

جارێکی تر بەرەو ڕووی واقیع هەڵدەستێتەوە، بۆ ناو جەرگەی ژیان بەگشت گێژەو کێشەکانییەوە: واقیع هەر وەکو خۆیەتی بگرە زیاتر تووند و سەختتر بووە، بۆ بارودۆخێکی نامۆ دروستدەکات، باسی ڕۆژگارەناشرینەکان دەکات، باسی داڕوخان دەکات: " **هاوڕێ .... تاکو تاجی سەری مقەبای خۆیانەوە دەگرین** . تەقینەوەی گشت مەسەلەکەیە **ژوور / نەخشە / ڕۆژنامەنووس / کوردستان / سانتیمەتر / بارەگا / کۆبوونەوە / ئەزموون / چەکدار / ئیمزا / سەنەد / ڕێککەوتنەکان / تاج / سەر / مقەبیا**. ئەمە چنینێکی جاڵجاڵۆکەیی واقیعە، ئەمە ڕوخساری ژیانێکی بێ بەرەکەتە، ئەم دژوارانە بەرەو کوێ دەمانبات؟ جاری پێشوو بەرەو ڕوانگە، ئەمجارەیان

بەرەو سەرەتا دەمانگەڕێنێتەوە . سەرەتا " ئاه " . سەرەتا گەڕانەوەیە بۆ منداڵی ،بۆ زەمانی گوڵ و جوانی ، بۆ سۆزی شتە سەرەتاییەکان .

**من بیر لە گوڵدانی بانیژەکان دەکەمەوە تاکو سابات و هێلانەکان**

بۆ زەمانی منداڵی و سەرەتا دەمانگەڕێنێتەوە ، جیهانێکی ڕەنگـــا و ڕەنگمان بۆ دەبەخشێنێ .

**گوڵ / جوانی / ڕۆح / ستەوبەر / ساپساپانی / قەفە پەرزین / شەتڵەڕیحانە / مێخەك / سەما / هەڵپەڕکێ / شیعر / گۆرانی / کێڵگە .**

ئەم توخمانە بەشداربوون و بەشداریشن لە دروستکردنی بۆچوونەکانی ، گەڕانەوە بۆ ئەم شتە سەرەتاییانە شتێکی زۆر ئاساییە .

بەلاّم **ئاه ، ئاه** / ئەم ڕەمزە دووجار دووبارە دەکاتەوە ـ مـــن ناوی دەنێم ڕەمز ( کلیل )ـ بێگومان ڕووداوەکە ئەوەندە سەختە ، تۆبـــە دووجار دەیڵێتەوە ، ئەمجارەیان هەواڵی وێرانی دەهێنێ لە زمانـــــی چۆلەکەیەکەوە ، ئەمجارەیان چولەکە زمانی جیهان دەنووسێت و لێـــــرە شیعرەکە کۆتایی دەهێنێ .

کوتاییەکە دەبێتەوە سەرەتا ،بەلاّم بەڕای من وەکو جوغزەیەکی دەم بەسراوی لێ دێت . ڕوانگە و سور لە نێوەندی ئەم هەوەڵ و کۆتاییەدا ، توانای بەل هاویشتیان بەڕاست و چەپ دا نییە .

کۆتاییەکە ، خامۆشییەکی زۆر گرانەیە ، دەڕژێتە دەریایەکـــــی بێ دەنگییەوە ، بەلاّم ئەم بێ دەنگییە ، جارێکی تر بۆ " ئاه "ەکـــە دەمانگەڕێنێتەوە .

پێویستی بە جوولاّنەوەیەکی ناوەکی تر بوو ، تاکو بتوانێت بەرەو ئەود بو هەنگاو بنێ و بەرەو دووری تر بکشێت .

پەیوەندییەکی توند و پتەوی ناوەکییانە لەنێوان کۆپلەکان دروســـت بوونە ، گەڕانێکە بۆ زمانێکی تری دەربڕین ، بێگومان ئەمە یەکێکە لـــە هەرە توخمە گرینگەکانی شیعر .

لەبەر ئەوەی شیعری ڕۆژی مەرهادم نەخوێندۆتەوە ناتوانم لەسافـــی مێژوویی نووسینی ئەودا لە شوێنێك دایبنێم ، ئەم نووسەندی منـــن

سەنگی مەحەك نین بۆ شیعرەکە ، بەڵکو پێویستی بەخوێندنەوەی تر هەیە .

شیعری سێیەم هی کاك " ڕێبوار سیوەیلی " یە لەژێر ناونیشانی " سلێمانی لە پێشواری ماتەمێکی گەورەدا " دا . ئەم شیعرە لەچنینێکی تێکەڵاو پێکهاتووە ، شاعیر لە نێو دێڕ و ووشەکاندا نوقم دەبێت و لەلایەکی ترەوە بەگڕ گڕنووی‌یەوە سەر دەردەهێنێ،وەکو عاشقێکی دڵ سووتاو زۆر بە پەرۆشەوە بۆ خوشەویستەکەی ، بێگومان ئەمەش ئەنجامی ئاوارەیی دوورە ووڵاتی‌یە .

بەڵام کاتێك مەسەلەی شیعری دێتە پێشەوە ، چەندان لایەن قووت دەبنەوە ،کە زۆر جار تەجاوری عەشق دەکات ، شاعیر هەرچەندە هەڵ بچێت و بەجۆش و خرۆش بێت ، پێویستە ئاگاداری هونەری شیعر بێت ، لای کاك ڕێبوار چەندان پەیوەندی دروست بووە ، بەڵام لە دەرەوەی پەیوەندی دان ، بۆ نموونە :

**ئەو دەورەمان لێ دامەخە / کە جار ،جارە بۆنی قژ و / تەنیایی و / ئازارەکانتمان بۆ دەهێنێ . . / لە مەنفادا / بۆچی تاقە ئافرەتێکم بە شانەی یاد دانەهێنا / دەمگووت منی ڕۆژهەڵاتی / تەنیا دەسگیرانێکم هەیە . . .**

**سلێمانی ـــ بۆنی قژ و تەنیایی و ئازار**

**مەنفا ـــ بۆچی تاقە ئافرەتێك**

ئەو پەیوەندی‌یەی لەنێوان ئەم دوو هاوکێشەیەدا دروست بوونە زۆر کزن یان نەبوونەتە پەیوەندی .

لە کۆپلەی سێیەمدا بەکارهێنانی میحرابی عەشق و سوجدە بۆ گەورەیی و نوانەوە لە سیاقێکی زۆر ڕۆمانسیانەدا دروستکراوە، توانای بەرەو ڕوو و بەرگری نی‌یە .

لە کۆپلەی چوارەمدا کاتێك باس لە گەڕانەوە دەکات ، گەڕانەوەکە زۆر ڕووکەشانەیە ، گەڕانەوە لێرەدا وەکو ڕاکردن وایە ، پێویستی دەکرد گەڕانەوە بۆ بەرەو پێشەوە چوون بوایە نەك بۆ ڕابووردوویەك کە وجودی نەماوە ، بۆ نموونە :

هەواڵنامەی کتێب

**-من بێ دایکم / لەوانەیە تەنها باوك و خوشکەکانم/ لە پێشوازیەدا بوەستن.**

**- هاوڕێیانی قوتابخانەم / هەر هەموویان پۆشتە و پەرداخ/ لە گەورەیانەوە تا بچووك به ڕیز دێن و گوڵە باغی سەرچنار دەدەنە دەستم..**

لە کۆتایی لاپەڕە ١٧٤ دا:

**ئەی شارەکەم: هەموو ڕۆژێك / دەستمان .. سەرمان.. / ڕەگی پیاوەتی و شەرەفمان ئەبڕنەوە / کەچی ئێمە بەلکی جامانەکانمان / خەنجەرەکانیان بۆ دەسڕین.**

ئەگەر جامانە ڕەمزی میللی بێت، ڕەگی پیاوەتی و شەرەف هی میللەتە، بەلام ئەم دوو وشەیە بۆ فەرهەنگی دەرەبەگایەتی دەگەڕێنەوە، ڕەوشتی دەرەبەگایەتی هەمان ڕەوشتی کۆمەلگایەکی تر نی یە، بۆیە لەم وێنەیەدا هەر بە مانا کۆنەکەی بەکارهێنراوە. بەرگری کردن لەوولات و سیستەمان هوشیاری و لێپرسراوی یە، بە نەکردنی مرۆڤ لە پیاوەتی ناکەوێ.بەلکو دەیخاتە بەرەیەکی ترەوە، پاشان مەسەلەکە لێرەدا زۆرانبازی نەك شەرەف.

هێلێکی (تصاعدی) لە دەقەکەدا بەرچاو ناکەوێت، تەنها بەسەر ستەکاندا تێپەڕ دەبێت و ناچێتە ناویانەوە.

زۆرجار هەست بە تەم و مژ دەکەین، دەتوانرا بێ ئەو تەم و مژیە بنوسرابایە و لە ئاووهەوایەك دا نەمانهێلێتەوە و بەڕاست و چەپدا پەلکێشمان بکات. جگە لەوانە زۆر وێنەی شیعری هەن هیچ ماندووبونێکیان لە پشتەوە نی یە، وەکو:

**لەڕۆژی گەڕانەوەدا / کراسێکی زەرد ئەپۆشم / جووتێ قەندەرەی یاقووتی لەپێ دەکەم / گوڵێکی سوور بە سینگمدا هەڵئەواسم. یان تەنها تۆم هەی / ئەی هێلانەی بەفر و هەڵۆ / ئەی نیشتمانی ڕەشەبا و گڕ و پشکۆ.**

شیعری چوارەم هی کاك "پەنگر" ە لەژێر ناونیشانی "بەردەوامی"دا.

لەم شیعرەدا تەنها لەڕێگەی ئەم دوو بڕیارەوە گوێمان لە دەنگی شاعیر دەبێ:



هەواڵنامەی کتێب

١) نەکەی دڵت خورپە بکا ٢) نەکەی هەرگیز .
بۆ ئەوەی تەعبیری بڕیارەکەی بدات ئەم دۆخانە وەسف دەکات :

١- چونکە کۆتری سپی بمرێت / یاخی بوونێک بەرپا دەکا /ئەلیـــو م دەدڕێ .
٢- چونکە ئاردە ووشەی تینووی ئاسمانی سوور/ بە ئارەقی شـــان و بازوو هەویری لێ دروست دەکرێ / بۆ چەوساوان دەکرێتەوە. . .
٣- چونکە خۆڵەمێشی ڕەنگ و شەتڵ و نەمام/ پەینە وبەزموی‌یەوە دەکرێ.

باروددۆخێکی تراژیدیمان بۆ دەەخشێنێ ، بەقڵکردنی ئەو واقیعەیـــە کە لێوەی هاتووین ، هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر ، واتە هیـــــــیچ خەڵقێکی نەکردووە ، دەتوانین بڵێین واقیعەکەی کۆپی‌کردووە ، پاشـــا ن هێوایەکمان بۆ دروست دەکات . کارەکان لە ئارەزووی ئێمە بەدەرن ، ئێمە دەتوانین هەڵوێست وەربگرین، نەوەکو بەهیوا خۆمان هەڵبخەڵەتێنین، کاری هونەری واقیعێکی ترمان بۆ دروست دەکات نەوەکو ئەوەی کـــە لەپێشی چاومانە . پاشان لە کارێکی هونەری بەفەد هیوا داڕوخان هەبە هەروەکو لە ژیانی واقیعی خۆماندا بەرچاومان دەکەوێت ، بەڵام ئـەمــەی دوایی لە ئاستێکی هونەری‌دا نی‌یە .
دەنگی شاعیر لەم دەقەدا لەکوێ یە ؟ چی دەکات ؟ خۆی لە کـــوێی گێژەوکێشەکانە؟ بێ‌گومان ئێمە داوا لە شیعرەکە دەکەین وەڵامان بداتـــەوە نەوەکو خۆی ، چونکە پێویستە شیعرەکە لەگەڵمان بدوێ نەوەکو شاعیر .
هەست بەوە دەکەین شاعیر لە دەرەوەی کارەساتەکان‌دایە،کوردستـا ن لە دەرەوەی ئێمەدا نی‌یە ، وەکو جوگرافیا بەڵێ هەزارەها میل لێمانـــە وە دوورە ، بەڵام وەکو مێژوو لەناوەوەماندایە ، پێویستە وەکو هوشـــیاری و لێپرسراوی لەناو شیعرەکانمان‌دا بێ بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵی‌دا بین .

شیعری پێنجەم هی کاک " ئاسی ڕەبانی " بە لەژێر ناونیشـــــانـــی " گەڕان " دا ئەم شیعرە دەڕگا لەسەر وێنەیەکی جوان دەکاتەوە ولەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

خۆی دەماسێتە ژوورەوە ، لەو جیهانەدا هەتاوی بەری ئاسمان فرمێسـک دەسووتێنی .

**هەتاو ـــ سووتان**

**فرمێسك ـــ ئاسمان**

پەیوەندی لەنێوان دوو بۆڵ دروست کردووە و ئاڵۆزیەکی شەنگی لێ دروست کردووە . بەڵام کە دەماسێتە وێنەکانی پاش ئەم ، دەچینە سـاو زایەڵەیەکی ئاشناوە ، زایەڵەی پەشێومان دەکەوێتە بەرگوێ :

پەشێو دەڵێ :

**لەکەناری هەر جۆگەیی / لەسەر سەکوێ هەر مزگەوتێ / لەبەر دەرگای / هەر ماڵێ / هەر کڵێسەیی**

ئاسی دەڵێ :

**لەبن داری هەر ڕێیەکا / لەسەر لوتکەی کێوی هەر شار و دێیەکـا / دەستم بۆ سێوێ بردبێ / لەکەناری هەر چەمێکا .**

چ مەبەست و ( دەلالەتەکان ) ئاکو مۆسیقاکەش لەیەکتریەوە نزیکـن . پێویست وابوو کاک ئاسی دەرکی بەمە بکردیایە ، ئەگەر تەجاوزیشی نەکردبایە دەیتوانی خۆی لێ لابدات ، چونکە کارلێکردن جوداوازە لەگەڵ شوێن پێ هەڵگرتن .

سەرەڕای ئەمەش گوێمان لەدەنگێکی شاعیرانەی خۆش دەبێت ، هەست بە شەففافیەتێك و لیرێکی ( غنائي ) ڕوون دەکەین . لەسەر ئاوازێکی هێمـن باسی گەڕانی خوێمان بۆ دەکات :

**لەگەڵ ڕێگای شەوا / من لێرەم و / بیر لەجوانیت دەکەمەوە / لە نا و تەمی دەشت و دەری شیرین خەوا / من لێرەم و / دووکەڵی ڕەشـی کێوانی هەڵبزرکاوت دەبینم / کەچی تۆ هەر فریشتەیت و / بـۆت دەگەڕێم /**

**تاریکە شەو ـــ بیر لەجوانی کردنەوە**

**تەمی دەر و دەشتی خەو ـــ دوکەڵی ڕەشی کێوانی هەڵبزرکاو**

**فریشتە ـــ گەڕانەوە**

ئەواڵەی کتێب

بیرکردنەوە لە جوانی پێزی زیاترە لە بینینی جوانی ، چونکە یەکەمیان لەپشتی هەستەوەیە و دووەمیان لەگەڵ هەستە ، پاشان پەیوەندی نێوان ئەمی دەشت و دەر و دووکەڵی کێوان ـ یەکەمیان لەخەون و ناهوشیاری‌دایە دووەمیان هوشیاریە . ئەم پەیوەندی‌یەش زۆر بەهێزە . واقیع تەنها لە هوشیاری شاعیردا نی‌یە ، بەڵکو لەناو هوشیاریشی‌دایە .

زۆر هێمانە دژوارەکان کۆدەکاتەوە وەکو : **ئارای کیژی کورد ـ هەناوی داپیرەیەکی سووتاو** . هەموو شیعرەکە لەسەر مۆسیقایەکی گونجاو لەگەڵ ڕێگای دەربڕینەکەی ڕەوت دەکەن .

پێش کۆتایی هێنان داوای لێبوردن لە کاک " خەلیل دهۆکی " دەکەم کە لەبەر تێنەگەیشتنی چەند پەیڤێك نەمتوانی هیچ لەسەر شیعرەکەی بنووسم ، ئەگینا هیچ ڕێگریەکی تر نەبوو .

لەکۆتایی‌دا دەڵێم : ئەم شی‌کردنەوە و سەرنجانە ،ڕەخنە نین بەمانا زانستی‌یەکەی ، هیوادارم دڵی کەسم نەڕەنجاندبێ ، وەکو دەڵێن ( **دڵی شاعیر ناسکە** ) بەڵام لەم زەمەنەی ئێمەدا پێویستە دڵی شاعیر ووریا بێت .

هەواڵنامەی کتێب

✲ ✲ ✲

# ئاگاداری

. بە نووسەران و خوێنەرانی خۆشەویستی ڕادەگەیەنین ، کە ژمارە (١١)ی ئەدەب و هونەری گۆڤارەکەمان ، تەرخانکراوە بۆ تێکست و لێکۆڵینەوەی ( تێزمی دوورەوڵاتی ) ، واتە ئەزموونی **ئاراوگە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتی** ـ لەبواری هونەر و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی گەلەکەمان‌دا . . .

چاوەڕێی بەرهەمتانین .

# پێشەکییەك بۆ چیرۆکی میللی و خورافی کوردی

موحسین ئەحمەد عومەر

خوداوەند ـ خدری زیندە ، پاشا ، وەزیر ، قران ، کورە پاشــا ، گاوان ، کورە گاوان ، قاروان ، باخەوان ، دێو ، کچی گاوان ، ئەحمەدە ، دێوی رەش ، دێوی سپی ، ئەحمەدەی خەتر و سەفەر ، رۆح ، رۆحــــی سووەم ، مەری سپی ، مەری رەش ، سیمرخ ، ئەژدیها ، مار ، کچی حەفت کەری ، حەل کەری ، کوێرە مارێکە ، دەرویش ، مەری خەتر و شــەر ، سەدالی ، ماسی ، بشیلە ، بەرازن ، پیرەمێرد ، مرۆڤی پستە بـالا ، ئەسب ، شێر ، ئەسپی سپی ، ئەسپی رەش ، بەراز ، پەنجە ، مەلەك ، مۆد ، کیلەکەی رۆح ، ماهەز ، سیوسە و قووشی و دەنگەکان ، ئاوێنــــە ، سەروممتاڵ ـ خەنجەر و گورز ، رەخت ، ئاو ، ئاگر ، خۆڵ ، ئاوێنەوش و گوڵە دەروو ، قەلا ، سەربان و حەوش ، پاسەوان ، هەنار ، سێــو ، ریشوموواری ، ئاش ، ماز ، لیرە ، کڵاوی سەخرەجن ، قولەرەشە ( عەبـــدە رەش ) ، ئەنگوستیلە ، حووکی بماوە ، مۆری ، قەلەرەش ، کەولەمار ، دەڵێو زۆرنا ، سیسك ، حەفت ، چل ، . . . هتد .

ئەمانە بریتین لە هەندێك لەو کارێکتەر و رەمز و جەفەنگانەی کـە لەچیرۆکی میللی و خورافی کوردیدا بەکارهاتوون . هەڵبەتە دیـــارە ئەم جەفەنگانە مانا و مەبەست و دەلالاتی تایبەتی رۆحی و فیکـــری و ریالیزمی خۆیان هەیە ، کە هەمیشە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بـــۆ خەیاڵ و زاکیرە و خۆخواردنەوە و بەدواکەرانی خودی کورد و بیـــری کورد . ئەو جەفەنگانە دەست نیشانی جیهانێکی ئاڵۆز و واقعێکی لەبـن

نەهاتوو و تەم و مژاوی دەکەن . پەنجەنوما بۆ ئەوە دەکەن ، کەخودی کورد ، ئەگەرچی ئەم ناوەڕۆکانە سەر بە مۆڵگە و زاکیرەی تاکە کەسی نین ، هوشیاری‌یەکی گەلەکی لەپاڵە و چنراوی کۆمەڵە بەگشتی . بەلاّم ئەوەشمان بۆ دەردەخات ، کە خودی کورد هەروەکو لەسەرەوە ووتمان ، درکی بەو ئاڵوزی‌یە کردووە ، جا چ لەجیهاندا بێت ، وەك پرسیار کردنەوە و مەسەلەیەکی فەلسەفی ، چ وەك بەدوا گەڕان بێت لە واقیعدا ، بۆچوون بەرەو ماقوولی و گەیشتن بەو هۆیە سەرەکیانەی مرۆڤی کورد ئازاری پێ چەشتوون ، کە خۆی لە خۆیدا دەنگی ڕەت کردنەوەو هەڵسانەوە و باخی‌بوونی بێ‌بەخشیوە . هەمیشە ئەوەی بە بیر هیناوەتەوە : ئایا شوێنی ئێمە لەسەر هەردوو ئاستی ڕیالێتی و ڕۆحی ، لەکوێ‌یە؟ کەواتە خودی کورد ، لەچنین و هۆنینەوە و دروست کردنی ئەم جیهانەی نێو ئەم چیروکە میللیانە کە بەشێك پێك دەهێنن لە فۆلکلۆری کوردی هەستیار بووە ،هەستی بەکۆن و کەلەبەرەکانی داهێنان و خولّقان و کۆنترۆلّ‌کردن بەسەر خود و جیهاندا کردووە ، ئەگەرچی لە هۆنینەوەی ئەم جۆرە ناوەڕۆکە ، هەڵبەتە ئەو هوشیارە گەلەکی‌یەی پێ‌ی هەڵساوە ، بەکەلێك پلە و قۆناغ دا ڕۆیشتووە ، تا گەیشتۆتە ئەو شوێنەی ئەو دارشتنە سەرسورمێنەرەی وەرگرتووە .

لە چیرۆکی میللی و خورافی کوردی‌دا ، هەست بەبیری کوردی‌و نەخشەی سایکۆلۆژیەتی خودی کورد دەکەین . دەتوانین لەیەك کاتدا بەگەلێك خوێندنەوەی جیاجیا هەلّسین ، جا چ لەسەر ڕوو و ئاستێکی ڕیالێتی بێت یا ڕۆحی ( تا ئێستا هیچ لێکۆلّینەوەیەکی باش و نوێ لەسەر نەك هەر ئەم چیرۆکانە ، بەلّکو فۆلکلۆری کوردیش نەکراوە، کە تێیدا نووسەری کورد بە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ هەستابێت ) بێجگە لەمەش دەتوانین بەپێ‌ی ئەو خوێندنەوەیە ، کەلەخۆیدا نوێ‌یە، پەردە لەسەر گەلێك لایەنی سەیر و دەگمەن و تازە و باسنەکراو هەڵدەینەوە . ئەمە لە ئەنجامی شی‌کردنەوەی ناوەوە و ئەو پێك هاتنە تایبەتی‌یەی هەیە ، وەك بابەتێکی ئەدەبی . دیارە ئەم پێك هاتنەی لەم جۆرە

بابەتانەدا هەیە ، پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ دەست نیشانی بکەین ، پێك هاتنێك بووە لەناوەوە ، کە خۆی پێك هاتنی ناوەوە و دەروونی خودی کورد دەگرێتەوە ، کوانێکی ئاڵۆز و جەنجاڵ و شاراوەیە ، دەتوانین بڵێین پرسیارکردنەوەیەکی فەلسەفیانە ( التساؤل الفلسفي )ی هەڵگرتووە ، گەورەترە لە ڕوانین و تێرامانێکی سەرپێیی . دیارە مەبەست لەپرسیارکردنەوەش ئەوەیە ، لێکدانەوە و کوانێکی ئەنتۆلۆژییە ، نەك هەر ڕامانێکی ئاسایی . دیسان ئەو مامەڵەیەی لەم بابەتە ئەدەبییەدا هەیە ، ئاوتوێیەکە لەگەڵ شت و جیهاندا ، هەڵوەستەیەکە بەرامبەر بە شوێن و زەمان و چارەنووس و ئایندە . کەواتە ئەم چیرۆکانە سادە و سەرچاوەیەکی شارستانی گەورەن و پرسیارێکن لەناوەوە و واقیع وبووندا دەکرێن " بێجگە لەمەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن بۆ زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو " .

ئەم جەمك و ناوەڕۆکانەی لەم چیرۆکانەدا هەستیان پێ دەکەین ، ڕەگەکەی و بەلوپۆلێ بوونەوە و گەشەسەندنیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخ وسەردەمی جیاجیا و نوێی کۆمەڵی کوردەواری و ئاوهەوای مرۆڤی دینداری کوردیان تیایە ، کە دیارە هی ئەم سەردەمەن و نوێن . ئەمەش بەئاشکرا لە دەیان چیرۆك و بەیت و ئەفسانەی کوردیدا دیارە . مەبەستیشمان لەمرۆڤی دینداری کورد ئەوە نییە ئەم چیرۆکانە ناوەڕۆکێکی ئایینییان هەیە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ، تەنیا لەڕێگای هەندێ ڕەمز و جەفەنگ و پاڵەوانی چیرۆکەکانەوە دەزانین هی سەردەمی نوێن ، لە ڕێگای کارێکتەر و ناوەڕۆك و جەفەنگ و ئەو پرسیارکردنەوە و جەمکەی هەڵیگرتووە ، کە خۆی پرسیارکردنەوەیەکە لەگەردوون و ڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ جیهان و چارەنووسی خۆی ( واتە خۆی بۆ خۆی ) بەبێ بەستنەوەی بەهیچ قوتابخانە و بیرێکی فەلسەفییەوە ، داهێنانی مرۆڤی کوردە . جا ئەم شتە چ بە ڕوانینێکی ئایینی بێت یان تێرامانێکی بە پێچەوانەوە . کەواتە لەڕێگای زۆر شتەوە دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە سەردەمێکی زۆر کۆن ، مۆڵگەی خەیاڵێکی زۆر لەوە گەورەتر و جرتر پێی هەڵساوە ، تاگەیشتۆتە

ئەم بلەی تەقینەوە ئەدەبی یە و ئەم ڕستنە خودی یەی هەستی پێ دەکەین . دیسان مانای ئەوە نی یە ، حیرۆکە نوێ یەکان هەمان پرسیارکردنەوەی ئەستۆلۆژی و گەڕان و بەدواچوونی تیادا نی یە. بۆیە ئەم بابەتانە مادەیەکی خاوی ناوەوەی مێژووی بیر و پێشکەوتن و ئەو گۆڕانکاریانەی بە کۆمەڵی کوردەواری دا هاتووە ، لێ بەوە دیارە ، مۆزەیەکی ناوێزە و ڕۆحی یە لەمێژووی بیر و دەستەکەوتەکانی هەوڵی خودی کورد .

لەچیرۆکی میللی و خورافی کوردی دا ، وەك هونەری چیرۆك دارشتن و گێڕانەوە ، هەست بە ئەبستم و سیستەمێکی سەیری پێکهاتنی ڕووداو و هەڵوەستە دەکەین . واتە کۆمەڵێك دەستە ڕووداو هەیە ، کە هەموویان لەسەر هێڵێکی ڕووداوی سەرەکی یەکتری دەگرنەوە. بەجۆرێکی دیکە ، چیرۆك بەگرێ یەك دەکرێتەوە و بەردەوامی وەردەگرێ وگرێ یەکی دیکە و ڕووداوێکی دیکەی دێتە پاڵ و ئەمەش لەلایەن خۆیەوە چەند گرێ و ڕووداوێکی جیاجیا و ناڕاستەوخۆی لێ دەبێتەوە ، دەگاتە بن بەست و لەو سەریش دیسان دەگەڕێتەوە سەر هێڵە سەرەکی یەکە و هەروەها . جا لەم ئەبستمە و سیستەمە ڕووداویانەدا گەلێك ڕەمز و جەفەنگ و هەڵوەستە و کارێکتەری ڕیالێتی و خورافی ڕۆڵ دەبینن و هەندێ جار دەبینین شێوەیەکی سریالی وەردەگرن . بێجگە لەمە ، بوون و شی کردنەوە و گێڕانەوەی ڕەمزەکان و بابەتی وەك ئایین و سێکس و خۆشەویستی و ئەفسوون و گەلێك شتی دیکە دەگرنەوە ، بۆ نموونە یەکێك لەو چیرۆکانە بەو شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە و دەچێتەنا و جیهانێکی ناماقولەوە ، کە دیارە ئەم ناماقوڵی یە بەرامبەر بەواقیع و ڕوانین شتێکی ڕەسەنە . ئایا چ شتێك وای لەخودی کورد کردووەلە نەخشەی پێکهاتنی نیگا و دەروونی دا گەردیلەی فەلسەفەیەکی مەزن هەبێت ؟ هەڵبەتە دیارە جۆرە ڕاوەستانێکی گومان ئامێز و هەڵواسراوو تێڕوانینێکی ساکار بۆ جیهان ، وای نەکردووە ئەم ڕوانگەیەی هەبێ .
کەواتە خودی کورد ، خودێکی ڕارا و ترس - ترسی مەزن ئامێزە ( هەڵبەتە مەبەست لەترسی گەردونە وەك - الصدمة الروحیة- ) . هەر

ئەم شتەش وای‌کردووە ، بەچنینی جیهانێکی سەیر هەڵسێ و ئەم شتەش ئەفسوون ئامیزبێت و بگاتە ئەوبەری خاڵەکانی داهێنانی سروشتی ، هەروەها زەمان شی بکاتەوە و هەروەکو چۆن لەم چیرۆك و بابەتە ئەفسوناویانە هەست بە زەمان ناکەین ، ئەگەر هەستیشی پێ‌بکەین ، ئەوە وەك شتێکی مەبیوو وایە ، یان کە هەستی پێ‌دەکەین بەشێوەیەکی سەرمەدی دیارە ، واتە ئەو کاتەی جرکە ژیانی‌یەکان لەئارادان، جرکە مەرگیەکانیش لەئارادان ، هەموو شتێك لەیەك کاتدا هەیە و دەجووڵێ و لێکیش جیایە . بۆ نموونە : " هەبوو نەبوو ، پاشایەك هەبوو ، ئەم پاشایە هیچ منداڵی نەدەبوو. ڕۆژێك دەروێشێك پەیدابوو، پاشاش ناردیە لای و هاتەکن ، پێی ووت منداڵم نابێ ، دەرویش ووتی : من وا دەکەم منداڵت ببێ ، بەڵام بە مەرجێك ، ئەگەر ڕازی ببی بەڵێنم بدەیتێ ، پاشا ووتی : مەرجەکەت چی‌یە ؟ دەرویش ووتی : هەتا خوت و ئەوەت لەسەر زەوی مابن نابی هیچ جێشتی نیسك بخەنە سەر ئاگر ، ئەگەر نیسك لێ بنێن ، دێم منداڵەکەت بۆ خوم دەبەم . پاشاش ڕازی دەبێ ، ئینجا دەرویش سێوێکی لاسوور دەردێنێ و بەپاشا دەڵێ کەرتێکی خۆت بیخۆ، کەرتەکەی دیکە بدە بە پاشازن . دەرویش لەبەر چاوان بزر دەبێ ... هتد ". ئەمە چەشنێکە لە کردنەوە و هەربۆخوشی گرێ‌یەکی سەربەخۆیە ، تەنیا بۆ چوونە ناو ئەو جیهانە سەیر و ناماقووڵ و ڕیالیتی‌یە. ئەو ڕەمزانەی تێیدا بەکارهاتوون ، گەلێك شی‌کردنەوە و دەلالات هەڵدەگرن: سێوەکە وەکو ڕەمزی سێکس و وەچە خستنەوە دیارە و ڕەنگێکی زۆر کونی هەیە و دەتوانین بیگەڕێنینەوە سەردەمی ئادەم و حەوا و دەست نیشان کردنە بۆ هەمان ئەفسانە و سەردەمی ئایینی سروشتی و مناڵکاریتی مرۆڤ، لە لایەکی دیکە وەکو هونەری گێڕانەوە و بەردەوام بوون تێیدا ، تاچیرۆکەکە درێژە بکێشێ ، ئەویش مەسەلەی مەرجەکەیە ، کە بە چەشنێکی سریالی هاتووە. دەرویش خۆی دێوە لەسەر شکلێ مرۆڤ ، هەڵبەتە دیارە شەر خوازە و ئەیەوێ گرەو لەدەست مرۆڤ دەربێنێ ، ڕەمزێکی ئەفسووناوی‌یە.

نموونەیەکی دیکە بۆ سێکس و خۆشەویستی و نشوست هێنان تێ‌باندا ، کە هەموو بوون و جیهان لەم دووشتەدا کۆدەبێتەوە و وێران دەبێ - ئەم دوو نموونەیە سەر بە دوو چیرۆکی درێژن تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە-

" هەبوو نەبوو ، کورە پاشایەك هەبوو ، ژنێکی هەبوو تا بڵێی خۆشی دەویست . ئەم ژنە وا فێرببوو ، هەموو شەوێك ( مۆری ) خەو لێ‌خستن و سڕبوون لەسەر سینگی کورە پاشا دابنێ و بچێتە دەرەوە و ڕوو بکاتە ئەشکەوتێك لەدەرەوەی شار ، لەم ئەشکەوتەدا لەگەڵ چل پیاو ڕابوێرێ و پێش خۆرهەڵاتن بگەڕێتەوە . جارێکیان کورە پاشا پێی دەزانێ ، لەرقان ژنەکەی دەکاتە قەلە ڕەش و خەڵکی شارەکەش هەموو دەکاتە بەرد ، تا هیچ کەسێك پێی نەزانێ . ئیتر لەوڕۆژەوە بە تەنیا هەردەم لەبەر ئاگردان دادەنیشێ ، شیشێکی سوورکراوەی بەدەستە ، سەرێکی لەناو ئاگرە و سەرەکەی تریشی لەلای خۆیەتی ، قەلە ڕەشیشی لەسەر ڕیسمەی دەرگا بەستۆتەوە . جا هەر کەسێك ڕوو لەم شارە بکات و داوای ئەوە لە کورەپاشا بکات ، سەربردەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە ، بەو مەرجە گوێی لێ‌دەبێ ، دوای تەواوبوون زاری بێت بیکاتە بەرد ، تا ئێستا هیچ کەسێك لەدەستی ڕزگاری نەبووە . لەکاتی گێڕانەوەشیدا ناوە ناوە شیشە سوورکراوەکە دەردێنێ ، لەبن باڵی قەلەڕەشی ڕادەکات و ئەڵێ وا نی‌یە ، ئەویش دەڵێ " قغ ، قغ ، قغ " ، کە لەخۆیدا شایەتی و وەڵامدانەوەیە بۆ کورەپاشا ، کە ڕاست دەڵێ " (١) .

لایەنێکی دیکە هەڵبەتە ، ئەم ناوەڕۆکانە و ڕستنی ئەم ئەبستماسەهی مرۆڤی نەداربووە ، دیاریشە لەم لایەنەوە تێیدا سەرکەوتوو بووە . واتە لەسەر زاری چینی هەرەخوارەوەی کۆمەڵی کوردەواری هۆنراوەتەوە ، ئاوات و حەز و تێنوێتی ئەوان بووە ، ڕوانگە و ڕامانی ماقوڵ و نا ماقوڵی ئەوان بووە ، کە هەستیان بە نهێنی و ئاڵۆزی جیهان و شتەکان کردووە ، بۆیە هەڵوەستەیان بەرامبەر پەیداکردووە و واقعیان تێکەڵ بە ئەفسوون و ئەفسوونیان تێکەڵ بە واقیع کردووە . هەر بەوە

نەوەستاون بەدوای نان‌دا بگەڕێن ، ڕێگایەکی تایبەتیان بۆ عەقڵ کردۆتەوە ، کە هەمان گەڕانی بێ کۆتایی‌یە .

ئەگەر بە خوێندنەوەیەکی چینایەتی هەڵسین ، دەبینین ناکۆکی و ململانێ‌یەکی سەیر ، لەنێوان چینەکانی کۆمەڵ و هێزی خێرخواز ـ چینی نەدار ـ و هێزی شەڕخواز ـ چینی دارا ـ دا هەیە ، بەڵام ئەم ناکۆکی و ململانێیە ، خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە ، کە تایبەتمەندە بە کۆمەڵی کورد ، هەر لەبەر ئەمە ناتوانین بڵێین کۆمەڵی کوردەواری هەر لە کۆنەوە تا ئیمڕۆ ، چینەکان و ناکۆکی چینایەتی لەم جۆرەی تیانەبووە . ئەم مەسەلەیە وەك باسێکی سەربەخۆ ، ئەگەرچی گەڕان و شی‌کردنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر و سەربەخۆی دەوێت ، بەڵام دیارە چینایەتی و ناکۆکی‌یەکەی بەم شێوە و چەشنەی لە کوردستان‌دا ، هەر لەکۆنەوە تا سەردەمی ئەمڕۆ ، هەبووە و ئەو ڕێرەوەی گرتوویەتی‌یە بەر هەڵبەتە جیابووە لەوەی جیهانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بەگشتی . جا لەم ڕووەوە کورد دەکەوێتە بەر ئەو شێوە بەرهەمهێنان و دابەشکردنە کۆمەلایەتی‌یەی کە لە ڕۆژهەلات و لەنێو میللەتانی دەورووبەری‌دا هەبووە . سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵی کورد ، خاسیەتی تایبەتی خۆی هەبووە ، وەك بوونی خانەوادەی ئەریستوکراتی گەورە و خاوەن سامان و دەسەلات . ئەم جۆرە دابەش کردنەش لەم بابەتە ئەدەبیانە و بەگشتی لە کەلەپووری کوردی دا ، کە نەخشەی ڕۆشنبیری کوردی و بیری کورد پێك دەهێنن و بەم چەشنەی کە هەیەتی و لەم نووسراوانەدا هاتووە ، بەئاشکرا هەستی پێ‌دەکرێ . جا کەواتە ئەم بابەتە ئەدەبیانە نەك هەر بۆ مەسەلەی چینایەتی و دەست نیشان‌کردنی ، بەڵکو وەك بابەتێکی ڕووحی ڕووت نموونەی داهێنان و حەز و ئارەزوویێکی جوان و ئاوێنەیەکی دەروونی و شارستانی خۆی نیشان دەدات .

هەروەکو ووتمان ئەم نیگا و مۆڵگەی خەیاڵ و ئەو زاکیرە هوشیاری‌یەی بە ڕستن و چنینی جیهانی ئەم چیرۆکانەوە هەڵساوە ، هی مرۆڤی چینی خوارەوە و نەدار بووە ، بەلام پاڵەوانەکان یان

کاریکتەرەکان ، بێجگە لە کارێکتەرە خورافی‌یەکان، کەڕۆڵی خۆیان لەنێو ئەم ناوەڕۆکانە دەبینن ، بەشی هەرە زۆریان هی چینی سەرەوەن : ( پاشا ، کوڕەپاشا ، کچەپاشا ، وەزیر ، قراڵ ، کوڕەقراڵ و کـوچ کوچەکانیان ) ، دەتوانین بڵێین کارێکتەرە خورافی‌یەکانیش لەڕیـــزی ئەمانەن ، چونکە زۆر بە زەحمەت دەشکێن . ئەمانە هەمیشە لـــە ناکۆکی‌دان لەگەڵ بیری مرۆڤی چینی خوارەوەی کۆمەڵدا کە خێرخوازە بەپێی ئەو خەیاڵەی بەم هۆنینەوەیە هەڵساوە ، پاڵەوان یان کارێکتەری سەرەکی لە چینی بەرز دەبێت ، بەڵام بەشێوازێکی سەر سوڕمینەر و دیالەکتیکی وا لەم پاڵەوانە دەکرێت ، هەمیشە واز لە چینەکەی خـۆی بێنێ و دابەزێ و ببێتە یەکێك لە ڕەش و ڕووتی کۆمەڵ ، ئینجا پاش ململانێ‌یەکی گەورە ئەم مرۆڤە یا ئەم توخمە ، وای لێکراوە خێرخوازبێ- هەڵبەتە بە قەناعەتێکی زۆریشەوە تاسەر دەڕوات و سەریش دەکەوێت - . لەم حاڵەتەشدا دوو شت بە دەست دێنێ : ١- خێروبێر و حیکمەت، ٢- دەسەلات . لێرەشدا ئەم پاڵەوانە کۆنترۆڵ و ڕکێفی هەموو چینەکان دەکات ، وەك بڵێی لە ئەنجامی دووبەرەکی و دوولایەنی ئەو یەکگرتنە دروست دەبێت کە پێی دەوترێ " لۆژیکی دیالەکتیك " : ئـەو هەڵێنجانەیە یان سازێزبوونەیە کە لەنێوان دوو دژ بەیەکدا ڕوودەدات، ئەنجام چوونە بەرەو کاکڵەیەکی پۆزەتیڤانە : ئەو هەستەیە کە لە کۆتایـی چیرۆکەکە هەستی پێ‌دەکەین .

لەم ململانێ‌یەدا ، گەلێك ڕەمز و کارێکتەر بەشداری دەکەن، وەك خێرخواز و شەڕخواز . ئەنجام ئەبستمێکی زیندووی پڕ لەجووڵە دروست دەبێت ، کرۆکی بوون و ڕیالێتی لێ‌یەوە هەست پێ‌دەکرێ . هەرجارەی پارسەنگ و لاسەنگ بەلای یەکێکدا دەکەوێ ، لە کۆتاییشدا هەمیشـە هێزی خێرخواز زاڵە . کەواتە لە چیرۆکی خورافی و میللی کوردیدا ، هەردەم دووبەرەکی‌یەکی دینامیکی لەنێوان دووشت ، دوو جیهان ، دوو ڕیالێتی ، دوو جەمك و خێر و شوومدایە . واتە خودی کـورد کە بەم کارە هەڵساوە ، پشت ئەستوور بووە بەو ڕوانینە ئاڵۆزە ، بتوانێ

بێ کون و کەلەبەر شت وەك ئاکارێکی ئەخلاقی و زیاری بخاتە ڕوو ، بەقەد ئەوەی زیان بەرامبەر بەم خودە چڕ و نەیار و دوژمنانە و خەست و ئاڵۆز و تەم و مژاوی بووە و پرسیارێك بووە ، هەمیشە بەدوای‌دا وێڵ بووە ، بەقەد ئەمەش خودەکە جەکدار بووە بۆ وەڵامدانەوە ، وەڵامیش بە دروست کردنی ئاکارێك ، جنینێکی ئەدەبی ، تێگەیشتنی گۆشەیەکــی زەمان و شوێن بووە .

* * * *

مرۆڤی کورد ، لە سەردەمی نوێ و ئیمڕۆ کە بێ‌ی ناوەتە نا و زیانێکی دیکەوە ، ویستوویەتی لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی ئەم چەرخە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و زانست و هێرشی زانست و شۆڕشی هاوچەرخ‌دا بگونجێت . ئەوە بە درێژایی مێژوو خاوەن زەمینەیەکــی ڕۆشنبیری ماددەیەکی خاو و کەسایەتی‌یەکی گەردوونی وا بوو بێت ، کە لەم چیرۆکانە و بەتایبەتی ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی لەگۆڵدا هەستی پێ دەکەین . جا بۆ خولقاندنی بارێکی دیکەی زیان و پێ‌هاویشتنە نا سەردەمێکی نوێی جیا لە هەموو سەردەمەکان ، هەڵبەتە دووبەرەکی و ناکۆکی‌یەکی گەورە و لێکدانەوەیەکی دەروونی گەورە دروست بووە لە بەرامبەر گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌یە گەورەکان و پێشکەوتن و هێرشی زانست و هەڵسان بەبیناکردنی کۆمەڵ و هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ‌دا . جا لە بەرامبەر ئەم هەموو خولقانە و گۆڕانە گەورانە ، لەلایەك ویستوویەتی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی بەدۆزێتێ ، لەلایەکی دیکەش داهێنانە ڕوحی و ڕۆشنبیری یەکەی هەر بەردەوام بێت . بەڵام کوردیش ، وەکو هەموو کۆمەڵانی دیکە ، لەم گۆڕانانەدا تووشی نووشستی و سەرکەوتن هاتووە . چونکە لەسەردەمی نوێ‌دا ، کە سەردەمی زانست و شۆڕشی هاوچەرخە ، ئەم چیرۆکانە و کەلەپووری بەگشتی بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە کەوتوونەتەوە بەسەر دەروون و خودی کورددا . ئەم ناوەرۆکانە لە چیرۆکی خورافی و ئەفسانەیی‌دا هەستیان پێ دەکەین ، وەرگەڕان و بوون بە ئامرازێکی دواکەوتن . چونکە ئەو ئاوهەوایە ئەما کە بە هەمان شێوە

مرۆڤی کورد بتوانێ تێیدا داهێنان بکات و جیهان بەو ئاستەی هەیەتی بخوێنێتەوە . ناکۆیەکی گەورە و لەمە گەورەتر دروست بوو ، لەلایەك کۆمەڵ دەیەوێ ڕووبەڕووی سەردەم بێتەوە و بەرەو پێشکەوتن و خواستە بەرزەکانی ئەمڕۆی جیهان بچێت و بەشۆڕشی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی هەڵسێ ، لەولاوە ئەو ناوەڕۆك و جەفەنگانەی پێشتر ئامرازی داهێنان بوون ، فۆرمێکی دیکەیان وەرگرت و بوونە هۆی دواکەوتن و شەعبەزە . کەواتە هەردەم ئەفسانە و خورافە بەرامبەر زانست و بیری ئەمڕۆی هاوچەرخ ، شێوەیەکی دیکە وەردەگرێ و دەبێتە سەرچاوەیەکی گۆمڕابی و ڕێگرتن لە گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵ ، تا ماوەیەکی زۆر ، بەڵکو دەتوانین بڵێین ئێستاش ئەم شتە بەردەوامە . خودی کورد بەرامبەر بەجیهانی دەرەوە و ناوەوە ، چەمك و خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینەی نی یە ، ئەمەش ئەنجامی وەرگەڕانی کەلەپوورە کاتێ بەرەو مەرگ دەچێت و شتی دیکەی ڕەسەن تەنگی پێ هەڵدەچنێ ، بۆ نموونە : کە منداڵێ تازە لە دایك دەبێ ، کاتێ نەخۆش دەکەوێت ، بەپێی هەندێ گۆڕانی سەیر لەڕوخساری منداڵەکە ، ئەڵێن ترساوە ، ئیتر هەڵئەسن بە ڕێگایەکی شەعبەزەیی بەدوای سەرچاوەی ترسەکەدا دەگەڕێن و دێن جامێك ئاوی سارد لەسەر سەری منداڵەکە رادەگرن ، هەندێ مسی سوورکراوەی تواوە دەخەنە ناو ئاوەکەوە ، ئەم مسە تواوەیە شکڵی هەر شتێك وەربگرێت ، مرۆڤ بێت یان گیانلەبەر ، ئەڵێن لەم شتە ترساوە . یان نابێت بە شەو ئاوی گەرم برژێت ، چونکە ئەجندەی خێر هەیەو بەری دەکەوێت و ئەو مرۆڤەش ژیانی لەمەترسیدا دەبێت . یان نووشتە و دەبان و سەدان و هەزاران شت و بابەتی لەم جۆرە کە بوونەتە هۆی ڕێگر بەرامبەر جارێکی دیکەی خوێندنەوەی مرۆڤی کورد بۆ جیهان و ژیان و داهێنانی نوێ .

## پەراوێزەکان

١- من وا هەست دەکەم ، کۆمەڵی کوردەواری ، وەك هەموو کۆمەڵێکی
دیکەی [illegible] ، [illegible] کۆمەڵێکی [illegible] ، و[illegible]

دەسەڵات و ئەتی سەو دیار و وانە ، ڕێکەف ڕێکەی شێوە ـــسەر سەری نێوە . حەڵاڵ حەماڵی نێوە . ئەوجمیزگانەبو ـەو ـسەدم هەموو سنامەی . حونکە ئاویەت ئیشاندا هەمان خونەش ـــەودی بۆینەی لە کۆمەڵگای یەك هی ئیمەی سەمەردا دەگوێجی کەدەڵی ؛ ئاویەت هەمەت بەئەمێنی دەکات بان گرێی کەشی هەمە . حونکە لەرووی سەگسیرەوە وەکو بناو بونە . جا لەم ئامەنانەدا ئاقیبەت بابەکی بەروی هەمە بەلاّ بەرانمەت ، بای هەمسە بە نەسەی سزمەدم و جوازە دنت . جونکە هەمسە بالنوانە سەرگیمەکانی و حاوەنی دەسەڵات و بروای ئەو جەمتەمە کە هەمسە لەمتو ساوانە . مان بالنوانی رەسەنی هەمسە ئە ساوانە .

٢) ئەم ساڵانەی دوایی دا جەند کتێبێك لە کوردستانی عـــێراق بڵاوبوونەوە کە بریتی بوون لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك چیرۆکی ئەدەبەسە و بابەتی فۆلکلۆری ، ئەوەی جێی سەرنجە ئەم چیرۆکانە ـــسە گێڕانەوەکەی خۆیان بەسەرمایەبەتەوە و تۆمارەکراون ، نووسەرەکانیان بەرێنەبەرێ بۆ خۆیان بووسیوانەتەوە . ئەمە ئەگەرچی کارێکی چاکە ، بەڵام ئەگەر بە گێڕانەوەکەی خۆیان بوایە ، باشتر دەبوو ، جونکە ئەم لایەنە بەتەنە بێت دەشێنی لە جەوهەری تێکستی فۆلکلـــۆری کوردی .

٣) بۆ ئەم چیرۆکانە گەلێك ناونیشان هەن ، وەك : جیرۆکــــی مەر ئاگردان ( ... ) هەڤایەتی کوردی ( ... ) چیرۆکـــــی ئەفسانەیی کوردی ) . بەڵام ئەوەی من لێرە مەبەستمە و بۆ ... و بزێوی دەزانم : جیرۆکی مللی و خیرافی کوردی ) ە .

٤) مەبەست لە پرسیارکردنەوە ، التساؤل الفلسفي ) بە نەسـەك پرسیاری ئاسایی ، کە ئەمەی یەکەمیان زارەوە و جەدەلێکـــی فەلسەفی یە .

٥) هەروەکو دەزانین کۆمەڵی کوردەواری ئەمڕۆ لەژێر ڕۆژ بار و فشاری تەکنەلۆجیانە و بۆرژوازیەتدایە . مەبەست لە فشاری تەکنەلۆجیاکـــە هێرشی داگیرکەرەکانی کوردستانە کە هەمیشە تەنگیا بە کەسایەتی و کەلەپووری کورد هەڵدەچنن ، وا دەکەن هەموو کیان و دەســت کەوتێکی هەزار ساڵەی لەبن بچێ . نەك هەر ئەمە ، بەڵکـــو مێژووشی شێوێنێت . حالەم ڕووەوە مەبەست هەر گەڕان و شرۆڤـــە کردنی فۆلکلۆر نییە ، کێشەی کوردەواری گەشە بکات و هــــەر خەریکی پاراستنی فۆلکلۆر بێت . دەبێ ڕۆشنبیری کورد بەداوێکی سووکتر و هوشیارتر سەیری کەلەپوور بکات ، بزنی بکاتەوە و ...

هەواڵنامەی کتێب

باجی نێت ، بەلام لەسەر بچینەی بنیاتنانێکی نوێ تر و رەسەن تر . ئەگینا هەرهەمان ئەو کەلەپوور و کەسایەتی‌یە دەمێنێتـــە

کەرەستەیەکی خاو بۆ داگیرکەر و دوژمن ، بەهەمان هەرەمەـــی پێسەری رابردووی خۆمان رێی گۆران و نشکۆینەمان لێ دەگری و تۆزای هەڵساندمان ناشێ بەرامبەر شۆرشی نوێ و هاوچەرخ . بۆیە دەبێت زۆر بەئاگاداری و هوشیاریەوە ئەمەی ئەو ناسانـــە بزانین . ناچێ نووسەری کورد هەر بەتەنیا لەئاستی کەلەپـــوور دا بوەستێ ، بەڵکو دەبێ لێی رەت بکات ، بەلام بەرەسەنی لێـــی رەت ببێت و باری بەسەردا بدات ، چونکە ئەم بابەتانە بۆ خۆیان لەسەردەمێک دا رەسەن بوون .

(١) ئەنتۆلۆژیا : بوون بەشێوەیەکی گشتی .
شرۆڤە : شی کردنەوە .
جۆنگەی خەیاڵ : المخیلة .
جەمەنگە : رصید .
ئەستەم : معرفة .
مناڵ : بالغیستو .
کوان : انشا .

۞ ۞ ۞

لەدەست شارستانیەتی رۆژئاوایی راکرد و هاتمە مەکسیک ، بەهیوای ئەوەی لێرە ( لە مەکسیک ) شەتڵە کولتوورێکی زندوو بدۆزمەوە ، بەلام هیچم نەبینی : لە لاشەی بۆگەنبـــووی رۆشنبیریی ئەورووپی زیاتر ، کە ئەورووپیەکان بەرۆ ، تەنانەت خۆشیان ، خەریکن لێی دەکشێنەوە .

ئەنتۆنان ئارتۆ

# کەنار.. کەنار

ڕەفیق سابیر

لە بارانەوە هاتوویت و وەرزەکانت هەڵگرتووە
لە سووتانەوە هاتوویت و باڵات وەك لاوك
هەڵچووە .

ناپشتت نەچەمینەوە :
لوتکەت دەوێ باڵی پێدەی ...
خاك ، یان بروسکەت گەڕەکە سەری پێکەی
لەبناری ئەوبەر شاردا
پەڵە هەورێك بووی نەباری ،
هەڵۆ بووی تەم و مەودااکان
لە ئامێزتدا دەخەوتن
درەختێ بووی بروسکەی تەور نەیهاری ! .
تۆ نەتەبیابیت نەولات
کەچی ئەمەن
چولەکەیەکی رامدارە ، لەسەر لەپی دەستەکانت ،
پەڕ و باڵی خوێناوی خۆی دەسڕێتەوە .
لە بولیلێی دوریابی هاتونەهاتا
چاوەکانت وەك دوو هاوار ،
وەك جووتی گڕنگی رامدار
بانگم دەکەن
چاوەکانت بە کلی شەو دەشۆنەوە ،
بە هەمیاری نهێنیدا سەرەدەخەن .



هەواڵنامەی کتێب

لەبێسواریتا وەستاوم
ڕوباری کات ڕامدەمالێ ...
لەبێسواریتا وەستاوم
ئێوارە وەك ڕەوە دالێ
لە ڕامەکانم دەئالێ .
ئەم گیاندانە دوایی نایە ،
یان بمکوژە
یان هەڕەس بەم مەرگەم بێنە ! ..
ئەوا دیسان ڕووەو کەنارەکان دەڕۆین
شاربەشار ، وڵات بە وڵات
کەنار لەمێو خەون و خوێنماندا هەڵدەگرین ...
بەرەنگی نهێنی و پاییز دادەپۆشین ...
بەسەر باڵای سروودا هەڵیدەواسین ..
کەچی کەنار جێمان دێڵێ و
دەماندانە دەستی دەریا ..
دەمانخاتە بەر تەوژمی
شەپۆلی وێڵ و بەرەڵا .

لە سووتانەوە هاتووم و باڵام وەك لاوك هەڵچووە
لەبارانەوە هاتووم و
وەرزەکانم هەڵگرتووە .
با تەمەن ڕێگای نەهات بێ و
گۆرانییەکانم وەك تەم و زەردە گەڵا
مەودا و ئێوارە بتەنن
با تینوێتی بەسەر دارستانی گەردا هەڵمواسێ
ڕۆحم هێشتا ئاسکێکە
بەسەر گوڵڵەدا بازدەدات ...

پەرەستێلکەی ڕاوبراوە
لەسەر لەبی دەستەکانت هەڵدەنیشێ
وا ئەم هەورانەیش ڕەت دەبن
گۆزانییەکەم
لە ساماڵدا نەتوایەوە
نە مانگە شەو لەتۆ دەچێ
نەنیوێتی لەشەماڵدا
گەشابەوە .
لە کام مەدارەوە هاتی ؟
کام کوێرە ڕێ ؟
بەرەو دڵی پڕکودیتای منی هێنای .
نیوەشەوێ
وەك دوو پرووسکەی ڕاوبراو
لە دووریایێکی عاسیدا ، لەیەکماندا و
گەردوون لەرزی
کات لە شوێنی خۆیدا تەزی .
لە یەکماندا و
ڕۆحم بوو بەمێرگی هەتاو ،
بەڵام بە درەختی خوناو ..

لەتیموێتی وەرزەکاندا
چاوەکانت وەك دوو ڕوبار بانگم دەکەن ..
ڕووەو تەنێنییەکان دەڕۆم
چاوەکانت لەنێو کەژاوەی باراندا
باڵم دەخەن
بەبروسکە دەشۆنەوە و
بەسووتاندا سەرم دەخەن .



هەواڵنامەی کتێب

ئەمەنێکە کورت :
وەك بەهار
بەناو :
وێنەی ئەسپی باڵدار
دەیکوژە و دوایی بەم گیاندانە بێنە !
لەبەر بارانی مێژوودا!
وەك شەتڵە هەتاو بمچێنە .

لەبنارەوە هاتووم و
لوتکەم دەوێ پاڵی پێدەم
لەسووتانەوە هاتووم و
کانی بروسکەم گەرەکە سەری پێکەم .
باسکت بێنە !
با شەپۆل و بنار هەڵکەم ..
باسکت بێنە !
کانی بروسکەم گەرەکە سەری پێکەم
باسکت بێنە ! .
باسکت بێنە !

تەمووزی ١٩٨٧
باتـومــی

هەواڵنامەی کتێب

# پانۆراماى شۆڕشى نوێ

حەمە سوور

جیهان ... دارستان
گەلی کورد ... کەروێشك
کوردستان ... کێڵگەی
تاقی کردنەوەی گاری خەردەلە !

ئەسپی ڕەحمەتی ، بڕار و توێڕەی
ڕای گشتی جیهان
لەمێو چلپاوی هێزی سەرمایە
کەرێکی شەلە !

جیهان سەرتاسەر گۆمی خوێناوە
ڕێگان ، پرپاسکەی
مێژووی گەلانی توندگرێداوە ...
لەسەر ڕووباری خوێنی بادینان
دەست نوێژ هەڵدەگرێ و
لەبەر پەیکەری سەوزی دۆلارا
لەسەر بەرماڵێ سپی وەك کافوور
ڕوو لە کۆشکی سوور
نرا دەخوێنێ
بۆ گیانی پاکی

ئەوانەی کەوا
کوژران بە گەلە !
مەجلیسی پیران
هۆن ... هۆن فرمێسکی
بەزە دەڕێژن
جەماوەر گێلە و
بۆ ئەوان هەلە !
هۆ ناکاراکی !
ئەی هیرۆشیما !
لێمان مەرەنجێن
بەختی کوردانە
مێژووی مەرگتان
بیر چوو بە پەلە !

دنیا دۆزەخە
کوردستان گوڵخەن !
لەجیهانی سێ
بڵێەی ئاگر دێ
هەر پەیتا ... پەیتاش
مەقاشی سپی

ئاگرکێشی سوور
ڕەزووی پێ دەکەن !
زیرەی هەڵەبجە :
دووکەڵی ڕەشی
ئاسۆی بادینان
سووری گوێسکی
سوور دەبەزێنێ !
کەچی گۆرباتشۆف
لە گوێی گادایە
گا گوێی بۆ گاری
مێش نالەقێنێ !!

بشێ کورد
هەڵەی دابکێ مێژوویێ !؟
تا لەپێش چاوی
زەق داپچڕاوی
پاسەوانانی " ماضی مرۆڤ " و
" ڕێگای ئاشتی " دا
زیندەچاڵی کەن !!؟

جیهان ئاوسە
کوردستان ، جۆگەی
خوێنی لێ دەڕژێ
کورد ، گۆڕیەی مەرگی
لە ئاسمز دەگرێ
کەچی " لێبن " ی
هەڵکەوتووی کوردان

لە ئەوروپاوە
بە مێشکی بەگی
کورددا دەبێژێ :
مەترسن باوی
هەڕەس نەماوە !
لەکۆشکی سپی
مافتان دەستێنم
ئەگەر جامانەی
سەرم دانارە
دەرگای - سی - ئای - ئەی
بەجێ ناهێڵم
بەجانتای بەتاڵ
نابەمە دواوە !!

هەورێکی سپی
ئاسۆی ئاران و
بەغدای تەنیوە
ڕێبەرانی کورد
لەبەر بەرامەی
گفتوگۆی " ژنێف "
حاڵیان شەپریوە !
بۆ فەتوایەکی
" جەنگ تا پیرۆزی "
چاویان لەزاری
ئیمام بریوە !
دەشزانن ئیمام
لەبەر خاتری

ئوەمی ئیسلام
بێکی تەرابی
ژەهری " بریاری
نەتەوەستانی "
وەکو دۆشاوی
تری نۆشیوە !

سەدام سەرمەستی
شایی و ئاهەنگە
لەجیاتی بەرگ و
خوودەی سەرباری
عەبا و عەگالی
ئاشتی پۆشیوە !
دەڵێن " لە پرخەی خەوی خاویانا"
گوڵە سوورەکەی موفاوەزاتیان
لەنێو ئینجانەی
مێزەکەی بەردەم
" خافیار " بینیوە !
بۆیە بارانی
بروسکەی بزا و پارانەوەیان
بەسەر ئاسمانی
" کۆشکی گەلانا "

بەخوێ بارێوە !

ئێستا لە رزمەی
خێ داخرانی
دەرگە و بەنجەرەی ماڵە ئاواسان
خەویان زڕاوە
بۆیە سەبر نی یە
گێڕی دەوڵەتی
سەربەخۆی کوردیان
بەرەو ژێر چەتری
رەحمەتی عەفووی
بەغدا ، باداوە !!

ئەی رەنجدەراسی
جیلکە و چەوێلی
سێ گورەی شۆرش !
پاشی دەیان ساڵ
رەنج و تێکۆشان
چاو بکەنەوە
سەیر کەن بزانن
چیتان بۆ ماوە !؟

ئەیلولی ١٩٨٨

هەواڵنامەی کتێب

# ل.م

## پەنگر

له شەوێکی سارد و سڕا
کوڵە بڕنەو
خۆی بە پێشمەرگەیەك ناساند
شەوێ بەجووت
دریان بە تاریکی شەو دا و
گریان لەناخیا داگیرساند
هەر بە جووتە
کوتی دەستی خۆریان پساند
ڕۆژ بۆیەوە
لەکاتی گەڕانەوەدا
له چوار لاوە
دوژمنی ڕەش گەماروی دان
بێ میم بەووره و
کوڵە بڕنەویش بە فیشەك
هێرشی دوژمیان وەستاند
کە پێشمەرگە هەلمەتی برد ئەمجارەیان
کوڵە بڕنەو فوورگی ووشك بوو جووتەیکرد
فیشەکی دیکەی نەتەقاند
گوللەیەکی ڕەشی جەپەڵ
خوێنی پێشمەرگەکەی ڕژان
کوڵە بڕنەو لەتاوانا
لەناوەڕاستا خۆی شکان

٩٨٨/٢



هەواڵنامەی کتێب

# لابرینت*

نەزەند

کات دوانزەی شەو
سێزتۆرەکان لەژوورە شەش پالۆیی یەکە
مرە مرپانە ، ئەخولێنەوە بەسەر لەش ، بەدەم لەززەت
لەززەتی خودایی
ئەفسوس ، ئەفسوس
گوناه ئامێز
" Go out , please "
تەق .. تەق .. تەق .. تەق
دالانەکان تەسك و زۆر و پێچاوپێچن
سەر دەهێنننـــــــە ژان

ڕێبوارەکان ئەوانەی لە تسئۆس دەترسان
لەژوورە گۆشە تەسکەکان
ڕووەو دیوار
گۆلمیان ئاوی لێ دەتکێ
ژینیان تامانێکی داخراو
ڕۆحیان مەلێکی بێ پەڕ و باڵی ناو مەلبەندە چولکراوەکان
جەستە لە سەرپا بازبازێ دەکات
تەق .. تەق .. تەق .. تەق
دالانەکان تەسك و زۆر و پێچاوپێچن
سەر دەهێنینە ژان



هەواڵنامەی کتێب

تەق .. تەق

" Come in, come in "

لە قۆزاغەیەکی چلك ئامێز
لەسەر پشت ڕووە و ئاسمانێکی تاریك
قەمپاڵیان لە سێبەری مەرگ دەدا
بە چەند دڵۆپێك ئاوی خەست
تابلۆی جنۆکەیەکیان لە بۆشایی ژوورەکە هەڵدەواسی
تەق .. تەق .. تەق .. تەق
دالآنەکان تەسك و زۆر و پێچاوپێچن
سەر دەهێننە ژان

بزماری پاژنەی پێلاوەکانی ئێزن
پیرۆزی بێ دەنگی دەقلیشێننەوە
نیگەرانیەکی بێ پایان بۆ من و بۆ تۆ
........... بۆ تۆ لێرەی ؟!!
........... بۆ من لێرەم ؟!!
........... بۆ ئێمەلێرەین ؟!!
ئای تسئۆس .. !!

ساڵە گوڵ فرۆشەکانی ناوچەکەی لەمەر ئێمە
دەم بە خەندە
لە پەنجەرە والآکانەوە
لەگەڵ کلۆ زەهر دەدوان
لاچکی گوڵەکانیان سور بوو
مینۆ تۆرەکانیش ناو لەپیان سپی
تەق .. تەق .. تەق .. تەق
دالآنەکان تەسك و زۆر و پێچاوپێچن
سەر دەهینە ژان

دەریا قوراوی‌یەکەی دەرەوە
شەپۆلی گەورە لێ‌دەدات
باخچەی ئەودیو پەنجەرە باریکەکە
کەفی خۆڵی لەسەر نیشتوو
گوڵە رەنگ خۆڵەمێشی‌یەکان بۆنی سیریان لێ‌دێت
گزە گزی مێش و مەگەز
ئەم زریانە بەتۆفە راینامالێ
تەق .. تەق .. تەق .. تەق
دالانەکان تەسك و زۆر و پێچاوپێچن
سەر دەهێننە زان

ئۆکتوبەری ١٩٨٨
بەلگـــراد

* لابرینت " Labyrinth " : دالانێکی پێچاوپێچی سەرلێ‌شێوێنەرە لە ئەفسانەی یۆنانی ( شوێنێکیشە لە دوورگەی کریت ) ، مینۆتۆری مرۆڤ خۆر ، کە گیانلەبەرێکی خورافی‌یە نیوەی لەشێوەی مرۆڤە و نیوەکەی تری لە شێوەی گایە ، لەم دالانە بەند دەکرێ و تسئۆسی پاڵەوان دەیکوژێ .ـ نەزەند.

# سڕبوون

ئارام

شار فریشتەیەکی خەوتوە .. دەنگەکان مات و کوژاوەن .. بەرد و دار و دیوارە نوسراوەکانیش لە خەونی زبری خۆیاندان . تاریك و لێڵی بەیانە و لرفە دەکات .. پەرت پەرت ڕێژنەی ئەفسونێکی تەلیسماوی دەبارێنێت .. پەڕی باڵندەن و چەشنی خۆڵ بەم ئاسمانە دڵتەنگەدا بڵاوبونەتەوە .. وا هەورامانیش لەبەردەمی پەنجەرەکەدا چاوانی لەو جوانیە خامۆشە گیرکردوە .. ئەو جوانیەی ئاسودەیی بۆ ناو دڵە هەڵهاتوەکەی دەهێنێتەوە .

کازێوەیە و دوودڵی چەشنی تەونی جاڵجاڵۆکە گەمارۆی بیرکردنەوە و هەست و سۆز و ناسەی داوە .. لەو ڕێگا پێچاوپێچانەی هەر تەواو نابن .. ئاوێر ئاسا بۆ سەر دڵی هەرەس دەهێنن .. دڵی ئەمیش بریندار .. بریندار هەروەك دیوارە ڕوخاوەکان .

قسەکانی هاوڕێکەی لەدوێنێ ئێوارەوە ئەمیان خستۆتە بن بەستێکەوە ، ئێستاکەش هەر لەو بن‌بەستەدا گنگڵ دەدا :

ـ هەورامان دڵم زۆر پێت دەکرێتەوە .. هەر کە قیراڕێك دەبینم گوڕێکی‌تر دەدەمە بەر خۆم .

ـ منیش هەروەها هەست دەکەم تەنیا نیم .. ئێ هەواڵی تازە چی هەیە ؟ چی نیە ؟

ـ بیستومە هێزێکی زۆریان هێناوە .. دەترسم لەناو ماڵەکانی خۆشماندا جێمان پێ لێژبکەن .

- ئەوە پیکابێك لەدورەوە هات .. یا هەریەك بەلایەکدا بڕۆین .

ئەم بیرکردنەوەیە بەم بەیانیە هەراسانیکرد .. ئازارێکە و لەخەیاڵیدا سەمای دەکرد .. لەسەر زەوییەکە دانیشت و دڵی پڕ لەنیشانەی پرسیار .. ئەو پرسیارانەی تەواو نابن .. وەك هەموو بەیانیەکی تر بەڵام غەمبارتر . ئازارەکان پیاڵەی مەی بوون .. ئەمیش کەنەفتێکی تەرکی خەراباتی زان .

- کوڕم ئەوە هەستاوی ؟

- ئا دایە گیان .

- ئەی ئەو دەنگە دەنگەی دەرەوە چیە ؟

- دەنگە دەنگی چی ؟

پێکەوە چونە حەوشەکە .. دەنگی کۆپتەر و دەستڕێژ و مزگەوتەکان .. شایی‌وەرس کردن بوون بۆ خەڵك و باڵندەکانی ئاسمان .. دایکی ترسا ( دیسانەوە هەر کوشتنە ) دەنگی گریانی ژن ومنداڵ لەملا و ئەولا چەشنی تەپ و تۆز بەرز دەبونەوە .. هەورامان بەچەند لۆفێك گەیشتە بەردەرگەی کۆڵان .. خەڵکێکی زۆری بینی هەڵدێن سیمایان پڕلەترس . پڕ لەئازار .

- برا ئەوە چی ڕویداوە ؟

- ئەی گوێت لەدەنگی کۆپتەر نیە! بۆ فیرارەکان دەگەڕێن .

دایکی گوێی لێبوو هاواریکرد .. قژی خۆی دەڕنییەوە . منداڵەکان بەئاگا هاتنەوە خەوالو خۆیان بەیەکتردا دەدا .. دەکەوتن هەڵدەستانەوە .

گەڕایەوە نەیدەزانی چیبکات .. بۆ گرێیەك دەگەڕا بیکاتەوە و خۆی حەشاربدات .. بۆ دەلاقەیەکی ئەم سەر زەمینە پان و بەرینە . داچۆڕێت و هەرگیز نەیەتە دەرەوە . ببێتە هاوڕێی زێراب و شیوەکان .. ئەو شوێنانەی ڕوناکیان نەبینیوە .. وەك شێت لەگەڵ تارماییەکاندا تێکەڵ بێت .. حەزی دەکرد یەکەم کەس بێت ئالای ئەو جیهانە نهێنییە وا لا بکات .. دوای چەند ڕۆژێك چەند هەفتەیەك دەبینێت بە هەزارەها

ملیۆنەها کەس کۆچی بۆ دەکەن .. ئاوەدانی دەکەنەوە .. هەستی دەکرد ئەو زەمینەی کە هەموو ڕۆژێك خۆر بۆی پێدەکەنێت بۆگەن بوە . ئامەزرۆی ئەوەبوو لە هەموو شتێك پاخی بێت .. دەیویست ئاگرێك بکاتەوە سیمای ئاسمانیش بسوتێنێت ، بەڵکو هەرچی دزێوی نێو ئەم دونیایە هەیە تێیدا هەڵقرچێت .. سنور و یاسا و مەینەتی و شوناسنامە و پۆلیس.. بەلام بیری لەوە دەکردەوە ئەو ئاگرە چۆن بکاتەوە؟ ئەو کلێپەیە چۆن دابمەزرێنێت ؟ پەنجەکانی هەمیشە سڕن .. هەمیشە حەز دەکات دەستەکانی لەناو ئاوی سەهۆلاودا نوقمبکات .

* * * *

هەورامان بە تەنیا مایەوە* .. سەهۆلاوێکی دروست کرد ، خۆی خزاندە سوچێکەوە و بەچیچکانەوە دانیشت سەیری دەکرد .. هەناسەکانی تێکەلاوی ئاوەکە دەبوو دەیبەست .. خەیاڵی ئاڵۆز .. سیمای پەست .. لەگیانی خۆی وەڕس بوو .. بیری لەو ڕۆژە ڕەشانەی تەمەنی دەکردەوە .. ئەو تەمەنەی هەر خەرمانەی برین بوو .. هەرگیز تا ئێستاکەش نەیتوانیوە پڕ بەدڵ پێبکەنێت .. ( بۆ ) و ( بۆ ) و هەزارەها ( بۆ )ی تر . بۆچ هەمیشە ڕێگا بێدرێکەکان بەم نامۆبوون ؟ ئەو ڕۆژە ڕەشانەی وەك فلیمێکی سینەما هاتنەپێش چاوی .. هەمووی هەر ڕاکردن بوو.. هەمووی هەر خۆشاردنەوە .. دەستی بۆ هەر شتێك بردبێت چەشنی شوشەیەکی کەفاوی لەدەستی بەربۆتەوە و شکاوە .. ئەو ڕێگا ووشك و برینگانەی تەمەنی شەکەتیان کردبوو .. پێویستی بەئاودێر بوو بەدەم پەژموردەی ژیانیەوە

---

* هەورامان بەزۆر دایك و خوشك و برا بچکۆلەکانی نارد بۆ ماڵی خاڵی ، دایکی بە هەڵەداوان و گریانەوە دەرگای ناوەوە و دەرەوەی لێ داخست . لەبەر دەرگا لە دراوسێکەمان پاڕایەوە و پێی گوت ئەگەر هاتن و تەقەیان لێدا پێیان بڵێ لەوێ نین و چونەتەوە بۆ لادێ خزمیان مردووە ، هەورامان وای بەباش زانی ، چونکە ئەگەر هاتن و تەقەیان لێدا نەوەکو ماڵەوەیان بگرن و ئەوان گوێیان لێ بێت . یاخود، ئەگەر بشگیرێت با بەرچاوی دایکیەوە نەبێت .

هەواڵنامەی کتێب

پێبکەنێت ، بەلآم نەبوو .. تەنیا وەك تارماییەکی مەنگ . یان سێبەرێکی پەست .. پەست وەك دڵی ئەو خەڵکە .. ئەو خەڵکەی هەمیشە خەمەکانیان کوڵان کوڵان بە کوڵەوە هەڵگرتوە .. حەزی دەکرد لەم کاتەدا دەواری ئازار بسوتێنێت .. دیوارە ئەستورەکان بڕوخێنێت .. وەك بروسکە بەرۆیانـــدا هەڵشاخێت .. ئەو دەرگا داخراوانە دڵیان وەك دوکەڵ قانگ دابوو . بەلآم بیری لەوە دەکردەوە گەر بگیرێت دایك و خوشك و براکانـــی کێیان بۆ دەمێنێتەوە .

* * * *

گەڕەکەکە کش ومات و لەمردوخانە دەچێت یان گۆڕستانی شـــەوان .. کەس ناوێرێت سەرلە گۆڕەکەی بهێنێتە دەرەوە دەنا بۆ سەدەمیـن جار دەکوژرێت .. هەموو شوێنێك لە قەفەزێکی گەورە دەچێـــــت .. شارەکەش لە قەفەزێکی گەورەتر .. زۆر گەورەتر .. پۆلیسەکانیش دەرگاکانن دەست بە چەك ڕاوەستاون .. هەر یەکەیان ڕقێکی ئەستور لەدەم و چاویان دەبارێت .. هەورامانیش لەژورەوە چاوەڕوانی گرتن یـــــان مردنێکی بێدەنگ دەکات .. وەك لەسەر ئاگر دانیشتبێت جێگە بەخۆی ناگرێت .. جاربەجارێك هەردوو دەستی لەناو سەهولاوەکەدا نوقـــم دەکات .. ترسێکی بێ سنوریش چەشنی پەتا هەموو کبانـــــــی گرتۆتەوە .. ئای چ نهێنیەکی مەزن ئەم ژیانە بێماناییەی ڕاگرتوە .

* * * *

دەسترێژێکی نزیك .. نزیك تر .. دەنگە دەنگێکی زۆر .. زۆر تر .. هەورامانیش لە خەیاڵی خۆیدا مەست و مەستتر .. وا هاتــە بەرگوێی لەبەر دەرگان . لەدەرگایان دا و کەس نەیکردەوە . کەوتنـــە شەق شاویشتن سوودی نەبوو .. بەدەسترێژێك دەرگاکەیان شکاند .. هاتنە نێو حەوشەکە .. وەك گەلە گورگ بڵاوبونەوە .. دەرگاکـــەی ناوەوەیان بۆ نەکرایەوە .. پەنجەرەکانیان شکاند .. هاتنە سەری . ئەوە چی دەکەیت لێرە ؟ ئای چەند پرسیارێکی سادە و سەیرە .. بە

چەند شەقێك چەند زللەیەك پێش خۆبان دا .. دراوسێکـــان هاواربان کرد گربان .

لەم خەیالانەدا بوو ئارەقێکی ساردی کردەوە .. تەزوش هەر وەك شێرپەنجە بەهەموو لەشیدا بلاوبوەوە .. ئەوان لەدەرەوە و ئەم لـــە ناوەوە هەستایە سەربیان . دەستی بەپیاسەیەکی بێ ئامانکـرد . . هەردوو دەستی لەدواوە گرێدا .. هێنایەوە و خستیە گیرفانیەوە . . هەستیکرد دەستی لێزیادە ( ئەوە بۆ ئەوەندە قورسن ) .. بـــەلام نەخێر دانیشتەوە و خستیە ئاوە ساردەکەوە ( ئێستا باشە ) .

زەنگەکە لێیدا .. وای زانی زەنگی مردنە .. چەند جارێـك دووبارەیان کردەوە .. بە لەقە کەوتبونە گیانی دەرگا ڕەشەکە .. وای دەزانی شەقەکان بەر ئەم دەکەون . با بیشکێنین .. جارێ بوەستن .. با بیشکێنین .. یەلە مەکەن .. گەورەم با بێوەی نێم .. حەزی دەکرد لەم کاتەدا بمردایە نەك بەو شێوەیە چاوەڕوانی چارەنوســی نادیاری بکردایە .. ئینجا کوا ؟ ئەوان بهاتنایە ژورەوە و ئـــەم بە لادا بکەوتایە .. چییان دەبرد ؟ لاشەیەکی سارد و سـڕ . . دڵێکی مەنگ .. خوێنێکی ڕەش .. مێشکی بپڕێنن کاسەی ســـەری هەڵبدەنەوە چی دەبینن ؟ چەند ناوکێکی مەینەتی و توێکڵە تارماییـەك .. دەیویست لەم کاتەدا هاوارێك بکات گوێی ئەم دونیایە کـــەر بکات .. ببێتە ڕەشەبا .. گوللە .. ببێتە هەڵۆ .. بەلام نەخێـــر تەنیا حەزێکی وێن ، وەك هەموو ئەو ئاواتە خامۆشانەی نێو خۆڵەمێشی تەمەنی . بڕستی لێ برا .. هەموو شتێکی لەبەرچاو کـــەوت . . هەستیکرد هەناسەکانی وەك خۆڵ و بەردیان تێدا بێت قورســـن . . سینەشیان پڕ گرێ کوێرە کردوە .

لەپڕ گوێی لە دەنگی دراوسێکەیان بوو .. لەوێ نین دەرگاکەیان مەشکێنن . گەورەم بڕوای پێ نەکەیت .. چونەتەوە بۆ لادێ خزمیـــان مردوە .. گەورەم ڕاست ناکات .. تەنیا خۆتان ماندو دەکەنو هیچی تر .. واز لەم ماڵە بهێنن با بچین بۆ ئەوای تر .

هەواڵنامەی کتێب

هەورامان بزەیەکی تاڵ گرتی .. ئاورێکی پڕ سەرسامی لەخـــۆی دایەوە .. هەستیکرد هەموو گیانی داگیرساوە و پەنجەکانی ســڕ و وتن .. چونکە تا ئیستاش دەستەکانی لەناو ئاوە سەهۆڵاوەکــــــەدا نوقم کردوە .

ئابی ١٩٨٨

* * *

هەواڵنامەی کتێب

* ئێمە ، ئێمەی مردووەکان ، کاتێ بێدار دەبینەوە ، چـــی دەبینین ؟ دەبینین کەوا بەهیچ شێوەیەك نەژیاوین .. ژیانمان نەبینی .

ﻫ . ئەبسن

- بیرەوەریەکانی -

* ڕۆشنبیرەکانمان ، وەکو ئەو شووشە مرەببایانەی کە لە نـــاو دۆڵابە تایبەتیەکان دانراون ، خۆیان بۆ سەردەمی " دووای جەنگ" هەڵگرتووە .

ئە .س. ئەکزۆپیری

ڕۆمانی ( فرۆکەوانی جەنگ )

# هاواری خوێن

ئەنـــوەر

سەرنجی خستبووە سەر کێوەکانی بەرامبەر و هەنگاوە گەورەکانی قەپی بە زەویەکەدا دەگرت ! . هەر دەڕۆیشت و لەبەر خۆشیەوە ئاوازێکی دەچڕی، کە لە لاواندنەوە و خەفەت بەبادان نەبێ لەهیچی تری نەدەکرد . گەیشتە سەر چۆمەکە ، لەجیاتی بەسەر بەردەبازەکاندا بپەڕێتەوە ، " باتـــــــە " لاستیکە نیواشتەکانی داکەند و بەدەستەوەی گرتن . شەرواڵەکەی هەتـــا سەروی پوزی هەڵکرد و هەنگاوی ئاسپایی هەڵنایەوە . ئاوەکە سارد و ڕوون و بە ئاوازێکی کەمی سەر سورهێنەرەوە بەرەو ژێر دەکشا . چەند جار خەریك بوو بکەوێ و خۆی هەڵسانەوە . لەناوەڕاست دا وەستا و ڕوانیـــە دەوروبەر . دوو سەگی چڵکنی لەڕ و لاواز لە خوارترەوە بەرەو چۆمەکـــە هاتن .. بۆقەیان دەکرد و زمانیان دەرپەڕی بوو ، هیلاك دەهاتنـــە بێش چاو . یەکێکیان لە لێوارەوە و ئەوی تریشیان چووە ناو ئاواکـــە ، لمۆزیان شۆڕکردەوە و کەوتنە زمان تەڕکردن . جارجارەش ملەقوتێیان دەکرد و بەترسەوە دەیانڕوانیە دەوروبەر . ئەمیش ڕووی تێ کردن :

" نەك هەر گوندەکان دەگوێزرێنەوە و وێران دەکرێن ، بەڵکو ئێـــوەش لەگەڵ خەڵکەکەدا توشی دەربەدەری و بێ لانەیی دەبن .. ! دەبێ برسیشتان بێ .. نەنان جێی ئاو دەگرێتەوە و نە ئاویش جێی نان .. !"

چووە ئەوبەر و لەسەر بەردێك دانیشت . دوو شڵپ ئاوی بەڕووخسارە سوورفلەکەیدا دا و مشتێکیشی خواردەوە ! . سەری پشتێنەکەی کردەوە ، دەستی تێ خنی و پارچەیەك لە کولێرە پەنجەکێشییەکەی لێ کردەوە و



هەواڵنامەی کتێب

دەرهانی .. بردی بۆ دەمی .. دەستی گەڕانەوە و سەیری خوارووتری کرد ، سەگەکان بۆقەلۆق و لۆژلۆژ دوور دەکەوتنەوە . لە دڵەوە زویر بوو ، پەستیەك دایگرتەوە و هەستی بەتاوانباری دەکرد ، کە دەبوایە زووتر بیری لەوە بکردبایەتەوە !.

گازی لەپارچە کولێرەکە گرت و بێ زەوق و خۆشی جووی . لەپی دەستێکی‌تر ئاوی خواردەوە و پێلاوەکانی لەپێ‌کردەوە . بە تەکانێك هەڵسا و ملی ڕێی گرتەوەبەر . گەیشتە بەر پێچی ملەیەك . هەتا بەرەو ژوورتر دەبووە پشتی زێتر دەچوومایەوە و هەناسەی توندتر دەبوو .

گرمەگرمی دوور گوێ‌قوڵاغی‌کرد .. وەستا و هەناسەی لەخۆی بری !، چاوەکانی زەق و هەموو هۆشی لەجێیەکدا کۆکردبووە . ڕووخساری غەمبارو داتەپی و سەرسام بوو .

ـ برا ماندو نەبی ؟!!

داچڵەکی . تەنیا تەپە تەپی بیست . هەتا ئاوڕی دایەوە دوو ڕێبوارەکەی یەکێکیان بوخچەیەکی لەبن باڵدا و ئەوی تریش جانتایەکی بە کۆڵەوە بوو ، سەرەوخوار بوونەوە . ئەوان دوور کەوتبوونەوە ، ئەم هەر وەڵامی دانەوە :

ـ خۆتان بەخێر بێن .. ماندو نابم .. سەرەوژوورەم لە سەرەوخوارە پێ خۆشترە ..!

کزەیەکی سارد دەهات . چەند تکە باران نیشتنە سەر ڕووخساری ، لەشی فێنك بووە و موچرکەیەکی پێداهات . سەرنجی چووە سەرکانیەکی گچکەی بن تاشە بەردێکی گەورە و قەوزاوی و تەڕ .. زەنگۆڵە ئاوەکان تك‌تك دەتکانە ناوی .. چووە نێزیك‌تر و بەسەریدا نووشتایەوە . بیلبیلەی چاوە بێ‌ئارامەکانی لەگەڵ " ئاوڕوونکەرەوە" کانی سەر ئاوەکە دەبزوا .. جیچکەی دایەوە و وەك لەگەڵ کەسێك بدوێ :

" تەنیا پێنج وپەنای ئەم وڵاتە و کوڕانی وەك مامە ڕیشە ـ خوا بیبەخشێ ـ هەموومانیان پاراستووە ، دەنا هەتا ئێستا وڵات دەبووە وشکانی دەشتی کوێر* و لوت** ... "

هەواڵنامەی کتێب

ڕوانیە دوور، سەربازخانەیەك دیار بوو . چەند ئۆتۆمبیل و زرێپۆش بە دوای یەکدا هاتنە دەرەوە و بەریز ڕۆیشتن .. لێوەکانی کەوتنەوە جووڵە:

" ئەی گورگە بۆزەکان ، بۆ کوێ مل دەنێن ..؟! دیارە گەرەکتانە چەند گوندی تری وەك شێخ وەسان و قەرەداغ کاول و وێران بکەن و قەتڵ وعامی خەڵکەکەی بکەن ... "

کەس نەبوو لەگەڵیدا بدوێ یان وەڵامی بداتەوە !.. تەنیایی ئازاری دەدا . ڕوانیە کاتژمێرە ڕەنگ و جەڵەمە تێکچووەکەی مەچەکی دەستی . بە پەنجە زبرەکانی نوێتی سرِی و چەند فنگی کرد ... دەستی درێژکرد و پەنجەکانی بە چەند گەڵایەك سرِی . کەوتەوە وورتە وورت :

" دەڵێن لەبەرخۆوە قسەکردن نیشانەی تێکچوونە ! ، جا شێتیش بین ناحەقمانە ..؟! منیش لە خەڵکی بەزۆر کۆچ پێکراوی " ئۆردوگاکان" بێ کارترم ... "

ئاهێکی دوور و درێژی کرد و کیسە تووتنەکەی دەرهێنا ، بەڵام هەروا بەدەستەوەی گرت و ئارەزووی سیغار پێچانەوەی نەدەکرد :

" دەبێ پەلە بکەم ، گەر توشی ئەو زاڵمانە بێم بە بیانوی چوونە جێی قەدەغەکراو ، یان بەناوی یاخی بووەوە توشی چەرمەسەریم دەکەن .. "

گوێی لە حەند گرمە و تەپە بوو .. گرمەگرم زیادی کرد ، وەك زەمین بیەوێ بتەقێتەوە ! . ئاڵۆرا و شلەژا ، خۆی گەیاندە ئەودیوی ملەکە و نێوان دوو دەوەنی چڕ .. هەناسەی سواربووبوو ، چاوە زەقەکانی وەك هەڵۆی بەدواکەوتوی نێچیر ، بەخێرایی ئەملا و ئەولایان دەکرد - لوشکی لوشکی فرِۆکەی بیست - ڕوانیە دەشتی دوور ، وا چەند فرِۆکە لە ئاسمانی لێڵدا بەسەر شارۆچکەی ئەوبەردا تیژ دێن و دەچن و بۆمبا دەبارێنن!!، دوکەڵی ڕەش و شین و زەرد هەردەم زۆرتر دەبوو .. واقی ورِما ، حەپەسا .. خوێن گرتبووی .. هاواری لێ هەڵسا :

" خوایە ڕەحمێ ..!! ئەمە خەوە یان ...؟! "

هێزی لێ برِا ، ئەژنۆکانی شل و سست بوون و کەوتە سەر زەویەکە ، لەبێ دەسەڵاتیدا خۆی دەخواردەوە . گیانی هەژا و لەشی کەوتە لەرزە .

ناوچەوانی کەوتە سەر بەردێك ، شکا و خوێنی لێهات ، بەڵام هەستی بە ئازار نەکرد .. خوێن بەنێو برۆکانی و سەر لووتیا چۆڕاوکەی بەست و بەڕاست و چەپی ڕوومەتە توکنەکانیدا شۆڕبووە .. وەك مێ ی لێهاتبێ ، هەردوو چنگی لەخۆڵ و ووردە بەرد و چیلکەی زەویەکە گیرکرد . ناڵە و شیوەنی ئەو چۆڵەوانیەی پڕکردبووە .. ! وەك ئازای لەشی ڕامێ و خوێ ی پێدا کرابێ .. ڕووخساری لە دێوانەی ساماك و ترسناکی دەکرد .. بە زۆر خۆی هەڵسانەوە و وەك ئەسپێکی سەرکەشی لەدەست بەربوو ، لەجیاتی بۆ گوندەکەیان بڕواتەوە ، ملی ڕێ ی گوڕی . بەرەو ئەو شارۆچکەیە کەوتەڕێ ، کە تاچەند ساڵێ ڕابردویش بەو دەستانەی دیواری تێدا هەڵچنیووەو کۆڵیت و ماڵی هەزارانی تێدا دروستکردووە . وەك جۆن " وەلی دێوانە " لە ئەڤینی " شەم " ی خۆشەویستی دا بەو دەشت و کێو و هەردانەدا دەگەڕا .. هۆنراوەی هەڵدەبەست ، گۆرانی دەگوت و هاواری دەکرد . ئەمیش هەمان شێوە ، لەو بەجۆشتر و شەیداتر شاری وێران و سوتێنراوی بۆمباران کراوی دەلاواندەوە ، بەدەشتی چۆڵ و شێ داردا ، بەبناردا ، بەناو ئاو و قوڕاودا ، هەرای دەکرد . هەرسات زێتر ، میزە و ناڵە و هاواری دەبیست .. دەکەوت و هەڵدەسایەوە . دەبێ تەواو هۆشی لەدەست دابێ ، یان ئەڤینی خاك و خەڵکە بەرەو خۆیان کێشی دەکەن ..؟!

وا گەیشتە نزیکی شار ، هەوای زەهراوی هەڵدەمژی ، بەسەر رەوی زەهراویدا هەنگاوی قورس و سستی دەنا .. چاوەکانی دەکزانەوە و هەناسەی سوارببووبوو . هەردەم لەژێر دوکەڵ و تەمی چڕی مەرگباردا وەك پەڵەیەك دەبینرا . هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت ، هەتا خۆی بەناو شاری وێران و خوێناوی و زەهرباران کراوی " هەڵەبجە " دا کرد . هەنگاوەکانی بێ هێزتر بوون ، بە ئاستەم چاوەکانی دەکرانەوە و لاشەی کەوتووی وەك تارمایی دەبینی .. پشتی زێتر کۆمایەوە و لەناخی دوکەڵی چڕی زەهراوی شاردا بەناخدا چوو و وونبوو .

---

"و" : دوو دەشتی گەورەی وشکانین لە ئێران .

# شمشێری ئاگرین

وەرگێڕانی لە فارسی‌یەوە

رێبوار / ڤییەنا

کازێوە لەخەملین‌دا بوو . بەکەوتنەوەی ڕووناکی ئاستەم ئاستەم قوللە مەزن و گرانەکانی قەلاّی " گردمان " خۆی دەنواند . لەدوری دورەوە تا چاو بڕ بکات ڕووباری " کوێر " وەك پشتێنێکی زیوین شەقلّی ڕۆژگاری سەختی دەپێوا . زێواری ڕووباری کوێر بە لێزەواری چڕ و تاریك تەنرابوو. تا چاو هەتەر بکات دەشتێکی پڕ بەرین و پانتای نوقومبوو لە سەوزەگیا خۆی ڕاخستبوو . ئالەم شوێنە جوان و زۆزانەدا یەکێك لە شارە چەلّەنگ و دولبەرەکانی ئازەربایجان کە بە دەستی پێشینان و باو و باپیرانمان دروست کرابوو ، جێ پێ‌ی خۆی بەناوجەرگەی زەوی‌دا شۆڕکرد بووە خواری . لەهیچ بەندەن ، تەلان ، کون و قوژبنێکەوە بچوکترین ورتکە و سرتکە نەدەهاتە گوێ . بالّندان هێشتا لە خەونی شیرینی خۆیان بەئاگا نەهاتبوونەوە . هەر لە یەکەم تێڕوانین‌دا وات دەزانی ڕۆحی لەبەر داماڵراوە . دەتگوت خەلّکی دانیشتوانەکەی کە بە جمە وقالّ و ڕەوتەکانیان بوبونە گولّی دەستەیەخەی ئەم شارە ، لەمێژە بار و بنەیان لەشان و کۆلّ ناوە و ڕێچکەی ئاوابوونی شاریان گرتۆتە بەر .

پاسەوانی پیر و کەنەفتی قەلاّی " گردمان " وەك ڕەفتار و ئاکاری هەمیشەیی لە حەوشە بەرین و هەراوەکە شەقاوی هەلّدەهێنا جارجارەش لە شوێن خۆی ڕادەوێستا و بە هەلّوێستەیەکەوە دەکەوتە گوێ قولاّخی دەوروبەرەکەی .

لەناکاوێك‌دا نەعرەتە و زرینگەی چەخماخەی شمشێر کە هێدی هێدی

نزیك و بەر گوێیان دەکەوت ، پاسەوانی پیری ڕاچڵەکان و بە وردی‌یەکەوە کەوتبووە گوێ هەڵخستنی دەوروبەرەکەی . وای دەزانی کە دوو دەستەی گەورەی شەرکەرن و بەدەم گوڕی نەترەتەوە کەوتونەتە وێزەی یەکتری و بەمەبەستی کوشت و بڕ یەکتر هەڵدەپاچن .

پیرە بە مەزەنەی بیری خۆی سوپای دوژمنە و داویە بەسەر شاردا و تالان و بڕۆ دەکەن بەو نیازەوە کۆزمێکی دایە بەرخۆی و ویستی فەرمانڕەوای شار ئاگادار بکاتەوە . کە ئەو دیمەنەی دی قاقایەکی سەختی کێشا . ئەو سوپایەی کەئەم وای دەزانی دوژمنە و داویە بەسەر شاردا، تەنیا دوو کەس بوون . بەکێبکێیان شەقڵی هەنگاوەکانی پاشەویاش دەهات و ئەوی دیکەیان وەك برووسکە هەڵمەتی بۆ ئەوی دیبیان دەبرد . هیچێك لەو دووانە ئاگاداری پیرە نەبوون و گوێیان لە دەنگی هارە پێکەنینەکەی نەبوو. قیامەتیان بەجاری بەرپاکردبوو . جریسکەی شمشێرە پۆلاییینی‌یەکانیان وەك تیشکی زێڕینی خۆر لە ئاسماندا دەچریسکانەوە ،زەردەخەنەیەك لەسەر لێوانی دوولاوی شەرکەر دەدرەوشایەوە .

ئەو لاوە بەجەرگ و نەبەزەی کە پەیتا پەیتا هەڵمەتی بەگوڕی دەنا و بەرامبەرەکەی خۆی ناچار بە پاشەکشە دەکرد ، جەوانشێری کوڕی "وارازی" فەرمانڕەوای گردمان بوو . شمشێربازێنیان دەکرد . ئەمەش پڕۆڵەیەکی مەشقی هەموو ڕۆژەی ئەو دوولاوە بوو . لەناکاوێکدا دەنگەهارە پێکەنینەکەی پیر کپ بوو :

ئەگەر کار بەمجۆرە بڕوات ، ئەو دوو کوڕە لاوە یەکتری دەبڕێننەوە .

لەو کاتەدا جەوانشێر دەستی بە زەبر و کاریگەری خۆی داوەشان و مەتاڵی هاوڕێکەی لەنێوەڕاست دا کردە دوو کەرتەوە و بەدەنگێکی بەرز :

هورمز شمشێرەکەت توڕیدە زەوی ئەمە سێهەمین جارە دەبەزی .

لەو کاتەدا هورمز چاوی کەوتە پاسەوانی پیر و لە بەرینی خۆی ئارەقەی هەڵدەرشت ، شانی نەدا و کەڵەکێشانە وەڵامی دایەوە :

- نە، من پێم لە بەرد هەڵئەنگوت ، تۆ لە دوو گورز نەتتوانیووە زیاتر بوەشێنی . من بەدەستی ئەنقەست شالاوت بۆ ناهێنم .

هەواڵنامەی کتێب

- هاوڕێ هێزاکەم پەلیی بێ هوده مەکەره بەهانە .

لەو کاتەدا کە دوو شەڕکەرەکە خۆیان بۆ ململانێیەکی تر ئامادە دەکرد پاسەوانی پیر و کەنەفت لە جەوانشێر نزیك بوەوە :

- من کۆتایی بە شەڕەکەتان دەهێنم .

دیسانەوە شمشێرەکان کەوتنە هەلزەقین و خۆ لەیەکتر سوینەوە، هورمز هێرشێکی زۆر توند و ناکامانەی هەلپێچایە سەر جەوانشێر . جەوانشێر دوو هەنگاوێك پرینگاوە دواوە و بە پەلەبروسکێ چەند جارێك پێلوی چاوەکانی نا بەیەکدا و :

- چیتر یەکودووم نی‌یە ، لافرتێ و هەرزەچەنی من سۆنگەیەکی ئەوتۆی خولقاند کە پیرێکی بەساڵاچوو خۆی بکاتە نێونجیمان .

لەو کاتەدا جەوانشێر قەلخانی خۆی نوڕدایە لاوە و شالاوێکی بەگوڕی هەلکوتایە سەر هورمز و نەڕەیەکی پڕ لەشادی دابارانە سەری و گووتی :

- ئەوە گورزی سێهەمیش . وە شمشێرێکی ئاگرینی ئاڕاستەکرد .

- ئێستاکی دلت ئاوی خواردەوە ؟

هورمز کە بە هەزار دەردی سەری خۆی لەبەر ئەو تالاوە پڕ لەمەترسی‌یە هەلسانەوە و نووکی شمشێرەکەی چەقاندە زەوی و لە هەژمەتی ئازار چەند جارێك شان و بازوانی ڕاتەکاند :

- ئافەرین ئەوا کارامەیی و لێوەشاوەیی تۆم بە تەواوی و لەناخی دلمەوە پەسەندکرد ، بەڕاستی وارازی فەرمانڕەوای پایەبەرز ، بەختەوەرە، ئێستاکی جەوانشێری کوڕە نازداری فەرمانڕەوا شایستەی ڕاستەقینەی قەلای گردمانە . وەرە تا نێوچاوانت ماچ بکەم .

پیرە گەلێك خۆشحال بوو لەوەی کە هەیت و هوتی مەشقی شمشێربازی‌یەکە بەو جۆرە و بێ خوێنڕشتن کۆتایی هات .

ددانە بلوورینی‌یەکانی پیرە دەدرەوشانەوە . چاوە گەورە و کەژالینەکانی سارێژ لە هەستی میهرەبانی بوون کە وەك بلێسە دەگەشانەوە. ئەم پیرە کە لە هەوای ساف و بێگەردی کوێستان و زۆزانەکانی گردمان گەورە بوبوو، ئەگەرچی حەفتا سال لەتەمەنی بوارد بوو،کەچی سکالا و ناڕەزایی‌یەتی‌یەکی

لەتەمەنی پیری نەبوو . پیرە لە تەماشاکردنی راموسینی ئەو دوو هاوەڵـە فرمێسکی شادی لەچاوەکانیدا قەتیس بوبو وە خۆی هاویشتە نزیک جەوانشێر و :

- رۆڵەکەم ، ئەگەر دوژمن بۆ جارێکی تر رووی شمشێرمان لێ هەڵبکێشێ ، ئەوا کێوەکانی گردمان ترس و هەراسی لەهیچ کەسێك نی یە ، ئەگەر واراز پیر و کەلاك بوو وەهێزی راستەقینەی لێ کوێر بوەوە ، ئەوا جەوانشێر جێگەی دەگرێتەوە .

لەناکاوێکدا دەنگی کەرەناو بەرزبوەوە . هەر ئەوەندە بلێی یەکودوو جەنگاوەرانی گردمان لەسەرای گەورەی شار پەیکەیان بەست کە وەك شەپۆلی دەریا شەپۆلیان دەدا .

هەرکاتێك گەواڵە هەورە رەشەکان رووخساری شیرین و بێگەردی ئیشتمانیان دادەپۆشی . بانگەوازی کەرەناو هەموانی دەهێنایە گۆرەپانێ . سەرکردەیەکی بە هێزا و جەربەزی گردمانیش دەگیرسایە ترۆیکێك و بە هێمازێکی دەریایەکی مرۆڤانی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەخرۆشان ، کە نیشکانی چاوەمز و بەژن و بالاَ چنارین لەپشت بانیژەی مالآنەوە خڕ دەبونەوە و بەئاواز و سروودە پڕ لە خرۆشەکانیان ، پێشمەرگەکانیان بەرێ دەکرد . شاخ ، کێو ، تەلان ، دەشت لە دەنگی لاواندنەوەی کیژۆلان دەکەوتنە شادی و سەماکردن .

ئەو قارەمانانەی کە دەربەستی ووشەی مەرگ نەدەهاتن ، لەگۆرەپانی سەختی شەڕ و تێکۆشاندا هەڵدەکلانە سەر زەوی وە لەکاتێکدا ماڵئاوایی یان لەژیان دەکرد ئەم چەند ووشەیەیان لە گەروویانەوە دەهاتەدەر :

- ئێمە هەردەم نەمرین .

لەو کاتەدا هەمدیسان دەنگی کەرەناو بەرزبوەوە و وەك جاران چاوان بڕایەوە ، دەمودوی سەرکردە ، واڕازی پیر و هاودۆستەکانی بەرەو گۆرەپانی هاتن . هەروەها دایکی وولآتی گردمان یاری ئەمەکدار و خێزانی واڕازی پیر و میهرەبان " جەواهیر خاتوون " یش ئامادە بوو .

شەپۆلی خەڵك لەدەریای بێدەنگی و ئارامیدا نوقوم بوبون . واڕاز دەروازەی گۆرەپانی بێ سرووتەی شکاند و دەستی بەقسانکرد . جۆرە



هەواڵنامەی کتێب

نائومێدییەکی سەیر و بەسام ، جۆرە ترووسکانەوەیەکی لەماندوو هاتوو لە گەرویدا هەست پێدەکرا کاتێك جەماوەر گوێیان لەدەنگی فەرمانڕەوای پیرە ساڵ و قارەمانی تێکۆشانەکانی گۆڕەپان بوو هەستیان بە ڕووداوێکی گەورە و پڕ لە دەرۆست نەهاتوو کرد .

وارازی فەرمانڕەوا بەمجۆرە دەستی کردە قسان :

- ڕۆڵە خۆشەویستەکانم ، کەمێك بەووردی گوێ بۆ قسەی ئەم پیرە تەمەن ساڵە رابدێرن . نیشتمانی پیرۆزی گردمان لەمەترسی هێرشی دوژمندایە .

ئەم جارەیش دوژمن لێمان ڕاپەڕیووە . دوژمنی تاڵانکەر ، وێرانکەر ، قین لەدڵ ، لەبۆسەی هێرشێکی ناڕەوادایە بۆ سەر دایکی مەزنمان . ئەو دوژمنەی کە بەناوی " خەزەری کێوی " یەوە دەماننناسن و وەك مەرگ، گڕ ، خوێن شاڵاومان بۆ دەهێنن . من دواقسەی خۆم بەئێوە رادەگەیێنم . ئێمە بەدرێژایی سی ساڵە دەچێ هەمیشە ودەم مەرگ و خوێنڕێژیمان لێوە دوور بووە ، ئەتك و ئابڕوومان زێر چەکمە نەخراوە ، هەر کاتێکیش ناوی گردمان لە هەر شوێن درکابێ سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دانەواندوین ، بەلام ئێستاکێ من پیربوومە ، ئەمڕۆ بەیانی ویستم نیشانی تفەنگ بگرمەوە و مەشقی شمشێران بکەم ، کەچی دەستەکانم دەرۆست نەهاتن و دەلەرزین . ئێستاش لەسەر ئێوەیە کە خۆتان سەرکردەیەکی تازە لەنێو خۆتاندا هەڵبژێرن

پیرەمێردێکی ڕدین سپی و نوورانی لە بەرامبەر فەرمانڕەوا وەستا و نیکلامێکی کێشا و :

- فەرمانڕەوای مەزنمان خۆت سەرپشکبە ، تۆ لەماوەی ئەم سی ساڵەدا دۆست و دوژمنی ئێمەت بە چاکی ناسیووە . هەر کەسێك بەسەرکردە هەڵبژێردرا ، گیان لەسەر دەستەکانمان ئامادەن بە یەك فەرمانی سەرکردە کێو لەبن هەڵمالن .

ئەگەرچی واراز بەرێزەوە گوێی بۆ قسەکانی پیری نورانی گرتبوو ، بەلام پێشنیارەکەی پێ پەسەند نەبوو . ویستی ڕای جەماوەرەکەی بۆ دەرکەوێ .
پاش چەند ساتێکی بێدەنگی :

ـ ئەوانەی بوێر و پاڵەوانن بێنە گۆڕەپانێ !

لەو کاتەدا شمشێری هورمز کەوتە چریسکانەوە . لەبەردەم وارِاز دا دەست لەسەر سنگ وێستا و کەوتە ئیکلام کێشان و :

ـ فەرمانڕەوای مەزن ، من جەنگاوەرێکی ئازا و بوێرم . شمشێری فەرمانڕەوایی بەمن بسپێرە .

هەرچەندێ وارِاز لە جەربەزی و چاونەترسی ئەو شاد و خۆشحاڵ بوو، بەلاّم قسەکەی لێ وەرنەگرت و لەوەلاّمی دا :

ـ ڕۆڵەکەم ، تۆ هێشتا لاوی ، شمشێر ئەرکی فەرمانڕەواییت پێ نابەخشێ ، بەڵکو تەنیا گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان ئەو مافە بە تۆ دەدات .

هورمز بەبێ دەنگییەکەوە وەستا و هیچی نەگووت . قسەکانی فەرمانڕەوا دیمرکاند . ئینجا جەوانشێر هاتە گۆڕەپانێ و :

ـ بابە گیان ، من تەنیا یەك قسە دەکەم ، پەیمانت دەدەمی کە لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان دا شمشێری زیوکفتی سەرکردانی دوژمن بەدەست بهێنم .

وارِاز لە قارەمانی و بوێری کوڕەکەی دڵنیابوو ، بەلاّم وویستی لە پێشان دا تاقی بکاتەوە ، بۆیە لەوەلاّمیدا :

ـ کوڕم لەوانەیە ئەو تۆ لەناو بەرێ .

جەوانشێر بەدەنگێکی بەرزتر و پڕ لەخۆبایی بوون وەلاّمی دایەوە :

ـ ڕووباری کوێر لەشەپۆلدان دەکەوێ ، بەلاّم کوڕی وارِاز سەردانانەوێ .

هەموو بە شانازییەکەوە سەیری جەوانشێریان دەکرد .

وارِاز لێی ئاشکرابوو کە گەلێك کەسان هەن قسەی بێ ئارەقە ، سەوز و سوور ، سەرزارەکی ، ڕووکەشی دەکەن ، بەلاّم لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان و بەجێهێنانی کاری شەرافەتمەندانەدا ئاکاری مرۆڤە شێرە بەفرینەکان دەکەنە پیشەی خۆیان ، ئەو ڕاستییەی چەند جارێك لەمێژووی تەمەنی دا بەچاوی خۆی دیتبوو . ئینجا بەووردی کەوتە هەڵڕوێن بە سەرتاپای جەوانشێردا و ویستی ڕەزامەندی جەواهیرخاتوون وەربگرێ .

ڕووی تێکرد و :

- کورەکەت دەیەوێ فەرمانڕەوابی سوپای وولاّت بگرێتە ئەستۆ، تــــۆ دەڵێی چـــی ؟

دایکی دڵسۆز و میهرەبانی جەوانشێر هیچ قسەی نەکرد . دیسانەوە واڕاز ڕووی‌کردە کورەکەی و ئەوەی بەهورمزی گوتبوو دووبارە بەکوڕەکەی‌گووتەوە :

- تۆ هێشتا لاوی کوڕم .

جەوانشیر بە وەلاّمەکەی باوکی دانەمرکا و بەدەنگێکی بەرزتر کە هــەموو بی‌بیستن :

- سەرکردەیەکی لاوی چواردەساڵە دەناسم لە شەڕێکی دەستەویەخە و خوێناوی‌دا سەری فەرمانڕەوای لەشکری دوژمنی لە لەشی جوێ‌کردەوە .

واڕاز کە فەرمانڕەوایەکی دنیادیدە و بە ئەزموون بوو ، وەلاّمی دایەوە :

- سوپای ڕێك و پێك و پولاّیین بەمردنی فەرمانده باکێکی نی‌یە .

جەوانشێر لەدەریای بێدەنگی‌دا ئارەقەی دەردابوو ، بەلاّم نەی‌هێشــت قسەکەی باوکی هەروا بێ وەلاّم بمێنێتەوە :

- باش دەروست هاتنی سوپای دوژمن ، لەگەڵ فەرماندەی دوژمـــــن دەکەوێە ململانێ .

واڕاز لێی ڕوون‌بوو کە کوڕە خۆشەویستەکەی لاوێکی بەجەربەز و پــــڕ کارامەیە ، بۆیە قسەکانی کوڕەکەی ئەوەندەی‌تر خۆشەویستی کوڕەکەی خستــە دڵی‌یەوە ، پاشان پێ‌ی گووت :

- کوڕم ، کەوایە دوا ووتە و پەیامی خۆت بگەینە .

جەوانشێر بە لەخۆبایی‌بوونێکەوە وەلاّمی باوکی دایەوە :

- بابە ، ئاکۆتایی جەنگ چاوەڕێ بە .

پاشان واڕاز ڕووی‌کردە عەشاماتەکە و پێ‌ی گووتن :

- ڕۆڵەکانم ئێوە دەڵێن چی ؟

هەموو بەیەك زمان و گەف هاواریان‌کرد :

- ڕازین ، ڕازین .

واڕاز ڕووی‌کردە جەوانشێر و پێ‌ی گووت :



هەواڵنامەی کتێب

- کوڕم ، هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم . لەیادت نەچی کەسنووری نیشتمانی گردمان لەوبەر ڕووباری کوێرەوە دەست پێ دەکات .

- بابە گیان دەزانم . با دایکی بەسۆز و میهرەبانیشم دووعایەکی خێرم بۆ بکات .

جەماوەرەکە بەگشتی چاویان بڕیبە چاوانی جەواهیرخاتوون ، دایکی مەزن و میهرەبانی گردمان سەری سوڕما . هەموو بۆ ئەوەی بەچاکی گوێیان لە قسەکانی بێت متەقیان لەخۆیان بڕیبوو . جەواهیرخاتوون گووتی:

- گوێ بگرە کوڕم ، چەند ساڵێك لەمەوبەر هێشتا تۆ منداڵ بوویت ، لەجەنگێکدا ، تیرێکی پولاییینی دوژمن ئاراستەی سنگم کرا و زامداریکردم ، نەگریام لەبەر خۆمەوە گووتم : " جەوانشێر سەلامەت بێت " . گەڕامەوە ماڵێ و سنگی تۆم بە خوێنی خۆم ئاڵکرد . وە بەبێ تیمار و دەرمان برینەکەم سارێژ بوو ، تۆش گەورە بوویت و بۆخوت بوویتە قارەمان ، ئێستاکێش بەرەو گۆڕەپانی شەر دەچیت و دڵی من و باوکت لەمست دەنێی . ئاگاداری دوژمنەکەت بی زەبری کاریگەری خۆی لە پشتەوە نەوەشێنێ . هەر زام وبرینێك لەسنگت بکەوێ هەرگیز ناتکوژێ . چونکە خەنجەر هەرگیز کار لە خوێنی پاکی دایك ناکات .

پاشان دەنگی جەوانشێر لەنێو هەلهەلەی حەشاماتی جەماوەردا بەرز بووەوە :

- هاوڕێ ئازا و دلێرەکانم ، باوکم ناونیشانی " لاو "ی پێداوم و دوعای کاریگەری دایکم هێز و توانای پێ بەخشیم و چاوەکانمی ڕۆشنکردەوە مەبەستی باوکم ئەوەبە فێرمان بکات . منیش مەرجێکم هەیە . سەری گشت کاتژمێرێك حەوت هەواڵبەر دەنێرمەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕووداوەکانی جەنگ؛ لەم شوێنەشدا لەبەرامبەر قەلای گردمان دوو دەستە لە گەنجان لەبەرامبەر یەکتری ڕیز بگرن . یەکێك لەو دوو ڕیزە حەوت کوڕ بەشیر و شمشێرەوە ، ڕیزەکەی تر حەوت کچ بە دەستی پڕ لە گوڵ و خونچە بەرامبەر یەکدی بووەستن . ئەگەر تێکشکام و ژێرکەوتم ئەوا هەریەك لەو حەوت جەنگاوەرە بە

تیری کاریگەریان تیربارانم بکەن ، ئەگەر بەسەربەرزی و سەرکەوتووی گەڕامەوە ناوتان ئەوا ئەو حەوت کیژە گوڵبارانم بکەن .

وارِاز مەرجەکەی جەوانشێری پەسەندکرد و گووتی :

ـ کورِم ، ئەگەر ئەسپە سم رەشە بەسامەکانی دوژمن دڵۆپێك ئاویان لە رووباری کوێر خواردەوە ، لەیادت نەچیت کە نەك ئەو حەوت جەنگاوەرە ، بەڵکو گشت دانیشتوانی وولاَتی گردمان تیربارانت دەکەن ، ئەگەر بە سەر بەرزیش گەرِایتەوە لەشوێنی حەوت دوێت سەرتاسەری نیشتمانیگردمان بالاَی بەرز و بڕشکۆت گوڵباران دەکەن .

جەوانشێر لەجاران زیاتر بەقسەکانی باوکە پیرەکەی کەوتە جۆش و خرۆشانەوە :

ـ بابە گیان ، ئەگەر سەرکەوتنمان بەدەست هێنا هەر لێرەدا بە دیداری یەکدی شاد دەبینەوە .

ئەسپە سم سپی‌یە یالسوورەکەیان بۆ هێنا . جەوانشێر دەستی دایك و باوکی ماچکرد و بازێکی دایە سەر ئەسپەکەی .

ئەسپە یاڵ سوورەکە بۆ چەند جارێك سنگی خۆی دەربەڕاند و لەسەر دوو پێیان وەستا .

کاتێك جەنگاوەرانی خاکی گردمان جەوانشێریان بەو شێوە دیت ، لە شادی و خۆشیاندا توێتکەیان نەدەخوارد . جەوانشێر بەرەنگ و رووخسار دەچووەوە سەر وارازی باوکە پیرە میهرەبانەکەی . کەرەناوەکان کەوتنە بانگەوازو ناڵە و دەشت و کێوانیان هێنایە سەما .

کاتێك کەسوپای فەرماندەی لاو کەوتە بزاوت و خۆ فرمێسکی شادی لە تیلەی چاوەکانی وارازدا پەپکەی بەستبوو وە بەهێواشی و کاوەخۆوە گووتی :

ـ خوا ئاگادارت بێت کورِم .

هەفتەیەك رابوورد هەواڵێك لە هەواڵبەرەکانی جەوانشێرەوە نەبوو .

وارِاز ئارامی لەخۆی بری بوو :

ـ کێ دەڵێ بەخۆی و سوپاکەیەوە ئەسیری دەستی دوژمن نەبوون .

دڵە گەورەکەی دایکی مەزن لەم سکاڵا و بێ ئارامی‌یە نەکەوتە خورپە، جەواهیرخاتوون گووتی :

ـ ئۆقرەت بێت واراز . تۆ تاکو ڕوو لە بیری دەکەیت لە یادت دەچێتەوە کە فەرمانڕەوای وولاتی .

لەو کاتەدا ئەسپ سوارێکی باڵندەئاسا لەنزیك قەڵاکەوە دەرکەوت . جەواهیرخاتوون لەپێشی هەموویانەوە ئەسپ سواری بەدی کرد . هەستی پڕ لە ناسۆر و پەژارەی دایکانە هاتە کوڵ و کەف و :

ـ ئەو ئەسپ سوارەی لەو لایەوە دێت هەواڵی جەوانشێری هێناوە .

گشت ئامادەبووان بەچاوی پڕ لە چاوەڕوانی و جۆش و خرۆشانەوە بەرەو ڕووی ئەسپ سوار ڕۆیشتن . سوارە لە ئەسپەکەی دابەزی وئیکلامێکی بۆ فەرمانڕەوا و جەواهیرخاتوون کێشا :

ـ من یەکەمین کەسێکم کە لەلای فەرماندەی دلێر و ئارامانەوە دێم ، دوژمن لەوبەر ڕووباری کوێرەوە مۆڵیان هەڵدابوو . تیر و نێزەی دوژمن وەك ڕەهێڵەی باران دایاری‌یە سەرمان . جەوانشێری سەرکردەمان ، کەوتە بۆسەنانەوە و سەنگەرگرتن لەدوژمن وە چاوەڕێمانکردن تا لێمان نزیکبوونەوە . لەیەکەم هەڵمەتی مەردانەدا! خوێنی دووسەد کەس لەدوژمن و سێ‌سەد کەس لە ئێمە تێکەڵ بە ڕووباری کوێر بوو . شەڕ و پێکادان تادەهات تاوی دەسەند . سوپای دوژمن دە ئەوەندەی سوپای ئێمە دەبن .

واراز هەردوو برۆکانی بوونە ئاسۆیەك و ناوچاوانی گرژبوونەوە ، لێوە ئاڵ و ووشك هەڵاتووەکانی کەوتنە لەرزین . دەنگێکی کز و نەوین وەك ناڵەیەکی لەدوور بیستراو لە دەمییەوە هاتەدەرێ :

ـ بگەڕێرەوە کوڕم ، با دڵی دایکانەی کە ئەم هەواڵە شوم ورقوماوی‌یە دەبیستن لەوە زیاتر نەکەوێتە دەرد و ژان .

ئەسپ سوار دووبارە ئیکلامێکی کێشا و گووتی :

ـ فەرمانڕەوای ئازیز و مەزن ئێستاکێش هەواڵبەری دووهەم دەگات .

جەواهیرخاتوون بە بیستنی ئەم هەواڵە خەریك بوو دڵی لەلێدان

دەکەوت ، ڕووی‌کردە ئەو کوڕ و کیژانەی کە بەدەوری فەرمانڕەوادا خەرمانەیان کردبوو و پێی گووتن :

ـ جەوانشێر یەکەمین پەیمانی خۆی بەجێ‌گەیاند ، ئێستاکێش کاتی ئەوە هاتووە کە ئێوە دووهەمین پەیمانەکەی بێ بەری بکەن !

کوڕان و کیژان کەوتنە ئیکلام کێشان و دوو ڕیزیان لەبەرامبەر یەکدی گرت . لەلایەکەوە چریکەی شمشێران لەنێو ئاسماندا وەك بروسکەی هەوران دەبروسکانەوە ، لەلایەکی ترەوە گوڵ و خونچە بۆن و بەرامەی خۆی وەك‌باران دەباران . گەلێکی نەخایاند دووهەمین هەواڵبەر لەلایەن جەوانشێرەوە گەیشت :

ـ فەرمانڕەوای مەزنمان پایەدار بێت . یەکێك لە قارەمانەکانی گردمان سەرکردەی لەشکری دوژمنی بەدی‌کرد و شارێبانی لێ‌گرت بەو نیازەی بە زیندوویی بیگرێت ، بەلاّم دوژمنی فێلباز و دەغەلکار شمشێرێکی بە توندی سرەواندە جەستەی پڕ شان و شکۆی جەنگاوەر و لەنێوەڕاست دا کردی بە دوو کەرتەوە . لەو کاتەدا جەوانشێر نەعرەتەیەکی بەگوڕ کرد و :

ـ ئەی .... ئاگاداری خۆت بە .

نەبەردی کۆرەبانی خوێنین تادەهات دەبووە شەپۆلی وولاّتێکی بێ سنوور و ترسناك . هێزی دوژمن دە ئەوەندەی هێزی ئێمەیە .

مێشکی واڕاز لە هەژمەتاندا چەخماخەی لێ‌دەدا . بەرچاوی تاریك و هیچ شوێنێکی تری نەدەبینێ . بەبێ هەستی‌یەکەوە بەدەستە لە ڕزۆکەکانی شمشێرەکەی گرتە دەست و ناڵەیەکی‌کرد :

ـ ئاخ جەوانشێر ... جەوانشێر ... من تاکو ئێستا و بەدرێژایی ئەم بیست ساڵە هەواڵی وا شوم و بێ‌ئاکامم بەر گوێ نەکەوتووە .

هەواڵبەری دووهەم وویستی دڵی واڕاز بداتەوە :

ـ فەرمانڕەوای مەزنمان ئۆقرەت بێت .

ـ ئەگەر جەوانشێر بەملی شۆڕی گەڕایەوە ، دڵی خۆم بەم شمشێرە کەرت و پەرت دەکەم .

هەواڵنامەی کتێب

وارازی پیر کاتێك ئەم قسانەی دەکرد ، وەك شێری زامدار بەجۆرێك دەینەڕاند کە ئاسمان و ڕێسمانی دەهێنایە لەرزین .

لەو کاتەدا هەواڵبەری سێ‌هەم گەیشت و بەو زامە قوڵ و گەورەیەی کە لە جەستەی ئاراستەکرابوو ، بەهەزار دەردەسەری لەسواری ئەسپەکەی دابەزی و قاچەکانی بەدوای خۆیدا کێشکرد و لەبەردەم وارازدا وەستا و هەرچۆنێك بوو خوی بەسەر شمشێرەکەیدا شۆڕکردەوە و ئیکلامێکی لەبەردەمدا کێشا و :

- فەرمانڕەوای مەزنمان ، لە ئەنجامدا جەوانشێر دەستە و یەخە لەگەڵ فەرماندەی دوژمن کەوتە زۆرانبازی . فەرماندەی دوژمن ئەسپە بەسامەکـــەی هەڵکوتایە سەر جەستەی کوڕە نازدارەکەت .

فەرماندەی دوژمن شمشێرە هیلالینەکەی ئاراستەی جەوانشێر کــرد . بەڵام ئەسپەکەی جەوانشێر گومەتەیەکی کرد و خۆی بەڕاندە لاوەوە . لەکاتێکدا کاروانەی بەدەوری خۆیدادەکرد، خۆی هەڵشاخانە سەر فەرماندەی دوژمن . تۆ دەڵێی لەو کاتەدا چی ڕوویدا ؟ بەبیروڕای تۆ چی بوو؟ بەڵێ ، لــــە ناکاوێکدا دیتم کەللە سەرێك لەنێو هەوادا دەخولایەوە . .

وارازی پیر هەست و سۆزی باوکایەتی کەوتە کڵپە و بڵێسەی بە تاو و تین . وە لەکاتێکدا لە ئاراستەکردنی پرسیارەکانی خۆی گینگڵی بـــێ ئۆقرەی دەدا ، بەبێ ئارامی‌یەکەوە لێی پرسی :

- سەری کێ بوو ؟

دانیشتوان هەموو پێکەوە و بەیەك زمان پرسیارەکەی وارازیان دووبارە کردەوە :

- سەری کێ بوو ؟

هەواڵبەر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بەدەم سەما و ســـووکـــە زەردەخەنەیەکی سەر لێوە تاڵەکانی‌یەوە ئەم چەند قسەیەی کرد :

- شمشێری ئاگرینی جەوانشێری فەرماندەی مەزنمان ، کەللەســـەری خەزەری کێوی چەند هەنگاوێك لەولای ئەسپە بەسامەکەوە کوتایە زەوی .

ئەنجا جەوانشێر لەگەڵ کۆمەڵێك ئەسپ سوار لەولای لێدوارەکە و لەپشتـــەوە کەوتنە پەلامار و هێرش بردن بۆ دوژمن . لاقاوی خوێن دەشت و دەری

پڕ لەسەوزەجاڕی نوقوم کرد . سووارە ئازا و نەبەزەکانی گردمان کەوتنە ئابلۆقەدانی ئەو ناوە و نەیان هێشت شتاقێك لەدوژمن دەرباز بێت. ئێستا بەشمشێرە چەخماخینی‌یەکانیان مەلۆی دوژمنیان داوە و ئالاوی گۆڕی‌مەرگیان پێ دەنۆشن .

دایکی مەزن لەشادی و بەختەوەری‌دا زەوی و ئاسمانی بەخۆوە نەدەگرت و بێ ووجان سەیری هەواڵبەری زامداری دەکرد ، پاشان فەرمانی‌دا :

ـ کیژۆڵە ناسك و دوولبەرەکان ، تیماری زامی مژدەبەر بکەن کە سنگی بەتیری دوژمن پێکراوە .

چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی هەواڵبەر شەپۆلی تاریکیان دەدا و پێڵووی چاوەکانی بەئارامی‌یەوە لێك دەنا و بە دەنگێکی لەرزۆك و ڕوو لەکپی و نەوی یەوە :

ـ نا دایکی بەڕێز و مەزن ، پێویست ناکات من چەند ساتێکی تر بەرەو کاروانی هەمیشەیی و نەمری شاڕێ دەگرم . ئاو... ئا...

کیژۆلەیەکی چاوڕەش ، گەش ، مامز ی گردمان دەفرێك ئاوی سارد و فێنکی لە کانیاوێکی ڕۆشن و سازگار هێنا و دایە دەست هەواڵبەر، ئەویش بە یەك ژەم و بێ پشودان ئاوەکەی نابەسەری‌یەوە و پاشان درێژەی دا بە قسەکانی و :

ـ گوێتان لە دوا ووتە و پەیامم بێت . سلاو و ڕێزم بگەینن بە جەوانشێری فەرماندەی مەزنمان و پێی بلێن کە ...

لەو کاتەدا کاروانێکی بەرین ، بێ سەر و بن لە قولبنگان تەوژمی ئارامیان دەدا . هەواڵبەری جەربەز و نەبەز دەنگی بەهێز و پڕ گەش بینانەی باڵندە جوان و نەشمیلەکانی بیست . لەکاتێکدا کە دوا گوڕ و تەوژمی هێزی ژیانی بە مەبەستی ڕاگەیاندنی پەیامێك دەنایە بەر خۆی ، ڕووی لە کاروانی قولینگان کرد و :

ـ ئەی قولینگە پەڕ و باڵ نەشمیل و سەربەستەکان ، من خەڵکی گوندی جوان و ڕازاوەی ئالستانم بڕۆنە ئەوێندەرێ و بەدایکانی چاو لەرێ ،

هەواڵنامەی کتێب

به خوشکانی بەسۆز و دلۆڤان ، کیژۆلانی سەرکولمە ئاڵ و رەنگینەکان بلێن کە لە پێناو ئەواندا تێکەڵ بە کاروانی هەمیشەیی و نەمری بوو ، مردن بە لای منەوە هیچ مانا و بایەخێکی نی یە . من هەردەم نەمرم . . . هەرگیز . ئەوەی دلی بە عەشق و ئەوین دەپارێزێ هەرگیز نامرێ .

هەوالبەر بەراستی چووە کاروانی نەمرییەوە . کاروانی قولینگـــــان دوورکەوتنەوە . لە چاوان ئاوابوون و سلاو و راسپێرییەکەی هەوالبەربـــان لە جەرگەی رۆژانەکانەوە گەیاندە گوندی ئالستان .

دیسانەوە کەرەناو کەوتەوە نالە و هات و هیوت . جەوانشێر بەخۆی و سوپا ئازا و نەبەزەکەی گەرایەوە . واراز لەخۆشی سەرکەوتنی کورەکـــەی بلێسەیەکی لەرادە بەدەری پڕ لەخۆبایی بوون لەچاوە ئاگرباوییەکانیـــدا پرشنگی دەدا .

جەوانشێر هێشتا لەسواری ئەسپەکەی دانەبەزیبوو کە باوکی لێی پرسی :

ـ بلێ کورە ئازا و بوێرە بچکۆلانەکەم ، ئایا دوژمن توانی ئاو لـــە رووباری کوێر بخواتەوە ؟

ئەسپە یانسورەکەی جەوانشێر لەسەر دووپێ بەرزبووەوە . رەنگی ئاسۆی سوور لە دەریایەکی پڕ لە شمشێرانەوە تیشکی دەدایەوە. جەوانشـێـــر هاتە قسە و گووتی :

ـ بابە ، ئەسپە سم رەشە دێوەزمەکانی دوژمنی زۆرداری تەمابــــەت نەیانتوانی دلۆپێکیش لەئاوی پیرۆزی نیشتمان بخۆنەوە ، بەلام کشتیــان لەناویدا گۆرکران .

ئیتجا دەنگی واراز بەرزبووەوە :

ـ خاکی نیشتمانی گردمان هەرگیز نانەوێ و روو لە سەرکەوتنە. رۆلـە شیرینەکانم ئەگەر واراز مرد ، جەوانشێر زیندووە .

کیژۆلانی چاو مامز و بسک قەتران ، قەدوبالای پڕ لەشکۆی جەوانشێری ئازایان نوقومی دەریای پڕ لەگوڵ و خونچان کرد .

شمشێرە ئاگرینییەکەی دەچریکایەوە . ئەم شمشێرە ناوێن و ئاگرینـــە ناو و ناوبانگی نیشتمانی قارەمانی بەگشت جیهاندا بلاوکردەوە .

هەواڵەی کتێب

# پێشانگایەک و چاوپێکەوتنێک

بە هەوڵ و کۆششی چەند هونەرمەندێکی لاو و دڵسۆزی کورد و بەبارمەتی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لەڤینا ، پێشانگایەکی هونەریی بۆ شەش هونەرمەندی کورد سازدرا ، ئەوانیش بەگشتی پێکهاتبوون لە : فایەق ڕەسوڵ ( پێنج تابلۆ کە ڕەنگی ڕەشی تێدا بەکارهێنابوون ) ، دارۆ ڕەسوڵ ( حەوت تابلۆی ڕەش ) ، محەمەد جەزا ( پێنج تابلۆی ڕەنگی ئاوی ) ، گارا ڕەسول ( دووتابلۆی ڕەنگی ڕۆنی ) ، سەلاح میرزا ( دوو تابلۆی ڕەش ) ، کوردا ( تابلویەکی ڕەنگی ) . پێشانگاکە لە پێنجەوە تا دەی خاکەلێوەی ئەمساڵ خایاند .

ئەوەی ڕاستی بێ لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی هونەری و وێژەیی کوردی لە ئۆتریشدا کەمتر بینراوە و ڕۆڵی خۆی وەک پێویست نەبینیوە ، بۆیە پێشانگاکە بە قوناغێکی نوێ دادەنرێ بۆ ئەنجام دانی کاری هونەری لەم وولاتەدا و بە دەست پێشکەری و لەخۆ ڕاپەرموونێک دادەنرێ بۆ بنیات نانی دەروازەیەك بۆهاندانی هونەرمەندان و وێژەوانانی کورد لە ئۆتریش ، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری بکەن لە زەمینەخۆشکردندا بۆ جموجۆڵێکی هونەری و ئەدەبی و بەرەوپێش بردن و ناساندنی هونەر و کەلتووری کوردی بە گەلانی دی . ئەوەی شایانی باسە پێشانگاکە توانی خەڵکێکی زۆر لە کورد و بێگانە لە چواردەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەرنج و

ئاگایی بینەر بۆ لای ڕووداوەکانی کوردستان و پێشکەوتنی ئاستی هونەری شێوەکاری ( تشکیلي ) ڕابکێشێت . هەروەها لەمیانەی دیدەنییەکانی جەماوەر بۆ پێشگەنگاکە ، زەمینەیەکی چاك خولقا بۆ خستنەڕووی پرسیار و مشت ومڕ و لێدوان لەسەر کارەهونەریەکان. ناوەڕۆکی تابلۆکانیش بەگشتی بریتی بوون لە شێوازی دەربڕینی جیاوازی هونەریی بە مەبەستی پیشاندانی ڕووداوە گرنگەکانی ئەمڕۆی کوردستان و ناڵە و ئازارەکانی گەلی کورد .

بۆ زیاتر ئاگادارکردنەوەی خوێنەرانی بەڕێز لە ڕەوتی گشتی پیشانگاکە و کارە هونەرییەکانی ، بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەك لەگەڵ یەکێك لەو هونەرمەندانەدا بکەین و بچینە نێو جیهانی هونەری یەوە و بیرو بەرهەمە هونەریەکانی بناسێنین ، هیوادارین لەبوارێکی دیدا بتوانین گفتوگۆش لەگەڵ هونەرمەندەکانی تردا بکەین کە بەشداری ئەم پێشانگایەیان کردووە .

* * * *

یەکگرتن : لەکوێوە دەست پێ بکەین ؟

فایەق : بە ئارەزووی خۆتان .

یەکگرتن : با لە خۆتەوە دەست پێبکەین !

فایەق : فایەق ڕەسوڵ ، خەڵکی شاری کەرکوکم و لەساڵی ١٩٥٥ لەدایکبووم . دەرچووی پەیمانگای هونەری تطبیقی - بەشی تصمیم . بە گشتی لە پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکاندا بەشداریم کردووە . ساڵی ١٩٧٩ لە پێشانگایەکی زانکۆی بەسرە و ساڵی ١٩٨٨ لەپێشانگایەکی چەند هونەرمەندێکی تری کورد لە شاری دارمشتادی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا بەشداریم کردووە . هەروەها چەندین پۆستەری سیاسیشم کێشاوە .

یەکگرتن : وەك سەرنجمان دا تابلۆکانت بەگشتی ناوی خەویان لەخۆ گرتبوو ، دیارە خەویش لەواقیع دادەبڕدرێ، ئایا خەو چۆن لە تابلۆکانت دا ڕەنگ دەدەنەوە ؟



هەواڵەی کتێب

فایەق : ئەگەر وەك چەمکێکی سادە تەماشای خەو بکەین، واتە بەشێوەیەکی وەك ئەوەی ئێستا قوتابخانە سایکۆلۆجی‌یەکان گرنگی پێدەدەن کە خەو بەشێکە لە حەقیقەتی مرۆڤ یاخود هێنانەدی ئارەزووە گیراوەکانی مرۆڤە . بەرای من خەون ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کەسایەتی مرۆڤدا ، واتە چەندین ڕاستی لەمرۆڤدا هەن کە لەلای خۆی ئاشکرا نین و وونن ڕەنگە لەکاتی خەودا بێنەدی . یان بە جۆرێکی دی خەو نەفەس کێشانێکە یان ڕزگارکردنی مرۆڤە لە هەندێك لەو سانسۆرانەی کۆمەڵ ، ئایین ، سیاسەت... هتد کە لەکاتی ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی دەبێتە ، واتە لەڕێگەی‌خەوەوە هەندێك ڕاستی ژیانی خۆی دەبینێ . خەو دیاردەیەکە کە لە بۆشایی‌یەوە دروست نابێ و بە مرۆڤ نامۆ نی‌یە و هەموو مرۆڤێك کارتێکردنی کۆمەڵ و ئەو هەلومەرجە نائاسایی‌یەی لەژیانی‌ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی دەبێتە لە خەودا دەردەکەون . بەکورتی خەو لای من مانای نەهێشتنی سانسۆرە .

یەکگرتن : ئەی چۆن لە تابلۆکانتا ڕەنگ دەداتەوە ؟

فایەق : بەکارهێنانی خەو لە تابلۆکانمدا بەمەبەستی ڕزگار بوونی مرۆڤ نی‌یە لەو یاسا و پەیوەندی و سیستەمانەی کە بەڕێوەی دەبەن . من پێم وایە دیتنی مرۆڤ لەشێوەی خەودا بینینی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە ، بۆ نموونە من ئەوەندەی لە ژیانی ڕۆژانەمدا کەسێکی ئاڵۆز و چەند توخم و ڕەگەز و لێکدراوم، ڕەنگە لە خەودا ئەو دیوارانە بشکێن و زیاتر خۆم بناسم . گرنگی‌دانی منیش بە خەو هەر لەو ڕووەوەیە ، بەڵام نەك بەو مەبەستەی بمەوێ لەڕێگەی خەوەوە بگەم بە حەقیقەتی مرۆڤ ، ئەگەرچی دەیان بابەت لە دەروونناسی‌دا هەن کە لەکەسایەتی مرۆڤ دەکۆڵنەوە بۆ تێگەیشتن لە هەندێ حاڵەتی مرۆڤ یان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتێك ، دەبێت لە ڕێگەی خەوەوە چارەسەر بکرێن .

یەکگرتن : لە تابلۆی " یەکێك بەرد دەگرێتە باڵندەیەك "ی خوان میرۆ دا دەبینین زەوی لەئاسمان جیابۆتەوە و لە هەمان کات دا پێکەوە بەستراونەتەوە ، واتە واقیع و خەو و خەیاڵ بە یەکەوە گرێ دەدەنەوە . ئایا تۆ واقیعی کۆمەڵایەتی ، سیاسی .. هتد ی گەلەکەت بە چ رێگەیەك گرێ دەدەیتەوە بە خەوەکانتەوە ؟

فایەق : وەك گوتم ، خەون لەواقیعەوە دروست دەبێت. خەو نائاگایی یەکە ( لاشعور ) کە لە بنچینەدا لە واقیعەوە سەرهەڵدەدات . رەنگە ئێوە کارەکانم ناوبنێن خەو ، بەڵام من دەڵێم خەو لە بنچینەدا شتێکی واقیعی یە ، واتە لای من زەمینەی هەبووە . من ئەمڕۆ ناتوانم خۆم لەو ڕووداوانە دوور ڕابگرم کە لە کوردستان دەگوزەرێن و دیاردەی ئەو ڕووداوانە لە بنچینەدا کەرەسەی کارکردنی منن . بەڵام تایبەتێتی کاری هونەری لای من ئەوەیە کە ڕاستەوخۆیی بەکارناهێنم ، واتە کارتێکردنی یەکێك لەو حاڵەتانە ، بۆ نموونە شەهید بوونی هاورێیەکم یان مرۆڤێك ، لە سەر دروستبوونی بیری هونەریم یان زیانم ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگوێزمەوە ناو تابلۆکانم ، بەڵکو من چ بە شێوەی خەو یان بە شێوەی ئەنجامی ئەو حاڵەتانەی کارتێکردنی سایکۆلۆجی یان هەیە لای من دەیان خەمە ڕوو .

یەکگرتن : شوێن و ڕووداو کار لە بیر و چالاکی هونەرمەند دەکەن . لە بەرهەمەکانی تۆیشدا کارتێکردنێك لە بیر و شێوازی هونەریتدا بەدی دەکرێت . ئایا سەرەتای ئەو کارتێکردنە لە کوێوە دەست پێ دەکات و تا چ رادەیەك کاری لە دەربڕین و بیری هونەریت کردووە ؟

فایەق : دەوروبەر کارتێکردنی خۆی لەسەرم نواندوە و بە هەمان شێوەش ڕەنگی داوەتەوە لەبواری کەسایەتی و کارکردنی هونەریمدا . یەکێك لەو دیاردانەی کە سەرەتا بووە بۆ زۆر شت لەبواری هونەریمدا زیندان بووە ، زیندان ئەگەرچی بە

ماوە کەم بوو ، بەلاّم قوتابخانەیەك بوو بۆ من ، بۆ تێورد بوونەوە و گەڕانەوە بۆ ناخ ، ئەگەرچی کارتێکردنی نێگەتیڤانەشی هەبوو . ئەگەر کەسێك کارەکانی منی پێش زیندانی ببینێت، هەست بە جیاوازیان لەگەلّ کارەکانی پاشتردا دەکات . بۆنموونە مـن ڕەنگم بەکار دەهێنا و ناونیشان و بابەتی یاس لە فیگەرەکانمدا ڕەنگی تریان هەبوو .

**یەکگرتن : بەلاّم گارا و جەزا سەرچاوەی کارتێکردنەکـان لەلایان ژیانی گوندیی ئەمڕۆی کورد بوو ، لای تۆ زیندان !**

ڤایەق : گرنگیدانی گارا و جەزا تەنیا بە گوند بوو ، تەنانەت مرۆڤ تاکو ڕادەیەك نەدەبینرا . ئەگەر لای گـارا حالّەتی تەقینەوە و بۆردومان کردن بەدیکرابێ ، ئەوا لای جەزا بە تەواوی جۆلکردن بەدی دەکرێ . ئەگەر ئەوان ڕووکاری ژیانی گوندەکانیان پیشان دابێت ، ئەوا مـن کارتێکردنی ئـەو ڕووداوانە و پیشاندانی بارە ترازیدییە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی کوردم خستۆتە ڕوو ، تەنانەت ویستومە لەڕووی تەکنیکیشەوە کاری تونیکاری لەکارەکانمدا بەکار بهێنم ، بۆ ئەوەی زیاتر بچمە نائاگایی مرۆڤەکانمەوە . لەبەر ئەوە دەبینن دەموچاوی خەوەکانم هیچیـان لەباریکی ئاساییدا نین . ئافرەتێکی بینەری نەمساوی پرسی : ئایا دەموچاوی وا هەیە؟ لەوەلاّمدا گوتم بەلّێ نەك هەر هەیە ، بەلّکو مرۆڤی کورد ئەمەیە ، ئەو کەسەی لەکارەساتی هەلەبجـەدا ژیابێ ئەبێ چۆن و چی لێ بێشبینی بکرێت . جگە لەوانـە ویستوومە دەربڕینی حالّەتێکی بێدەنگی و ئازارەیەك بێدەسەلاّتی لە دەموچاوەکاندا دەربخەم . من نالێم گیانی بەرگری نەماوە ، بەلاّم کارەساتەکان هێندە گەورەن ، مرۆڤی ئەمڕۆ دەشێوێنن .

**یەکگرتن : بەلاّم دیاردەی زیندان زیاتر لە تابلۆیەکـدا هەستی پێ دەکرێت !**

ڤایەق : لەتێڕوانینتان بۆ تابلۆکانم ، لەوانەیە یەکسـەر

ترس یان زیندان بەدی بکەن ، لەوانەیە وابێت ، بەلاّم من خۆشم نازانم کامیان باسی زیندان دەکات ، چونکە ئەوانیش هەمان مرۆڤن و ماندوون و ژیانێکی سەختیان بەسەر بردووە و کارتێکردنی ئەو بارودۆخە هەمەلایەنانەیان پێوە دیارە .

**یەکگرتن : ئەگەر کارتێکردنی زیندان بەو جۆرەبێ ، ئەی ئاوارەبوون چۆن ؟**

فایەق : هیچ کەسێك بە ویست و ئارەزووی خۆی ئاوارەبوون هەڵنابژێرێ و ڕووی تێ‌ناکات ، بەڵکو بەهۆی باری سەخت و شێواوی وولاتەکەمان سەری هەڵداوە . ڕاستە ئێمە لەئاوارەیی‌دا ژیانمان لەزۆر لایەنەوە پارێزراوە و بەهۆی ئەو یاسا دیموکراسی‌یانەی لە ئەورووپادا هەن هەست بە کەسایەتی مرۆڤایەتی خۆمان دەکەین ، بەلاّم ئاوارەیی خۆی لەخۆیدا بارێکی خراپ و کارتێکردنێکی ناقۆلاّ بۆ مرۆڤ دەخولقێنێ . جا ئەگەر گشت کارێکی هونەری ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی بێت ، ئەوا کارتێکردنی ئاوارەبوونیش لە بەرهەمەکانمدا ڕەنگ دەداتەوە ، ئەمە تاچ ڕادەیەك ؟ لەوانەیە خۆشم نەتوانم بەتەواوی دەست نیشانی بکەم ، ڕەنگە ئەوە کاری ڕەخنەگرێك بێت . وەك ڕوونیشە لەلاتان سەرجەمی کارە هونەری‌یەکانی پێشانگاکە دیاردەی ئاوارەبوون تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە .

**یەکگرتن : سیمای مرۆڤی کورد لە " خەونەکانم "دا بەدی ناکرێت ، توبڵێی ئەوە پەیوەندی بەبیر و تێڕوانینی گشتیەوە هەبێت سەبارەت بە ژیان و مرۆڤ ؟**

فایەق : من وەلاّمی بەشێکی ئەم پرسیارەم لە وەلاّمێکی پێشوودا داوەتەوە . لای من ژیانی کورد نائاساییە و زۆربەی کاری ناو تابلۆکانم بریتی‌یە لەترس و ئازار و ژیانی ناهەمواری کورد بەگشتی . وەك لەوەوبەر گوتم من ڕاستەوخۆیی بەکارناهێنم ، بۆ نموونە من بەرگی کوردی ناکەمە بەری‌مرۆڤەکانم

و بۆ ئەمەش زیاتر سوودم لەقوتابخانەی سوریالی وەرگرتووە وبگرە ویستوومە ئەودیو پێستەکەشی ببینم . ئەو مرۆڤانەی کە زیاتر جێگای گرنگی خۆیان لای من کردۆتەوە ، هەمان ئەو مرۆڤانەن کە پێشتر باسمکردن . پێشم خۆشە گرنگی بدەم بە ئازارەکانی خەڵکانی تر و دور نییە سبەینێ لەئازاری فەلەستینییەك بدوێم، بەلاّم بەلای منەوە ئازارەکانی کورد ئەوەندە زۆرن کە بازیان بەسەردا نادرێت .

**یەکگرتن : ئەی چۆن دەنگی گەلێکی ژێردەست دەگەیەنی بە گوێی گەلانی تر ؟**

فایەق : دەتوانم کارێکی هونەری بۆ ئەم مەبەستە بە شیعر و ڕۆمان بەراورد بکەم . ئەگەر ئێوە بتانەوێ شیعرێك بنووسن یان وەربگێڕنە سەر زمانی ئەڵمانی ، ئەوا هەمان کارەکەی من دەگەیەننەوە . جا ئەگەر من کات و سەردەمم لە کارەکانمدا دیاری نەکردبێت ، ئەوا بابەتەکە خستنەڕووی ئێش و ئازارە ، ئێش و ئازاری مرۆڤی کورد . من وەکو پرسیاری بینەرە نەمساوییەکەم بۆ هێنانەوە ، ئەوە ئەو پەیامەیە کەمن پێمگەیاندون.

**یەکگرتن : ئافرەت لە تابلۆکانتدا بەشدارنەبوون ، ئایا دەنگی بێزاری و ئازاری ئافرەت جیاوازی لەگەڵ هی پیاودا هەیە ؟**

فایەق : بە پێچەوانەوە ئافرەت ڕۆڵی خۆی لای من بینیووە . ئەو تابلۆیەی کە ئافرەتی تێدا خرابووە ڕوو ، تابلۆی " خەو " ی ژمارە سێ بوو . ڕاستییەکەی من نیشانەی دیمەنی ئافرەت ، وەك پرچ و هەندێ ناسینەوەی ترم بەکار نەهێناوە ، چونکە ئافرەت هەیە لەزینداندا قژیان تاشیوە ، بەلاّم فیگەر لەو تابلۆیەدا ئافرەتێکە کە بە تەکنیکی خۆم دەرم بڕیوە . دەنگی بێزاری و سکالاّی ئافرەت و پیاویش هەر یەکە



هەواڵنامەی کتێب

و هیج جیاوازی یەکیان نی‌یە و بە هەردووکیان دەوترێ مرۆڤ .

**یەکگرتن : بەکارنەهێنانی ڕەنگ هۆی چی‌یە؟ ئایا ڕەنگ یارمەتیت نادات لە بەهێزکردن و پێکانی دەربڕینەکاندا ؟**

فایەق : لەڕاستی‌دا تابلۆ واتە ڕەنگ . لەکارێکی‌هونەری وەکو تابلۆدا ناتوانرێت ڕەنگ پشت گوێ بخرێت . هەرچەندە من ڕەنگم زۆر بەکارهێناوە و تاقیکردنەوەشم لەگەڵیدا هەیە، بەڵام بۆ چەند ساڵێك دەچێت لیێ دوورکەوتوومەتەوە . ڕەشیش خۆی لەخۆی‌دا ڕەنگە . ئەم ڕەنگە و تۆنەکانی بەشێکن لەو بەیامەی کە من دەمەوێت بیگەیەنم . ڕاستە ڕەنگ جوانە و لەوانەیە چاکتریش یارمەتیم بدات شت دەرببڕم ، بەڵام ئەگەر مەسەلە دەربڕین بێ ئەوا من هەست دەکەم ڕەش و تۆنەکانی زیاتر خزمەتی ئەو بیرەی من دەدەن هەست بە پشوودان و کامڵبوونی کارەکانم بکەم ، ئەگەرچی لەهەمان کاتیشدا تووشی هەندێك گیروگرفت دەبم بە دەستیانەوە ، وەك باك گراوند و ڕووبەر . ئەمە جگە لەلایەنی هەرزانی نرخەکەی .

**یەکگرتن : ئەدەب بۆ گەلێکی بێبەش لەگشت ئازادی‌یەك منبەرێکە کە دەنگی بێزاری و ویژدانی لێ‌دەبیسترێت ، ئەی هونەر ؟**

فایەق : هەموو شتێك دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام مەبەست لێرەدا ئەوەیە بەچ شێوازێك بابەتەکان دەردەبڕێن ئەدەب ڕۆڵێکی مەزنی هەیە بۆ دەربڕینی مرۆڤ . بەهۆی نەبوونی دیموکراسی‌یەت و ئازادی دەربڕین و سانسۆری توندوتیژ لەعیراق ئەدەب و هونەر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هێما . بۆ نموونە " دوانزەوانە " کەی عەبدولڵا پەشێو لەسێبەری ڕێکەوتننامەی ئازاریشدا چاپ نەکرا . لەوانەیە لەم بارەیاندا هونەری‌شێوەکاری زیاتر پەنای بردبێتە بەر بەکارهێنانی هێما و ڕەنگە هەر بەو



هەواڵنامەی کتێب

هۆیەشەوە کارەکانی کەمتر لەبەرچاو گیراپن . سەرباری ئەمانەیش ئەم هونەرە هەر ڕۆڵی خۆی لە کوردستاندا بینیوە . مێژووی شیعر و ئەدەب لەکوردستاندا لە هی هونەری شێوەکاری کۆنترە ، کارەکانی بەختیار مستەفا تا ڕادەیەکی زۆر بە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم هونەرە دەژمێردرێ ، بەلاّم بەهۆی هاتنە دەرەوەی هەندێك لە هونەرمەندەکانی وولاّت بۆ دەرەوە و خوێندنی هەندی قوتابی لە پەیمانگا و ئەکادیمیە هونەرییەکان ، هونەری کوردی لەپاش سالّەکانی هەفتاوە جێ پێی خۆی توندکرد و بەدەیان هونەرمەندی هەلکەوتوو پەیدابوون ، وەك مامۆستایان محەمەد عارف ، عەتا قەزاز ، لاله عەبدە ، ئیسماعیل خەیات .

**یەکگرتن : وەك لەسەرەتادا باست کرد خوێندنی بەشی "تصمیم" ت تەواو کردووە ، لەم ڕووەوە چ بەرهەمێکتان هەیە؟**

فایەق : ڕاستە من دەرچووی بەشی "تصمیم"م ، بەلاّم زیاتر ئارەزووی ئەنجامدانی کاری هونەری شێوەکاریم هەیە ، ئەگەرچی هێشتا بوم نەلواوە خوێندنێکی بالاّتری ئەکادیمی بخوێنم . من لەشاری سلێمانی لە چاپخانەیەك کارم دەکرد و چەند ئیشێکی وەك مۆنتاژ و تصمیم و چاپم ئەنجامداوە و لەو ماوەیەدا نەخشەی بەرگی پەرتوکی ( مرۆڤە ترسناکەکان )ی یاسین ڕوفاعی ، دیوانی حەمدی ، "تونێل"ی مەکسیم گۆرگی ، "من کێم" کە بەرهەمێکی مندالاّنە بوو ، لەگەلّ نەخشەی دوو پەڕاوم کێشاوە .

**یەکگرتن : هەندێك لە بینەرانی پێشانگاکە کلیلی ڕەمزی هەندێك لە تابلۆکانیان بۆ نەدۆزرایەوە ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیش ڕوویان لە ئێوە دەکرد ، ئایا لەو کاتەدا چیت پێ دەووتن ؟**

فایەق : مەرج نییە هونەرمەند خۆیشی بتوانێت کلیلی گشت هێماکان بدۆزێتەوە ، کاری تابلۆیەك جاری وا هەیە

هەواڵنامەی کتێب

بەلای خوشمەوە غەریبە و شتی وای تێدایە کە نازانم چی‌یە ، ئەوە کاری ڕەخنەگرێکە کە بتوانێت لەو بارەیەوە یارمەتی مـن و بینەرانیش بدات ، سەرارای ئەوەش مرۆڤ دەتوانێ دەربارەی‌کاری هونەری بدوێت . ئەو تابلویانەی باسیان دەکەن ، بابەتـی هێماکانی شتێکی نامۆ نین بە زمانی ڕۆژانەی خەلکی ، ڕەنگـە ئەمڕۆ یەکێکی ئەوروپی چێژی زۆر لێ نەبینێت و وەك دیکـۆری ماڵ سەیری هونەری شێوەکاری بکات ، بۆیە بەلای منەوە هـەر لێدوان و ڕوونکردنەوەیەکی ڕاستەوخوی تابلۆ لەلایەن‌هونەرمەندەوە کارێکی زیادەیە . من پێم وایە ئەگەر هونەرێك بتوانێت پرسیارێك لەمێشکی بینەرێکدا بخولقێنێ ئەوا پەیامی خۆی گەیاندووە . من نالێم بینەری وامان نەبینی ، بەڵکو هەبوو چێژی لەکارەکانمـان دەبینی و باری سەرنجی خۆشیان دەردەبڕی و ئێمەش سـوودمان لێ وەرگرتن ، هەشبوو لەوەوپێش نەچوبووە هیچ پێشانگایەك و هیچ کارێکی هونەریشی نەدیتبوو یان هونەر بەلایەوە تەنیـا دیمەنی سروشت و ئافرەتی جوان بوو . ئالەم بارەیاندا بـە دڵنیایی‌یەوە تەنگوچەڵەمە ڕووبەڕووی ئەمجۆرە بینەرانە دەبێتەوە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمێکی هونەری . تەنگوچەڵەمەی تێگەیشتن لـە کارێکی هونەری شێوەکاری ئەوەیە ئەم هونەرە بەچاو دەخوێنرێتەوە ، بەڵام لەشیعردا هاوارە . بەکورتی‌یەکەی کار و پێشانگای هونەری بینەری هوشیاری پێویستە .

* * *

* ئەم گفتوگۆیە بەسەرپەرشتی کاك هیوا لە نەمسا سازکراوە نووسراوەتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

# دوو هونەرمەند

## ڕەمزی قوتبەدین

ڕەمزی قوتبەدین ، یەکێکە لەهونەرمەندە گەنجە لێهاتووەکانی هونەری شێوەکاریی کوردی . لەسەرەتای سالانی حەفتاکانەوە دەستی داوەتە نیگار کێشان . بەشدارییەکی کارامەی کردووە لە بەکارهێنانی بنەما و توخمەکانی دەربڕینخوازی ( ئێکسپریسیۆنیزم ) دا لەبواری هونەری شێوەکاری کوردی دا :

- لەسالی ١٩٥٥ لەشاری خانەقین / لەکوردستانی خواروو لەدایکبوە.
- لەسالی ١٩٧٨ پێشانگایەکی هاوبەشی لەگەل هونەرمەند ( مەزهەر ئەحمەد ) لەهۆلی هونەرە جوانەکانی بەغدا کردۆتەوە ( زەیت وپاستیل ) .
- لەسالی ١٩٧٨ بەشداریی کردووە لەپێشانگایەکی هاوبەشی شاری کەربەلا ( گرافیك ) .
- لەسالی ١٩٧٩ بەشداریی کردووە لەپێشانگایەکی هاوبەشی کۆمەلەی هونەر و وێژەی کوردی ـ لەبەغدا ( پۆستەر ) .
- لەسالی ١٩٧٩ پێشانگایەکی لەهۆلی قوتابخانەی گوێژە ـ لەسلێمانی کردۆتەوە ( گرافیك ) .
- لەسالی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ خوێندنی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە / بەشی گرافیك .
- لەسالی ١٩٨٠ بەشداریی پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندە کوردەکانی کردووە ـ لەئیتالیا .
- لەسالی ١٩٨١ بەشداریی پێشانگایەکی هاوبەشیکردووە ( لەگەل

هونەرمەندان : مەدحەت کاکەیی و ئیسماعیل خەیات و سەروەت ئەنوەر سۆز ) - ( گرافیک ) .
- لەساڵی ۱۹۸۱ بەشداریی پێشانگایەکی هونەرمەندانی شاری سلێمانی کردووە - لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی لەبەغدا .
- لەساڵی ۱۹۸۱ - ۱۹۸۲ مامۆستابووە لەقوتابخانەی سەرەتایی گوندی ( مالومە ) .
- لەساڵی ۱۹۸۳ پێشانگایەکی " تایبەتی " کردۆتەوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی خواروو - لەگوندی ( هەڵەدن ) .
- لەساڵی ۱۹۸٤ بەشداریی کردووە لەپێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندان ( گارا ) و ( ئەردەڵان ) و ( بلند ) لەناوچەی سوورداش ، هەرهەمان ساڵ پێشانگایەکی دیکەی کردۆتەوە لەناوچەی کۆتەڵ . نیگارنامەیەکی تایبەتی خۆی بلاوکردۆتەوە .
- لەساڵی ۱۹۸۸ لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی تر ، بەشداریی کردووە لە پێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد - لەشاری تاران .

## نیاز ساڵح ئەحمەد

نیاز ساڵح ئەحمەد ، هونەرمەندێکی تری کوردە کە هەر لە منداڵییەوە خۆی خەریک کردووە بە نیگارکێشانەوە و بەشداریکردووە لەبەکارهێنانی توخمەکانی تەجروبەگەری دەربڕینخوازیدا، کە ڕەخنەگرە ئەوروپییەکان یەواڵدزتی جینی ناوی دەبەن و ڕەخنەگرە ئەمریکیەکانیش بە تیۆری جۆنایەتی .
- لەساڵی ۱۹٦۱ لەشاری خانەقین / لەکوردستانی خواروو لەدایکبووە.
- خوێندکاری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدابوو و لەبەر چەندین هۆ نەیتوانی تەواوی بکات . ( بەشی دیکۆر )
- بەشداری لە زۆربەی پێشانگاکانی عیراقدا کردووە کە بۆ خوێندکاران سازکراون .
- ساڵانی ۱۹۷۹ و ۱۹۸۰ و ۱۹۸۱ بەشداری پێشانگاکانی تایبەت بە گشت هونەرمەندانی عیراقدا کردووە .



هەولاتەی کتێب

- ساڵی ١٩٨٢ پێشانگایەکی لەشاری خانەقین سازکردووە .
- نزیکە سێ ساڵە لەدانیمارك پەناهیندەیە و لەشاری ئەسپیا دەژێ ، لەو ماوەیەشدا چەندین پێشانگای لەشارەجۆربەجۆرەکانی دانیمـــارك رێك خستووە . هەروەها پێشانگای لە ئیسپانیا و ئیتالیا و فەرەنسا و سوێد کردۆتەوە .
- ئاواتەخوازە هونەرمەندەکانی کورد لەدوورەوڵاتیدا تێبکۆشن بـــۆ لێك نزیکبوونەوە و یەکخستنی کۆششیان لەپێناو ناساندنی مەسەلە و هونەری کوردی بە گەلانی جیهاندا.
- بۆ پەیوەندی پێوەکردن دەتوانن سوود لەم ناونیشان و ژمـــارەی تەلەفونە وەربگرن .

Kunst Hand vaerker skoler [Keramisk formg.]

Agtrupvej 51 , 6000 Kolding

Danmark

Tel. (75). 520799

***

* مرۆڤ لەهیچ سەردەمێك لە سەردەمە مێژووییەکاندا ، بەقەدەر ئەمڕۆ شتی بێ نەبووە بیلێ !

ئەحمەد شاملو

* تەماشاکردنە " ئاوابوونی خۆر " ، بۆ هونەرمەند ، ج لـــە قەسرێکەوە بێ یا لە زندانێکەوە : وەکو یەك وایە !

شۆپنهاوەر

هەواڵنامەی کتێب




فایق ڕەسول : ( خەوی ژمارە٣٥ )

هەواڵنامەی کتێب


# Bilderausstellung Kurdische Künstler

**Daro**
*Rasul Faeg*
**Farig Jaza**
**Rasul Gara**
**Salah Mirza**
*Kurday*




فایق ڕەسول


هەواڵنامەی کتێب



رەمزی قوتبەدین : ( چایخانەی پشکاوێ ـ قەندیل )




ڕەمزی قوتبەدین : ( تەنیایی )



نیاز ساڵح ئەحمەد : ( شۆرش بەشێوەکی زانستی )

هەواڵنامەی کتێب



نیاز سالّح ئەحمەد : ( شارەکەم لەچەند دێرێکدا )

# چالاکی رۆشنبیری کورد لە ئەورووپا

## فیلمی ( بێهیوایی ) لە هولەندا

فیلمی ( بێهیوایی ) : دووابین بەرهەمی سینەمایـــیی هونەرمەندێکی کوردە بەناوی کاك ( حوسێن سێودین ) ، کە لـە شاری ئەمستردام ، لە هولەندا بەرهەم هێنراوە .

ئەم فیلمە ، سیناریۆکەی ، بەزمانی هۆلەندی ، لە لایـــەن هونەرمەندی ناوبراو خۆیەوە نووسراوە و لەسەر کـاسـێتـــــی ( U.Matio ) لەلایەن دەزگای M.T.W هاتۆتە بەرهـــــەم هێنان . ماوەی فیلمەکە یازدە ( ١١ ) دەقیقەیە و چەنــــــد ئەکتەرێکی هۆلەندیش رۆڵی تێدا دەبینن .

فیلمەکە ، چیرۆکی ژیانی دوو گەنجی کورد دەگێڕێتەوە ، کـــە لەژێر چەپۆکی جەور و ستەمی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردســـــتـــان رایانکردووە و هاتوونەتە ئەورووپا .. کە مۆتەکەی ئەم جەوروستەمە لە ئەورووپاش هەر وازیان لێناهێنێ !!

تەلەفزیۆنی هۆلەندی ، ئەم فیلمەی کڕیوە و چەندین جـــــار پیشانیداوە و جێی رەزامەندی خەڵك بووە .

## فیلمێکی ڤیدیۆیی دەربارەی مەزهەری خالقی

پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ، کە نزیکەی دوو ساڵی خایاند ، تیپی هەورامان توانی فیلمێکی ڤیدیۆیی دەربارەی مامۆستا مەزهەری خالقی بشێنێتە بەرهەم .

هەواڵنامەی کتێب

ئەم فیلمە ٣٦ دەقیقە درێژە دەکێشێ و بەهەموو سیستەمێکی ڤیدیۆیی : پالْ یان سیکام ، بەکاردەبرێ و باسی قۆناخەکانی گەشەکردنی هونەری مامۆستا مەزهەر دەکات و هەندێ لە گۆرانیە کون و نوێکانی دەخاتەڕوو بۆ نیشاندانی ئەو گەشەکردنە .

ئێمە حەز دەکەین ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز بکەینەوە کە دەتوانن بەو ناونیشانەی لای خوارەوە پەیوەندی لەگەلْ تیپی هەورامان‌دا ببەستن بۆ بەدەست هێنانی ئەم بەرهەمە ، کە بەری ماندووبوونێکی زۆرە ، و گشت بەرهەمەکانی تر .

Hawraman

Postlager Karte Nr. 045849 D.

43 Essen 1

W. Germany

هەواڵنامەی کتێب

## کتێبخانەیەکی کوردی لە ئەمریکا

بەپێی نووسراوەی " کریستین ساینس مانیتۆر " - چاپی ئەمریکا ، کتێبخانەیەکی گەورە و فراوانی کوردی لەلایەن خانمێك بەناوی ( ڤێرا بەهائەدین سەعیدپوور " لەشاری برۆکلین لەئەمریکا دامەزراوە .

ئەم کتێبخانەیە، زیاتر لە هەزار بەرهەمی کۆن و نوێ و جۆراو جۆری دەگمەنی ، بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی وئەلْمانی لەبارەی فەرهەنگ و زمان و مێژووی کورد ، هەروەها چەندین دەستنووس و نەخشە و قەلْتەی کوردی و زۆر شتی دیکەی‌کوردستانی تێدا کۆکراوەتەوە و پارێزراوە . ئەمەش ناونیشانی ئەو کتێبخانەیەیە:

345 Park Piace

Brooklyn, N.N

U . S . A

## کتێبێك لەبارەی شاعیری ناوداری کورد : ( بابا تاهیری هەمەدانی ) ، بەزمانی فەرەنسی

نووسەری لاو کاك ( کەمال مستەفا مەعرووف ) ، لـــەم دووابیەدا ، لەشاری پاریس ، لێکۆڵینەوەیەکی بەزمانی فەرەنسی ، لە ژێر ئەم ناونیشانەی خوارەوەدا بلاوکردۆتەوە : ( لورستان ولورەکان و بابا تاهیری هەمەدانی : سەرەتای ئەدەبیاتی کـــوردی -
Les Lurs , Le Luristan et le poete Baba Tahir-Hamadani : debuts de la litterature Kurde ) .

ئەم نامیلکەیە ، کە بریتی یە لە ( ١٠٢ ) لاپەڕەی قەبارە ناونجی ، هەوڵدانێکە بۆ ساغکردنەوە و سەلماندنی کوردبوونی لورەکان و ڕەگ و ریشەی مێژووییان ، هەروەها ... ( دانە چواریەنی شیعری بابـــا تاهیری هەمەدانی ، کە تەرجەمەی سەر زمانی فەرەنسی کراون .

بەرهەمی ناوبراو ، لەمانگی ڕابردوودا ، لە چاپخانـــەی ( Sarl Futur Vincennes ) چاپ و بلاوکراوەتەوە .

## کاتنامەی گۆڕان

( کاتنامەی گۆڕان ) : نۆبەرەیەکی دیکەی هەوڵ وتێکۆشانـــی نووسەرە کوردەکانی کوردستانی ئێرانە ، لەشێوە و قەبارەی گۆڤارێکی مانگانە ، لە شاری ( سنە ) چاپ و بلاودەبێتەوە .

ئەم گۆڤارە ، کە لەلایەن ( ئینتیشاراتی گۆڕان ) ، لەژێــــر سەرپەرشتی ی کۆمەڵێك لەنووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردی ئێرانـــەوە دەردەچێ ، هیواداریـن ببێتە هەنگاوێکی گەورە لەرێگای بـــەرەو پێش بردنی فەرهەنگ و زمانی کوردی ـ لەکوردستانی داگیرکـــراوی ئێران دا . ئەمەش ناونیشانی گۆڤارەکەیە :

سـنندج . خیابان شهدای جنوبی ،
پاساژ عزتی ، انتشارات گـــوران -
مجلـــهٔ ( گـــوران ) .

## دوو کۆڕ لە دانیمارک

لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا ، مەڵبەندی کەلتووری کوردی لـــە دانیمارک ـ کۆپنهاگن ، دوو کۆڕی سازکرد بۆ کوردە ئاوارەکـــان : یەکەمیان لەرۆژی یەکی نیساندا ، بۆ شاعیری کورد ( حەمە سەعیـــد حەسەن ) ، دەربارەی ڕەخنەی شیعری . دووەمیان لەرۆژی ۲۹ ی نیساندا ، بۆ هونەرمەندی کورد ( فازیل جاف ) ، دەربـــارەی مێژووی شانۆی کوردی .

## شـــیعری کوردی لە پاریـــس

ئەنستیتووی کورد ـ لەپاریس ، لەرۆژی ۱۹۸۹/٦/۱۱ ، لە یەکێك لە هۆڵە گەورەکانی شاری پاریس ، ئێوارە شیعرێکی بۆ کـاك ( شێرکۆ بێکەس ) سازکرد . لەو ئێوارە شیعرەدا ،بەشێ لەشیعرەکانی شاعیری ناوبراو ، بەزمانی فەرەنسی و تورکی و ئینگلیزی خوێنرانەوە ، وێرای کورتە باسێك ، بەزمانی فەرەنسی ،لەبارەی سەرهەڵـدان و پەرەسەندنی شیعری کوردی بە قەڵەمی کاك ( بەختیار ئەمین ) . دوای ئەوەش کاك شێرکۆ چەند پارچە شیعرێکی کۆن و تازەیخۆی بۆ ئامادەبووانی کۆڕەکە خوێندەوە .

هەروەها لەرۆژی ۱۹۸۹/٦/۱٦ ، شاعیری ناوبراو بەشداری لە ئێوارە شیعرێکی شاعیرانی فەرەنسی زمان کرد ( کە لەلایـــەن یەکێتی نووسەرانی تورنسییەوە سازکرابوو )

* * *



هەوڵنامەی کتێب

# پەندی پێشینان لەناو میللەتاندا

وەرگێڕانی
ڕەزا حەمە فەرەج

* ڕێوی هەر یەك كون شارەزا نی یە .
دانیمارك

* میوەی گەیو خۆی لەدار بەردەبێتەوە .
بولگاریا

* لێبوردن باشترین تۆڵەیە .
ئەڵمانیا

* نانی ڕەق ددانی تیژی پێویستە.
فەرەنسا

* وورچ بە مێروولە تێر نابێ .
یۆنان

* ئەگەر كەر پێی پیانای ، لای كەس باسی مەكە .
ئینگلستان

* ئەوەی زۆر بەڵێنی دا ، چاوەڕێی هیچی لێ مەكە .
ئیتاڵیا

هەواڵنامەی کتێب

* چاو هەموو شتێك دەبینێ ، تەنیا خۆی نەبێ .

**یۆگۆسلاڤیا**

* مەڕ بە گورگی نووستوو ناخورێ .

**ئاسکیمۆ**

* ئەوەی خانوویەکی کۆن و ژنێکی گەنجی هەبێ ئیش وکاری زۆرە .

**هۆلەندا**

* مێشولە هێندە بچووك نی یە کە ئازار بە ئەسپ نەگەێنێ .

**نەرویج**

* مرۆڤ خاوەنی یەك چاوی خۆی بێ ، لەدوو چاوی بێگانە باشترە

**پولونیا**

* ئەوەی تالی نەچێشتبێ نازانێ شیرینی چی یە .

**رومانیا**

* دزی بچکۆلە لەسێدارە دەدرێ و دزی گەورە رێزی لێ دەگیرێ .

**روسیا**

* هەموو شۆربایەك بەدەمی برسی خۆشە .

**قەرەج**

* دەم و چاوی ترسنۆك لە دواوەیە .

**سوێد**

* ئاگاداری رابردوو بە ، با ئایندە ببینی .

**چین**

* هیچ رێگایەك دوور نی یە ، ئەگەر هاورێت لەگەڵدا بێ .

**یابان**

* تیمساح هەر لەئاودا ئازایە .

**ئەنگولا**

# ڕۆشنبیری

ئەحمەدی مەلا

کەینێ دەتوانین ببینە خاوەن ڕۆشنبیرییەك کە بتوانێ تەجاوزی بارودۆخی سیاسی بکات و لە هەمان کاتیش دا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هەمە جۆرەکان بدات ؟

زۆرجار ڕۆشنبیران چارەسەری سیاسەتمەدارانیان لەچنگ دایە، چونکە نەکەوتوونەتە ژێر باری هیچ بۆچوونێکی یەك لایەنی تەسك و بەهیچ بەرژەوەندییەکی کورت خایەنەوە گرێ نەدراون . ئەمە مانای ئەوە ناگرێتەوە کە ڕۆشنبیران لە قوڵلەی قاڤەوە دەڕواننە گێرە و کێشەکان و حەکیمانە تەماشای دەکەن ، بەڵکو لەناو بۆتەی کێشە ڕاستەقینەکانەوە هەڵدەقوڵێن و دەڕواننە ئاسۆیەکی فراوانتر. خۆیان بە کێشەکانەوە هەڵناواسن ، بەڵکو کێشەکان بینەقاقایان دەگرێت .

ڕۆشنبیریی مانای باوەڕهێنانە بەویترە ، ئەویتر گرینگی و مانا بەم هاوکێشە پڕ مانایە دەبەخشێ ، پێویستە ببێتە بنکەی جووڵانەوەو کارکردن . پارت و ڕێکخراو و دامەزراوە هەمە چەشنەکان، ئەنجامی هەلومەرجی دیاریکراون ، دەگۆڕدرێن بە گۆڕانی ئاوهەواوی گشتی و داڕێژانی هێڵی کاری سیاسی دەبەسترێتەوە بە چەندان هۆکاری دیاریکراوەوە ، بۆیە پێویستە ئاوڕ لەدەنگی ڕۆشنبیری بدرێتەوە ، تاکو دینامیکییەتی کارکردن بە مێژووەوە ببەسترێتەوە .

ئەگەر ئاوڕێك لەم دە ساڵەی دوایی بدرێتەوە ، کاری سیاسیان و ڕۆشنبیران بخرێتە دوو تای تەرازووەوە ، ئەوا ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەبێت ، ئەویش ئەو کەندرەیە کە ماوەیەکی ( مسافة ) ترازیدی لەنێوان هەردوو لادا دروستکردووە .

دەبێ سەربەخۆیی و تێکهەڵکێشیی بە ووردبینییەوە سەیر بکرێت . سەربەخۆیی لەکارکردن و بیرکردنەوە و تێڕامان ، تێك هەڵکێشیش وەکو مامەڵەکردن و ئەو هەودا دیالیکتیکە بدۆزرێتەوە کە لەنێوان سیاسەت و ڕۆشنبیریدا هەیە تاکو دە ساڵی ڕابردوو جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

# سەرنجێك

ئەمر کۆمەڵێك هۆی هونەری کەپەیوەندی بە بچووکردنەوە و ئامێـــری ڕۆنیۆوە هەبوو ، پەراوێزی بابەتەکان وەك پێویست دەرنەچوون . بۆیە بـــە چاکمان زانی لەکۆتایی گۆڤارەکەدا و بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بەپێی ژمارەی لاپەرەی بابەتەکان دووبارەیان بکەینەوە . بۆیە داوای لێبوردن دەکەین .

* * *

**خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانە و ڕاستیدا :**

١) عبدالرزاق الحسيني : تاريخ الوزارات العراقية ، ج ٣ ، صيـــدا ١٩٥٣ ، ص ٥٩-٦٥ .
- عەنوور میرزا کەریم : کۆمەڵی زانستی لەسلێمانی ، بەغدا ١٩٨٥ ، ل ١١١- ١٢٧ .

٢) هەقەکان ساڵی ١٩٣٤ لەلادێوە بۆ شاری کەرکوك کەوتنە ڕێ و گوێنیان لەبەر کرد وەکو نارەزایی دەربڕینێك لەسەر گرتنی شـێـــخ عەبدولکەریمی شەدەڵە . مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لەبزووتنەوەی " هەقە " ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٥ .

٣) نوری شاویس : من مذکراتي . منشورات ح.ش.د.ك ، ط١ ، ١٩٨٥ ص ٨٢ .

٤) ابراهيم علاوي : البترول العراقي ، بيروت ، ط١ ، ١٩٦٧ ، ص١٠٧ .

٥) Samuel F. Wells, Jr & Mark Bruzonsky: Security in the middle east , Colorado, 1987 , P102 .

٦) Bruinessen , Martin : Aga, Shaikh & state - Utrecht. (Dis.) 1978. P. 3 .



هەولێرنامەی کتێب

٧) حول الحركة التحررية للشعب الكردي في كردستان العراق : من وثائق الاتحاد الوطني الكردستاني . التأريخ و مكان الطبع(بلا) . ص ٩٤ و ١٨٤ .

٨) من ئەم قسەیەم لەساڵی ١٩٧٩ دا لە شەهید گۆران خۆی بیستووە .

٩) باوکی ئاوارە : چەند تیشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا - گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە (٦) / پاییزی ١٩٧٩ ، ل ١٣ . ( باوکی ئاوارە نازناوێکی تری مەلا بەختیارە ) .

١٠) جۆنێتی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەساڵی ١٩٧٦دا خۆی لەخۆیدا لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی دەوێ . هێزە سیاسی / چەکدارەکان هەریەکە لەتێڕوانینی خۆیەوە تا رادەیەك تیشکیان خستۆتە سەر شێوەی دەستپێکی خۆیان و ئەوەش دەتوانرێ سوودیان لێ وەربگیردرێ بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی . ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێ دەتوانرێ سوود لە هەواڵنامەی ژمارە(یەك) وەربگیردرێ ، بۆ بەراوردکردنی جۆنێتی پێکهاتنی جوولانەوەکە .

١١) ئارام : هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی شەهید ئارام . چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزو ، ١٩٨٠ ، ل ٢٨-٣٢ .

لەو ماوەیەی لەگەڵ شەهید ئارام پێکەوە بووین ( کانوونی دووەمی ١٩٧٧ ) دەربارەی ئەو پرۆژەیەی ئەو بەتەمای وەدی هێنانی بوو ، قسەمان کرد . ئەو دەیگووت ئێمە بەتەما نەبووین بانگەوازی " شۆرش " بدەین و بیکەینە هەلاوبگر ، ئێمە دەمان ویست بۆ ماوەی ساڵێك بە لای کەمەوە خەڵك ووشیار بکەینەوە و خۆمان بەهێز بکەین . کەچی ( مام جەلال ) لەشامەوە دەستیکردە بەیان دەرکردن و هەلاوبگر.. هتد تا بەتەواوی رژێمی وروژاند و وەزعەکەی لە ئێمەش ئاڵۆزکرد .

١٢) رژێمی عیراق و ئێران لەسەر ئەوە رێکەوتبوون ، لە ١١/٨ تا ١١/١٧ ی ١٩٧٨ لەیەك کاتدا و لەهەردوولاوە ، هێرش بکەنە

سەر بارەگاکانی ی.ن.ك لە ( شێنێ و خرێ ناوزەنگ ) . رژێم بۆ ماوەی نۆ رۆژ بە خەستی هێرشی کردە سەر ئەم ناوچەیە و لەئەنجامدا بەشکاوی گەرایەوە . ئێران بەگوێرەی ئەو پلانەی لەسەری رێکەوتبوون بەشداری لەو هێرشەدا نەکرد . لەهاوینی ١٩٧٩دا لەسەرهەنگێکی مەهابادیم بیست کە ئەو لەگەڵ ئەفسەرێکی ئازەری فەرمانی هێرشیان بۆ هاتووە ، بەڵام توانیویانە هەندێ بیانوو بدۆزنەوە و بەشداری لە لێدانی ئەو ناوچانەدا نەکەن . بێگومان ئەگەر سوپای ئێران بەشداری لەو شەڕەدا بکردایە و لەپشتەوە لەهێزەکانی یەکێتی بدایە، ئەو هێزانە نەیان دەتوانی جێی خۆیان لەوێ راگرن و زیانێکی گەورەشیان لێ دەکەوت .

١٣) Bruinessen, Martin , The kurds Between Iran & Iraq , in Middle East Report . July-Aug.1986.P17.

١٤) بەپێویستی نازانم پەنجە بۆ سەرچاوەکان راکێشم لەبەر زۆریان .

١٥) پەترۆن / کلیەنت ـ Patron - Klient

Patron : صاحب مؤسسة ، السيد المعتق ، الراعي،الحامي

Klient : شخص يحيا في حماية شخص آخر ، التابـــع

هەر بۆ نموونە دەتوانرێ سەرۆك هۆزێك بە ( پەترۆن ) دانرێ و پیاوەکانی بە ( کلیەنت ) . لە ناو داو و دەزگای حکومەتی وەکو عیراقیشدا هەمان دیاردە هەیە ، لێپرسراوێك و دەست پێوەنەکەی .

١٦) Tibi, Bassam: Militar und Sozialismus in der Dritten Welt, Frankfurt. 1973 . S. 61 .

١٧) ئەم رووداوە لەرۆژی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٨١ لەگوندی چۆخماخ روویدا و ناوی کوژراوەکەش حاجی حسەینی زازەڵەیی بوو .

١٨) زۆربەی ئەم زانیاریانەم لە دوو سەرچاوە وەرگرتووە: یەکەم/ تـــەو نامانەی خەڵکی هەڵەبجە بۆ دۆست و خزم و ناسیاوەکانیان لەدەرەوەی

وولاّت ناردوویانە . دووەم/ خۆم چاوم بەهەندێ بریندار کەوتووە و ئەوان بۆیان گێڕاومەتەوە .
- ڕۆژنامەی (عراق الغد ) - ژمارە ٣٦ی ئابی ١٩٨٨، ل٤ - گفتو گۆیەکی درێژی لەگەڵ جلال تالەبانی‌دا بلاّوکردوتەوە و ئەو لەوێ دا دانی بەوەداناوە کە ڕێکخراوەکەی ئەویش بەشداریان لەو کارە دزێوانە کردووە ، ئەگەرچی هەوڵی‌داوە تاوانەکان لەو چەکدارانە دوورخاتەوە کە سەر بە ڕێکخراوەکەی ئەوون .

## ووتـاری سـترۆکتورالیـزمی :

١) مەبەستم لەهەموو بەشەکانی زانستە ، واتە زانستە مرۆڤایەتیەکان ( وەکو : ئابووری ، فەلسەفە ، کۆمەڵناسی ، شی‌کردنـەوەی دەروونی و ئەدەبی ، ئەنترۆپۆلۆژیا ...هتد ) و زانسـتـە سروشتیەکان ( وەکو: بایۆلۆژیا ، فیزیا و ...هتد ) .

٢) بڕوانە ئەو شی‌کردنەوانەی کە " موحەمەد ئەرگۆن " لەمبارەیـەوە کردویەتی . لەراستیدا ئەمڕۆ " ئەرگۆن " توانیویەتی ڕۆشنبیری عەرەبی لە هەندێ شی‌کردنەوەی ئەرتەدۆکسی و ئایدیۆلـــۆژی هەرزان بپارێزێت و ئەمجار " ئەرگۆن " توانیویەتی " بـــۆ شی‌کردنەوە و پیاچوونەوەی " قورئان " و مەسەلەی " ڕۆژهەلات ناسی " سوود لەهەندێ ڕێڕەوی فیکری تازەی ئەمڕۆی فەرەنسا وەربگرێت ، لەوانە ئەنترۆپۆلۆژیا و زمانەوانی و " ڕێـــــڕەو ی شی‌کردنەوەی " جاک دریدا .

٣) بڕوانە ، میشال فۆکۆ : " سیستەمی ووتار " ، کە " محمـــد سبیلا " وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ، چاپی یەکـــەم ، بێروت ١٩٨٤ ، ل ١٣ .

٤) بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ٩ .



هەواڵنامەی کتێب

٥) " جاك دریدا " ئەمرۆ یەکێکە لەو کەسانەی بە " ئەودبوی ستروکتورالیزمی ـ مابعد البنیویة " ناسراون و بەپێی شیکردنەوەکانی کە پشت بەرێرەوی هەڵوەشاندنەوە ـ منهج التفکیك " دەبەستێ ، گومان لەوە دەکات رۆژئاوا بەسێنتەری " مرکز " فیکر دابنرێت و تەنانەت گومانیشی لەراتسیۆنالیستی رۆژئاواش دەکات . وە هەڵکۆڵین بەناو شارستانیەتی رۆژئاواوە دەکات و ئەو بنەما میتافیزیکەی هەیبووە ئاشکرا دەکات و دیدرا سنووری تێکستی ستروکتورالیزمی تێدەپەڕێنێ و قایل نابێت ئەو " تێکستە " دوور لە خوێنەر و هۆکاری دەرەکی ومێژوویی شی بکرێتەوە . لەو پەرتووکە بەناوبانگەی لەم بارەیەوە نووسیویتی و ئاێستا وەرنەگێردراون : " گراماتۆلۆزیا ـ Grammatologie " ساڵی ١٩٦٨ دەرچووە ، " الکتابة و الاختلاف " کەساڵی ١٩٦٧ دەرچووە .

٦) بڕوانە ، د . زکریا ابراهیم : " مشکلة البنیة " ، قاهرة ، ساڵی ١٩٧٦ ، ل ٣٢ .

٧) بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ١١ .

٨) بڕوانە ، گۆڤاری " الفکر العربي المعاصر " ، ژمارە ٦/٧ ، ساڵی ١٩٨٠ ، بێروت .

٩) بڕوانە ،د . فؤاد زکریا : " آفاق الفلسفة " ، سلسلة الفکر المعاصر ٦ ، چاپی یەکەم ١٩٨٨، بێروت ، دار التنویر ،ل ٢٧٣ .

١٠) بڕوانە ،سعید الغانمي ، گۆڤاری " الاقلام " ی عیراقی ، ژمارە ٦٣ ، تەمووزی ١٩٨٨ ، ل ٦٦ .

١١) بڕوانە ،لۆسیان سیف : " ستروکتورالیزم و مارکسیزم " ، چاپی یەکەم ، ١٩٨١ ، دار ابن خلدون ـ بێروت ،ل ١٣ .



هەواڵنامەی کتێب

١٢) ئەم پەرتووکە: " سەردەمی سترۆکتۆرالیزمی " لەلایەن " دار الافاق " ی عیراقیەوە لەساڵی ١٩٨٥ دا چاپکراوە و " جابر عصفور " وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی . لەڕاستیدا ئەم پەرتووکە ،کە لەلایەن " ئیدیت کیرۆزیل " ەوە نووسراوە ، بریتییە لەپوختەکردنەوەی حیسابی " ئەمەریکی " لەگەڵ میرانی سترۆکتۆرالیزمی فەرەنسیدا .

١٣) لویس ئاڵتۆسیر ، بەدانەری سترۆکتۆرالیزمی مارکسیزمی دادەنرێت لە میانەی پیاچوونەوە و گەڕانەوەی بەمارکسیزمدا ، وە لەو خوێندنەوەیەیدا کەکردوویەتی بۆ پەرتووکی بەناوبانگی " مارکس " : " سەرمایە " ، کە تا ئێستاش لەسەر ئاستی جیهان پیاچوونەوەی جۆربەجۆری بۆ کراوە ، توانیویەتی چەند شتێك لەفیکری مارکس و لەسەر ئاستی تیۆری بدۆزێتەوە کە گۆڕا بوونە ، وە دان بە دابڕینی ئەبستمۆلۆژی دەنێت لە فیکری مارکس دا و قۆناغی فیکری مارکس دەکاتە دوو بەشەوە : ئایدیۆلۆژی و زانستی .

١٤) بڕوانە ،میشال فۆکۆ : " سترۆکتۆرالیزم و شیکردنەوەی ئەدەبی " کە لە گۆڤاری " العرب و الفکر العالمي " دا بڵاوکراوەتەوە و محمد الخماسي وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ، ژمارە یەکی زستانی ١٩٨٨ ،ل ١٥ . ئەوەی شایانی باسە ئەم بابەتەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەگۆڤاری " یەکگرتن " دا بڵاودەبێتەوە لەداهاتوودا .

١٥) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ،ل ١٦ .

١٦) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

١٧) ڕووداوی ئایاری ساڵی ١٩٦٨ ی فەرەنسا ، بە ڕووداوێکی قوتابیانەی بەناوبانگ دادەنرێت و لەگەڵ ڕوودانیدا دەنگی

ڕاسترەوەکان لەڕۆژئاوا بەگشتی و لەفەرەنسا بەتایبەتی بەرزبوەوە کە ئەم بزووتنەوەیە بریتی‌یە لەبەرەنگاربوونەوەی " سیستەمی زانستی " . ئەوەبوو چەند نووسەرێك وویستیان بی‌بەستنەوە بە وەی کە بریتی‌یە لەپایانی " ڕێرەوی سترۆکتۆرالیزمی " و نە توانینی بۆ گونجان لەگەڵ فەزای ڕۆشنبیری هاوچەرخ دا .

١٨) بڕوانە ،ڕۆبرت شۆلز : " البنیویة في الادب " ، وەرگێڕانی " حنا عبود " ،لەبلاّوکراوەکانی " اتحاد الکتاب العرب" ، دمشق ١٩٨٤ ، چاپی یەکەم ،ل٠ ٢٢٠ .

**پێناسەیەك بۆ ئەو کەسایەتی لەواقیعی ئەمڕۆی جیهان‌دا :**

* Durkheim ( Emile ) ( ١٨٥٨-١٩١٧ ) : کۆمەڵناسێکی فەرەنسیە و یەکێکە لە بنیاتنەرانی زانستی کۆمەڵناسی لەفەرەنسا .

١) تأریخ عقاید و مکتبهای سیاسی از عهد باستان تا امروز . لە نووسینی پرۆفیسور گائتا نومسکا و دکتر گاستون بوتو - چاپی اول ، تهران ١٣٦٣ ، انتشارات مروارید . بەشی دووەم ( عقاید و مکتب های سیاسی از ١٩١٤ بد بعد ) لەنووسینی د. غاستون بوتو ، لاپەرە ٣٨٤ .

٢) الانسان و الاغتراب - مجاهد عبدالمنعم المجاهد - لاپەرە ٢٩٥کە لە ( الخوف من الحریة )ی ( ئریك فرۆم )ەوە وەری گرتووە - سعدالدین للطباعة و النشر و التزیع - دمشق ١٩٨٥/الطبعة الاولى .

٣) هەمان سەرچاوە ، دیسان لەکتێبەکەی ( ئریك فرۆم )ەوە وەریگرتووە ، هەمان لاپەرە .

٤) کەزۆرجار وەك زاراوە بۆ داپۆشین و ڕێخۆشکردنی سیاسەتی ئیمپریالیستی وڵاتە " پێشکەوتووەکان " وەك هۆکارێکی ئایدیۆلۆجی

خزمەتی زۆری کردووە و دەیکات . بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەولاتانی ئەفەریقا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتینە ( جیهانی سێیەم مەفهومێکی جوگرافی و سیاسیە ، باشوری گۆی زەویە ، لەقۆناغی مێژوییدا ، داگیرکراو ، لەباروودۆخی ئابوریدا ، دواکەوتووی ) - من اجل نظام اقتصادی دولی جدید ـ محمد بدجاوی ، لاپەڕە ٢٧ ،وەرگێڕانی د . نجیب حداد ـ مطبعة وزارة الثقافة والارشاد القومي دمشق ١٩٨٤

٥) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ١٦٧ .

٦) بەشی زۆری ئەو بەرهەمەی لەجیهاندا دەهێنرێتە بەرهەم، هەر لەولاتە پێشکەوتووەکاندا بەکاردەهێنرێتەوە ( هەرچەندە زۆربەی خەلکی لە حالەتی برسێتیەکی کوشندەدا دەژین ، لەگەل ئەوەشدا ژمارەی دانیشتوانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکازیاتر لە٦٪ ی دانیشتوانی جیهان پێك ناهێنن ، بەلام لە ٥٥٪ ی هەموو کەرەسەی سروشتی جیهان بەکار دەهێنن ) - من اجل نظام اقتصادی دولي حديد ـ کە پێشتر پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە ـ لاپەڕە ٢٩ .
هەروەها لە هەمان سەرچاوەوە ـ لاپەڕە ٣٥-٣٦ ـ ئەم دوو برگەیە دەخەینە پێشچاو : " پێویستی بەرخۆری ئاژەل لەولاتە دەولەمەندەکاندا پێش بەرخۆری بەشەری ولاتە تازە پێگەیشتووەکان دابین کراوە . ئاژەلەکانی ولاتە " پێشکەوتووەکان " چارەکێکی بەرهەمی دانەوێلەی جیهان دەخۆن ، واتە نزیکەی ملیارێك و ٣٠٠ ملیۆن دانیشتوان ) . ( ئەوەندەی ئەمریکیەکان لەماوەی سالێکدا زیادە خۆراك فرێدەدەنە تەنەگەی خۆلەکانیانەوە ، بۆ ماوەی مانگێك بەشی خۆراکی هەموو ولاتانی کیشوەری ئەفریقیای بەربن دەکات ) .

٧) تکامل نهادها و ایدیولوژیهای اقتصادی ـ ای.ك. هانت ، وەرگێڕانی بۆ فارسی : سهراب بهداد ، تهران ١٣٥٨ ـ مجموعه جامعه و اقتصاد ـ لاپەڕە ١٣٩ کە لەم کتیبەی (ئریك فرۆم)ەوە وەرگیراوە : Erick Fromm : The sane society ,

New york - Fawcett world library , Premier books, 1965 - P. 125 .

٨) ئریك فرۆم : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ١٣٩ کە لەکتێبە فارسیەکەدا پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە .

* ڕوانگەی لۆجیکی بەو واتایەی کە مرۆڤ پێویستە لەناو پەیوەندیەکی مرۆڤایەتی کامل و سەرتاسەریدا بژی ، بەرامبەرئەوە هەموو پەیوەندیە بەناو کۆمەلآیەتیەکانی ئەمڕۆ ناتەواو دەوەستنەوە .

٩) هەر لەبازرگانی مندالەوە هەتا دەگاتە کڕین و لابردن و خولقاندنی ڕژێمە سیاسیەکان و هەلگیرساندن و دروستکردنی جۆرەها جەنگ و شەڕوشۆڕی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەولەتی و بازرگانیکردن بەخوێنی میللەتانەوە و بەکاربردنیان لەپێناو دابینکردن و مسۆگەرکردنی سوود و قازانج و مانەوەی سەرمایەداریدا . لەبارەی کۆیلەیەتی مندالانەوە و بەکاربردنیان بەدڕندانەترین شێوە ( کۆمەلەی لەناوبردنی کۆیلەیەتیکە بنکەکەی لەلەندەنە ) دەلێت : " لە ٢٠ ملیون مندال کەمتر نیە لەجیهاندا کە کۆتی کۆیلەیەتی بەندیکردوون و لەکێلگە و کارگەکانی چنین و جیهانی نزمی جنسیدا بۆ چەندین سەعاتی بەردەوام دەخرێنە ئیشەوە بەرامبەر بەکرێیەکی کەم و لەزۆربەی کاتیشدا مامەلەی خراپ دەکرێن " . ڕۆجر سوید لەکتێبەکەیدا ـ مندالەکۆیلەکان ـ کە تازە بلاوبۆتەوە دەلێت : " ژمارەی کۆیلە کە ئەمڕۆ لەجیهاندا هەیە، لەسەرووی ئەو ژمارەیەوەیە کە لەسەدەی ڕابردوودا هەبووە و بازرگانی کۆیلەی تیا قەدەغەکراوە " . هەروەها سوید لەکتێبەکەیدا دەلێت : " ڕێژەی ـ دعارة ـ ی مندالان لەپاریس و نیویۆرك و لەندەن لەزیاد بووندایە . لەپاریسدا بەنزیکەی هەشت هەزار هەرزەکاری کوڕ و کچ لەقەلەم دەدرێ ، لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەی بەکۆمەلێ هەرزەکار براوە کە تەمەنیان لەنێوان ١٢-١٤ سالدایە لەشارە سەرەکیەکاندا لەبواری ـ دعارة ـ دا بەکاردەبرێن " ئینجا دەلێ ٢٦٤ "

گۆڤاری ئەمریکی کەتایبەتە بە بلاوکردنەوەی وێنەی ـ داعرة ـی مندالان ٥٠٠ ملیۆن دۆلار قازانج بەدەست دەهێنن " . ڕۆژنامەی" الثورة"ی سوری لەژێر ناونیشانی ( ٢٠٠ ملیون طفل تکبلهم انحلال العبودیة في العالم ) و لەمانگی ٦-٨ی سالی ١٩٨٨ دا ـ بەداخەوە ژمارەو بەروارەکەی دڕاوە ـ هاتووە . ئەمە جگە لەوەی کڕین و فرۆشتنی مندالان بۆ بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشیان و پڕکردنەوەی پێویستی و داواکاری نەخۆشخانەکانی ولاتە " پێشکەوتووەکان " لەمامەلـــە و سەودادایە و زۆربەی لە ڕێگەی ولاتە " دواکەوتووەکان " ەوە دابیـــن دەکرێن ، بەتایبەتی لە ولاتەکانی ئەمریکای لاتینەوە . لەوتارێکـــدا بەناوی ( شبکات تجارة الاطفال توسع مجالات نشاطاتها و یشارك فیها اسرائیلیون ) لە ڕۆژنامەی ( تشرین )ی سوری کە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٣ دا بلاوبۆتەوە هاتووە : " ... ڕۆژنامـــــەی ( اکسلسیۆر )ی مەکسیکی ، کە بە بەرفراوانی بلاودەبێتـــەوە ، نووسیویەتی بازرگانەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا " پێویستیان " بە هەموو جۆرە ئەندامێکی مـــرۆڤ : چاو ، کورچیلە ، سـی ، خوێن و ئەندامەکانی تری لاشەی مندالێ هەیە " . هەروەهـــا نووسیویەتی " هەندێ ئەمریکی هەن لەسایەی ئەو ئەندامەبەشەریانەوە دەژین کە لە دوای کوشتنی مندالانەوە دەستیان دەکەون ... " .

١٠ ) زۆربەی ئەو ئیشانەی ئەرکی قورسیان دەوێت یاخود مەترسی تەندروستی دروست دەکەن ، دەستی ئیشکەری بێگانە بەکاردەبرێن و خەلکی ئەو ولاتانە زۆر بەکەمی و لەکاتی ناچاریدا ئیشی تیادەکەن ، ئەمـــەش لایەنێکی تری دڕندایەتی سەرمایەداری‌یە . زۆر لەو کارگانـــەی مەرجەکانی لایەنی کەمی تەندروستیان تێدا نیە ( بەحوکمی جۆرێتـــی ئیشەکان وەك زۆر لە کارگە کیمیاوی و ئەتۆمیەکان ) و هەموو ئیشـــە پیشەوەری و ورد و تایبەتمەندیەکان زیاتر لەدەستی هاوولاتیەکانـــی خۆیاندا دەمێنێتەوە و زۆر بەئاستەم بەر کریکاری بێگانە دەکەوێت و زیاتر ئەو ئیشانەیان پێ‌دەبرێت کە خزمەتگوزاریە و لێزانینی کەمی دەوێت،

ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەو وولاتانە بەو شێوەیە و جۆرەها جیاوازی و سنووری جیاجیا خولقێنراوە بۆ پێکهێنانی ململانێ و پێشبڕکــــێ و لە ئەنجامدا سۆگەرکردن و بەردەوامبوونی ڕەوتی بەرهەمهێنانی تێدا دەخەملێ . جا ئەگەر باسی چۆنێتی پەیوەندیان بکەین لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە ژێر مەودای چنکیاندا دەڕەتێنرێن ، هەرگیز لەو مەرجانە کەمتر و بەدەر نیە ، بەو پێیە هەموو کێش و قورساییەکان دەکەوتــــە دەرەوەی ئەو حەقە پێشکەوتووەوە ، هەر لەپرۆسێسی بەرهەمهێنانــــەوە هەتا دەگاتە ڕژێمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان . بـــــــۆ دابینکردنی ئەو بارودۆخە ، جۆرەها سیاسەتیجیاخوازی و ڕەگــەز پەرستی و نەژادپەرستی . . .هتد خولقێنراون .

**مارکسیزم و تەنگوچەڵەمەی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی :**

١) شایانی باسە هەر لەو ڕۆژەوەی کە برنشتاین هەوڵیدەدا سۆسیالیــزم لەسەر تادەماری ڕەوشتیکانتی موتوربە بکات ، ئاسترۆمارکسیزم لــــــە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە هەوڵی ئەوەدابوو جیهانبینی کانتــــی لەزانستی کۆمەلایەتیدا بەکاربهێنێت ، لەکاتێکدائەوانە لەسەرەتادا لەژێر کارتێکردنی پۆزەتیڤیزمی ماخیدا بوون ( لەڕووسیا بەگدانۆف وهەندێکی تر لە ماخیزم نزیك بوونەوە و لێنین لە مەتریالیزم و ڕاڕەویتەجروبەگەرانە دا خەباتی ئایدیۆلۆژی لە دژیان بەرپاکرد ) ، لە کەسە چالاکەکانی ئەمانە دەتوانین ئاماژە بۆ ماکس ئادلێر ، فریدریش ئادلێر، کــــارل ڕینێر، ڕۆدۆلف هیلفردینگ، ئۆتۆ باوێر بکەین . ئەگەرچی ئەوانـــە لەڕووی تیۆری زانین ( نظریةالمعرفة ) و باساکانی بۆرژوازی وئابووری بۆرژوازیەوە هێرشیان دەکردە سەر "مارکسیزمی ڕەشۆکی" ، بــــەلام لەپاشدا و لەکاتی هەردوو جەنگی گەورەی جیهانیدا کەوتنە قسەکردن لەسەر سەرمایەداریی ڕێکخراو وەك دەورانێکی نوێی مێژووی ئابـــووری کومەلایەتی و کەوتنە دوان لەمەڕ گۆڕانی چینی کرێکار و توێـــــــژی

خزمەتگوزارانی نوێ و " چینی سەردەستی نوێ " لەڕووسیا . هەرچەندە ئەمانە باس و لێدوانیان لەسەر شتێك دەكرد كە ماركسیزمی خۆرئاوایی زۆر یان كەم لێی دوابوو ، بەلاّم ئاسترۆماركسیزم لە ماركسیزمی خۆرئاوایی زیاتر لەژێر كارتێكردنی فەلسەفەی زانستەكان وپۆزەتیڤیزمدا بوو و لەگەلّ هومانیزمی شۆڕشگێڕی ماركسیزمی خۆرئاواییدا جیاواز بوو . جگەلەوە سەرەڕای ئەوەی باوەریان بەوەبوو كە " دەبێت ئێمە بەشێوەیەكی داهێنەرانە گەشە بەبیر و بەرهەمەكانی ماركس بدەین " ، بەلاّم لە ئاكامدا خۆیان گرێدا بە سۆسیال دیموكراسییەكانەوە و هیلفردینگیش بووە وەزیری ڕژێمی سەرمایەداری .

٢ ) ئەو دەرك و بۆچوونانەی بلیخانۆف و میهرینگ و پاول لافارگ سەبارەت بە مەتریالیزمی مێژوو هەیان بوو ، هەلّگری ئێندتنستێكی بەهێزیفەتالیستی و ئابووریستانە بوو ، وە كەسانێكی وەك لابریۆلا كەدیدێكی فراوانتریان سەبارەت بە مەتریالیزمی مێژوو هەبوو ، بەتوندی كەوتنە ژێر پەلاماری ڕەخنەی توندوتیژی بلیخانۆفەوە . نامەیەكی بەناوبانگ كە ئەنگلس سالّی ١٨٩٢ بۆ میهرێنگی نووسیووە ، دەرخەری ڕەخنەی ئەنگلسە سەبارەت بە بیر و بۆچوونی ئابووریستی ئەو سەردەمە . جەنەدێكی لەڕادەبەدەر كە بلیخانۆف لەسەر زانست خوازی ماركسیزم نواندی ، زەمینەی بۆ بیروبۆچوونی ئیمپریستی ـ میكانیكی لەماركسیزمدا خۆشكرد . ئەگەرچی لێنین ، كەلە بواری سیاسیدا خۆی لە بلیخانۆف جیادەكردەوە ،لە ڕووی هەلّسەنگاندن و شیكردنەوەی هەلومەرجی شۆڕشەوە ( لاوازترین ئەلّقەی زنجیرەكە ) زۆر ئازایانە چووە پێشەوە و تەنانەت هەنگاوێكیش زیاتر لە ماركس چووە پێشەوە ، بەلاّم نەپێش و نە لە پاش جەنگی جیهانیدا ، كە تیایدا دەستیكرد بەلێكۆلّینەوەی قولّ دەربارەی هیگلّ ، نەیتوانی سنووربەندی خۆی لەبەرامبەر بیرە فەلسەفیەكانی بلیخانۆف دروست بكات . بێگومان توخم و ڕەگەزی عەقلاّنیەتی ناو بیروڕاكانی لینین شوێنەوارێكی بەهێزیان هەبوو ، دەتوانین ئەم ڕاستییەش لەو بابەتانەدا بەدی بكەین

کە لینین تیایاندا ڕووبەڕووی " خۆرسکێتی " و ئابوریزم بووەوە. دووپات کردنەوەی لێکۆڵینەوەکردن لەسەر هیگڵ لە ووتاری " مەتریالیزمی خەباتگیر " دا ، کە لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر نووسیویەتی ،ئەوە دەردەخات کە ئەو جەغدی لەسەر دژایەتیکردنی فەتالیستی کردووە تیایدا ، بەڵام لاوازی‌یەکی لەو ڕووەوە دەبینرێت ئەوەیە کە لێنین پۆلبەندی فراوان و بەهێزی لە بەرامبەر بلیخانۆف دا دروست نەکرد . هەروەها هەندێک کاڵ وکرچی لەڕووی چەند واتایەکەوە لە دانراوی " مەتریالیزم و ڕاڕەوی نەجروبەگەرانە دا و لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشێکی بەرجەستەدا بەدی دەکرێت. کاتێك لێنین باسی مارکسیزمی وەك فێرکاری‌یەکی کامڵ و هاوسەنگ کراو و کۆڵەکەیەکی پولابین و بیردۆزێکی کامڵ و هاوسەنگ کراوی دەکرد ، ئەو بیروڕا " زانست خواز " و " سیستەمڕێژکردن " انەی بەهێزکرد کەدوایی بوونە هۆی ئەوەی مارکسیزم وەك ئاینێکی پیرۆزو دۆگماتیستی سەیربکرێ . ئەگەر لێنین ئەو باسانەی دەری بڕیوون سەرجەمی تیۆری مارکسیزمی مەبەست بووبێت ، ئەوا ستالین و سەرکردەکانی ئینتەرناسیونالیزمی سێ‌یەمیش درێژەیان بەهەمان باسەکانی لێنین لەمەڕ ڕەفتاری سیاسی و تاکتیکی داوە . " لینینیزم "ی ئەمانە بەر لەوەی هەڵگر و پارێزەری گیانی داهێنەرانە و ئینتەرناسێونالیستانەی لینین بێ ، هەڵگری فیکری بەگشتی‌کردنێکی ( تعمیم ) ووشك و برینگی چەند مەقولەیەك بوو لەبەر ڕۆشنایی گیانی نەتەوەپەرستانەی ڕووسی‌دا . ستالین لەبەر ڕوشنایی بیرێکی دۆگماتیستانەی مەتریالیزمی مێژوویی و دیالەکتیکی و خەسلەتی میکانیکانە و ئابووریستانە ، " مارکسیزم ـ لێنینیزم " ی وەك بیر و بۆچوونێکی یەکلایەنی گەشەکردنی مارکسیزمی لەقەڵەمدا . بەکارهێنانی ڕەگەز و ڕیشەی لاوازی بیری (جاکۆبین )ی ناو بیروڕاکانی لێنین بەمەبەستی بەرگریکردن لە تیۆری نەخبویانە و جێ‌گرەوە ، ئەم دوو تیۆرەیش بوونە بەرگری‌لێ‌کەری سەرکوتکردن و فشار و زۆر بۆهێنان و سانسۆرد روستکردنی بێ‌سنوور لەسەر بیروباوەڕەکان . لە خەسڵەتە بەناوبانگەکانی قۆناغی دەسەڵاتدارێتی بیری ستالینیزم،جەغدکردن بوو لەسەر کاری سیاسی و

تاکتیکی بەشێوەگشتی‌یەکەی و لەقالبدانی تیۆر و گۆڕینی بە بنچینەی کار بۆ یەکبوونی ڕیزەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم . بێگومان ئەمە مانای ئەوە نی‌یە کە دەبێت لێنین - سەبارەت بەو هەڵانەی هەیبووە - بە بەرپرسیار بزانین بەرامبەر بەو هەموو بارودۆخانەی لەدوایدا لەسۆڤێت و شوێنی‌تر پێکهاتن .

٣) Alex Callinicis ; Is there afuture for Marxism ?

٤) آیدئولوزی آلمانی - مارکس ، ئەنگلس . ترجمهٔ فارسی ص ١٠٠ .

٥) Western Marxism , " A political & Philosophical interview ". - New Left Review .

٦) SU SHAZHI : Marxism in China P. 15

٧) آیدئولوزی آلمانی - مارکس ، انگلس . ترجمهٔ فارسی ص ٤٥ .

٨) David Mc Lellan : Karl Marx The Legacy P. 181 .

٩) مارکسیزمی ڕووسی " کە دەستڕۆیشتووترین و پان و بەرینترین شێوەکانی سۆسیالیزمی ئەمڕۆیە ، تا ساڵەکانی شەست " ڕەوتێکی تاکڕەوی زاڵ و بێ گیروگرفت بوو . هەرچەندە چینی‌یەکان خاوەنی چەند جیاوازی‌یەك بوون ، بەڵام هێشتا جیاوازی‌یەکانیان نەگەیشتبووە ڕادەی لێکترازان و بچڕین ، تەنیا یوگۆسلاڤیا نەبێ کە ساڵی ١٩٤٨ بە " لیبرالیزە کردنی خۆی لە ئۆردوگای سۆسیالیستی جیابووەوە . گروپە ترۆتسکیزمەکانیش، هەرچەندە لەدەرەوەی ئەم ڕەوتە جیهانی‌یە ( مارکسیزمی ڕووسی ) بوون ، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتی و تەنانەت تیۆریشەوە توانای ئەوەیان نەبوو هەراوهوریا دروست بکەن . بەسەرنجدان لەسروشتی لێنەهاتووانەی چالاکی تیۆری لە ئەورووپای خۆرهەڵات ( بە تایبەتی لە مەجەرستان ) ، سەرەڕای پاڵەپەستۆ و فشاری زۆر ، لەدوای جەنگی جیهانی سەرکەوتنی لە هەندێ بواری تیۆری‌دا بەدەست هێنا . لە یوگۆسلاڤیا ، کە لیبرالیزەکردنی بیرۆکراتیزم و خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانی سەرمایەداری‌دا بەتین بوو ، گروپێکی تیۆریستی زانکۆیی بەناوی گروپی پرۆکسیس پێك هات . ئەم گروپەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەبیرۆفیسورانێکی

وەك سوتوزار ، ستوجالڤیك ، گاجو بیتە رفیك پێك هاتبوو كەلە زانكۆكانی زاگرێب و بەلگراد بوون . ئەمانە ساڵەكانی ( ٦٤ - ٧٤ ) گۆڤارێكی خاوەن بیرێكی هۆمانیستی لێهاتووانەیان بە نێوی " پراكسیس " دەركرد كە لەپاشدا لەژێر فشاری دەوڵەت دا وەستێنرا .

لە ئۆردوگای سۆسیالیستی سۆڤییەتیدا ، تەنانەت پاش ساڵەكانی شەست ، جگە لە بزووتنەوەكەی لۆكاچ لەمەجەرستان ، ئاقارێكی تیۆریی توند و تۆڵ و رەخنەگرانەی ئەوتۆ سەری هەڵنەدا و شان بەشانی ئەوەش دۆگماتیزم و بیر ووشكی بەهەندێ دەستكاری كەم و بێبایەخەوە دەسەلاتی بەدەست هێنا . گۆرباچۆف ئێستا بۆ نزیكبوونەوە لە خۆرئاوا ناچار بووە لغاوی هەندێك لەو داو و بەندانە خاوتر بكاتەوە . ئەگەر ئەم كارە هەندێك ریفۆرم بكات كە بتوانێ مەیدانێك بۆ لێدوان و ئاڵوگۆركردنی تێڕوانین و فیكر دروست بكات و ببێتە زەمینە خۆشكەر بۆ رەخنەكرتن و رووبەڕووبوونەوەی راشكاوانە ، ئەوا ئەو كاتە دەشێ چاوەڕێی سەرهەڵدان و گەشەكردنی بزوتنەوەیەكی رەخنەگرانە و تیۆریش بكەین لە سۆڤییەتدا . لەچین دا شێواز و نەریتی تیۆریی ئەوەندە بەگوڕ و لێهاتوو نەبوو ، بەلام لەڕووی رادیكالیزمی سیاسی و سەربەخۆیی خوازی یەوە ( تەنانەت لە چوارچێوەی فشار و زۆربۆهێنانەكانی ستالینیشدا ) بەهێزبوون . جگە لەهەندێك رووی تایبەتی كەپەیوەندی بەسیاسەتی ئابووری و چۆنێتی پێكهاتنی پەیكەری سۆسیالیزمەوە هەبوو ، ئیتر گەشەكردنی ماركسیزم بە شێوەیەكی دیار و بەرچاو هەستی پێناكرێت . لەرۆژگارەكانی پاش (ماو) دا كە چین بەرەو جیهانی سەرمایەداری خۆرئاوا هەنگاوی دەنا و پەیوەندی فراوانتری رۆشنبیری لەگەڵدا دروست دەكرد ، ئاقارێكی رەخنەگرانە و بەشێوازی ئەكادیمیكی و دیبلۆماسیانە سەرلەنوێ سەری هەڵدا . ئێستا لەنێوان ئەكادیمیكەكانی ماركسیزمی چینی دا ئاقارێك دەركەوتووە كەوێرای پەیڕەویكردنیان لە شێوازی ماركسیزمی " ماركسیزم - لینینیزم / بیری ماوی " كەوتوونەتە ژێر كارتێكردنی هەندێك كارتێكەری خۆرئاواوە . هەڵسەنگاندنی ئەمانە سەبارەت بەشێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی و رێگەی رەتكردنی

مێژوو و هومانیزم و " دانانان بە تەنگوچەڵەمەدا " ( هەڵبەتە تەنگ و چەڵەمە لەجیهانی سۆسیالیزمی دا، نەك ئەوەی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە باوەڕی پێ بەتی ) و پێویستی وەلامدانەوەی هەندێك پرسیار، بەشێکن لەو بابەتانەی کە پێوەی خەریکن .

سوشاوزی ( SU SHAZHI ) کە بەڕێوەبەری پەیمانگای ( م . ل ) ی بیری ماو و ئەندامی ئەکادیمیای زانستی کۆمەلایەتی ی چینە و بەهۆی پایەی بیروبۆچوونەکانی لەنێو دەسەلاتدارانی حیزب و دەولەت دا شوێنەوارێکی بەرزی هەیە ، لە نووسراوێکی دا بەناوی " گەشەکردنی مارکسیزم لە بارودۆخی ئەمڕۆدا " ( بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی کۆچکردنی کارل مارکسەوە ) و لەسەر بنچینەی گوتەیەکی ماو کە دەلێ : " مارکسیزم دەبێ بەپێویست لە میانەی کاردا گەشە بکات ، بێ لەم حاڵەتە ئەگەر بەشێوەیەکی کلێشەو ڕواڵەتی بهێنێتەوە ، ئەوا ژیان لەسەرتاسەری جیهاندا دەوەستێت " ، ئەوەی بلاوکردەوە کە مارکسیزم پێویستی بەوەیە توند و تۆل و بەرفراوان بکرێت . ئەگەرچی ناوبراو باوەڕی بەبوونی تەنگوچەلەمە لە نێو مارکسیزمدا نی یە ، بەلام دەلێت :
" تێندێنسی هەلەی دۆگماتیزەکردنی مارکسیزم و بەپیرۆز سەیرکردنی تاقیکردنەوەکانی سۆڤییەت و ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم . . . گەشەکردنی مارکسیزمی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو دواخستووە ، ئەمەیش بە چەشنێک کە توانای ڕوونکردنەوە و وەلامدانەوەی زۆر لەو دیاردە نوێیانەی کە لە قۆناغی سەرمایەداریی مۆدێرن دا سەریان هەلداوە و زۆربابەتی تری نێو پراکتیکی سۆسیالیزمی هاوچەرخ و زۆر دەستکەوتی زانستی سروشتی ئەمرو و لقە تازەکانی زانستی کۆمەلایەتی نی یە ". ئینجا دەلێت :
" پێویستە ئێمە بەگیانێکی بەرزی هەستکردن بە لێپرسراوی یەوە لێکۆلینەوە لەسەر ئەو بابەتانە بکەین کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا هاتوونەتە ئاراوە و سووربین لەسەر بەرفراوانکردن و گەشەپێدانی مارکسیزم ، چونکە ڕێنومایی کردنی کار لە بارودۆخی مێژوویی ئەمڕۆدا ، تەنیا بەهۆی مارکسیزمی گەشەکردووەوە میسەر دەبێت " . پاشان مارکسیزمی خۆرئاوایی

ڕەت دەکاتەوە ، بەڵام باوەڕیشی وایە کە ناشێ بە ووشەیەکی سادە وەك " لادەر " بخرێنە لاوە ، وە پێی وایە کە مارکسیستە خۆرئاواییەکان چەند بەرهەمێکی گرنگ و بەناوبانگیان وەدەست خستووە و مەسەلەیەکیان گرتۆتە ئەستۆ کە مەسەلە جیهانی یەکان بەخێرایی یەکی گۆڕێەرانە دەخەنە ڕوو . نووسەرێکی تری چینی بەناوی ڕۆکسین لەنووسراوێکی دا بەناوی " هومانیزم یان ڕیڤیزیۆنیزم " دا ، سەرەڕای ئەوەی بەرگری لە هومانیزم دەکات وەك بەشێکی دانەبڕاوی مارکسیزم ، دەڵێت : **" ئەوانەی کە هومانیزم بە ڕیڤیزیۆنیزم لەقەڵەم دەدەن با ( وەك ڕیڤیزیۆنیزم بخرێنە ئەنتیکەخانەوە "**. لە ساڵەکانی دوایی دا لە چین بەرهەمەکانی بوخارین چاپکران ، هەروەها زنجیرە نووسراوێك دەربارەی سۆسیالیزم بەناوی " دیموکراتیەت و سۆسیالیزم " لەلایەن نووسەرانی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتی و چینی یەوە نووسرابوو و ئاڵوگۆڕی فیکری تێدا بوو بەئاشکرایی بلاوبوونەوە . وەك ئاشکرایە ئەم تێدتێنی ( لیبرالیزەکردن )ە لەچین دا تێکەڵ بوو لەگەڵ سیاسەتێکی سەربەخۆی ناسیۆنالیستانە و کۆنەپەرستانەدا و سەرئەنجام بیری ڕەخنەگرانەی تێکەڵ لەگەڵ ئەمجۆرە سیاسەتە ، حەز ناکات گەشە بە توانای شۆڕشگێڕانە و گیانی داهێنەرانەی مارکسیزم بدات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەك ئۆرۆ کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی . . . هتد دەتوانێ مارکسیزم بکاتە پاشکۆی ئاشکرای زۆر و ستەم و دەست درێژی .

لە سۆڤییەتدا ، سەرەڕای ئەوەی کە مەیدانێکی بەرفراوانی بلاوکردنەوە لە ئارادایە و توانایەکی گەورە بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان دەکرێت ، بەلام زۆر بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین " جگە لەنرخ و بایەخی ئەوانەی کە دەبێت زۆر بەنهێنی سوودیان لێ وەربگیردرێت " باقیەکەی هیچ نرخێکی ئەوتۆیان نی یە و بەشێوەیەکی سەرەکی لەچوارچێوەی کاری برۆپاگەندەیی و دوور لەگیانی داهێنەرانەدا ماونەتەوە . بۆنموونە ئەگەر چاوێك بە نووسراوەی " مەسەلەی نەتەوایەتی و وولاتە داگیرکراوەکان " دا بگێڕین کە لە کتێبی ( کۆمێنتێرن و خۆرهەلات )دایە ، دەبینین لە

دووتوێی نزیکەی ٣٠ لاپەڕەدا ، زۆربەی نووسینە مێژوویی‌یەکانی خۆرئاوا لەم ڕووەوە ڕەت دەکاتەوە و هەر لەم لایەنەیشەوە ئامانجی ئەم " مێژوو نووسە بۆرژوازیانە " دەخاتە پاڵ زوڵم و زۆری ئیمپریالیزم و نایەکسانی ئابووری و سیاسی . هەر لە هەمان نووسراودا و لە چەندلاپەڕەیەکدا ا.ج کار: مێژوونووسی ئینگلیزی بەناوبانگ وەك زانایەکی بۆرژوازی ڕادەگەیەنێت و دەیخاتە لاوە .

سۆسیالیزمی ڕووسی کەلە سەرەتادا تا ڕادەیەك چینیشی دەگرتەوە ، دوای ساڵەکانی شەست قڵیش و دەلاقەی تێکەوت ، " سۆسیالیزمی چینی " یش کە بەهۆی ڕادیکالیزمەکەیەوە پایەیەکی فراوانی بەدەست هێنابوو، لەساڵەکانی حەفتا بەدواوە بەرەو کۆنەپەرستی‌یەکی ئاشکرا چوو ، " سۆسیالیزمی ڕووسی " یش لەهەمان سەردەمدا ڕووبەڕووی لێك ترازانێکی نوێ بووەوە . ئۆرۆکۆمۆنیزم کە لە ساڵەکانی حەفتاوە سەری‌هەڵدا و خۆی دەرخست بۆ ئەوەی بتوانێ لەنێو بیری ستالینی و بیری تیۆری و سیاسی سۆسیال دیموکراسی و مارکسیزمی خۆرئاوایی و ڕوسی‌دا جێ‌یەکی تایبەتی بۆ خۆی بکاتەوە . سانتیاگۆ کاریلۆ ( سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا ) و بیر لینگوێر ( سکرتێری پارتی‌کۆمۆنیستی ئیتالیا ) لەم بارەیەوە دەست پێشکەریان نواند و زۆری نەخایاند جۆرج مارشیە لەوان نزیك بووەوە و حیزبی کۆمۆنیستی‌یاباتیش چووە ڕیزی ئەوانەوە . ئەمانە بەشێوەیەکی ئاشکرا کەوتنە لایەنگیری‌کردنی یاسای خاوەنداریێتی تایبەتی ، پەیمانی ناتۆ ، دیموکراسی‌یەتی‌پەرلەمانی‌یانکورد ( بەرێگەیەکی بنچینەییان دادەنا بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی ئەمڕۆ ) ، تەنانەت ڕا وبۆچوونەکانیان گەیشتە ڕادەیەك ناوەڕۆکی سیاسی‌یانەی وولاتەنوێکان ، وەك ناوەڕۆکێکی بۆرژوازی‌یانە لەقەڵەم نەدەن و پێ‌ی یان وابوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەتوانن لەچوارچێوەی ئەو ڕاوبۆچوونانەدا کاربکەن . " سۆسیالیزمی پێشمەرگانە " ی کاسترۆ و گیڤارایش ، سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەك کەفوکوڵ و تورەیی توێژی زانکۆکار و قوتابیانی هێنایە جۆش وخرۆش و بەشێوەیەکی سەرەکی شوێن

بێ‌ی سۆسیالیزمی ڕووسی هەڵگرت ، زۆری نەخایاند تێن و گــــوڕ و متمانەی خۆی لەدەست دا و تیۆریستە بەناوبانگەکەشیان : ڕێخـــــی دۆبریە ، بووە ڕاوێژکاری میتران و خۆی هاویشتە ئامێزی سۆسیـــال دیموکراسی‌یەوە . هەروەها ئەم " سۆسیالیزم " ەش هیچ بەرهـــەم و ئاکامێکی ئەوتۆی لەباری تیۆری‌یەوە بەدەست نەهێنا و نەیتوانی بە هـۆی خەسلەتی " پراکتیك خواز " انەی خۆیەوە ئەم کارە مەیسەر بکات .

١٠ ) زاراوەی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " لەزۆر لایەنەوە دارای گیروگرفـــت و تەنگوچەڵەمەیە ، چونکە دەربڕێکی ئازادەیەك جوگرافیانە لەمێشکدا دروست دەکات ( واتە وەك سۆسیالیزمی ڕووسی ، چینی . . . هتد ) . لــە خۆرئاوایشدا هەمان شێوازی " سۆسیالیزم " ، لە هەموویان بەهێزتـــر " ئۆرۆکۆمۆنیزم " و " سۆسیالیزمی ڕووسی " ن ، بەڵام ناتوانین بەوانـە بڵێین " مارکسیزمی خۆرئاوایی " . لەبەر ئەوە ، بەبێ‌ی ئـــــەو تایبەتی‌یانەی لە دەقەکەدا ئامازەمان بۆکردن ، ئەم عیبارەتە لە هەمـــوو زاراوەکانی‌تری وەك " چەپی نوێ " کە لە ئینگلستان بە گروپێکی‌تایبەتی ڕۆشنبیری نێودەبرێت ، بەرفراوانترە . " چەپی نوێ " لەزۆر ڕووەوە بەرامبەر بەهەمان زاراوەی " مارکسیزمی خۆرئاوایی " بەکارهاتووە .

١١ ) کۆرش و لۆکاچ لە بەهیگڵی‌کردنی هەرچی زیاتری مارکسیزمدا تادەهـــات زیاتر پشتیان بە خەسلەتی فەلسەفی تێڕوانینی مارکس دەبەست . لۆکـاچ لە " مێژوو و هوشیاری چینایەتی " دا گوتوویەتی بالادەستی بزوێنــــەرە ئابووری‌یەکان لە ڕوونکردنەوە و دەست نیشانکردنی مێژوودا ـ کـــە جیاکەرەوەیەکی بنچینەیی بیری مارکسیزم و بیری بۆرژوازی‌یەتە ـ نی‌یە ، بەڵکو تەنیا لەتێڕوانینێکی گشتی‌دایە . گووتەی گشت و بالادەستـــی گشت بەسەر بەشدا ، ناوەڕۆکی میتۆدێکە کە مارکس لەهیگڵی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا کردویەتە بنچینەی زانستێکی نوێ . لەهەمان ئەو کاتانەدا کۆرش یش ئامازەی بۆ ( گشتێتی پرۆسەکانی مێـــژووی کۆمەڵایەتی کردوە و گووتویەتی کە مارکسیزم بەشێوەی تیۆرێکی گەشەکردنـی

کۆمەڵایەتی دەبینرێت و بە گشتێکی زیندوو دادەنرێت ، یان دەتوانین بڵێین ، بەناوی تیۆری شۆڕشی کۆمەڵایەتی- کەوەك گشتێکی زیندوو رەفتار دەکات ـ دەناسرێت . بەبۆچوونی ئەمانە مارکسیزم فەلسەفەی چینی کرێکارە . پاشان کۆرش بەم شێوەیە بیرکردنەوەیە بیروراکانی خۆی فۆرموڵەکرد و چیتر " مەتریالیزمی مێژوو " ی بە یەك فەلسەفە نەدەژمارد و زیاتر بە میتۆدێکی " زانستی تەجروبەگەرانە " لەقەڵەم دەدا .

١٢ ) لەدامەزرێنەران و چالاکەکانی تری ئەم رێبازە تیۆری یە دەتوانین دەست نیشانی فردیریك پۆلاك ، کارڵ گرۆنبێرگ ، کارڵ ڤیت ڤۆگل ، ئادرنو ، ڤالتەر بنجامین ، کۆرش ، فرانز بۆرکیۆ ، هێنریك گروسمەن ، هیربەرت مارکۆزە ، ئیریش فرۆم ، هابەر مارس ، بکەین .

١٣ ) کۆڵتی ، کە ئاید یۆلۆگێکی ئیتالیە و زیاتر لە رێبازی ئالتوسیرەوە نزیکە ، قوتابخانەی فرانکفۆرت و رێبازی لۆکاچ بە ئاقارێکی پرۆفیسۆرانە ناوانبار دەکات و بەهۆی دووری یان لەکاری سیاسی و پراکتیکی یەوە رەخنەی توندوتیژیان لێ دەگرێت . کۆڵتی لە ساڵەکانی پەنجاوە تا ساڵی ١٩٦٤ ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیابوو ، پاش ئەوە دەستی دایە چالاکی یەکی تیۆری فراوان . کۆڵتی دەڵێ: یەکێك لە گرنگترین ئەو دیاردانەی دەتوانێت وەڵامی تەنگوچەڵەمەکانی ئەمڕۆ بداتەوە، بریتی یە لە روونکردنەوەی بارودۆخی ئابووری سەردەمی ئێستا ، نەك چالاکی یەکی فەلسەفیانەی رووت . وە ئامازە بۆ بەرهەمێکی وەك " ئیمپریالیزم " ی لینین و " سەرمایەی دارایی " هیلفردینگ و " هەڵئاوسانی دارایی " ی رۆزا لۆکزامبۆرگ و ئەو بەرهەمانەی لەئاستی ئەمانەدان دەکات و بە بەرهەمێکی گرنگیان دەزانێ بۆ ئەو کارە .

لێرەدا دێینە سەر ئالتۆسیر . ستراکتۆرالیزمی ئالتۆسیر لەگۆشەیەکی عەقلانیەتەوە دەگەڕێتەوە سەر زانست . ئالتۆسیر لەرووی زانست و شێوەی بەرهەمهێنانەوە کاری دەکرد و کوادلی و پۆلانتزاسیش لەسەر مەسەلە تەجروبەگەری یەکان . ئالتۆسیر لە بۆچوونەکەی باشلارد کەمارکسی

لاو ( مارکسی ئایدیۆلۆژیکی ) و مارکسی پیر( مارکسی زانستـــی ) ی ناونابوو بەتەواوی تێگەیشت و پشتی بە " مارکسیزمی زانستی" بەست و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هێرشی کردە سەر هومانیزم و " مێژووخوازیـــــی" لۆکاچ و ئەوانی تر . ئەم لقە تیۆری بە زیاتر لە قوتابخانەی فرانکفۆرت لە سیاسەت و ئابووری نزیك بۆتەوە ، بەلاّم نابێ ئەوە لەیاد بکەین کـــە قەیرانە قوڵە جیهانی‌یەکە و قەیرانی تیۆریش لەشێوازی تازەی خۆی‌دا ڕووی ڕۆحی ئایدیۆلۆگەکانی ئەم لقەی گرتۆتەوە و ئەمەش گەیشتۆتە ئەو ڕادەیـەی نیکۆس پولانتزاس ساڵی ١٩٨٠ لە پاریس خۆی بکوژێ و لە تۆقەسـەری هەمان ساڵدا و پاش خۆکوشتنی هێلین ریتمان ی هاوسەری ئالتۆسیر ، ئالتۆسریش لە نەخۆشخانەی دەروونی خەوێنرا .

١٤) بگەڕێنەوە بۆ پێشەکی سەرنج ڕاکێشەری " شیکردنەوەیەکی نوێی بیروراکانـی مارکس " کە لەلایەن(تام بۆتمور)ەوە نووسراوە :

Modern interpretation of Marx Edited by T. Bottomore .

١٥) بێگومان لینین مەسەلە تیۆری‌یەکانی لە دیدی شۆڕشێکی چوست وچالاکدا دەبینی‌یەوە ، هەر لەم دەروازەیەشەوە هەندێك جار دووچاری هەڵـــەی گەورە دەبوو . هەڵەکانی لینین ، هەڵەی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕن ،کەسانێـك دەتوانن پەیوەندی ڕاستەوخۆ و چالاکانە لەگەڵ شۆڕش و سیاســەت و پرۆسەی گۆڕانکاری جیهاندا دروست بکەن،کە بتوانن زیاتر و باشتر لـە لێنین تێبگەن . قوتابخانەی فرانکفۆرت ، سەرەڕای ئەوەی خاوەنـــی هەندێك ڕەخنەی ڕاستە لەم بارەیەوە ، بەلاّم بەهۆی خەسلەتی تیۆریـــی خالێسانە و گەرایشی سیاسی‌یەوە ، تێندێنسێکی بەهێزی دژی لێنین‌هەیە. بەلاّم ئەوانەی کە گەرایشی سیاسی بەهێزتریان هەیە ، ومیان چالاکـــی سیاسی‌یان هێشتا تێکەڵ بەدید و بۆچوونی ئەوانە ـ واتە ئالتۆسیر و کۆلێتی ـ وەیان ( بەشێوەیەکی دی ) بەندن بە مارکسیزمی خۆرئاوایـــی وەك پۆل سویزی یەوە ، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ڕەخنەی خۆیانن ،کەچـی پەیوەندی بەهێزی خۆیان لەگەڵ لێنیندا دەپارێزن . لەوانەیە لێنیـــن

پەیوەندی تیۆریی و پراکتیکی مارکسیزمی لەپێش هەموو کەسێکەوە دەرەك کردبێ و گرامشیش بەتەواوی دەست نیشانی کرد . گرامشی بەهۆی بوونی ڕەگەزی بەرجەستە و دیاری پراکتیك لە دیدی خۆی دا ، بەرای ئالتۆسیر و کۆلێتی جێگایەکی تایبەتی و جیا لە لۆکاچییەکان و قوتابخانەی فرانکفۆرتی هەیە. هەتاکو ئێستایش ئەگەر کەسێك بیەوێت مارکسیزم لە دیدێکی یەکلایەنانەوە ( فەلسەفیانەی رووت ) نەبینێ ، ئەوا پێویستە زۆر مەسەلەی بەرجەستەکراو ـ بەتایبەتی لەبواری سیاسیدا ـ لەلێنینەوە فێربێت . بەبێ ئاشنابوونمان لەگەڵ لینین دا ناتوانین بەراستی و دروستی لەگەڵ سیاسەت و کاری خەباتکاری سەردەم ئاشنابین .

١٦ ) هەمان سەرچاوەی شەشەم . ١٧ ) هەمان سەرچاوەی سێ‌یەمل ٦ .

١٨ ) Paul Sweezy(essays) " Post Revolutionary Society"- A crisis in Marxism .

ئەم نووسراوەی سویزی کەساڵی ١٩٧٩ نووسراوە ، چەند باسێکی گرنگی تێدایە : یەکەم ئەو ڕەوتی گەشەکردنی تیۆری بەهۆی گووتەیەکی تۆماس کۆهنەوە دیاری دەکات و بە ڕەوتێکی پڕ لەشۆڕش و تەنگوچەڵەمەی دادەنێت . ناوبراو ڕێگەی چارەسەرکردنی خۆی بەوجۆرە دەخاتەڕوو کە ئەوانە بە کۆمەڵگەی ( دوای شۆڕش ) ی دادەنێن ، وە ئەم تیۆری مارکسیزمە کە دەڵێت:شۆڕشی پڕۆلیتاری دوای سەرمایەداری بەپێویست دەگەنە سۆسیالیزم ، بە پلەیەکی بەرز و ڕاست دادەنێت . بۆچوونەکانی ئەم لەم بارەیەوە تارادەیەك بەجۆرێکی ڕەوشت خوازی ئامێتەبووە ، واتە ڕێگەی چارەسەرکردنەکان بەو جۆر دەبینێتەوە کە سۆسیالیزمی ئێستا دەبێ بەرز و لەپێشتر لە سەرمایەداری نیشان بدرێت، تاکو دەستکەوت وئاکامە مرۆڤایەتیەکان لەچوارچێوەی ئەو ڕاستی یەدا بپارێزرێت .

١٩ ) ئیولفت ڕیڤیو ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە پێنج ل ٢٤٩ .

٢٠ ) Mc Lellan : Marxism after Marx .

(٢١ Kolakovsky: Main currents in Marxism Vol. 3 .

(٢٢ Pery Anderson : Western Marxism P.12 N.L.R.

(٢٣ Fran Darkin : " Marxism & class Theory" .

(٢٤ Jack Lindsy: " The crisis in Marxism " P. 8 .

## پێشەکیەك بۆ چیرۆکی میللی و خورافی کوردی :

١) من وا هەست دەکەم ، کۆمەڵی کوردەواری ، وەك هەموو کۆمەڵێکی دیکەی خۆرهەلات ، بەپلەی یەکەم کۆمەڵێکی پیاوی‌یە ، واتـــە دەسەلات و گیانی پیاو دیار و زاڵە ، ڕکێف ڕکێفی نێرە، بیـر بیری نێرە ، خەیاڵ خەیاڵی نێرە . ئەمچیرۆکانەش سەر بـەم هەموو شتانەن ، چونکە ئافرەت تێیاندا هەمان خوێندنـەوەی فرۆیدی لە کۆمەڵێکی وەك هی ئێمەی بەسەردا دەگونجێ کەدەڵێ : ئافرەت هەست بەکەمێتی دەکات یان گرێی کەمێتی هەیە ، چونکە لەڕووی سێکسی‌یەوە وەکو پیاو نی‌یە . جا لەم بابەتانەدا ئافـرەت پایەیەکی بەرزی هەیە ،بەلام بەروالەت ، یان هەمیشە بە پلـەی سێیەم و چوارەم دێت ، چونکە هەمیشە پالەوانە سەرەکی‌یەکان و خاوەن دەسەلات و بڕوای ئەو جەمکەیە کە هەمیشە لەنێو پیاوانە ، یان پالەوانی ڕەسەن هەمیشە لە پیاوانە .

٢) لەم سالانەی دوایی‌دا چەند کتێبێك لە کوردستانی عیـــراق بلاوبوونەوە کە بریتی‌بوون لە تۆمارکردنی گەلێك چیرۆکی لەمچەشنە و بابەتی فۆلکلۆری . ئەوەی جێی سەرنجە ئەم چیرۆکانە بـە گێڕانەوەکەی خۆیان نەنووسراونەتەوە و تۆمارنەکراون ، نووسەرەکانیان سەرلەنوێ بۆ خۆیان نووسیویانەتەوە . ئەمە ئەگەرچی کارێکی‌چاکە ، بەلام ئەگەر بە گێڕانەوەکەی خۆیان بوایە ، باشتر دەبوون ، چونکە

ئەم لایەنە بەشێك پێك دەهێنێ لە جەوهەری تێکستی فۆلکلۆری کوردی .

٣ ) بۆ ئەم چیرۆکانە گەلێك ناولێنان هەن ، وەك : ( چیرۆکی بەر ئاگردان ) ، ( حەقایەتی کوردی ) ، ( چیرۆکی ئەفسانەیی کوردی ) . بەلاّم ئەوەی من لێرە بەباشتر و پڕا و پڕتری دەزانم ( چیرۆکی میللی و خوراقی کوردی ) یە .

٤ ) مەبەست لە پرسیارکردنەوە ( التساؤل الفلسفي ) یە نەك پرسیاری ئاسایی ، کە ئەمەی یەکەمیان زاراوە و چەمکێکی فەلسەفی یە .

٥ ) هەروەکو دەزانین کۆمەڵی کوردەواری ئیمڕۆ لەژێر زۆر بار و فشاری نێگەتیڤانە و پۆزەتیڤانەدایە . مەبەست لە فشاری نێگەتیڤانە هێرشی داگیرکەرەکانی کوردستانە کە هەمیشە تەنگ بە کەسایەتیو کەلەپووری کورد هەڵدەچنن ، وا دەکەن هەموو کیان و دەست کەوتێکی هەزار ساڵەی لەبن بچێ ، نەك هەر ئەمە ، بەڵکو مێژووشی بشێوێت . جالەم ڕووەوە مەبەست هەر گەڕان و شرۆڤە کردنی فۆلکلۆر نی یە ،کۆمەڵی کوردەواری گەشە نەکات و هەر خەریکی پاراستنی فۆلکلۆر بێت . دەبێ ڕۆشنبیری کورد بەچاوێکی نوێتر و هوشیارتر سەیری کەلەپوور بکات ، ڕەتی بکاتەوە و لێی یاخی بێت ، بەلاّم لەسەر بنچینەی بنیاتنانێکی نوێ تر و ڕەسەن تر . ئەگینا هەرهەمان ئەو کەلەپوور و کەسایەتی یە دەبێتە کەرەستەیەکی خاو بۆ داگیرکەر و دوژمن . بەهەمان بەرهەمی ڕۆشنبیری ڕابردووی خۆمان ڕێی گۆڕان و پێشکەوتنمان لێدەگیرێ و توانای هەڵسانمان نابێت بەرامبەر شۆڕشی نوێ و هاوچەرخ . بۆیە دەبێت زۆر بەئاگاداری و هوشیاری یەوە لەتەك ئەم باسانە بڕۆین ، نابێ نووسەری کورد هەر تەنیا لەئاستی کەلەپوور دا بوەستێ ، بەڵکو دەبێ لێی ڕەت کات ، بەلاّم بەڕەسەنی لێی

هەواڵنامەی کتێب

ڕەت بێت و بازی بەسەردا بدات ، چونکە ئەم بابەتانە بۆ خۆیان لەسەردەمێك دا ڕەسەن بوون .

٦ ) ئەنتۆلۆژیا : بوون بەشێوەیەکی گشتی .

شرۆڤە : شی‌کردنەوە .

مۆلگەی‌خەیال : المخیلة .

جەفەنگ : ڕەمز .

ئەبستم : معرفة .

فشار : پاڵەپەستۆ .

کوان : المنشأ .

هەواڵنامەی کتێب

# YEKGIRTIN

KOVAREKÎ RÛŞENBÎRÎ TEORÎYE